50

ساڵ تەمەن

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

## مێژوویەک لە خزمەت و شانازی

دەستکەوت.. یادەوەری.. نەخشەڕێگا


**مەلا عبداللە شێرکاوەیی**

بەرپرسی ڕاگەیاندنی

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



2020

٥٠ ساڵ تەمەن

# یەکێتی زانایانی
# ئایینی ئیسلامی کوردستان

## مێژوویێك لە خزمەتو شانازی

## دەستکەوت.. یادەوەری.. نەخشەڕێگا


ئامادەکردنی

مەلا عبداللّٰه شێرکاوەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



هەولێر _ کوردستان

٢٠٢٠م ١٤٤٢ه ٢٧٢٠ك

## له بڵاوكراوه‌كانی
## یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان
زنجیره ( ٧٦ )

---

* ناوی كتێب: ٥٠ ساڵ تەمەن- یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان
* ئامادەكردنی : مەلا عبدالله شێركاوەیی بەرپرسی راگەیاندنی یەكێتی زانایان
* چاپ: چاپخانەی مەتین_ تاران
* نۆرەی چاپ: یەكەم/ ٢٠٢٠
* دیزاین و بەرگ: عبدالله احمد
* تیراژ : ١٠٠٠ دانه
* ماڵپەڕی زانایان... www.zanayan.org


بسم الله الرحمن الرحيم
واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا
واذكروا نعمت الله عليكم إذ كنتم أعداء
فألف بين قلوبكم فأصبحتم بنعمته إخوانا ١٠٣
صدق الله العظيم
( سورة آل عمران )

# دەقی وتاری
# مەرحوم مەلا مستەفای بارزانی
# لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایان

## ١٩٧٠/٩/٢١ گەلاڵە- باڵەکایەتی



## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبانەوە

سڵاوی خواتان لەسەر بێو ڕەحمەتو پیتو بەرەکەتتان بەسەرا بباریێ.

من شانازی ئەکەم بەوەوە کە لەناوتانا بمو یەکێك بم لێتان، هەموومان ئەرکی سەر شانی خۆمان جێ بەجێ بکەینو تەقەلا بدەین بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی پاکی ئیسلام، چونکە هەموومان فەرمانمان پێ دراوە بەمەو پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ فەرمویەتی: هەمووتان سەرپەرشتی کەری یەکترنو هەمووتان لێ پرسراون دەربارەی ئەو خەڵکەی سەرپەرشتیان ئەکەن. کەواتە ئەبێ ئەم

ئەمانەتەی لە ئەستۆماندایە جیٚ بەجیٚی بکەین بەو پەڕی توندیو دڵسۆزیەوەو دووبەرەکی نەکەویٚتە نیٚوانمان، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: هەمووتان دەس بگرن بە ئایینی ئیسلامەوەو پارچە پارچە مەبن.

ئەبیٚ ئەوەش بزانین جگە لە کرداری خۆمان هیچ سودی نیە بۆمان، چونکە خوا فەموویەتی: بنیادەم جگە لە بەرهەمی تەقەلای خۆی هیچی دەسگیر نابیٚ.

لەدوایی وتەکەمدا هیوام وایە کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بیٚ بۆ خزمەتی گەلی عیٚراقو تیٚکرای جیهانی ئیسلامەتیو ئاینی پیرۆزی ئیسلام. سڵاوی خواتان لیٚ بیٚ.



برایەتی

گۆڤارێکی سیاسیی گشتییە



برایەتی

گۆڤارێکی سیاسیی گشتییە

بارزانی



بسم الله الرحمن الرحیم

ام کاغذه دا ده دەستی ملا صالح کوری ملا رحیم آختەتاری

...

اخوکم البارزانی مصطفی

1960-4-19

نامەیەك بە خەتی مەرحوم مەلا مصطفی بارزانی کە بۆ مەلا صالح ئەختەتەری نووسیوە






بەشێک لە ئەندامانی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایان/ گەڵاڵە- باڵەکایەتی ١٩٧٠



* ئەم وێنەیە لە کۆشکی سپی (قصر ابیض)ی شاری بەغدا، لە بەرواری (١٩٦٥/٧/٢) گیراوە، ئەم زانایانە بەشێکن لەو شاندەی شاری هەولێر، کە بە مەعیەتی بەشداریکردنیان لە کۆنگرەی ئیسلامی میللی (مؤتمر الاسلامي الشعبي) سەردانی بەغدایان کردبوو.

* ناوی زانایان لە ڕاستەوە بۆ چەپ: (مەلا عەبدولکەریم تەقتەقی، مەلا شەریف دووشیوانی، مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی، مەلا عومەری تەرجانی، ڕیزی دواوە: مەلا مەجید گرێژی).



یەکەم مەشقپێکەری هێزەکانی پێشمەرگە
لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد
مەلا عوسمان سعید محمد ١٩٢٥- ٢٠٠١ز



## سەرۆکەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بەرێز مامۆستا مەلا عەلی مەلا عبداللە بێتواتەیی یەکەم سەرۆکی یەکێتی زانایان لە ١٩٧٠/٩/٢١ تا ١٩٧٥/٣/٦
(( لە ٦ی٣ی١٩٧٥ تا٢٥ی١٠ی١٩٩١ لەسەردەمی ئاوارەیی لیژنەیەك كاروباری رێكخراوەكەی رایی كردووە )).

بەرێز شێخ محسن شێخ خالد موفتی لە ١٩٩١/١٠/٢٥ تا ١٩٩٢/١١/٢٤ وە لە ١٩٩٧/٣/٢٣ تا ١٩٩٨/١٠/٥ لە ئیدارەی هەولێر

بەرێز د. محمد گەزنەیی لە ١٩٩٢/١١/٢٦ تا ١٩٩٥/٧/٤ وە لە ٢٠٠٥/٧/٦ تا ٢٠١٠/٢/١٥ لە ئیدارەی سلێمانی

بەرێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی لە ١٩٩٥/٧/٥ تا ١٩٩٦/٩/٦ وە لە ١٩٩٨/١٠/٥ تا ٢٠٠١/٤/٢٣ لە هەولێر

بەرێز مامۆستا مەلا سەعید گرتکی لە ١٩٩٦/٩/٦ تا ١٩٩٧/٣/١٣ ئیدارەی هەولێر

بەرێز مامۆستا مەلا حمدامین چەمچەماڵی لە ١٩٩٩/١١/٢٣ تا ٢٠٠٥/٧/٦ ئیدارەی سلێمانی

بەرێز مامۆستا محمد ئاكرەیی لە ٢٠٠١/٥/١٢ تا ٢٠١٠/٢/١٥ لە ئیدارەی هەولێر

بەرێز د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی لە ٢٠١٠/٢/١٦ تا ............




2020-9-21

# شکۆدار بێت یادی 50 ساڵەی دامەزراندن

# نیو سەدە پڕ لە شانازی

## لەم یادە مەزنەدا :

- مافە یاسایی و دەستوری و شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە ئامانجە ستراتیژیەکان دەزانین و لەو پێناوەشدا پشتگیری هەموو هەنگاوێکی دڵسۆزانە دەکەین..

- داکۆکیکردن لە سەرجەم مافە شەرعی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی زانایانی ئایینی و بەرز نرخاندنی خزمەت و هەوڵ و کۆششەکانیان و پشتیوانیان بە ئەرك و ئەولەویەت دەزانین..

- برەودان بەگیانی ئایینپەروەری و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئەرکێکی گرنگ دەزانین..

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان




شەهیدانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
شهداء إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان


2020-9-21
نیو سەدە خزمەت و بەردەوامی
پیرۆزبێت
50
لە خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و
بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان
و بەرەنگاربوونەوەی هزری توندرەوی و
تیرۆرو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو
بڵاوکردنەوەی پەیامی میانرەوی..
زانایان رۆڵێکی گەورەو مێژوویکی پڕ لە
شانازیان هەیە..
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



سەردانی رێزدار سەرۆك مسعود بارزانی بۆ بارەگای مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان ٢٢ی٩ی٢٠١٩







کۆبوونەوەی زانایانی ئایینی کوردستانو سەرۆکی هەرێم بەڕێز مسعود بارزانی

لەسەر پرسی ریفراندۆم ٢٠١٧/٧/٩






دەسپێکی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان 15ی2ی2010



سەرۆک‌و جێگرو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی‌و ئەنجومەنی ناوەندی هەڵبژێردراوی یەکێتی زانایان- **خولی پێنجەم**



سەرۆك‌و جێگرو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی‌و ئەنجومەنی ناوەندی هەڵبژێردراوی یەکێتی زانایان- **خولی شەشەم**





سەرۆك‌و بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

# پێشەکی

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**سوپاس‌و ستایش بۆ خوای باڵا دەست‌و درودو سەلام لەسەر گیانی پێغەمبەری ئازیزو یاوەرو شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی..**

ئەم نووسینە هەڵوەستەیەکی تایبەتە لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، ئەو مێژووەی زۆر هەڵدەگریٚو لەبەر هەر هۆکارێکە کەمی بەردەستە، هەوڵم داوە بەشێکی سەرگوزشتەو وێستگەکانی ئەم ئەزموون‌و تەمەنە کۆبکەمەوەو، لەدووتوێی ئەم پەرتووکە بیخەمە بەردەستی خوێنەران‌و بەتایبەت زانایانی بەرێزی ئایینی، هەڵبەت شتێکی کەم نیەو لە رابردوودا وێنەی کەمە، لەکاتی کارکردنم لەم نووسین‌و پرۆژەیە، خۆزگەم دەخواست لە یەکەم چرکەی تەمەنی لەدایکبوونی ئەم یەکێتیە یەك بە یەکی کارو هەنگاوەکان تۆمار کرابان.. بەڵام بەداخەوە.!

کۆکردنەوەی ئەو خزمەتانەی زانایانی ئایینی لەسەر ئاستی نەتەوەیی‌و مێژووی یەکێتی زانایان، ئەزمونێکی پڕ بایەخ‌و خەرمانێکی گەورەو میراتێکی ئێجگار گرنگە، هەم بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی ئەم مێژووە شکۆدارو زێڕینە وەك بەشێکی توراس‌و بزاڤی ئایینی‌و نەتەوەیی، هەمیش بۆ هەڵکشانی پترو بەرچاو ڕوونی‌و خزمەتی زیاتری ئۆرگانی کاری ڕێکخراوەیی‌و پیشەیی لەقۆناغی هاوچەرخ‌و ئەرکی ئێستا‌و ئایندە.

ئەم بەرهەمە لەسەر هەر سێ ڕەهەندی (دەستکەوت‌و یادەوەری‌و نەخشەرێگا) خۆی دەبینێتەوە، کە نمونەی دڵۆپێکی هەڵێنجراوی دەریایە لەهەمبەر ئەرشیفی دەوڵەمەندو ئەزموونی کەڵەکەبووی پەنجا ساڵەی ئەم کاروانەو، هەڵوێست‌و دڵسۆزی زانایانی ئیسلام لە مەیدانی خەبات‌و خزمەتی ئایینی‌و نەتەوەیی‌و نیشتمانی.

دەکرێ بڵێین ئەم بەرهەمە نۆبەرەی پەراوێزی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانە، کە هیوام وایە بە هەوڵی بەشداربووان شتێکمان کردبێ، لە بازاڕی یوسف فرۆشاندا ئەم چەند پەڕاوە ناوەرۆکێك لەبەردەم کڕیار دەربخاو بەهای سەنگ‌و جوانی پێ ببەخشێت.

**مەلا عبداللە شێرکاوەیی**

**بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان**

٢١ی٩ی ٢٠٢٠

# بەیاننامەی
# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
# بە بۆنەی یۆبێلی زێرینی٥٠ ساڵەی دامەزراندنیەوە

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾

بەبۆنەی یۆبێلی زێڕین تێپەڕ بوونی ٥٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، پیرۆزبایەکی گەرم ئاراستەی تەواوی زانایانی بەڕێزی ئایینی و خەڵکی کوردستان دەکەین.

یەکێتی زانایان وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی لە ١٩٧٠/٩/٢١ لەهەل‌و مەرجێکی تایبەت‌و لە پێناو خزمەتی ئیسلام و دۆزی ڕەوای گەلی کوردو خزمەتی زانایانی قەدرگران لە شارۆچکەی گەڵاڵەی باڵەکایەتی، لەژێر ئاڵای کوردستان‌و لەسەر ڕاسپاردەو سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرکردەی نەتەوەیی مەلا مستەفای بارزانی دامەزرا، کە بووە چەتری کۆکەرەوەو سەکۆی ڕۆڵ‌و کاریگەری‌و پێگەی مەلاو زانایانی ئایینی لە کوردستاندا.

لە کاتێکدا ئەم ساڵیادە دەکەینەوە، کە نیو سەدە بەسەر خزمەت‌و خەبات‌و تەمەنی پڕ شکۆو هەورازو نشێوی یەکێتی زانایان تێپەر دەبێت، شانازیەکی گەورەیە کە زانایانی ئایینی بەردەوام تەمەنی خۆیان لەخزمەت پەیامی جوانی ئیسلام‌و شارێگەی کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری سەرف کردووە، وێڕای شانازی کردنمان بەم یادە ڕۆڵی زانایان لە نیو سەدەی ڕابردوو بەرز دەرنرخێنین. سەربەرزین کە بەشێکین لەو زەمینەی هەمیشە ڕۆڵی کاریگەرمان هەبووە لە بەرەو پێشبردنی کوردستان‌و ئەزموونەکەی، هەمیشەش دروشمی ئیسلامپەروەری‌و کوردایەتیمان پێکەوە گرێداوە، کە زادەی ئیلهامبەخشی پەیامی پیرۆزی ئیسلام‌و شەریعەتە مەزنەکەیەتی.

هاوكات لەگەڵ ئەم یادە جارێكی تر رادەگەیەنین لە بەردەوامبوون بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیشەیی و ئایینی و نیشتیمانی و نەتەوەییانەی رێكخراوەكەی بۆ دامەزراوە، بەتایبەتی لە قۆناغی ئێستادا كە گەلەكەمان بە دۆخێكی سەختی دارایی و تەندروستی گوزەر دەكات و هەمووان چاوەڕێین لەئەنجامی لێك تێگەیشتن و رێكەوتنی ستراتیژی و تەبایی نێو ماڵی كوردو هەماهەنگی و یەكهەڵوێستی لایەنەكان، قۆناغەكە بەرەو ئایندەیەكی باش و خێر ببەن. لەچوارچێوەی دابین كردنی خوشگوزەرانی هاوڵاتیان و سەروەری یاساو نەهێشتنی رۆتین و گەندەڵی و بایەخدان بە بەها كۆمەڵایەتیەكان و لەبەرچاو گرتنی بنەماو بەها ئایینیەكان و رێزگرتن لە پیرۆزیەكان.

دووپاتی ئەوەش دەكەینەوە، كە بە هەموو تواناو هەوڵێك لە خزمەتی زانایانی بەرێزی ئایینی و داكۆكی لە مافەكانیان و بەرپرسیارێتی قۆناغەكە دادەبین و، وەك پارێزەر لە خزمەت ئیسلام و زانایان و كاری پیشەیی خۆمان دەبین .

نرخاندن و پێزانی زۆرمان بۆ خزمەتە بەردەوامەكانی زانایانی ئایینی لەسەرتاسەری كوردستان، بەتایبەت ئەوانەی رۆژێك لە رۆژان بەو رێكخراوە ماندوو بوون و خزمەتیان پێشكەش كردووەو، رۆڵی گرنگیان هەبووە لە بەرەو پێشبردنی یەكێتی زانایان و گەیاندنی ئیسلام و هۆشیاری كۆمەڵایەتی و بڵاوكردنەوەی میانڕەوی و پاڵپشتی هەڵوێست و هەنگاوە نەتەوەیی و نیشتمانیەكان.

دووبارە ئەم یادە لە هەموو لایەك پیرۆز دەكەین و، بە هیوای ئایندەیەكی گەش و پڕ لە ئاشتی و برایەتی بۆ كوردو كوردستان.

**یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان**

**٢٠ی٩ی٢٠٢٠**

# پەیامی سەرۆك مسعود بارزانی

## بە بۆنەی پە نجاهەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرم لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی زانایانو سەرجەم مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان دەکەم.

پێزانینم هەیە بۆ ڕۆڵی بەرزی مامۆستایانی ئایینی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی گەلەکەمان چ لە ڕووی بڵاوکردنەوەی بیروڕای خوداناسیو قووڵترکردنەوەی فەرهەنگی پێکەوەژیانو هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی هزری توندڕۆییو ئینکار لە ناو خەڵکی کوردستاندا. جگە لەوانەش ڕۆڵی مامۆستایانو گەورەزانایانی کوردی ئایینی ئیسلام لە برەودانی هزری نەتەوەییو نیشتیمانپەروەریو قبووڵنەکردنی ستەمکاری لە مێژووی میللەتەکەماندا بەرچاو و دیارەو لەو ڕێگەیەدا قوربانیشیان داوە.

هەمیشەو لە گشت قۆناغو تەحەددیاتەکاندا ئەو چاوەڕوانییە لە یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانو سەرجەم مامۆستایانو گەورەپیاوانی ئایینی کوردستان هەیە کە لە ڕۆڵی پیرۆزی خۆیان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی مرۆڤسالاریو میانڕەویو قووڵترکردنەوەی هەستی نیشتیمانپەروەری بەردەوام بن.

لەم یادەدا هیوای سەرکەوتن بۆ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەخوازم لە ئەرك وکارەکانیاندا کە لە ژیانو چارەنووسی گەلەکەماندا ئەركو کاری پیرۆز و کاریگەرن.

**مسعود بارزانی**

**٢١ــی ئەیلوولی ٢٠٢٠**

## پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
## لە یادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستاندا



لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستاندا، پیرۆزبایی لە بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندیی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و سەرجەم مامۆستایان و زانایانی بەڕێزی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکەین.

زانایانی ئایینی هەمیشە ڕۆڵێکی دیاریان لە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و کولتووری لێبوردەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە گەشەکردنی بیری توندڕەوی لە کوردستان گێڕاوە، ئێمە بە ڕێزو پێزانینەوە لە ڕۆڵ و ئەرکیان دەڕوانین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

هەر لەم بۆنەیەدا داکۆکی لە قووڵکردنەوەی کولتووری ڕەسەنی مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازی و یەکتر قبووڵکردنی نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دەکەینەوە و لەم پێناوەدا هەموو پشتگیرییەك لە هەوڵەکانی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکەین.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٢٠٢٠/٩/٢١**

## پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
## لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان .

لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێزو سەرجەم مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە مێژووی ڕۆشنبیریی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەبووە. هەروەها ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە بەرگریکردن لە پرسە نیشتمانییەکان و گەشەپێدانی هزری میانڕەوی و بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایینی لە کوردستاندا، جێی ستایش و پێزانینە. هیواداراین زانایانی ئاینیی بەردەوام بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتیخوازی و لێبوردەیی و داکۆکیکردن لە ماف و دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ خۆپارێزی و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠٢٠/٩/٢١**

## پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
## بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستان



بەڕێزان سەرۆكو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

یۆبێلی زێڕینی ساڵیادی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامیی کوردستان لە سەرجەم زانایانو مامۆستایانی بەڕێزی ئاینیو خەڵکی کوردستان پیرۆز دەکەم.

ئەم ڕێکخراوە چاکەخوازە ئاینییە کە مێژووەکەی بەشێکە لە خەباتی نەتەوەییو ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان، هەمیشە چەتری کۆکەرەوەی مامۆستایانو زانایانی ئاینی بووە لە کوردستان، ڕۆڵی پێشەنگانەشی هەبووە لە داکۆکیکردن لە چاکەی گشتیو ئاینپەروەریی کە سیمای دێرینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە.

مامۆستایانی ئاینی داکۆکیکاری ئاشتیو بەهای باڵاو بەرزی کۆمەڵایەتیو شوناسی تایبەتی کوردن لە ناو گەلانی موسوڵمان، هەروەها پایەیەکی گرنگن لە داکۆکیکردنو پاراستنی ئەو فرەییە ئاینیو کلتورییەی کە هەزاران ساڵە کوردستانی پێ ناسراوە، ئەمەش بەشێکی گرنگو ڕوویەکی جوانی ئەزموونی شارستانیانەی گەلەکەمانە. دووبارە ئەم یادە لە هەموو لایەك پیرۆز بێتو هیوای ئایندەیەکی گەشتر بۆ یەکێتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامیی کوردستان دەخوازم.

**قوباد تاڵەبانی**

**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**٢٠٢٠/٩/٢١**

## پەیامی بەڕێز ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
## بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



بەرێز/ دکتۆر عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

بەرێزان/ مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

السلام عليكم ورحمه الله وبركاته

بە بۆنەی پەنجا ساڵەی یادی دامەزراندی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی جەنابت و سەرجەم زانایانی بەرێزی کوردستان دەکەم.

زانایانی کوردستان هەمیشەو لە مێژووداو ئێستاش خاوەنی سەروەری و بەخشندەیی بون و جێگای شانازی گەلەکەمانن.

دەخوازم یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان هەردەم لە خزمەت بە ئاین و ناسنامەو ئەخلاقی گەلەکەمان بەردەوام بێت.

جارێکی تر ئەم ساڵیادەدات پیرۆز بێت..

صلاح الدين محمد بەهائەددین

ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

٢١ی٩ی٢٠٢٠

# پەیامی بەڕێز جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عیراق بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



بەڕێز د. عبداللە سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ماموٚستایانی ئایینی خۆشەویست

بەبۆنەی یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی یەکێتیەکەتان، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان" لەناخی دڵمەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەم و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی و سەربەرزی و سەرفرازیتان بۆ دەخوازم.

دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە ١٩٧٠/٩/٢١ وەکو رێکخراوێکی ئایینی و نیشتیمانی و پیشەیی" زەرورەتێکی گرنگ بوو بۆ کۆمەڵگەی کوردی، هەر لەو کاتەشەوە تاوەکو ئێستا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە رێنمایی و ئامۆژگاریکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاکەمان.

ماموٚستایانی ئایینی هەمیشە گرنگیان داوە بە گیانی لێبوردەیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و رەتکردنەوەی بیری توندڕۆیی لە ژێر ناوی ئایینی ئیسلامداو لەهەمان کاتیشدا رۆڵێکی گرنگیشیان گێڕاوە لە پشتیوانیکردن و سەرخستن و پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و مانەوەی سەقامگیری و ئارامی تێیدا، هیواخوازین هەموومان لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوامبین. دووبارە پیرۆزبێت ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

**دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد**

**جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق**

**٢٠٢٠/٩/٢١**

# پەیامی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
# بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



بەڕێز/ سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینیی ئیسلامی کوردستان

بەرێزان/ ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیی و سەرجەم مامۆستایانی ئایینی ئیسلام

بەبۆنەی تێپەڕبوونی یۆبیلی زێڕین بەسەر دامەزراندنی یەکێتی زانایان، کە لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان و لەژێر راسپاردو رێنمایی سەرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان مەلا مستەفا بارزانی دامەزرا، گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوادارم لە پێشەنگایەتیتان بۆ کاری چاکەو رێنوێنی کردنی خەڵك بە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و لێبوردەیی بەردەوام بن. زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، هەمیشە لە پێشەنگی خەباتی نەتەوایەتی بوون و سەرەڕایی فێرکردن و شیکردنەوەی بنەما ئاینییەکان، چەکیشیان لە شان بووە بۆ بەرگریکردن لە وڵات. وێڕایی ئەوەش لە کوردستان بە هیممەتی دیاری زانایان، هەمیشە کولتوری لێبوردەیی و پێکەوەژیان گرنگی زۆری پێدراوەو بووەتە ناسنامەی هەر دیاری وڵاتەکەمان و پێویستە هەموومان زیاتر دەستی پێوەبگرین و پەرەی پێ بدەین.

دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەم و هەمیشە هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن.

**هێمن هەورامی**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**٢٠٢٠/٩/٢٠**

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



پیرۆز بێت ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئەمرۆ پەنجا ساڵ تێدەپەرێ بەسەر یادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە راسپاردەو رێنوێنی رابەری بزوتنەوەی رزگاری کوردستان مەلا مصطفی بارزانی، مێژوو گەواهی دەدات کە ئایین پەروەریی و نیشیتمان دۆستی دووانەی لێك دانەبراون لەتێکۆشانی خەباتی رەوای کوردستاندا

رۆڵی بەرچاو و کاریگەری زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە درەوشاوەو جێگەی شانازیو سەربەرزی خەباتی میللەتەکەمان بووە، لەناخی دڵمانەوە جوانترین پیرۆبایی ئاراستەی زانایانی ئایینی کوردستان دەکەین، لەم بۆنەیەدا تەئکید لە پرۆژەی پڕخزمەت بۆزانایان دووپات دەکەینەوە.

**د. پشتیوان سادق**

**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**٢٠ ئەیلول ٢٠٢٠**

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن
# بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



پیاوانی ئایینی موسڵمانی کوردستان هەمیشه هۆیەکی سەرەکی بووینه بۆ چەسپاندنی پێکەوەژیان‌و ئاشتی. عیرفانیەت‌و تەصەوف‌و کرانەوەو پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵگا بنەماکانی سروشتی ئیسلامی کوردستانی یە. بە ڕێنوێنی بارزانی نەمر پێش ٥٠ ساڵ یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دامەزرا.

پیرۆز بێت یۆبیلی زێرینی ئەم یادە مەزنە، خوای گەورە برایەتیمان‌و کوردستانمان بپارێزی..

علماء وشيوخ الدين الاسلامي الكوردستانيين كانوا ولا زالوا سببا مهما لترسيخ التعايش المشترك والسلام في كوردستان. العرفانية والتصوف والانفتاح والمحافظة على اخلاقيات المجتمع هي اهم دعائم واسس الاسلام الكوردستاني.

بتوجيهات من قبل البارزاني الخالد قبل ٥٠ سنة تم تأسيس اتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان. ليكن مباركا اليوبيل الذهبي لذكرى تأسيس اتحاد العلماء المسلمين في كوردستان، حفظ الله اخوَّتنا وكوردستاننا الحبيبة.

**آنو جوهر عبدوكا**

**٢٠٢٠/٠٩/٢١**

# پەیامی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

**بەناوی خوای گەورەومیهرەبان**

**بەبۆنەی سالیادی یۆبیلی زێرینی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بەپێویستی دەزانین بەناوی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەپەرلەمانی کوردستان، پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم زانایانی ئایینی ئیسلام لەکوردستان بکەین.**

**بێگومان دامەزراندنی رێکخراوی یەکێتی زانایان بەرلە(٥٠)ساڵ لەبەرواری (٢١-٩-١٩٧٠) بۆ سەرپەرشتیکردنی رەوشی ئایینی ورێکخستنی کاروباری زانایانی ئایینی ئیسلام، لەسنوری دەسەلاتی شۆرشی ئەیلوول، پێویستێکی گرنگ و مێژوویی بوو، کە رۆڵ و کاریگەرێکی دیاری هەبووە لەقۆناغەجیاجیاکانی مێژووی رزگاریخوازی گەلەکەمان، لەبەرگریکردن لەپیرۆزییە ئایینی و نەتەوەییەکان و پاراستنی پێکەوەژیان و ئاشتی کۆمەلایەتی. لەقۆناغی ئێستاشدا رۆلی دیاریان هەبووە لەهۆشیارکردنەوەی کۆمەلگە لەخۆپاراستن لەپەتای کۆرۆنا، بۆیە کارەکانیان هەمیشە جێگەی دەستخۆشی وستایشن .**

**ئەم یادە بەدەرفەت دەزانین، بۆدووپاتکرنەوەی هەماهەنگی پتری نێوان لیژنەکەمان وسەرجەم دەزگاو دامەزراوە ئاییینیەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەو پرسانەی زەمینەی کارکردنیان هاوبەشەو لە رووی پیشەییەوە پێویستیان بە گەنگەشەو راوێژە.**

**لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان**
**٢٠٢٠/٩/٢٠**

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

ڕێکخراوێکی پیشەیی تایبەت بە کاروباری زانایانی ئایینی کوردستانە، بارەگای سەرەکی لە هەولێرە، بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی (١٩٧٠/٩/٢١) لە گەڵاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی سەر بە پارێزگای هەولێر بە چاودێریو ئامادەبوونی سەرۆکی نەتەوەیی کورد مەرحومی مەلا مستەفای بارزانی دامەزراوە.

هەیکەلی یەکێتی زانایان لەم بەشانە پێك دێت:

**یەکەم: مەکتەبی تەنفیزی.**

**دووەم: ئە نجومەنی ناوەندی.**

**سێیەم: لق.**

**چوارەم: ناوچە.**

تا ئێستا شەش کۆنگرەی ئەنجام داوەو لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان (١٧) لقی هەیە.

بەشێکی تایبەت بە فەتواشی هەیە بەناوی (ئەنجومەنی باڵای فەتوا) کە پێکهاتووە لە ئەنجومەنی باڵای فەتوا، کە لە مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان دادەنیشن، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرجەم لقەکانی لێژنەی فەتوایان هەیە.

یەکێتی زانایان خاوەنی پۆلێك شەهیدو قوربانییە، کە هەندێکیان شەهیدی پێشمەرگایەتی و هەندێکیان شەهیدی تیرۆرن.

لە هەر سێ بواری ئایینیو نەتەوەییو پیشەیی کار دەکات، بواری ئایینی تایبەتە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لە بواری نەتەوەییش وەك هەمیشە لەگەڵ خۆشیو ناخۆشیەکانی گەلەکەی دایە، لە بواری پیشەییش پارێزگاری لە مافەکانی زانایانی ئایینی دەکات.

# ستراتیژیەتی
# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

ئامانجی سەرەکی پاراستن و هێشتنەوەی یەکێتی زانایانە لەسەر هەمان ڕێبازو بە هەمان ڕۆحیەت و ڕەسەنایەتی کە بۆی دامەزراوە، کە لەم سەردەمەدا خۆی لە بەرەو پێشبردنی دینداری و ڕەوشتی بەرزی موسڵمانانەو، قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستی و پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دایە، کە پێمان وایە خۆی لە چەند خاڵێك دەبینێتەوە و پەیوەندی بە ئێمە وەکو یەکێتی زانایان هەیە:

یەکەم: ئاوێتەکردنی ڕۆحی ئیسلامپەروەری و هەستی نەتەوایەتی، کە لە یەکەم ڕۆژدا ئامانجی یەکێتی زانایان بووەو، هەڵقوڵاوی ڕۆحی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، کە دەبێ مرۆڤی دیندار پارێزگاری لە خاك و وڵات و نیشتیمانی خۆی بکات، لەوەشدا ئێمە شتێکی نوێ ناکەین، چونکە مامۆستایان هەروابوونە، بەڵام ئێمە قوڵتری دەکەینەوە.

دووەم: پەرەپێدانی زیاتری گیانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لەناو سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان و، قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستی و یەکتری قەبوڵکردن لە نێویان، بۆ ئەوەی کوردستان هەمیشە بێشکەی تەبایی و برایەتی و پێکەوەژیانی جۆربەجۆر بێت.

سێیەم: بەخشینی گوڕو تینی زیاتر بە مامۆستایانی ئایینی، بۆ ئەوەی وەك هەمیشە بە پێشەنگ بمیننەوە، کە شان بە شانی ئیسلامپەروەری هەمیشە هەستی کوردایەتی بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو بووە تیایاندا.

چوارەم: لێك نزیکترکردنەوەی زانایانی ئایینی لە سەرجەم شارو گوندەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی وەك یەك لاشە بتوانن ڕۆڵەکان بە کەسایەتییەکی ئارام و غەمخۆر پەروەردە بکەن.

پێنجەم: لێك نزیککردنەوەی یەکێتی زانایان بەتایبەتی و زانایانی ئایینی بە

گشتی لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکان و، دام و دەزگاکانیشدا، چونکە بە لێك نزیکبوون خزمەتی باشتر دەکرێت و، چاکتریش لێك حاڵی دەبن.

شەشەم: هەوڵ دەدەین پردێکی بەهێزی پەیوەندی بین لە نێوان زانایانی کوردستان و، جیهانی ئیسلامی، ئەویش بە سازدانی مولتەقاو بە یەکگەییشتن لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی و، هەندێك جاریش بانگهێش کردنیان بۆ کوردستان.

حەوتەم: ئێستا کاردەکەین بۆ ئەوەی بە رۆحیەتێکی نەرمڕۆیانە هەستی خۆشەویستی و ئیسلامپەروەری و نەتەوەیی لە نێو هاوڵاتیان بڵاوبکەینەوە، ئەویش لە رێگای راگەیاندنەکی بەهێز، کە جاریَ لە بەرنامەمان دایە بە کردنەوەی (رادیۆو رۆژنامەو گۆڤارو سایتی ئەنتەرنێت) هەموو ئەوانەشمان ئێستا دەست پێکردووە.

هەشتەم: تیرۆر موسیبەتێکە نابێ هیچ کاتێك پێمان وابێت، کە تازە نەماوەو، پێویست بە باس لێوەکردن ناکات، چونکە تیرۆریستان قەت واز ناهێنن، بەڵام خۆیان مەڵاس دەدەن بۆ دەرفەت وەرگرتن، بۆیە یەك لەبابەتە سەرەکیەکانمان بەرەنگاربوونەوەی فیکری ئیرهابییە.

نۆیەم: لە بیریشمان ناچێت، کە پارێزگاریکردن لە مافەکانی زانایانی ئایینی کارێکی هەرە سەرەکی ئێمەیە، بۆیە هەمیشە پارێزەرو داکۆکیکاری مافەکانی زانایانی ئایینی دەبین و، هەر مامۆستایەك هەر گرفتێکی بێتە پێشەوە، ئێمە دیفاعیان لێ دەکەین و، هەوڵ دەدەین یەکێتی زانایان وەك هەمیشە ماڵی مامۆستایانی ئایینی بێت.

دەیەم: زۆر جار باری ئازادی رەخساوی کوردستان لەلایەن خەڵکێکەوە دەقۆزرێتەوە بۆ شتگەلێکی نەخوازراو بەرامبەر خواو پێغەمبەرو قورئان و تەواوی موقەدەساتی موسڵمانان، بۆیە ئێمە کارێکی دیکەی سەرەکیمان دیفاعکردنە لە موقەدەساتی موسڵمانان بۆ ئەوەی هەم ئەرکمانە، هەمیش بۆ ئەوەی دوژمنان نەیکەنە کونێك و لێیەوە تیرەکانی خۆیان تێمان بگرن، لە هەمان کاتیشدا هەمیشە

سەقافەتی ئەوە لە نێو وتاربێژە بەڕێزەکانمان بڵاودەکەینەوە، کە نابێت بەهیچ شێوەیەك تەشهیر بە هیچ کەس و لایەنێك بکەن و، کاری مینبەری موسڵمانان زۆر لە تەشهیر گەورەترە، بەڵام دەبێ دیفاعیش بکەن تا لە سنووری ئاقڵمەندانەیە.

یازدەم: زۆر جاران لە ئەنجامی کێشمەکێش و ململانێی سیاسی، ئیسلام بەشێوەیەك تەفسیر کراوەتەوە، کە لە ئەسڵی ئیسلامەوە نییە، بۆیە کارێکی دیکەی ئێمە هێشتنەوەی ئیسلامە بە پیرۆزیی خۆی، کە بۆ هیچ مەرامێکی نادروست ئیستیغلال نەکرێت.

دوانزەم: پردێکی بەهێزیش دەبین لە نێوان دام و دەزگاکانی حکومەت و ماموستایانی ئایینی، بۆ ئەوەی دەنگی ماموستایانی ئایینی بگەیەنینە ئەو شوێنانەی کە دەیانەوێت.

سێزدەم: هەموو کارئاسانییەکیش بۆ زانایانی ئایینی دەکەین بۆ هەر گرفتێك، کە بێتە پێشیانەوە، جا نەخۆشی بێت یان خۆشی بێت، یان بە پەیوەندی بەلایەنی رۆشنبیرییەوە هەبێت لە چاپکردنی کتێب و، کردنەوەی خولی رۆشنبیری.


یۆبێلی زێڕین
50
بـــــەرزو پیرۆز بێت
2020-9-21
مامۆستایانی ئایینی خەمخۆری دین و وڵات و لایەنێکی
هاوکارو کاریگەرن لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەی کوردی
و دابین کردنی سەقامگیری و ئاسایشی وڵات
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

# یەکێتی زانایانی

# ئایینی ئیسلامی کوردستان

# دەستکەوت و خزمەت

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دامەزراوەیەکی مێژوویی و ئۆرگانێکی تایبەتمەند

د. عبدالله مەلا سەعید مەلا وەیسی

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

بە بۆنەی یۆبێلی زێڕینی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم زانایانی ئایینی کوردستان دەکەمو بەتایبەت لە مەکتەبی تەنفیزیو سەرجەم لقەکانو ستافی ناوچەو تەواوی ئەندامانی یەکێتی زانایان، کە بە هەوڵو هیممەتی هەمووانەوە تەمەنی ئەم ڕێکخراوە بەم ڕۆژە گەیشت، هیوادارم زانایانی بەرێزمان هاوکاری زیاترو هەماهەنکی جددیتر پیشان بدەن، بۆ ئەوەی بەهێزو بازوی هەموو لایەك کاری ڕێکخراوەیی ئەو یەکێتیەو، هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ خزمەتکردنی زیاتری مامۆستایانی ئایینیو بەرز ڕاگرتنی سەروەریو پێگەی مەلای کوردو مێژووە پاکەکەیان وەك خۆی ڕابگرین.

یەکێتی زانایان وەك دامەزراوەو ڕێکخراوەیێکی پیشەیی و سەرتاسەری لە ٢١ی٩ی١٩٧٠ لە گەلاڵەی باڵەکایەتی، لەسەر دەستی کۆمەڵە زانایەکی دڵسۆزو بە پاڵپشتی راستەوخۆی رەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی لە پێناو دامەزرا.

دامەزراندنی ئەو یەکێتیە زەرورەتێکی مێژوویی گرنگ بوو، کە توانی وزەو توانای زانایان لە تەواوی کوردستان کۆبکاتەوەو لە خزمەتی گشتی و لە پێناو برەودان بە هەستی ئاینپەروەری و نیشتمانپەروەری بەکار بێنێ.

لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێکخراوە هەورازو نشێوی زۆر هاتۆتە پێش و دۆخەکان هەموو کات وەك یەك نەبوون، بەڵام بە خۆراگری و هەڵویستی دڵسۆزانی یەکێتی زانایان و پاڵپشتی مەلای کورد، توانراوە مێژووی ئەو یەکێتیە بە زیندوویی بمێنێتەوەو بەپێی هەلومەرج و قۆناغەکان خۆی لەئالنگاری و پێشهاتەکان بگونجێنێ و ببێتە یەکێ لەو ڕێکخراوە پیشەییانەی جێی شانازی هەموو لایەکمان بێت.



ئەم یادە دەلالەتی خۆراگری و خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی مامۆستایانی ئایینیە، کە بەدرێژایی نیو سەدە شەونخونی و ماندوو بوون، توانیویانە هەورازو نشێوەکان ببڕن و ببنە چرایەکی گەشی نێو کۆمەڵگەی خۆمان و درێژە پێدەری کاروانی

زانایانی خەباتگێری ئیسلام دۆستو نەتەوە پەوەروەر، بۆیە ئومێد دەکەم ئەم یادە هاندەرێکی زیاتر بێت لە بەخشینەوەی گوڕو تینی هەمان هەستی ئەو کاروانەی، کە بە سەر بەرزی لە پێناو میللەتو خاكو ئیسلامدا سەریان نایەوەو بوونە جێگەی شانازی نەتەوەیی خۆیان.

یەکێتی زانایان بە هەرسێ ئاراستەی ئایینیو نەتەوەییو پیشەیی کاری کردوەو لە سەرشی بەردەوام دەبێت، لە رووی ئایینیەوە، کار لە پێناو گەیاندنو پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکاتو، ئامانجیشی ئەوەیە هەمیشە رووە گەشەکەی ئیسلام پیشان بداتو سوودیش لە پەیڕەو کردنی وەربگرێت بۆ خزمەتی موسڵمانانو گەلی کورد.

لە رووی نەتەوەییشەوە کار دەکات بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئەزمونی نەتەوەییو گەیشتنی ئەو گەلە ستەم لێکراوە بەمافەکانی خۆی، وەك چۆن زانایان هیچ کاتیش دانەبڕاون لە خۆشیو ناخۆشیەکانی نەتەوەی خۆیانو بگرە بەو پەڕی تواناوە پارێزگاریان لە کەرامەتی ئەو میللەتە کردووەو هانی خەڵکیشیان داوە کە دەسکەوتی نەتەوەیی وەك سەروەتێکی نیشتمانی سەیر بکەنو بیپارێزن، مەلای




کورد لە شاخ پێشمەرگە بوو، و لە خەباتی مەدەنیشدا پارێزەری دەسکەتەکانی گەلی کوردستانە.

**بەدرێژایی مێژوو یـــــەکێتی زانایان لە قوڵکردنـــــەوەی گیانی ئایینپەروەری و نەتەوەدۆستی لەگەڵ پاراستنی ئەزمونی هەرێمی کـــوردستان رۆڵی دیاری هەبووە**

لــە رووی پیشەیشــدا یــەکێتی زانایان کاتی خۆی کە دامەزرا بۆ ئەوە بوو، خزمەتی زانایان بکات و رۆڵی مامۆستایان بەرەو ئاســـتێکی بـــاش بـــەرێت، ئێستاش بەهەمان نەفەس کار دەکات و، بە هەموو توانایەك هەوڵ دەدات خزمەتی زانایانی ئایینی لە کوردستان بکات.

بەدرێـژایی مێژووەکـەی یـەکێتی زانایـان لـە قوڵکردنـەوەی گیـانی ئایینپـەروەری و نەتەوەدۆستی لەگەڵ پاراستنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان رۆڵی دیاری هەبووە، وەك هێزو پاڵپشتێکی مەعنەوی پشتگیری مامۆستایانی ئایینی هەنگاوی ناوە،



ئامانجی بووە رۆحی ئیسلام ئاوێتەی گیانی نەتەوەیی بکات بەشێوەیەك دەبێ تاکی کورد وای لێ بێت لە پاڵ دیندا پارێزگاری لە خاك و وڵاتی خۆی بکا و نیشتمانی خۆی خۆش بووێ، پەیڕەو کردنی هەستی میانڕەوانەو، دژایەتی

کردنی تیرۆرو ، بیری توند رۆیی و، گورو تین دان بە زانایانی ئایینی و، لێك نزیك کردنەوەیان لەسەر پرسە گشتیەکان و، پەرە دان بە پەیوەندی زانایان لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکان لە کوردستان و، زانایانی جیهانی ئیسلامی لە دەرەوەو، پێکەوە ژیانی بریانەو، نەهێشتنی زوڵم و، کار کردن بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و، پاراستنی دەسکەوتە نەتەوییەکان و، پاراستنی ئەخلاقی ئەو میللەتەو، گرنگی دان بە خوێندنی ئایینی و کردنەوەی خولی رۆشنبیری و بەستنی کۆنفرانسی زانستی و کار کردن بۆ یەکخستنی فەتوا لە کوردستان و چەندین هەنگاوی تری لەو شێوە ئامانجی ئەو یەکێتیەن و پشتیوان بە خواو هاوکاری زانایانی ئایینی کاریان لەسەر دەکەین.

ئەوانەی لە پێناو ئەو یەکێتیەدا خزمەتیان کردووە، جێگەی فەخرو شانازین، ئێمە مانان ستاڤی ئەم خولەی یەکێتی زانایان تەقدیرێکی بێ سنوور بۆ هەموو ئەو بەرێزانە دادەنێین کە شێوەیەك لە شێوەکان خزمەتی ئەم رێکخراوەو پشتگیری کارەکانی بوونە، سەربەرزین کە زۆرترین زانای ئایینی بە درێژایی تەمەنی خۆیان لەژێر ئەم چەترە بوون، هەوڵی ئەوان بۆ ئەوە بووە، کە زانایان وەك یەك دەست و بە یەك ئیرادەو سەربەرزانە ژیان بەڕێوە ببەن، ئەرکی ئێمە درێژە دانە بە هەمان ئەو نەهج و رێبازە رەسەن و پیرۆزەی ئەوان، بۆیە لێرەوە دەستخۆشی لە هەموو دڵسۆزانی ئەو یەکێتیە دەکەین و، سڵاووی وەفاو قەدریش بۆ هەموو ئەوانە دەنێرین، کە وەفاتیان کردووەو ئێستا نەماون.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم ساڵیادە دەکەینەوە، کە گەلەکەمان و جیهان بە دۆخێکی ناجێگیری ئابووری و تەندروستی تێپەڕ دەبێت و، ناوخۆی هەرێمەکەمان پێویستی بە هەماهەنگی و یەکهەڵوێستی و پێکەوە کارکردن هەیە، تا بتوانین بە تەبایی و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی واقعەکەمان بەرەو باشتر ببەین.



یـــەکێتی زانایـــان وەك تەواوکـــەری ئامانجـــە ســـتراتیژیەکان‌و کـــاروانی زانایـــان لەچوارچـێوەی فاکتــەری پاڵپشــتی قەزیــە نەتــەوەیی‌و نیشــتمانیەکان بــەردەوام دەبێـــت‌و، پشـــت ئەســـتوور بـــە هاوکـــاری زانایـــان‌و دڵســـۆزیان بەرامبـــەر بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەمان تێدەکۆشێ.

ئەوەی لەماوەی رابردوو نەکراوە یان لە توانا نەبووە شایەنی لێبوردنە، ئەوەشی لە کارو بەرنامەی ئایندە بەنیازین بیکەین، پێویستی بە پاڵپشتی‌و هاوکاری هەموو لایەکە، بە تایبەت دەبێ حکومەت‌و لایەنی پەیوەندار ئاوڕی جددیتر لە یەکێتی زانایان بۆ بە ئەنجامدانی پرۆژەو هەنگاوەکانی لە خزمەتکردنی مامۆستایانی ئایین‌و خوێندنی ئیسلامی‌و گەیاندنی پەیامی میانڕەوی‌و نەهێشتنی هزری توندڕەوی بداتەوە، ناکرێ هیچ کەس‌و لایەنێك دەستوەردان لە کارو پیشەی زانایان بکات، بگرە ئەرکە هەمووان رێز لە زانایان بگرن لەو پرسانەی پێویست بە راوێژی ئەوان هەیە.

یەکێتی زانایان ماڵی هەموو مامۆستایانی ئایینیەو خوازیارە هەمووان بەو پەڕی رێزو پاراستنی پێگەی زانایان مامەڵە بکەن‌و بە پێشنیارو پاڵپشتی‌و خۆ بەخاوەندانان‌و هەستی بەرپرسیارێتی خزمەتی یەکتر بکەین‌و سەروەری‌و شکۆی

ئەو کاروانە بپارێزین‌و جێگەی خۆیەتی هەوڵ‌و کۆششی هەموو ئەوانەی لە پێناو ئەو یەکێتیەو خزمەتی زانایان کاریان کردووە، بەرز رابگرین‌و ڕێز لە ماندوو بونیان بگرین.

دووبارە نیو سەدە خزمەت‌و تەمەنی پڕ لە شانازی یەکێتی زانایان پیرۆز بێت، هیوادارم ئەو یادە بەخێرو خۆشی بۆ هەموو لایەك بگەڕێتەوەو هێزێکی تازەو نوێش بەو یەکێتیە بدات.








# یەکێتی زانایان و پەنجا ساڵەی کارکردن

**مەلا جەلال خەیلانی**

جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



بە بۆنەی تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی هەموو زانایانی ئایینی کوردستان دەکەین، هیوادارین وەك چۆن لە ڕابردوودا لە گشت قۆناغەکان زانایان سەرمەشق و پێشەنگ بوون لە خۆشی و ئەزیەت و ئازاری نەتەوەی خۆیان، بەهەمان شێوە لە داهاتووش درێژە بەخزمەتەکانیان بدەن، یەکێتی زانایان خاوەن ڕابردوویکی جوان و تەمەنێکی درێژی پەنجا ساڵەیە بەدرێژایی تەمەنی ئەم ڕێکخراوە لەمیانەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کوردستان ڕوویانداوە یەکێتی زانایان لە خۆبردووانە چالاکانە ئامادەیی گەرم و گوڕو ڕاستەوخۆی بووە، خزمەتی کردووە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەل و نیشتیمان و زانایانی ئایینی لەڕووی



ئایینیەوە هەمیشە بەرگریکارێکی بەهێز بووە لەپێناو گەیاندن و پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پارێزگاری کردن لە ڕەوشتە بەرزەکانی کۆمەڵگەو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بیری توندڕەوی بە شێوازێکی





میانڕەوانـــە و چاکســـازی خوازانە ڕۆڵی خۆی بینیوە لە هۆشیاکردنەوە موسڵمان، لەسەر بابەتی پێکەوە ژیان لەنێوان نەتەوەکان و ئایین و ئایینزاکـــان لــە هـــەرێمی کوردســـتان لــە ڕوانگــەی ئـــایینی پـــیرۆزی ئیســـلام لــــەڕووی نەتـــــەوەیی و نیشتیمان پەروەری یەکێتی زانایـــان لەشـــاخ و لەشـــار بەشـــداربووە، لـــە هـــەموو شۆڕشـەکان لـە کوردسـتان دەوری بەرچـــاویان بـــووە، لــــــەڕووی سیاســــــی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی و سەربازی بۆ بەرەو پێشەوە بردنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی دەیان شەهیدی لەم پێناوە بەخشیوە.

یەکێتی زانایان هەمیشە هەوڵیداوە بۆ پتەوکردنی تەبایی و برایەتی لەنێو ڕێزەکانی میللەتەکەمان بەگشتی و لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی بەڵگەشمان ئەوەیە لەکاتی شەڕی نەگریسی ناوەخۆ کە کوردستان بوو بەدوو ئیدارە!

لەبەر ئەمری واقیع یەکێتی زانایانیش بوون بە دوو بەش بەڵام پەیوەندی توندو تۆڵیان لەنێوان هەبوو بەردەوام نامە گۆڕینەوە لەنێوانیان هەبوو، کە چوون بۆ کۆنفڕانس لە دەرەوەی هەرێم وەك یەك تیم کاریان دەکرد، یەکەم ڕێکخراو لە

کوردستان کە یەکیان گرتەوە یەکێتی زانایان بوو لە ڕووی خزمەتی زانایان، یەکێتی زانایان ئەم ڕێکخراوە بۆ خزمەتی زانایان دامەزراوە ئەوەی لەتوانای بێت کردوویەتی و دەیکا.





ماموستا مەلا جەلال و شێخ محمد سعید رەمەزان بووتی



# پەنجا ساڵ خزمەتی بێ وچان و قوربانیدان لە پێناو ئایین و نیشتمان دا

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



بە درێژایی مێژوو رۆڵی زانایان و مامۆستایانی ئایینی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەرچاوو و دیار بووە، بەردەوامیش بەهۆی ئەو رۆڵە کاریگەرەیانەوە توانیویانە ببنە بنەمای ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی، وە ژمارەیەك لەو کەسایەتییە ئایینیانە توانیویانە ببنە پێشەنگ و پێشەوای شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان و رابەرایەتی گەلی کوردستان بکەن لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی گەلی کورددا بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەڕێوەبردنی نیشتمانەکەیان.

بۆیەش دەبینین لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوودا، ناوی ئەو رابەرو سەرکردە ئایینیانە دیار دەکەوێت کە پێشڕەوی خواست و داواکارییە رەواکانی نەتەوەکەیان بوون و زۆر جاریش چارەنووسیان یان دوورخستنەوە بووە لە نیشتمان، یانیش زیندانی کراون و ئازاردراون، و تەنانەت ژمارەیەك لەوانەش شەهید کراون.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و قازی محەممەدو مەلا مستەفای بارزانی دیارترین نمونەی ئەو کەڵە پیاوانەن کە لە خزمەت ئایین و نیشتمانەکەیان زۆرترین هەوڵیان داوەو لە چوارچێوەی هەوڵی تاکەکەسی دا پێشەنگی رێگەی رزگاری و خەبات و تێکۆشان بوون لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا.

بەڵام بە دەسپێکردن و گشتگیر بوونی خەبات لە باشووری کوردستان تا دەگاتە شۆڕشی ئەیلول، ئەم هەوڵانە فۆڕمێکی رێکخراوەیی بە خۆیەوە دەگرێت و

سەرنجام یەکێتییەك بۆ مامۆستایانی ئایینی بەناوی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە ڕێکخراوێکی ئایینی و نیشتمانی پیشەیی تایبەت بوو،



بە چاودێری و ئامادەبوونی مەلا مستەفای بارزانی، لە ڕێککەوتی ٢١ی٩ی١٩٧٠ لە گەڵاڵەی ناوچەی باڵەکایەتیی پارێزگای هەولێر دامەزرا.

بیرکردنەوە و تێهزرینی مەلا مستەفای بارزانی لە پێکەوە بەستنی هەردوو پرسی نیشتمان و ئایین هۆکارو هاندەری سەرەکی بوو بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئایینی –نیشتمانی، هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو کە ڕێکخراوەکە لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا ئەم دوو پرسەی فەرامۆش نەکردووەو لە ئاست بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و ئایین کاری کردووە و ئامانجەکانی خۆی بونیات ناوە.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەدرێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ڕۆڵی بەرچاو و دیاریان هەبووە لە ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی و بایەخدان بە گیانی لێبوردەیی و پتەوکردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ڕەتکردنەوەی بیری توندڕۆیی لە ژێر ناوی ئایین دا. بەردەوامیش لە ڕێگەی وتارو

ئامۆژگارییەکانی مامۆستاو زانایانی ئایینەوە هەوڵی داوە ڕێگە لە دووبەرەکی بگرێت لە نێو کۆمەڵگاداو ئەگەر شتێکی لەو شێوەیەش هەبووبێت هەوڵیداوە نەهێڵێت تەشەنە بکات و زەق بێتەوە.

لە سیستەمە تۆتالیتارە سیاسییەکانی عێراق دا

تەنانەت ئەو کاتانەی کە شۆڕشی کوردی لە لاوازی و جۆرێك لە پەراوێزیدا بووە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینیەوە نەیهێشتووە ژیلەمۆی خەبات و هزری نیشتمانپەروەری دامرکێتەوەو لە ڕێگەی وتار و ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان، خەڵکیان لەسەر هەمان ئامانجی شۆڕشی کوردی هێشتەوە و بوونە ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای ئەو لاوانەی کە نەیان دەویست لە ژێر سیستەمی زوڵم و زۆرداری و هەڵاواردن بمێننەوە و ئەمەش هۆکار بوو ئەوەی لە کاتی دەستپێکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد هەزاران گەنج و لاو ڕوو لە خەبات بکەن و چەکی شەرەف هەڵگرن لە پێناو ئازادی نیشتمانەکەیان.




لـــــە دوای ڕاپەڕینـــــە مەزنەگـــــەی بـــــەهاری ١٩٩١ی گـــەلی کوردســـتانیش لە باشووری کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە پشتیوانی کردن و سەرخستن و پاراستنی ئەزموونی سیاسی نوێی کوردی و ئەو دەستکەوتەش کە بەدەست هات خوێنێکی زۆری لە پێناودا ڕژا و یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیش بێ بەش نەبووە لە شانازییەك کە شەهیدبوون بوو لە پێناو دامەزراندنی ئەزمونێکی کوردستانی و پاراستنیداو

چەندین مامۆستای ئایینی شەهید بوون کە ژمارەیەکیان لە نێو ریزەکانی پێشمەرگەدا بوون و ژمارەیەکیشیان شەهیدی دەستی تیرۆرن.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە دوای راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا وەك رێکخراوێکی ئایینیی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاوی گەورەی ناوە لە کۆکردنەوەی مامۆستایانی ئایینی لە ژێر چەترێك و یەکانگیرکردنی پەیامی مامۆستایان لە بواری ئایینیو تەنانەت لە پرسە نیشتمانیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانو گەڕان بەدوای چارەسەرەکانو دروستکردنی دیالۆگێکی ئایینی و پێکەوەژیان لە نێوان سەرجەم نەتەوەو ئایینو ئایینزا جیاوازەکانی کوردستان.

بۆ هەموو ئەم ئامانجانەش یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بەردەوام لە رێگەی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو کۆنگرەکانییەوە هەوڵی نوێ بوونەوە و خۆگونجاندنی داوە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانو بەپێی تواناو هەبوونی دەرفەت مامۆستایانی ناردووەتە دەرەوەی وڵات بۆ بەشداریکردن لە خول و کۆنگرەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان کە ئەمەش کاریگەری باشی بووە لەسەر زیاتر رۆشنبیرکردنو وەرگرتنی ئەزموونی نوێ لەسەر تاکی ئەو مامۆستایانە.



رۆڵی گرنگی لیژنەی باڵای فەتواو لیژنەکانی فتوای لقەکان لە هەرێمی کوردستان، یەکێکی دیکەیە لە دەستکەوتە بەنرخەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و توانیویانە لەو رێگەیەوە چارەسەری زۆرێك لەو کێشانە بکەن کە رۆژانە دێنە پێشەوە هەر لە کیشەی سیاسی و ئایینییەوە بگرە تاوەکو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەمەش رێگە خۆشکەر بووە بۆ پێکەوە هەڵکردنی

سەرجەم نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان و ئاسوودەیی ژیانی خەڵکی و بیرخستنەوەی بنەماکانی شەریعەت و لە خوا ترسی لە نێو کۆمەڵگادا.

لە دوای تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی زانایان پێویستە ئەو یەکێتیە وەك هەمیشە بەردەوام بێت لە گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەیان کەپەیامی برایەتی و تەبایی و پێکەوەژیانە لە کوردستان.

هەروەها یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وەك چۆن لە رابردوودا سەربەخۆیی خۆی پاراستووە وخۆی تێکەڵی بابەتە سیاسییەکان نەکردووە، پێویستە بۆ لەمەودواش زیاتر سەربەخۆیی و بێ لایەنی خۆی بپارێزێت ئەویش لە چوار چێوەی بنەماکانی شەریعەتدا.

لە هەمان کاتدا بە پێویستی دەزانم جەخت لەسەر گرنگی هەبوونی هاوئاهەنگ و هاوکاری زیاتر بکەمەوە لە نێوان یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و دامودەزگا ئایینی وبانگخوازییەکانی دیکە چ لەناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەت ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی کە لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە پتەوتر و بەهێزتر بکرێت.

لە لیژنەکانی فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پێویستە رەچاوی بەشداری ئافرەتان بکرێت چونکە لە ئیستادا دەیان ئافرەتی پسپۆڕو زانامان هەن کە پێوستە رێگەیان بۆ خۆش بکرێت بێنە ناو ئەنجومەنی باڵای فەتواو سود لە تواناکانیان وەربگیریت لەو فەتوایانەی کە لە بارەی هەر پرسێکی شەرعیەوە لە هەرێمی کوردستان دەردەکرێت.

لە کۆتاییداو بەبۆنەی یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم زانایانو مامۆستایانی ئایینی خۆشەویستی کوردستان دەکەمو هیوای سەرکەوتن وبەردەوامییان بۆ دەخوازم.

# تیشکێك لە سەر رۆڵی گرنگ و پڕ بەهای

# ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە یادی یۆبێلی زێرینی یەکێتی زانایاندا

بە پێنوسی: پ. د. حەسەن شێخ خالید موفتی

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کوردستان



**بە ناوی خوای بەخشیندەی میهرەبان**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد الأمين وعلى آله وأصحابه الغر الميامين والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين أما بعد:

یەکێك لە هەرە شانازیەکانی یەکێتی زانایانی ئیسلامی لە کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ٢١/٩/ ١٩٧٠ تا ئەمڕۆ بریتییە لە دامەزراوەی فەتوای شەرعی لیژنەی باڵای فەتوای ئەوساو ئەنجومەنی باڵای فەتوای ئێستاو هەیکەلییەتی لقەکانی لە تەواوی باشوری کوردستاندا، کە بە شانازییەوە بۆ ماوەی پەنجا ساڵە بە بێ وچان لە خزمەتی ئایین و خاك و خەڵکدا تێدەکۆشێت، وە بۆ ماوەی دوو ساڵە بەندە شەرەفی سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنەی لە ئەستۆ گرتووەو پێی سپێردراوە، لە پاش کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی زانایان کە لە رۆژانی ٢٥.٢٦/٧/٢٠١٨ لە هەولێری پایتەخت بە سەرکەوتویی بەسترا.

ئەڵبەتە ئەنجومەنی باڵای فەتوا پێکهاتووە لە باشترین‌و شارەزاترین زانایانی خۆبەخشی پسپۆڕی فەتوا لە سەرتاسەری کوردستان بەو پەڕی لێهاتوویی شەویان خستووەتە سەر ڕۆژ لە پێناو بەرجەستەبوونی کۆمەڵێك ئامانجی بەرز کە ڕۆڵی گرنگ‌و پڕ بەهای ئەو ئەنجومەنە نومایان دەکات لەو ئامانج‌و ستراتیژیانەیش بە شێوەیەکی کورت بریتین لە:

**یەکەم:** یەکڕیزی میللەتی کوردی موسڵمان لە ژێر چەتری یەك دامەزراوەی فەتوای تۆکمەدا کە بە فەرمی خۆی لە ئەنجومەنی باڵای فەتوادا دەبینێتەوە.

**دووەم:** پابەندکردنی زیاتری میللەت بە گشتی و دەسەڵاتدارانی میللەتی کوردی موسڵمان بە تایبەت بە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە وەك تاکە مەرجەعی فەتوا بۆ سەرانسەری کوردستان لە ڕێگەی دەرکردنی فەتوای دروست‌و پەندیارو ئامۆژگاری چاکسازی.




**سێیەم:** هەوڵی مانەوەی میللەتی کورد بە یەکپارچەیی عەقیدەو بیروباوەڕەوە لە سەر ڕێبازی گەورە پیاوانی ئەهلی سوننەت‌و جەماعەت لە ئوسوڵی دینداو پەیڕەوی فیقهی پێشەوامان ئیمامی شافیعی(رحمه الله) گەورە موجتەهیدانی ئەو مەزهەبە لە فروعی فیقهیدا، چونکە ئەو ڕێبازو پەیڕەوە دڵنیایی‌و زەمانی یەکپارچەیی کوردستان‌و یەکڕێزی کوردانی هەرچوارپارچەی کوردستانە، وێڕای ئەوەی ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی پێشینەکانی زانایانی کوردە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا بە درێژایی مێژووی پڕ لە سەروەرییان‌و هەڵقوڵاوی خودی ئەم نیشتیمانەیەو نامۆ نییە بەسەدان ساڵی پەیڕەوی فیقهی‌و ئوسوڵی میللەتی کورد.

**چوارەم:** ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کوردستان توانیویەتی لە تەمەنی کەمی خۆیدا بە تایبەت لەم دوو ساڵەی دواییدا دەیان فەتوای توێژینەوەیی شیتەڵکاری پێشکەش بە ئوممەتی ئیسلام بە گشتیو میللەتی کورد بە تایبەت بکات، لە تێکڕای بوارە جیاجیاکانی فیقهی ئیسلامیدا بە کەڵك وەرگرتن لە توراسی فیقهی پڕ لە ئەساڵەتی مەزهەبی پیرۆزی ئیمامی شافیعیو سێ مەزهەبە فیقهییە پیرۆزەکەی تریش، ئاوێتە لە تەك فیقهی هاوچەرخدا بە شێوازی (الجمع بين الأصالة والمعاصرة) واتە: کۆکردنەوەی ئەساڵەت لە تەك هاوچەرخییدا دوور لە ئیفرات و تەفریت.



کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا

**پێنجەم:** ئەنجومەنی باڵای فەتوا توانیویەتی تا ئەندازەیەکی باش کۆنترۆڵی فەوزا لە فەتوادا بکات، بە هۆی پەیڕەوێکی نایابی تایبەت بە خۆیەوە کە بە ناوی (المنهج العام للمجلس الأعلى للإفتاء في كوردستان . المبادئ ، الضوابط، الأهداف، البنود، التعليمات) کە بەندە شەرەفی نوسینو دانانی پێبەخشراو پاشان بەکۆی دەنگ جێگیر کرا وەك پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵاو لە مەکتەبی تەنفیزیو سەرکردایەتی یەکێتی زانایانیش دیسان ئیقرار کرا بە کۆی دەنگ و بە سوپاسەوە پاشان بەچاپ گەیاندراو و بە تێکڕای لق و پەل و پۆی دامەزراوەی فەتواو یەکێتی زانایاندا بڵاو کرایەوە لە پێناو یەك هەڵوێستیو یەکڕیزیو یەك ئامانجی لە

فەتواداو دورکەوتنەوە لە توندڕەویی‌و شلگیری گرتنەبەری ڕێبازی ئیعتیدالی مەزهەبی دوور لە دەمارگیری‌و تەلفیقات‌و شوێنکەوتنی بەردەوامی روخسەتی پەریپرەوە فیقهییەکان.

**شەشەم: نوێبوونەی ئەنجومەنی باڵای فتوا:** جیاوازی لە نێوان فەتواکانی لێژنەی باڵای فەتوا لە پێشوداو ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە ئێستادا کە درێژەپێدەری لێژنەی باڵای فەتوایە بەدی دەکرێت لە سێ رووی سەرەکییەوە:

أ. توانیمان زۆربەی فەتواکانمان لەم ئەنجومەنەدا لە ماوەی دووساڵی رابووردوودا فەتوای بەحسی توێژینەوەیی تەئصیلی بەڵگەدارو موقارەنات‌و تەرجیحاتی فیقهییە بە رەچاوگرتنی چوارچێوەی ئوسوڵی مەزهەبی کوردان (شافیعییەکان)، بەڵام لە لێژنەی باڵای پێشودا زیاتر فەتواکان کورت و کەمتر بەڵگەئامیزو بەحسی لەخۆ دەگرت.

ب . چوارچێوەی کار و دائیرەی جوگرافیای لێژنەی باڵا لە پێشودا بە شێوەیەکی سەرەکی تەنها هەولێری لە خۆ دەگرت بوو، بەڵام لە ئێستادا ئەنجومەنی باڵای فەتوا جوگرافیای کارو فەتواکانی سەرتاسەری کوردستانی تەنیوەو کۆنترۆڵی فەتوای لە کوردستاندا تا ئەندازەیەکی باش کردووەو لە ڕێگەی سایت و راگەیاندن‌و لێژنە فەرعییەکانیەوە لە سەراسەری کوردستاندا بە خێراییەکی باش فەتواکانی دەگەیێندرێتە جێگە مەبەست‌و لە هەموو دونیادا موسڵمانانی کورد بە تایبەت دەتوانن سودمەندو بەهرەمەند بن لە تێکڕای فەتواکان یان پرسیارەکانیتن بگەیێننە ئێمەوە بە هۆی سودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم.

ج . سنوری فەتواکانی لێژنەی باڵای فەتوا لەو سادا زیاتر بواری چەمکەکانی وەك تەڵاق و نیکاح‌وخولع و فەرائیزو حەللی نیزاعات و هەندێك لە ئەبوابی مامەڵەی لەخۆ دەگرت، بەڵام لە ئێستادا ئەنجومەنی باڵای فەتوا سوپاس بۆ خوا وێڕای ئەو بوارانەی کە باسمانکرد چوارچێوەی گۆڕەپانی گوفتوگۆو وتووێژو توێژینەوەکانی



زۆر فـــراوانترەو چـــــەمکەکانی ئیســـــــلاَحی کۆمـــەڵگا بـــە دەسەڵاتدارو بێ دەســــــەڵاتەوە (الراعي والرعية) هـــــــەروەها چەمکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و قەڵاچۆکردنی گەندەڵیو ئاگاداری لە برینو کێشەکانی میللەتو فەرمان بە چاکەو نەهی کردن لە خراپەو چەمکی سیاسەتی شەرعیو بابەتەکانی فیقهی مامەڵەی مالیو مەسرەفیو ئەلیکترۆنی هاوچەخیش لەخۆ دەگرێت و لەو بووارە هەستییارانەدا دەیان فەتوای نایابی تێرو تەسەلی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووەو لە سایتی فەرمی خۆیدا بە شی فەتوا لە سایتی (www.zanayan.org) بڵاوی کردووەتەوە، کە دەتوانین بڵێن بەبێ هیچ سۆزو بەو پەڕی متمانەوە بابەتیانەوە: کە لە رووی هێزی بەڵگەو بۆچوونەکانیەوە لە پێشەوەی زۆربەی زۆری ناوەندو مەجمەعە فیقهییەکانی ئەمڕۆی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوە خۆی دەبینێتەوە سوپاس بۆ خودا. لە گەڵ ئەوەیشدا کە لە رووی توانای ماددییەوە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کوردستان هیچ توانایەکی نییە، بە پێچەوانەی دەزگاو ناوەندو کۆڕبەندە فیقهییەکانی ترەوە، بەڵام نەبوونی ماددەو دەعم نەبووەتە بەربەست لە بەرەوپێشچوونی ئەم دەزگا شکۆدارەی فەتوا لە هەرێمی کوردستاندا بە هیممەتی ئەندامانی ماندونەناسی و پشتگیری سەرکردایەتی و لقەکانی یەکێتی زانایان بە تایبەت و خەڵکی موسڵمانی کوردستان بە گشتی. (ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء).



کۆبونەوەی سەرۆکی یەکێتی زانایانو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا
لەگەڵ بەرپرسی فەتوای سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان لەبارەگانی مەکتەبی تەنفیزی

**لە کۆتاییدا:** هیوادارین لە ئاییندەیەکی نزیکدا ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کوردستاندا ببێتە (کۆڕبەندی فیقهی کوردستانی)و بە فەرمی ترو بە هێزترو پشتیوانی زیاتری دڵسۆزان شانبەشانی کۆڕبەندە فیقهییەکانی جیهانی ئیسلامی رۆڵی گرنگتری هەبێت لە کێشە چارەنووسسازەکانی جیهانی ئیسلامی.

هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زیاتر هاوکار بێت بۆ یەکێتی زانایان چونکە ئەنجومەنی باڵای فتوا لە کوردستاندا کە سوپاس بۆ خوا فەتواو هەڵوێستەکانی جێگەی متمانەی زۆربەی زۆری موسڵمانانی بە ئەمەکی کوردستانە.

ئێمەیش لە یوبیلی زێڕینی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی کوردستاندا پەیمان تازە دەکەینەوە کە بە پابەندبین بە رێڕەوی زاناو خودا ناسانی پایەبەرزی کوردستان و هەرچەندە بتوانین تێبکۆشین لە پێناو بتەوکردنی ریزەکانی زانایانی ئیسلام بە تایبەتو میللەتی کوردی موسڵمان بە گشتی لە پێناو پیادەکردنی شەریعەتی

**ئیسلام‌و بەرجەستەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و بەدەستهێنانی گشت مافەکانی میللەتی کوردی موسڵماندا کە هەردەم شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام پاڵپشت و داکۆکیکاری راستەقینەی مافەکانی میللەتی ستەمدیدەکەمان بووە.**

**خوای میهرەبان هاوکاری دڵسۆزانە**

**وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

**٢٨ موحەڕرەمی ١٤٤٢کوچی ٢٥ گەلاوێژ ٢٧٢٠ = ١٦ ئەیلولی ٢٠٢٠ ز**












# یەکێتی زانایانو پێگەی فەتوا.. بەشێك لە ئەندامانی فەتوا

فەتوا وەک بەشێکی هەرە گرنگی یەکێتی زانایان هەر لە کاتی دامەزراندنی یەکێتی زانایان تا ئیمرۆ ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە خستنە ڕووی پرسو بابەتە شەرعیەکانو یەکلایی کردنەوەی کێشەو ئاریشە کۆمەڵایەتیو دەربڕینی هەڵوێستی پێویست، بەشێوەیەک لەسەردەمی شۆڕش لیژنەی فەتوا پێگەی دادگای هەبوو لە هەموو ئەو پرسو پێشهاتانەی پەیوەستی رای شەرعو تێڕوانین ئیسلام بوون..


ماموستا مەلا وەیسی گرتکی


ماموستا مەلا عبدالقادر سکتانی


ماموستا مەلا عوسمانی وەڵزە


ماموستا مەلا مستەفا داروسەلام


ماموستا مەلا عبداللە قەڵاتی


ماموستا مەلا صالح ئەختەتەری

بەشێوەیەکی ڕەسمی کێشەکانی هاولاتیان بە تایبەتی کێشە شەرعیەکان دەچوون، بۆ بارەگای (یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان)، کە لەناو ئەو یەکێتییەدا، کۆمەڵێك زانای ناودار و شارەزا لە کێشە شەرعی و کۆمەڵایەتیەکان دیاری کرابوون، بۆ چارەسەرکردنی کێشە شەرعی و کۆمەڵایەتییەکانی هاولاتییان، ئەوەی من لە یادم بێت، ئەو ماموستایە بەڕێزانەی، کە زۆر دیارو ناوداربوون و بۆ ئەم مەبەستە دیاری کرابوون بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

١. ماموستا مەلا ویسی گرتکی
٢. ماموستا مەلا عبدالقادری گەلالی
٣. ماموستا مەلا عوسمانی ولزە
٤. ماموستا مەلا مستەفای دارالسلام
٥. ماموستا مەلا صالح ئەختەتەری
٦. ماموستا مەلا عبداللە قەلاتی

ئەم بەڕێزانە بارەگایان لە دەڤەری باڵەکایەتی بوو لە ناحییەی (گەلالەی) ئێستادا، بێگومان چەندەها ماموستای بەڕێزی تریش لە ناوچە ڕزگار کراوەکانی کوردستان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە. ئەم ماموستایە بەڕێزانەی سەرەوە، وەك لیژنەی فەتوا لە کارو چالاکیەکانیان بەردەوام بوون، تاپیلانە شوومە، نێو دەوڵەتییەکەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥)ز، دژ بە کورد، کە ئەم پیلانە بووە هۆی کوژانەوە شۆڕشی کورد و بلاوبوون و ئاوارە بوونی سەرکردە و سیاسەتمەدارو ڕۆشەنبیرانی کورد بە جیهاندا.

دوای ئەم کارەساتە مەلا نەك هەر ڕۆڵی نەما، بەلکو کەوتە ناو چەندین نەهامەتی و ئازار، لە نەفی کردن و ڕاگواستن بۆ باشووری عێراق و دەرکردن و فەسلکردن، تا گەیشتە ڕادەی کوشتن و لە سێدارەدانیان. دوای ئازادکرنی بە شێك لە کوردستانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی (١٩٩٢)ز، دامەزراندنی کیانێکی کوردی، (یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان)یش هاتەوە مەیدان و دەستی بە چالاکی و ڕۆڵی خۆی کردەوە. چەند لیژنەیەکی فەتواش لە نێو یەکێتیەکەدا دامەزران،

١٤



ماموستا مەلا طیب بەحرکە – ماموستا مەلا طاهر بەحرکە



ماموستا مەلا حمدامین رواندوزی



ماموستا مەلا ممدوح مزوری



ماموستا مەلا محمد وەرتی

## پێکهاتەی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان و ئەندامەکانی

لە ساڵی (١٩٩٧)ز بووم بە ئەندام لە لیژنەی باڵای فەتوادا، وەك بڕیاردەری ئەم لیژنەیە دەست بەکاربووم. فەتواو بڕیارە گشتی و گرنگەکانم دادەڕشتن و جارێکی تر لە گۆڤاری (دەنگی زانا) دەم نووسینەوە، پاشان لە گۆڤاری (پەیام) بڵاو دەکرایەوە.

لە ساڵی (١٩٩٧)ز ئەندامانی لیژنەی (باڵای فەتوای کوردستان) لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك هاتبوون:

١. ماموستا مەلا عبداللە گردەسۆری، کۆچی دوایی کردووە، (جێگەی بەهەشت بێت).
٢. ماموستا مەلا عبدالقادر گەلاڵی، کۆچی دوایی کردووە، (جێگەی بەهەشت بێت).
٣. ماموستا مەلا گیب بە حرکەیی، بەهۆی بێ هێزی لەکارەکەدا بەردەوام نییە.
٤. ماموستا مەلا عبدالرحمن شەمشولی، کۆچی کردووە، (جێگەی بەهەشت بێت).
٥. ماموستا مەلا محمد امین ڕەواندزی، کۆچی کردووە، (جێگەی بەهەشت بێت).
٦. ماموستا مەلا عبدالکریم دوڵەمەری، کۆچی کردووە، (جێگەی بەهەشت بێت).
٧. ماموستا مەلا عبدالقادر بەحرکەیی
٨. ماموستا مەلا شێخ محمدی ئازادی، بەویستی خۆی لیژنەکەی بەجێهێشت.
٩. ماموستا مەلا علی خەتێ
١٠. ماموستا مەلا بهاوالدین خەتی، ئێستا نەخۆشە و لەجێگەیەدا کەوتووە.
١١. ماموستا مەلا ممدوح مزوری، بەهۆی بێ هێزی لەکارەکەدا بەردەوام نییە.
١٢. ماموستا مەلا محمد وەرتیی
١٣. ماموستا مەلا عبداللە قەڵاتی، بەویستی خۆی لیژنەکەی بەجێهێشت.
١٤. ماموستا شێخ حسن موفتی
١٥. ماموستا مەلا محمد اسماعیل ئێنەیی، تا ئێستاش ئەندامبوونی لە لیژنەکەدا بەردەوامە.

١٥



ماموستا مەلا قادر بەحرکە



ماموستا مەلا حسن مرۆ


ماموستا مەلا عبداللە پەلخی


ماموستا مەلا عبدالرحمن شەمشولی


ماموستا مەلا یاسین دەروێش


ماموستا مەلا بهائەدین خەتێ


ماموستا مەلا اسماعیل دێرەیی


پ.د.حسن موفتی


د. عبداللە چوارتایی


ماموستا مەلا عەلی خەتێ


ڕێکخستنەوەی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان[1]

بێگومان ئەندامانی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان خزمەتێکی زۆریان بە ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگەی کوردی کردووە، بەڕاستی جێگای ئاماژە پێکردن و شایانی پێزانینە، بەڵام بەهۆی ئەوەی، کە زۆربەی ئەندامەکان گەڕاونەتەوە بارەگای پەروەردگار، یاخود بەهۆی تەمەنی زۆر و نەخۆشی و بێ هێزیانەوە لە ماڵەوە لەسەر جێگا دان، ناتوانن لە لیژنەی فەتوادا ئامادەبن، بۆیە لەسەر داوای سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی (د. عبداللە الویسی) و بە ڕاوێژکردنی لەگەڵ چەند زانایەکی خاوەن ئەزموون لە بواری فەتوادا، چەند ماموستایەکی عیلمدار و دیندار دیارکران، بۆ ئەوەی ئەرک و ئەمانەتی لیژنەی باڵای فەتوا وەربگرن، بە گوێرەی توانا ئەو ئەرک و ئەمانەتە ئەنجام بدەن، بەردەوام بن لەسەر ڕێنمایی کردنی خەڵك و ڕوونکردنەوەی ڕێگەی ڕاست و دروست بۆ موسوڵمانان و کۆمەڵگەی کوردی، ئەو ئەندامانەش ئەمانەی خوارەوەن:

١- ماموستا مەلا محمدی وەرتی.
٢- ماموستا مەلا د. احمد الشافعی.
٣- ماموستا مەلا د. شێخ حسن المفتی.
٤- ماموستا مەلا د. حسن پشدەری.
٥- ماموستا مەلا محمد ملا اسماعیل ئێنەیی.
٦- ماموستا مەلا د. عمر حسن مرز.
٧- ماموستا مەلا اسماعیل دێرەیی.

لەم گۆڕانکاری و ڕێکخستنەوە نوێیەدا بەرنامەی کارەکانی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە دانران:

[1] ئەم ڕێکخستن و گۆڕانکارییە، لە لیژنەی باڵای فەتوادا لە ساڵی ٢٠١٧ز ئەنجامدراوە، بۆ مەبەستی بەرەوپێشچوونی کاری فەتوادان لەکوردستاندا.

١٧


ماموستا مەلا محمد ئێنەیی


د. ئەحمەدی شافعی


د. عیرفان رشید


د. لوقمان جامیعی


د. حسن پشدەری


ماموستا مەلا عمادالدین فائز


مامۆستا مەلا عەزیز خەزنەیی


مامۆستا مەلا ئەحمەد شەرنەخی


د. محمد شوکری


د. عومەر ملا حسن مرۆ




مامۆستا مەلا عبداللّٰە فەرهادی




مامۆستا مەلا عبداللە هەڵەبجەیی





ناوی بەرپرس و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان

| ز | ناوی تەواو | | شوێن |
|---|---|---|---|
| ١- | د. حسن خالد الموفتی | | هەولێر |
| ٢- | د. أحمد شافعی | | سلێمانی |
| ٣- | د. عرفان رشید شریف | | سلێمانی |
| ٤- | د. حسن محمد إبراهیم | | هەولێر |
| ٥- | د. لقمان محمد الجامعی | | هەولێر |
| ٦- | د. عمر حسن حمد مرۆ | | هەولێر |
| ٧- | م. محمد إسماعیل محمود | | هەولێر |
| ٨- | م. إسماعیل حمەحسێن محمد | | سلێمانی |
| ٩- | م. عزیز عمر حسن | | هەولێر |
| ١٠- | م. عبداللە محمود إسماعیل | | سلێمانی |
| ١١- | م. یاسین دەروێش | | سلێمانی |
| ١٢- | م. عمادالدین فائز عبداللە | | هەولێر |
| ١٣- | م.عبداللە کریم میرزا | | سلێمانی |
| ١٤- | م. عبداللە محمد عبداللە | | سلێمانی |
| ١٥- | د. محمد شکری | | دهۆك |
| ١٦- | م. احمد شەرنەخی | | دهۆك |

مەلا لە هەموو شۆڕشە کوردییەکاندا، لە گشت پارچەکانی کوردستاندا، ئەگەر ڕابەرو ئاڵا هەڵگر نەبوو بێت، بێگومان دڵسۆز و خەباتگێرێکی دیار و ناوداری نێو شۆڕشەکان بووە، بۆ نموونە لە شۆڕشی ئەیلولدا، کە بەسەرکردایەتی (مەلا مستەفای بارزان)ی بووە، مەلا ڕۆڵێکی دیارو پێش چاوی هەبووە، لەلایێك ئامۆژگاری خەڵك لەسەر بەرگریکردن لە گەل و نیشتمان و سەبرو خۆڕاگری بەرامبەر تۆپ باران و بۆمبارانی فڕۆکەکانی دوژمن، لەلایێکی تر لە حوجرەو ئەشکەوت و دۆڵ و دەم چۆمەکان، بە وانە وتنەوەو تێگەیاندن و پێگەیاندن فەقێ و ئیجازە پێدانیان سەرقاڵ بووە، لەگەڵ ئەوانەشدا هەستاوە بە چارەسەرکردنی کێشە شەرعی و کۆمەڵایەتیەکانی هاوڵاتییان، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی (یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان)، لەلایەن مەلا (مستەفای بارزانی) لە ساڵی (١٩٧٠)ز دا، کە لەم ساڵەدا


مامۆستا مەلا عبداللە گردەسۆری

# جوانترین و بەرهەمدارترین درخت لە نیو سەدەی ڕابردودا



مەلا محمد ئێنەیی

ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا

بێگومان هەر کەسێك شارەزاییێکی هەبێت لەمێژووی نەتەوەی کورددا، وە تەرازووی دادگەری و ویژدان دابنێت بۆ هەڵسەنگاندنی دڵسۆزی و خزمەت و خەباتی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆ گەل و نیشتیمانەکەیان، بۆی دەردەکەوێت کە مەلا=زانایانی ئایینی چ وەزن وسەنگێکیان هەبوەو چ ڕۆڵێکیان بینیوە لە تێگەیاندن و پێگەیاندنی گەلەکەیان و ئامادەباشیان بۆ خەبات و فیداکاری لە پێناو ئازادی و ڕزگاری کوردو کوردستان.

دامەزراندنی (یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان) لە ٢١ی٩ی١٩٧٠ بەفەرمان و یارمەتی وچاودێری جەنابی مەلا مستەفای بارزانی دەرکەوتن و هەڵاتنی ئاسۆییێکی ڕووناك و پڕ هیوا بوو بۆ زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان،

یەکێتی زانایان ئەو درختە بوو کە ڕەگ و ڕیشەی لەگەڵاڵەی باڵەکایەتی داکوتا، بەڵام لق و پۆپە بەرزو جوانەکانی گەیشتە تەواوی شارو گوندەکانی کوردستان،

> **مەلا مستەفای بارزانی بەردەوام دەیگوت: گەر ئێوە پارێزەری ئایین و دڵسۆزی نیشتمان بن من بەهەموو هێزی خۆمەوە لەگەڵ ئێوەدام و پارێزگاریتان لێدەکەم**

ئەودرختە ڕەنگین ودڵڕفێنەی هیواو شادی باراند بەسەر زانایانی ئاینی بەگشتی و بەسەر قوتابیان و فەقیاندا بەتایبەتی، مەلاو فەقێیان لەژێر سایەی ئەم درختەدا شادمان و سەربەرزبوون بەکەسایەتی خۆیان، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبوو لەگەڵ سەرۆك بارزانی و لێپرسراوانی شۆڕش، بەبیرم دێ کە فەقێیەك دەگەیشتە قۆناغی کۆتایی خوێندن و دەیەویست (ئیجازە)= (بڕوانامەی مەلایەتی) وەربگرێت لەلای مامۆستاکەی، مامۆستای ئیجازەدەر موستەعیدەکەی بڕوانامە وەگری لەگەڵ خۆی دەبردە بارەگای بارزانی، جەنابی مەلا مستەفا پێشوازییێکی گەرمی لێدەکردن و مەلای ئیجازەدەرو موستەعیدی ئیجازەوەرگری هەردووکی خەڵات دەکردن و ڕێزێکی زۆری لێدەنان وله مەجلیسەکەیدا

پێی دەوتن: (گەر ئێوە پارێزەری ئاین و دڵسۆزی نیشتمان بن من بەهەموو هێزی خۆمەوە لەگەڵ ئێوەدام و پارێزگاریتان لێدەکەم). ئەم پەیوەندەیە بەهێزەی بەینی جەنابی مەلا مستەفاو زانایانی ئایینی بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی کەم وێنە بووە.

یەکێتی زانایان ئەو درختە جوان و ڕەنگین و سایەدارو بەردارە بوو کە بەدرێژایی نیو سەدە ئیمانداران بەگشتی و زانایانی ئایینی بەتایبەتی لەژێر سایەیدا ئارام و بەختەوەر بوونە، تەنانەت لەدوای کارەساتی ١٩٧٥یش، کە نەمانی دەستەڵاتی کوردی بوو، زانایانی ئایینی لەم درختە بەهرەمەند بوون و بەرەکەیان دەبینی.

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوە بوو لەساڵی ١٩٧٧ ڕژێمی عێراق بڕیاریدا لەسەر دامەزراندنی تەواوی زانایانی ئایینی ئیسلامی بەپێشنوێژخوێن و وتاربێژ هەر کەسەو لەمزگەتەکەی خۆی، گشتی کردنە خاوەن مووچە، بگرە ئەوانەی کە مەلایەتیشیان کەمبوو، یاخود بڵێین کۆلکە مەلا، یا کۆلکە فەقێ بوون، بێگومان ئەم هەنگاوەی ڕژێمی عێراق بەهۆی ئەمەوە بوو کە زانیاری تەواوی هەبوو لەسەر یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و زانیاریشی هەبوو لەسەر ڕێزو ئیحتیرامی سەرۆك بارزانی بۆ زانایانی ئایینی.

کەوابوو ئەودرختەیە لە هەموو کاتو ساتێکدا سایەدارەو بەرهەمی خۆی هەیەو دەبێت، وەك دەفەرموویێت:(كشجرة طيبة أصلها ثابت وفرعها في السماء تؤتي أكلها كل حين بإذن ربها)٢٤-٢٥سورەی ابراهیم.

بویە داواکار لەزانایانی ئایینی مامۆستایانی بەرێز کە بارەگاکانی زانایانی ئایینی بە بارەگاو ماڵی خۆیان بزانن، بەتایبەت لەکاتی لێقەومان و نەهامەتیەکاندا، هەروەها داواکاریشم لە (یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان) لەپلە بەرزەکانەوە تا پلە نزمەکان ئەو پەری ڕێزو تەقدیر بنوێنن بەرانبەر بەهەموو مەلاو زانایانی ئایینی وەلەکاتی لێقەومان و تووشبوونیان بەڕووداوە نەخوازراوەکان بەگوێرەی توانا بەهانایانەوە بچن، جا کەیفی خۆیانە سەر بەهەر لایەنەکەوە بن، پێویستە یارمەتیان بدرێت مادام مەلانە، ئێمەی مەلاو زانایانی ئایینی پێکەوە جوانین و پێکەوە بەهێز دەبین، (يد الله مع الجماعة).

**لەبەر حورمەتی یەکێتی زانایان و پێگەی مەلای کورد لەساڵی ١٩٧٧ ڕژێمی عێراق بڕیاریدا لەسەر دامەزراندنی تەواوی زانایانی ئایینی لە کوردستان**



# ساڵیادو بیری نەتەوەیی لەلای زانایانی کورد

**نوسینی:پ.د.عرفان رشید**

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان



**بیری نەتەوەیی وەك دەسپێکی مێژوویی و سەرەتای سەرهەڵدانی لە ناخی تاکی مرۆڤی کوردا بۆ ئەو سەردەمە ئەگەڕێتەوە کە دیرۆکی نەتەوایەتی لە جیهانی نوێی هاتنی ئیستیعماری ئەورووپاییدا هاتە کایەوە.**

**ئەو کاتەی وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی داگیرکاری و قۆرخکاریی لە نەخشەی ئەورووپای دوای شۆڕشی سەرمایەداریدا بەدیارکەوتن و بە سوپاو تفاقی جەنگی و هۆیەکانی داگیرکارییەوە هاتنە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی و جیهانی ئیسلامی ئیدی لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو داگیرکارییانەدا میللەتانی موسڵمانی ناوچەکە بیرو سۆزی نەتەوایەتی و خولیای رزگاری و پێکهینانی دەوڵەتی قەومییان لە ناخدا بۆ درووست بوو .**

**ئەم مێژووە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستی هەزارەی دووەمدا دەستیپێکرد بۆیە لەبارەی مێژووی سەرهەڵدان و هاتنەکایەی ئەم بیرە نەتەوایەتییە لەلای تاکی کورد مێژوونووسی گەورە مامۆستا ئەمین زەکی بەگ دەڵێ تا فارس و عەرەب و تورك نەکەوتنە باس و خستنەڕووی نەتەوەییبوونی خۆیان من هەستم بە بیرو سۆزی نەتەوایەتی خۆم نەکرد و تا ئەوان نەیانوت ئێمە فارس و عەرەب و تورکین منیش نەموت کوردم .**



بۆیە سەردەمی بیری نەتەوایەتی لە جیهانی ئیسلامیدا لەو مێژووەوە دێتە ئاراو بەر لەو سەرهەڵدانە هەرچی دەربارەی بیری نەتەوایەتی و جوداخوازیی موسڵمانان لەسەر بناغەی نەتەوەو نەژاد بوتریٚ ئاسنی سارد کوتانەو چ ماناو مەنتیقێکی تێدا نییە .

لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتیی بە زەروورەتی قۆناغەکەو لە پێناو پاراستنی خودو بەهای نەتەوە موسڵمانەکاندا وەك دیاردەیەکی ئاسایی و تەندروست خوێندەوارو ڕۆشنبیرو زانایان لە ڕیزی پێشەوەی هەڵگرانی ئەم بیرەدا دەرکەوتن و بوونە پێشەنگی بیرو سۆزی نەتەوەیی و پاشان ئاڵابەرزکەرەوەی شۆڕش و سەرهەڵدان و بزاڤ نەتەوەیی کە ناسنامەی ڕاستەقینەی مرۆڤی زاناو خوێندەواریش تا نیوەی دووەمی سەردەی ڕابردوو هەر لە حوجرەو مەدرەسە زانستییەکانی مزگەوت و خانەقاو مەڵبەندە ئیسلامییەکانەوە بە مرۆڤی کورد ئەدرا، بەم پێیە مەلاو زانایانی کورد بوونە ژمارە یەك و مامۆستای ناو هەڵگرانی ئەم بیرو سۆزەو لەڕێی بانگەشەو زانست و

**هەمیشە مەلاو زانایانی ئاینیی کورد لە ڕیزی پێشەوەی قوربانیدەران و زیانپێگەیشتووانی خەڵك و نەتەوەی خۆیاندا بوون**

ژیربێژی و تەوفیقی نێوان دەقەکانی ئاین و بەرژەوەندییە مرۆییەکانی پاراستن و مانەوەی نەتەوەو زمان و نیشتمانەوە خەڵکیان بە گشتی بەرەو مەیدانی کوردایەتیی بانگهێشت کرد .

زانایان و مەلا بەناوبانگەکانی کورد کە ئەگەر نەڵێین هەموویان ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان لەگەڵ تێگەیشتنیان بە زاهیری دەق و علوومی شەرعی دیسان بە پەروەردەیەکی کامڵی ڕێبازی عیرفانی و خواناسیی خانەقاو تەکیەو مەڵبەندەکانی پێگەیشتنی ناخ و دەروون و ئاوێتەبوونیان بە حەقایقی زانستی باتینیی ڕەبانییەوە کەوتنە سەر دێڕی ناونیشان و لوتکەی هەرەمی بەرهەمی ئەو بیرە نەتەوەییە .

**یەکێتی زانایان وەك دامەزراوەیەکی کاریگەرو کارا لە پاڵ ئۆرگانەکانی دیکەی شۆڕشدا گەورەترین ڕۆڵ و کاریگەریی لە ناو خەڵك و شۆڕشدا بینی**

شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و پاشان شێخ مەحمودی حەفید ودواتر قازی محمدو مەلا مستەفای بارزانی تێکڕا نموونەی دیارو بەرچاوی پیشەنگایەتیی ئەو بیرو هەستە



نەتەوەییەن لە گشت پارچە جیاوازەکانی نیشتمانی کوردەواریدا.

لە سەرجەم شۆڕش و سەرهەڵدان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی هەموو ئەو پارچە جیاوازانەی خاکی کوردانیشدا هەمیشە مەلاو زانایانی ئاینیی کورد لە ڕیزی پێشەوەی قوربانیدەران و زیانپێگەیشتووانی خەڵك و نەتەوەی خۆیاندا بوون.

لە بواری ئەدەبی بەرەنگاری و بزاڤ فەرهەنگیی پاڵپشت و هاندەری بیری نەتەوەیی کورددا کە خۆی لە ئەدەبی موقاوەمەی کوردیدا دەبینێتەوە ئەو ئەرشیفەی مەلاو زاناو دەرچووانی حوجرەو مەدرەسەی زانستە شەرعییەکان بۆ مێژووی ئەدەبی کوردییان بەجێهیشتووە گەواهیدەری دیارو زیندوی ئەو ڕاستییەن کەئاماژەمان پێدا.

لە دوایین شۆڕشی نەتەوەیی و بەرەنگاریی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا کە وەك میراتی شۆڕش و تێکۆشەرانی ئەم سەردەمەی ئێستاشمان هەربوون و کاریگەری هەیە و بریتییە لە شۆڕشی ئەیلول بەو پێیەی شۆڕشی هەموو خەڵك و ناوچە جیاجیاکانی کوردە دامەزراوەی یەکێتیی زانایانی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی کاریگەرو کارا لە پاڵ ئۆرگانەکانی دیکەی شۆڕشدا گەورەترین ڕۆل و کاریگەریی لە ناو خەڵك و شۆڕشدا بینی و بەردەوامیش تا ئێستا لە پاڵپشتیکردنی مەسەلە ڕەواو مافە سرووشتییەکانی میللەت و قەوارە ئیداری و سیاسیەکەیدا کەهەرێمی کوردستانی عێراقە ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی خۆی پاراستووە.

لە دوا ئاماژەشدا جێی خۆیەتی هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو ئاوێتەبوون و یەکانگیرییە بەهێزەی نێوان خەڵك و واقیعی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانی بە ڕۆڵ و بوون و پێگەی مەلاو زانایانی ئیسلامەوە جگە لە کاریگەری و زیندوویی خودی ئاینی موبین و حەقی خودای تاقانەی پەروەردگاری جیهانیان ، ئەو ئامادەیی و بەشدارە بەهێزەی چەندین ساڵەی ئەو توێژە پێشەنگەیە لەگەڵ بیرو ئازارو مەینەت و حەزو داوا ڕەواکانی نەتەوەدا کە تا ڕۆژێك کوردێك مابێ ئەو

ئاوێتەبوون و تێکەڵاوییە بەهێزەی نێوان سۆزی نەتەوەیی و عیشقی ئاینیی نێو ناخی مەلای کوردی لە یاد ناچێ کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی  بە نوێنەرایەتی ئەو چینە مەعریفییەی میللەتی کورد لە ڕێی بەیتێ شیعرەوە دەریدەبڕێ و دەڵێ :

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفچەلن ئەمما

صلاح الدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو





# یۆبێلی زێڕین و مێژوویێك لە شانازی

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

## دەستکەوتێکی نەتەوەیی.. هەڵکشانێکی شکۆمەند لە خزمەت و بەردەوامی..

مەلا عبدالله شێرکاوەیی

بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی زانایان



لە ٢١ی٩ی١٩٧٠ لە گەلاڵەی باڵەکایەتی یەکێتی زانایان وەك دامەزراوەو رێکخراوەێکی پیشەیی و سەرتاسەری، بە پاڵپشتی راستەوخۆی مەرحوم مەلا مستەفای بارزانی و بە بەشداری چەندین زانای کوردستان لە پێناو چەند ئامانجێکی روون و خواست و دۆخی ئەوساو ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان و کاری رێکخراوەیی، بە لەبەر چاوگرتنی هەردوو رەهەندی ئایینی و نەتەوەیی دامەزرا.

قۆناغ دوای قۆناغ لە ئەنجامی دڵسۆزی و کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی و پاڵپشتی خودی زانایان، یەکێتی زانایان توانی ببێتە چەترێکی گرنگ و گەورەو جێی ئومێدی زانایان و ئاسۆیەکی روونی لەبەردەم کاروانەکە هەڵکرد، توانرا لەشێوەی کاری رێکخراوەیی وزەو توانای زانایان لە تەواوی کوردستان کۆبکرێتەوەو، لە خزمەتی گشتی و لە پێناو برەودان بە هەستی ئاینپەروەری و نیشتمانپەروەری خۆی ببینێتەوە.

ئەمساڵ یۆبێلی زێڕینی تەمەنیەتی و نیو سەدە ٥٠ ساڵە ئەم رێکخراوە لەسەر پێ وەستاوە، ئەو کات لە شارەدێی گەڵاڵە لەدایك بوو، بەڵام ئێستا شکۆمەندانە دامەزراوەیەکی دیاری سەر ئاستی کوردستان و جیهانی ئیسلامیە، ئەو کات تەنها

دەستەیەك بوون، بەڵام ئێستا لە تەواوی کوردستان ١٧ لقی تایبەتی هەیە، سەرەڕای کۆسپ‌و دۆخە ناهەموارو هەڵومەرجە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هەرێمیەکان‌و ڕەوشی ناوخۆیی‌و دارایی‌و گرفتەکان، توانیویەتی سەدان دەسکەوت‌و دەرەنجامی باشی هەبێت‌و زۆرینەی زانایانیش تێیدا ئەندام بن.

لەرووی پیشەیی‌و ئایینی‌و نەتەوەیی یەکێتی زانایان پێگەیەکی دیارو حوزرێکی کارای لە ئاراستەی پرس‌و پێشهاتەکان‌و خزمەتی کۆمەڵگەی کوردی‌و پاراستنی دەسکەوتە ئایینی‌و نیشتمانیەکان هەیە، سەربەرزیشە کە یەکێکە لەو لایەنانەی هەمیشە ڕۆڵی کاریگەری لە بەرەو پێشبردنی کوردستان‌و ئەزموونەکەی هەبووەو هەمیشە دروشمی ئیسلامپەروەری‌و کوردایەتی پێکەوە گرێداوە، کە هەڵقوڵاوی ئیلهامی پەیامی پیرۆزی ئیسلام‌و ڕێڕەوی گەورە زانایانی کوردی موسڵمانە.

> **یەکێتی زانایان سەربەرزە کە یەکێکە لەو لایەنانەی هەمیشە ڕۆڵی کاریگەری لە بەرەو پێشبردنی کوردستان‌و ئەزموونەکەی هەبووەو بەردەوام دروشمی ئیسلامپەروەری‌و کوردایەتی پێکەوە گرێداوە**

نیو سەدەیە خزمەتێکی زۆری مەعنەوی بە پێگەو پیشەی مامۆستایانی ئایینی‌و مزگەوت‌و تەدریس‌و حوجرەو تەنانەت بەرەو پێشەوە بردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لەو هەرێمە کردووە، هەمیشەش وەك داکۆکیکارێکی دڵسۆز بۆ خاك‌و نەتەوەو ئایین خۆی بینیوەتەوە.

یەکێتی زانایان بە ئەندازەیەکی باش توانیویەتی بەو ئەرکەو ئامانجە هەڵسێ کە بۆی دامەزرا، بە تایبەتی لە ڕووی ئایینیەوە توانیویەتی کار بکات بۆ گەیاندن‌و پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام‌و دەرخستنی ڕوو جوانی ئەم دینە بۆ موسوڵمانان بە ئاراستەو پەیامێکی میانڕەوی دوور لە توندو تیژی، لە ڕووی نەتەوەییەوە توانیویەتی وەك ڕێکخراوێکی چالاك هەوڵ بدات بۆ بەرەو پێش بردنی ئەزمونی گەلەکەمان‌و ڕۆڵی بەرپرسیارانە بگێڕێ، لەسەر ئاستی پیشەییش توانیویەتی زۆربەی زانایانی ئایینی لە ژێر چەتری ئەم ڕێکخراوەدا کۆ بکاتەوەو

بە گوێرەی توانا داکۆکیکار بێت لە مافەکانیان و پێدانی بەرچاو ڕوونی و هۆشیاری و بەژداری پێکردن و ئاگالێکبوونی سەرتاسەری و ئاوێتەکردنی گیانی پیشەیی لە نێوانیاندا، لەپاڵ ئەمەش ناساندن و گەیاندنی قەزیەی ئەم گەلە وەك گەلێکی موسڵمانی ڕاستەقینەو دڵسۆز بە جیهان.

نیو سەدەیەو توانیویەتی ڕۆڵی خۆی ببینێ و قسەی خۆی هەبێ لە پرسە چارەنوسسازە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و بەرنگاربوونەوەی مەترسیەکانی سەر هەرێم و کیانی کوردی. هەر لەکاتی دامەزراندنیەوە تا دەگاتە قۆناغی ئاوارەیی و خەباتی شاخ و هەڵگرتنی چەك و قوربانیدان و شەهیدبوونی چەندین زانای ئایینی، لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١و هەڵسانەوەی بە گیانێکی نیشتمانپەروەرانەو خزمەت کردنی ئایین و نەتەوە، هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی و پتەوکردنی ڕەهەندی تەبایی نێو ماڵی کوردو موشارەکەی مەیدانی چالاکیە گرنگەکان و خۆپیشاندنی پێویست و پاڵپشتی قەزیەی نەتەوەیی و تا پرسی سەربەخۆی و دەربڕینی دەنگی بەڵێ بۆ ریفراندۆم بە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی..هتد.

لەڕووی کرانەوەو پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و ناوەندە زانستی و ئایینیەکانی دەرەوەو هەڵکشانی چالاکیەکان بۆ ئاستی بەرزو هەمەجۆر، وای کردووە ناوی یەکێتی زانایان وەك دامەزراوەیەکی زیندووی کوردستان بێتە ناساندن و بە چاوی ڕێزەوە لێی بڕوانن.

لەسەر ئاستی ناوخۆو دەروە یەکێتی زانایان توانیویەتی پەیوەندیەکی باش لە گەڵ زۆربەی ڕێکخراو و دەزگاو ناوەندە ئەکادیمی و ئایینیەکانی کوردستان و عیراق و زۆرێك لە کەسایەتی و ناوەندو دەزگا زانستیە ئایینیەکانی وڵاتانی ئیسلامی دروست بکات و ببێتە پردێکی گرنگ لەنێوان زانایانی هەرێم و بەشیکی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیەوە، لەو پێناوەدا چەندین چالاکی و پەیوەندی فەرمی لەکاتی دیارو بۆ ئامانجی تایبەت سەردانی هەمەلایەنەی هەبێت، هەمیش بۆ

هەماهەنگی و پرس و بابەتی هەستیاری ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی پێشوازی چەندان شاندو کەسایەتی و لایەن و دام و دەزگا حکومی و فەرمیەکان کردووەو ئامانج و پەیامی خۆی گەیاندووە.



یەکێتی زانایان رۆڵی دیاری هەبووە لە پێشوازی دەزگا و کەسایەتیە ئایینی و زانستیەکان و سەردان و بەشداری بۆنەو پرسە کۆمەڵاتیەکان و بەدواداچوونی گرفت و ئاریشەکانی زانایان و وەرگرتنی هەڵوێست و چاودێری کردنی دۆخی ئایینی و بەژداری مەراسمەکانی بڕوانامەی زانستی و مەولودو سازکردنی دیالۆکی ئاشتی و پێکەوە ژیان و مەراسیمی قوتابخانە ئایینیەکان و هێورکردنەوەی دۆخە ئالۆزەکان و دروست کردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوان یەکێتی زانایان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانان و رۆشنبیران و دەزگاو ناوەندە ئایینی و رۆشنبیری و میدیاییەکان و بەسەرکردنەوەو گرفتەکانی زانایان و هەڵمەتەکانی کۆمەکی و هاوکاری و هەڵمەتی خوێن بەخشین و مەراسیمی رێزلێنان و گەشتی تایبەت بە زانایان و ئیدانەکردنی رفراندن و هەڕەشەو کوشتن و گرتنی

زانایـانو، سـەردانی کونسـوڵگەریو، دەزگـار میریو، مـەدەنیو، رێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنیو، پیشـەییو، سـازدانی کۆبوونـەوەی ئاسـاییو نائاسـاییو، بەدواداچـــوونو، ســـەردانیکردنی بنەماڵـــەی نـــاوداری شـــێخانی تەریقـــەتو قەدەغەکردنی دیاردەو شتە نامۆکانی نێو کۆمەڵگەو مافەکانی مرۆڤ و ئافرەتانو گەنجو لاوانو بەسالاچوانو خاوەن پێداویستی تایبەتو کاروباری حەجو پرسی ژینگـەییو رێنمـایی هاتووچـۆو نـەمام چاندنو مـاددە هۆشـبەرەکانو یادەکـانی رۆژنامەگــەریو راپــەرینو ئــەنفالو کیمیابــارانو دەیــانو ســەدان بۆنــەی تــری نەتەوەییو نیشتمانی کردووە.

لـە داکـۆکیکردنی مـافو رێچـکەی دروسـتی ئـازادیو دیـالۆكو لەبەرچـاوگرتنی تایبەتمەنـدی کۆمەڵگـەی کـوردیو راگرتنـی هاوسـەنگیو سـەقامگیری دۆخـی کۆمەڵایـەتیو ئاشـتەواییو فەرهـەنگی پێکـەوە ژیـانو رێزگـرتنی یـەکترو زەمینـەی هەماهەنگی رێڕەوێکی سەرکەوتوانەی گرتۆتە بەرو کاریگەری خۆی هەبووە.

لـە گەیانـدنی پـەیامی رەسـەنو دروسـتی ئیسـلامپەروەریو پـەروەردەی رۆڵـەکانو پاراســـتنی کەرامـــەتی مـــرۆڤو بەدەمەوەچـــوونی خواســـتی هاوڵاتیـــانو هۆشیارکردنەوەی تاکەکان لەمەترسی هزری توندڕەویو تەکفیریو بڵاوکردنەوەی هەســـتی میـــانڕەویو جیهـــانبینیو داناییـــەوە هـــەنگاوی ئـــەرێنی هـــەڵێناوەو ئاسەواریشی دیارە، نمونەی ئەو راستیە لـە قۆنـاغی بەرەنگاری شـەڕی داعش لـە واقعی کوردستان بەرچاوە، کە چۆن زانایـان توانیـان لـەرێی پاڵپشـتی پێشمەرگەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو جوڵاندنی شەقام بە ئاراستەی پاڵپشتیو ورەبەرزی سەبارەت بە دیفاع لە خاكو نیشتمانو پاراستنی شـەڕەفو کەرامـەتی ئینسـانیو کۆمەکی ئاوارەو لێقەوماوانو ئیدانەی کردە دڕندانەکان رۆڵێکی هەستیارو گرنگو گەورە بگێڕن!

بـە مەبەسـتی بـرەودان بـە گەیانـدنی پـەیامو بنـەماکانی شـەریعەتی ئیسـلامو بڵاوکردنەوەی چالاکیو هەنگاوەکانی زانایانو کردنەوەی پردی پەیوەنـدی نێـوان

ئەو ڕێکخراوەو تەواوی زانایانی ئایینی لەسەرتاسەری هەرێمی کودرستان، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بایەخێکی زۆری بە بواری ڕاگەیاندن بەهەرسێ لایەنی بینراو و بیستراو و خوێندراو داوەو، بەو هۆیەشەوە خزمەتێگی گرنگ و گەورەی پێشکەش بە کۆمەڵگەو کوردستان کردووەو، وەك ئاوێنەی پەرێزی زانایانی ئایینی پیشاندەری سەرجەم ئەو کارو هەنگاوو جموجۆڵە ئایینی و پیشەیی و نەتەوەییانە بووە، لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە.

یەکێتی زانایان بایەخێکی فراوانی بە بواری ڕاگەیاندن داوە، بڵاکردنەوەو درێژدان بە ڕۆژنامەو گۆڤاری زمانحاڵی خۆی بە ئەرك زانیو هاوکات بڕیاری کردنەوەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنیشی داو لەگەڵ ئەوەش چەندین بەرهەمو توێژینەوەی ناوازەی لە بواری فەتواو فکریو بابەتو پرسو پێشهاتە گرنگ و هەستیارەکان بە شێوەی کتاب بە چاپ گەیاندو بڵاوکردەوە.

یەکێ لەو بوارانەی زۆر جێی بایەخی یەکێتی زانایان بووە، کردنەوەی خولی زانستیو ڕۆشنبیری و پیشەیی بووە بۆ زانایانی ئایینی، ماوە ماوە خولی جۆراوجۆری کردۆتەوە، کە زۆربەیان خۆیان لە کۆڕو سیمیناری گرنگو هەستیارو پەیوەست بە واقعی ئێستا دەبیننەوەو بوونەتە جێگەی خۆشحاڵی زانایانی ئایینی، وە لە ڕێی پەیوەندیەکانەوە بواری سەفەرو گەشتی زانستیو خولی ڕۆشنبیری لە وڵاتانی دەرەوە بۆ زانایانی ئایینی ڕەخساندووە.

یەکێ لە ئامانجەکانی بەرنامەی کاری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کارکردن بووە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەڕووی ئایینیو نەتەوەییو مەزهەبو فکریەوە، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی دۆخی ئەمنیو

> بەرنامەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کارکردن بووە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەڕووی ئایینیو نەتەوەییو مەزهەبو فکریەوە، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی دۆخی ئەمنیو کۆمەڵایەتیو دینداری لە هەرێمی کوردستان.



کۆمەڵایەتی و دینداری لە هەرێمی کوردستان.

بەو پێیە لە هەرێمدا موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و.. هتد، لەهەمان کات کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و کلد و سریان و... هتد، بوونیان هەیە، یەکێتی زانایان بە پەیڕەو کردنی پێوەرە شەرعیەکان و لە چوارچێوەی بازنەی برایەتی مرۆڤایەتی و نیشتمانی، بەردەوام هەوڵی داوە پێگەی ئەو پێکەوەژیانە بپارێزێت و فاکتەرێکی گرنگیش بێت بۆ بەرەو پێشبردنی رایەڵەی ئەو هەنگاوە و بەرجەستە کردنی لەسەر ئەرزی واقعدا.

هەر ئەوەش وای کردووە ئەو کەشە ببێتە نمونەیەکی جوان و فەرهەنگێکی شکۆدار، کە وێنەی کوردستان لەرووی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئایینیانە جوان نیشان داوە و بۆتە جێی سەرسامی گەلانی دونیا و وڵاتانی دەرەوە.

بۆیەش زۆر جار لە ئاستی باڵاو لەرێی میدیاکانەوە ئاماژە بەو تابلۆ جوانەی پێکەوەژیان کراوە، کە لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو کراوە، لەوەشدا نکوڵی لەوە ناکرێ، کە یەکێتی زانایان رۆڵی گرنگی هەبووە لە هێنانە دی ئەو فەرهەنگە و نیشاندنی رووی جوانی پێکەوەژیان لە کوردستان.

هەر لەبەر ئەمە بوو لە سەرەتای خولی پێنجەمی یەکێتی زانایان نوێنەری ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەراست سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی کرد و لە نزیکەوە سوپاسی یەکێتی زانایانی کرد لەسەر ئەو رۆڵە دیارەی بۆ پرسی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی و مافەکانی ئافرەتان و پێکەوەژیانی ئایینی و کۆمەکی ئاوارەکان و هاندانی کۆمەڵگە بۆ

ڕێزگرتنیان هەیەتی.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٩ کونسوڵی گشتی کۆماری فەرەنسا (ئولیفیە دیکۆتینی) لە هەولێر سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی کردو ڕاشکاوانە سوپاسی خۆی ئاراستەی زانایانی کوردستان کرد لەسەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی پێشکەشی دەکەن لە پرسی لێبوردەیی و پێکەوەژیانو بایەخدان بە کەمە نەتەوەکانی ترو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو توندڕەوی، ئەو هەنگاوەشی بە سەرمایەی گرنگی هەر کۆمەڵگایەك وەسف کرد.

ئێستا کە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان دەکەینەوە، دەبێ درکی ئەو ڕاستیە بکەین، کە ڕابردووی ئەم ڕێکخراوەو دڵسۆزی هەمەلایەنەی زانایانی ئایینی و خواستو قۆناغی هەنووکە وا دەخوازێ مکور تر بین لە هێنانە دی ئامانجەکانو هاوکاری کیانی کوردیو ئاراستەی دروستی کۆمەڵگەکەمان، ئەوەش بە هاوکاریو پشتیوانی سەرجەم زانایانی ئایینی دێتە دیو دەتوانن ئایندەی زانایان بەرەو شەرەفمەندی زیاتر ببەن، چونکە ئەزموونی هەرێمی کوردستانو کاری ڕێکخراوەیی و دروست کردنی پەیوەندیو چارەسەرکردنی کێشەکانو بەرقەرار کردنی ئاشتی بۆ کوردستانو بەرەنگار بوونەوەی بیری توندڕەویو تیرۆر مەسئولیەتێکی هەستیارو پێویستو بەردەوامە.

هاوکات لەگەڵ هەموو ئەو چالاکی و دەسکەوتانەی سەرەوەو، لە ساڵیادی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان، مانای ئەوە نیە ئەو ڕێکخراوە لە کەمو کوڕیو ڕەخنەو نەشتەری هەڵسەنگاندنو شرۆڤەی دیوە ئەرێنی و نەرێنیەکان بەدەرە، نا پێویستە ئەو هەنگاوەش وەك لایەنێکی هاریکار بۆ خزمەتی ئەم ڕێکخراوە وەربگرین،

> **ڕابردووی ئەم ڕێکخراوەو دڵسۆزی هەمەلایەنەی زانایانی ئایینی و خواستو قۆناغی هەنووکە وا دەخوازێ مکورتر بین لە هێنانە دی ئامانجەکانو هاوکاری کیانی کوردیو ئاراستەی دروستی کۆمەڵگەکەمان**

لەپاڵ هەڵدانەوەی لاپەڕە زێڕینەکان و هۆنینەوەی رابردوو و بە باڵا هەڵگوتن و خستنەڕووی خزمەتەکان، گرنگە دیوەکەی تریشی پیشان بدەین و بیخەینە بەر تیشکی شەن و کەوکردنەوە، قۆناغەکەو بەرپرسیارێتیەکە وا دەخوازێ لەرێی دیبەیت و راوێژو دیالۆگی ئامانجدارو هەڵسەنگاندنی بابەتی و بەرچاوخستنی واقعی کارو پیشەو بەنیەتێکی بە ئیخلاسەوە گەنگەشەو گفتوگۆی تێرو تەسەلی هەمەلایەنەی تەواوی کارێکخراوەیی یەکێتی زانایان بکرێت.

گرنگە زانایان بە نەفەسی درێژەپێدانی کاروانەکەو ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو یەکێتیەو بەهەوڵی دڵسۆزانەو لەرێی پاڵپشتی و پێشنیارو هەماهەنگی زیاترەوە، لەچوارچێوەی هەر سێ ئاستی ئایینی و نەتەوەیی و پیشەیی و بەهەمان تێڕوانینی پێشەنگی و پێشکەشکردنی خزمەت و پارێزگاری دەسکەوتەکان و بەهەندوەرگرتنی کێشەی رەوای گەل و نیشتمان، نمونەی شایستەترو شکۆمەندانەتر بخەنە خزمەتی کوردستان و خەرمانی مێژوویی ئەم یەکێتیە جوانەوە.

**پیرۆز بێت یۆبێلی زێڕین یادەوەری٥٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان، دروود بۆ گیانی شەهیدان..**



# پەیڤێك لەسەر یادی پەنجایەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایان

## پرۆفیسۆر دکتۆر سەباح بەرزنجی



یەکیتی زانایانی ئایینی کوردستان مێژوویەکی نیو سەدەیی هەیە، لەم ماوە دوورو درێژەدا دوو دەستکەوتی گەورەی هەبووە کە دەکرێ لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەم:

یەکەم: کۆکردنەوەی هەموو زانایانی مزگەوت و میحراب و مینبەر لە دەوری ئامانجێکی ستراتیژیی کە ئەویش خزمەت بە ئیسلامە لە کوردستان، بە بێ ئیستیسنا کردنی کەس، واتە یەکێتی زانایان لەسەرەتاوە نەیویستووە نوێنەری بیرێکی سیاسی دیاریکراو بێت و ناشبێت بیر لەوە بکاتەوە کە گوزارشت بکات لە دیدگای حیزبێکی سیاسی، بەڵکو دەبێت جەخت لە سەر دوو چەمکی ئیسلامەتی و خزمەت بە گەلی کوردستان بکاتەوە. لە کوردستاندا غەیری ئەم دوو چەمکە ناتوانێت خەڵك و جەماوەر پێکەوە گرێ بدات.

دووەم: تازەگەریی لە فەتواو دەربرینی حوکمە شەرعییەکان: زۆر گرنگە بزانین کە لێجنەی ناوەندیی فەتواو لێجنەکانی فەتوای یەکێتی زانایان لە شارو شارۆچکەکاندا رۆڵێکی زۆر گەورەو گرنگ دەبینن لە رۆشنگەریی و رێنمایی خەڵكو راستکردنەوەی چەمکەکان، پێویستە ئەم لایەنە لە جاران و لە ئیستا گرنگی زیاتری پێبدریت.

وێرای پابەند بوون بە مەزهەبی پێشەوا شافیعی کە مەزهەبی زۆرینەی گەلی کوردستانە، دەکرێ ئاوڕێکیش لە فیقهی بەراوردکاریش بدرێتەوە، چونکە ئیسلام

لە مەزهەبێکی دیاریکراودا حەسر ناکرێ.

بەندە لە یادی دامەزراندنی یەکیتی زانایاندا ڕێزو سڵاوم دووپات دەکەمەوە بۆ هەموو مامۆستایانی ئەندام لەم یەکێتییەو هیوادارم بەردەوام بن لە خزمەت بە ئاینی ئیسلام و بزاڤی فەتوای سەردەمیانەو ببنە مەرجیعی ڕاستەقینەی حیزبە سیاسییەکان بە تایبەت حیزبەکانی دەسەلات.

بروام وایە زانای ئاینیو ڕۆشنبیرانو ئەهلی قەلەمو بیرمەندان سوڵتەی مەعنەوییو فیکریی ناو کۆمەڵگان، بۆیە پێویستە پێگەیەکی باڵاتریان هەبێ لە ئەحزابی سیاسی. هەر وەکوو لە مێژووی زانایانی ئیسلامدا بەرجەستە بووە. کە وتوویانە: پاشایان فەرمانرەوان بە سەر خەڵکەوەو، زانایانیش فەرمانرەوان بە سەر پاشایانەوە.



# دامەزراندنی یەکێتی زانایانو دەرەنجامە باشەکانی بۆ کۆمەڵگە



مەلا حمەأمین عبدالقادر حسین
لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان

لە ٢١ی٩ی١٩٧٠ یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەو ڕەزامەندی مەرحوم مەلا مستەفای بارزانی دامەزرا، بەدامەزراندنی یەکێتیەکی پتەو لەناو زانایاندا دروست بوو، توانرا خزمەتێکی بەرچاو بەدینو نیشتمانو کۆمەڵگەی کوردەواری بکرێت بەتایبەت بەهەوڵ و هیمەتو بەرنامەی یەکێتییەکە کۆمەڵێك هەنگاو گیرایە بەر کە پێشتر لە کوردستاندا نەنرابوو کە دەتوانم بەشێکیان لەم چەند خاڵەدا ئاماژە پیّ بدەم:

یەکەم: لەسەرتاسەری کوردستاندا لەهەموو شارو شارۆچکەکان مامۆستای شارەزا بەقازی دانرا بۆ ڕاپەڕاندنو بەڕێکردنی کاری هاوڵاتیانو موسوڵمانانو پێشمەرگەو شۆڕش لەڕووی شەرعی و دادپەروەرییەوە.

دووەم: لەکوردستاندا دیاردەی ژن بەژنو گەورە بەبچووك لەنێو خەڵکیدا بەربڵاو بوو بە دروستبوونی ئەم یەکێتییە هیچ مەلاو زانایەکی ئاینی ئەم کارەی نەدەکرد، چونکە تەواو پێچەوانەی فیقهی ئیسلامی بوو

سێیەم: زۆرجار لەنێو خەڵکیداو لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا پرس بە ئافرەت نەدەکرا لەکاتی بەشوداندا، بۆ ئەمەشیان هەر زانایەك ئەندام یا وابەستەی یەکێتییەکە بوایە بەبیّ ڕەزامەندی ئافرەتەکە خۆی مارەبڕینی نەدەکرد بەمەش سەربەستی تەواو گەڕایەوە بۆ ئافرەتان.

چوارەم: لەهەموو شاروشارۆچکەکان زانایانی ئاینی لەسنورەکانی خۆیاندا بەشێوەیەکی شەرعی و یاسایی خزمەتی دەڤەری خۆیان دەکرد.

پێنجەم: یەکێك لەسودە گرنگەکانی ئەم ڕێکخراوە ئاشنا کردن و یەکترناسینی زانایان بوو بەشێوەیەك برایەتی و دەستەجەمعیەك لەنێوانیاندا دروستبوو کە هەموو کاروبارێکیان بەپرس و ڕاوێژ ئەنجام دەدا.



شەشەم: لەهەموی گرنگتر پشتگیری شۆڕشی کوردستان بوو بۆ زانایانی ئاینی کە بەتەواوی پشتگیر بوون و فەرمان و بڕیاری زانایانی ئاینی لەهەر ئاست و سنورێکدا یەکلایکەرەوەو کۆتایی بوو وەکو خۆی جێ بەجێ دەکرا.

هیوادارم لەم کاتەشدا هاوشێوەی ڕابردوو زانایانی ئاینی لەسەرتاسەری کوردستاندا براو پشتیوانی یەك بن و پشتگیری یەك بن هەر ڕەنگ و بۆچوونێکیان هەیە، هەروەها ئومێدەوارم حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارت و حزبەکان پشتگیری زانایانی ئاینی بن، بۆ ئەوەی شان بەشانی یەکتر بتوانین خزمەت بکەین و کوردستانمان جوانترو بەرەو پێشتر ببەین کە بێگومان بەم هەنگاوە ستەم و هەڵەو کەم و کورتی کەمتر دەبێت.



# پێگەی یەکێتی زانایان و ئاستی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی

مەلا نجم الدین شەمساوا
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان




زانایانی کورد لەهەموو سەردەمێکدا لەناو میللەتی خۆیاندا وەك پێگەی سەروەری و خاوەن ڕێز بوون، ئاواش لەبواری ئایینپەروەری خواناسی و خزمەت کردن بەئاشتەوایی کۆمەڵگاو خەباتگێڕی نەتەوایەتیدا ڕۆڵی پێشەنگی هەبوە.

هەرواش لەبواری ئەدەب و وێژەی میللەتەکەیان پشکی شێریان بەرکەوتوە، بەجۆرێك ئەدەبیاتی میللەتی کورد بەشەکەی زانایانی ئایینی لێ دەربهێنی هیچی وای نامێنێتەوە شاعیرانی گەورەی کورد زوربەیان مامۆستای ئایینی ن، لەنووسینەوەی مێژووی نەتەوەشدا زانایانی ئایینی لاپەڕەکانی مێژویان پڕکردوەتەوەو سەروەری نەهامەتیەکانی ئەم گەلەیان تۆمار کردوە.

بۆیە هەر لەدوای دەرچونی بەیاننامەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەوسای کوردو سەرۆکەکەی مەلا مستەفای بارزانی ڕەحمەتی خوای لێبێت بەزەرورەیەکی مێژووی و پێویستیەکی گرنگیان زانی کە زانایانی کورد خەباتی ئایینی وکۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی خۆیان لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکی تۆکمەدا درێژە پێبدات.

بۆیە لەڕۆژی بیست و یەکی ئەیلولی ١٩٧٠ یەکێتی زانایان دامەزراو لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەم ڕێکخراوە خزمەت بەدین ودونیای میللەتی کوردستان دەکات و ڕۆڵی بەرچاوی لەهەموو ئاستەکاندا بینیوەو لەم چەند ساڵەی دواییشدا یەکێتی زانایان توانی ناسنامەی خۆی بەرێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی



بگرە جیهانیش پێگـە بەدەسـت بهـــــــێنیٚ لـــــەدەرەوەش خۆی ناساند.

مـــاوە بڵـــێین درودو سڵاو بـۆ ئەوانـــــــەی لەدامەزرانــدنی یـــــــەکێتی زانایاندا دەست پێشخەربوون، سڵاو ڕێزیش بۆ درێژە پێدەرانی ڕێبازیان، پیرۆز بێت یادی یۆبێلی زێرینی دامەزاندنی زانایان، لەخوا داواکارم کۆمەك‌و پشتیوانمان بێت بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی ئەم ڕێکخراوە خۆشەویستە.



بەژداری لە کۆڕبەندی میانڕەوی- سلێمانی

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نیو سەدە خزمەتی حەقیقی بە دین و نیشتمان

✍ : کەمال ئەمین گوڵپی- ماستەر لە زانستی کەلامدا

بەرپرسی ناوچەی هەورامانی یەکیەتی زانایان



نوسین و لەسەروەستانی خەباتی مەدەنیانەی نیو سەدە دەرکەوتەی کلتوری و مێژووی هەیە، لەکاتێکدا ئەو مێژووە ڕۆچووی ناو گەلێکە کە تا ئێستاش هەر وەك گرێیێکی نەکراوە وایەو مێژوونوسان و گەریدەکان توانای کردنەوەی ئەو گرێیەیان نەبووە، ئەوەش لەوەوە دەردەکەوێت کە نوسەران و لێکۆڵەران لەو بوارەدا توانای دەرك کردنی ئەوحاڵە تایبەتەی کوردیان نەبووە کە لەدرێژای مێژوودا هەی بووە، هەمان میتۆدو ڕێچکەیان گرتوەتەبەر کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر گەڵیکی پێشکەوت و گەلێکی دواکەوتووی نێو مێژوویان پێ کردووەو تایبەتمەندی گەلی کوردیان فەرامۆشکردووە، بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە کورد بەدرێژایی مێژوو هەوڵی ئەوەی داوە لەو نێوەندەدا ببێتە گەلێکی سەردەستە بەلاّم نەیاران و دژومنانی کۆسپیان بۆ دروستکردووە نەیان هێشتووە بگاتە ئەو قۆناغەی کە دەیەوێت و بەبەردەوامیش لەو ڕێگەیەدایە کە لە نێوان ژێردەستەی و سەردەستەی ببێتە گەلێکی سەردەستە.

ڕاستر بڵێن: گەلی کورد ئەو گەلەیە کە تایبەتمەندیەکەی لەتەواوی گەلانی دوروبەر جیابێت ئەویش ئەوەیە کە لەنێوان سەردەستەو ژێردەستەداماوەتەوەو بەم رۆحەوە هەوڵ و خەباتی هەمەچەشنە دەدات بۆ ئەوەی بگاتە ئەوەی کە مەبەستیەتی، ئەوەشمان بیر نەچێت مێژوو مێژووی پەرەسەندنە نەك مێژوو

دووپات بوونەوەی شتەکان بێت، چونکە ئەوشتەی کە لە لەناو دووپاتبونەوەدایە هەرگیز پەرەناسێنێ و لە جێگای خۆیدا دەمێنێتەوە، تەنها ئەوگەلەش پەرەدەستێنێ کە لەناو مێژوودا بوونی لە دووپاتبونەوەدا نابینێ.

گەلی کورد هەر لەدێر زەمانەوە بەهەوڵی هەمەلایەنە و بەتایبەت تر بە پێشەنگی زانایانی ئاینی هەمیشە هەوڵیان بۆ پەرەسەندنی گەلەکەیانداوە نەك بۆ دووپاتبوونەوەی مێژوویان، هەر ئەمەشە کە مێژوو دەیسەلمێنی گەلێك هەیە بەناوی گەلی کوردەوە و هەمیشە لە خەباتی ڕەوای خۆی نەوەستاوە، بۆیە هەمیش لە مێژوودا بەزەقی دوو گەل دەبینرێن مێژووی گەلی سەردەستە و مێژووی گەلی ژێردەستە ئەوی سێهەمیان ونەو زۆرجار لەدەرەنجامی دەرك نەکردنە بەو حاڵە تایبەتە بۆیە لێکۆڵەنەران و گەریدەکان مامەڵەیەکی وشکی مەنهەجیانەی سەردەستە و ژێردەستەیان کردووە، بەڵام گەلی کورد بەهیمەتی زانایان و پێشەنگانی بەرخۆدان ئەم گەلەیان لەم ناوەندا هێشتوەتەوە و هەموو میکانزمەکانی گەلی سەردەستەشی هەیە، بەڵام نەیاران ڕێگربوون کە وەك گەلێکی سەردەستەی ناو گەلان دەرکەوتەی هەبێت و خەباتی نەبەردی ئەم گەلەش لە ژێردەستەی نەجاتی داوە و لەونێوەندەدا ماوەتەوە، بۆیە ئەگەر تەماشابکەین مێژوو بەتەنها مێژووی سەردارەکان نییە بگرە مێژووی ژێردەستەکانیشە و ئەوەی نادیار و گرێی مێژووییە ناوندی ئەو دوو دەستەیەیە، لێرەوەیە ڕۆڵی زانایان لەو دەمەوە کە خۆری پاکی ئیسلامپەروەری لە شاخ و چیاو قەدپاڵ و نشێو و شارو گوندەکانی ئەم کوردستانەی ڕۆشنکردەوە، چەندان کەڵە پیاوی گەورەو

**مێژوو دەڵێت هەمیشە زانایان خەمخۆرێکی دڵسۆزو خەڵك و نیشتمان ویست بوون و کاراکتەرێکی ئیجابی ناو خەباتی سەروەری و مەردی مەیدانی دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی و برایەتی و یەکریزی و پێکەوەژیان بوونە**

زاناو بیرمەندو ئەدیب و نوسەری دیارو بەرچاوەی تێداهەڵکەتووە و هەرکاتێك کە باس لە مێژووی گەلی کورد دەکەیت ئەگەر مێژووی ئیسلام پەروەری تێدا دەربێنی ئەو مێژووە پڕ لە کەلێن و ناکامڵ دەبێت و دەبێتە ئەو گرێیەیی کە پسپۆڕانی ئەو بوارە بۆیان ناکرێتەوە و تایبەتمەندیەکەی ئەم گەلە فەرامۆش دەکەن، مێژووی سەروەری ئەم گەلە بەناو ڕۆحی گەورە زانایانی وەك (ئیبن صلاحی شارەزوری و ئیبن حاجبی کوردی و مەلا ئەبوبەکری موصنیف چۆڕ و ئیبن خەلەکان و یوسفی ئەصم و قەزڵجی و قەرەداغی و نۆتشەی و مەلای گەورەی بیارە و بێتوشی شێخ سەعیدی پیران و مەولەوی و مەحوی مەلا عبدالکریمی مودەررس) ودەیان کەڵەپیاوی تری ئەم گەلە دا ڕۆچووە، لەکاتێکدا زانایانی ئاینی ئەم گەلە خاوەنی پەرێزێکی پاك و پێگەیەکی بڵند و شکۆمەندییەکی مەزن و مێژوویەکی پڕ لەسەروەرین و مێژوو دەڵێت هەمیشە زانایان خەمخۆرێکی دڵسۆزو خەڵك و نیشتمان ویستبوون و کاراکتەرێکی ئیجابی ناو خەباتی سەروەری و مەردی مەیدانی دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی و برایەتی ویەکریزی و پێکەوەژیان بوون و هەمیشە دژی ناکۆکی دووبەرەکی و تەفرەقەبوون، بۆیە لێردا من قسە لەسەر چۆنیەتی پێکهێنان ودامەزراندنی هەیکەلی ڕێکخراوەکە ناکەم ئەوەندەی دەمەوێت بڵێم یەکێتی زانایان بە کەشکۆڵێکی پڕ لە خزمەتی پێشینان و ژانی نەتەوەیەکی ستەم دیدەوە و ئیسلام پەروەر پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە ڕەحمی زانست ویستان و نیشتمان پەروەران و دەنگی دلێری مینبەرەکان و ڕۆحی کلێپەسەندووی شۆڕشگێڕان و لەتاریکی گۆشەی حوجرە بێنازەکانی ئەم کوردستانە لەدایك بوو، لەو دەمەوە تائێستا وەك کانێکی زوڵاڵ و شیرین بەردەوام بەبێ پسان ڕێگە دەبڕێت و دەیان و سەدان کۆسپی ناحەزانی بڕیووە و وەك خۆری ئاسمان بەهیمەتی میرخاسانی ئەم میللەتە پرشنگدەدات ولەم ڕوانگەوە کاری ڕێکخراوەیی خۆی دەکات.

یەکەم: لەڕووی پیشەییەوە.

کاتێك دەڵێن زانایانی ئاینی وەك ڕێکخراوێکی پیشەی پەنجا ساڵە لەکاردایە، ئەوە ئەو ڕاستیەمان نیشاندەدات کە لەسەرەتاوە ئەم ڕێکخراوە لەپێناویدا و لەژێریەك بەیداخدا دامەزراو و بڕیاری یەکریزی و یەکدەنگی زانایانی ئاینی بۆدرا وجارێکی تر بە ڕۆحێکی تر هاتەوە مەیدان و گوتی ئەوەی کە پێویست بە پێناسەناکات زانایی ئاینییە لەناو ئەم گەلە ستەمدیدەدا، ئەگەر هەرچین و توێژێك بۆ ناساندنی خۆی بێتە مەیدان و پێناسەی خۆی بکات بۆ ئەوەی بناسرێت بە دەوروبەر ئەوە زانایان مێژووناساندوونی و کوڕی دووپاتکردنەوەی شتەکانی ناو مێژوونین کە چەقبەستووی بەرۆکیان بگرێت، بگرە بە هەوڵوتێکۆشانیان سەلماندوویانە کە ئەوە زانایانن مێژووی پەرەسەندن دەنووسنەوە و هەرخۆیان و خزمەتیان دەبێتە ئەو مێژووە کە هەمیشە خۆر ئاسا بێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە **زانایان** هەمیشە خۆیان لەنزیك گەلەکەیانەوە دیتووەتەوە بگرە لەهەناو ئێشو ئازاری گەلەکەیاندا هاتوونەتە مەیدان و هەڵقولاون، هەر بۆیە هەمیشە زانایان جێ ڕازونیاز و وەلأمگۆی گشت پرسیارەکانی تاك تاکی کۆمەڵگەیان بوون، لە رووی داخوازییە نیشتمانی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکانەوە زانایان هەمیشە کۆڕو مەجلیسایان گەرم بووە، بۆیە یەکیەتی زانایان هەمیشە ویستوویەتی ئەم رەسەنایەتیەی خۆی وننەکات و درێژە پێدەری ئەو کشکۆڵە پڕ لەسەروەریە بێت لەم ڕوانگەوە بەردەوام کاری کردووە.

> **یەکێتی زانایان بە کەشکۆڵێکی پڕ لە خزمەتی پێشینان و ژانی نەتەوەیەکی ستەم دیدەو ئیسلامپەروەر پە نجا ساڵ لەمەوبەر لە رەحمی زانست ویستان و نیشتمانپەروەران و دەنگی دلێری مینبەرەکان و رۆحی کلپەسەندووی شۆرشگێران و لەتاریکی گۆشەی حوجرە بێنازەکانی ئەم کوردستانە لەدایك بووە**

١- پەروەردەی دروست کە هەڵقوڵاوی فیکری رەسەنی ئیسلامی بێت: مەبەستمان لە پەروەردەی دروست ئەوەیە کە لە وەحیی خوایەوە سەرچاوەی گرتبێت و تاك بەتاکی ئەم گەلەی لەسەر پەروەردە بکات و بەجوانی بەهابەرز و ڕەوشتە پەسەندەکان لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوبکاتەوەو هەر بەم گیانەوە بەرەوڕوی هەموو جۆرە گومان و هێرشە نا دروستەکان بووەستێتەوە و ڕۆحی هاوکاریو چاپۆشی و پێکەوە ژیان بکاتە کلتوری کۆمەڵگی کوردی، ئەمەشی لە ڕێگە جۆراوجۆرەکانی گەیاندن بەپایان گەیاندووە، هەر لە ڕێگەی میمبەرەکانەوە بگرە تا سەرشاشەی تیفیەکانو سەرسنگی پەرە زەردوو سپیەکانی دونیای چاپەمەنیو سیمیناو موناسبە جۆربەجۆرەکانی ناو ناو کایە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری گرتووەتەبەر.

٢- تێرکردنی لایەنی رۆحی: هەمیشە زانایان لە ڕێگەی گەیاندنی پەیامی خوای بەدەوروبەریان لایەنی نەفسی تاکەکانیان فەرامۆشنەکردووە و ئەم بوارەشیان پڕکردووەتەوە بە ڕلڤەکردنێکی عەقلانی دینی کە بگونجێت لەگەڵ ڕۆحی شەریعەت و تایبەتمەندی نەتەوەی ئیسلامی کە پرۆسەی میانەرەوی و تاکی دەستپاك وچاکسازە ئەم کارەشیان دوور لەهەموو جۆرەکانی تونئاژۆیی گەیاندووە، بۆیە لەناو گەلی کوردا زۆربەکەمی کۆمەڵێ خساری مرۆیی ئاریشەی کۆمەڵایەتی دەرکەوتەیان هەبوو لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەلاْم لەکۆمەڵگەیەکی تردا کە ئەم لایەنە دەرونی وعەقلانییە نابینرێت دەبینی خۆکوشتن بووتەدیاردەو لەدەستدەرچووە.

٣- لە روی فیکرییەوە: زانایان لەمێژەوە کاریان لەم بوارەکردووە بەتایبەتر لەو کاتەوە کەکاروباری زانایان لە چوارچێوەی ڕێکخراویەکدا دەبینرێت ئەم لایەنەش بەزەقی دەرکەوتەی هەبووە، کاری دیاری زانایان پاراستنی عەقڵیو گەشەدان بەبواری فیکریو ڕۆشنبیریان کردووەتە خەمێکی گەورە و بەردەوام کاریان لەسەرکردووەو ئەو مەقسەدە گەورەیە کە خوای گەورە



ئـــیرادەی لەســـەرە موســـڵمانان بیکەنـــە خەســــڵەت‌و خــــاڵی ناســــینەوەو دیامانیــــان کـــە ئەویش میانەڕەوییە لە ئاکارو ئـــــەفکاو ســـــــلوکدا وەك دەفەرمووێت:﴿ وَكَذَلِكَ جَعَلْنَـاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ﴾ زانایان لەم ڕێکخراوەوە ئەمـــەیان بـــە پیشـــەی خۆیـــان زانیـــوەو هەموولایـــەك دوورو نزیك گەواهی ئەم ڕاستیەدەدەن.

**دووەم: لەرووی خەباتی نەتەوەییەوە:**

لەو روانگەیەوە کە سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامی پێش هەموو سەرچاوەکانی تر قورئان‌و سوننەتی سەروەرمانن، دەبینین لەم دوو سەرچاوە زولاڵەدا بنەما گەلێکی گرنگ هەیە کە دەیسەلمێنن نیشتمان و پەیوەستبوون بە نیشتمانەوە پێگەیەکی زۆری هەیە، تا ئەو ڕادەیە ئەگەر پارچە زەویەکی ئازاد و سەربەخۆت نەبێت ناتوانی پەرستشی خوای گەورەش بە ڕێکی و سەربەرزانە ئەنجامبدەیت، بۆیە خزمەتکردنی نیشتمان‌و فەرامۆشنەکردنی کێشەو داخوازییە هەنووکی‌و چارەنوسازەکانی گەل دەبێتە پەرستش‌و زیندوو کردنەوەی لایەنێك لە لایەنەکانی سوننەتی ئاکاری پێشەوامان محمد(ﷺ) چونکە لە ژیانامەی پێغەمبەرماندا زۆر بەزەقی دیارە نەك خەباتی بۆ نیشتمانی نەکردووە بەڵکۆ فرمێسکیشی لەچاواندا بۆ باراندووە و بەتامەزۆرییەوە بۆی روانیوە، بۆیە زانایان پێش دامەزراندنی یەکیەتی زانایان

وەك ڕێکخراوە هەمیشە پێشەنگی خەباتی گەل و لەسەنگەری پاراستنی نیشتماندا گیانی پاکیان سپاردووە بەخواو لەو پێناوەدا شەو ڕۆژیان خستوەتە گەر تا ئەمڕۆش هەر ئەو داخوازیە ڕەوایە هەر ماوە و هەمیشە زانایان لە بەرگری خاك ونیشتماندا لە پێشەوەی پێشەوەبوون هەروەك چۆن لە میحرابدا لە پێشەوەن بەتایبەتر لەم دوایانەدا بینیمان کە هێرشی نارەو وسەپێنراو بەسەر گەلی کوردا لەلایەن گروپی داعشەوە، زانایان هەروەك چۆن لە میمبەرەکانیانەوەو بەدەنگی دلێریان ئەو هەڵمەتە و کوشتوبڕینەیان تەحریم کردو بەستەمێکی ناڕەوا هەژمارکرد، هەر ئاواش لە مەیدانی رووبەرووبونەوەدا ئامادەیان هەبوو، وبەردەوام فیکری توندی نادروست ئیهانەدەکەن و ڕەدی دەکەنەوە، بۆیە زانایان هەمیشە هەوڵی یەکریز و یەك هەڵویستی سیاسیو دوورکەتەنەوە لەتەفرەقە دەداتو نەفرین لە پشت لەیەکترکردن دەکاتو بەردەوام کاری ئەم ڕێکخراوە بۆ ڕەنگدانەوەی فەرمایشتی خوای گەورەیە کە دەفەرموویت:﴿واعتصموا بحبل الله جميعا ولاتفرقوا﴾ بۆیە گەورترین خزمەت بەنیشتمان یەکریزو یەکدەنگی تاکەکانە و هەمیشە ڕۆحی پێکەوەژیان بە ئینتیما جیاوازەکان و ئاینزا جیاکانی ناو ئەم هەرێمە داخوازی گەرمی زانایانەو ئەوەی کە زانایان ئەنجامی دەدەن بۆ یەکریزی تاکەکان هەرگیز سیاسیەکان نایکەن کە ئەمەش یەکێکە لەو کۆسپانە کە ڕێگرە لە بەردەم کاری زانایاندا.

لێرەوەیە ئەگەر گەلانی تر کارکتەرە سیاسیەکانیان تەنها بەگیانی سیاسیەوە مێژووی گەلەکەیان بنووسنەوە ئەوە ئەوەی لێبەرهەمدێت ئەو گەلە دواجار یا سەردەستە دەبێت ئەگەر هۆکارەکانی سەردەستەیی بۆ فەراهەم هاتبێت و زەمەنی بۆ ڕەخسابێت یان ئەو گەلە گەلێکی ژێردەست و زەبوون دەبێت، بەڵام گەلی کورد بەهۆی تایبەتمەندی خۆیەوە هەموو وەخت توانای بوون بەگەلی

سەردەستەی هەبووە ئەو توانایەشی هەر لەناخۆ و لە خودی هەڵکەوتەی پەروەردەی پێشەنگی زانایانەوە وەرگرتووە، بەڵام ئەوە نەیاران و زلهێزانن ئەو توانایانەیان کوشتووەو لەگەڵ ئەوشدا هەرگیز ژێردەستەی قەبوڵنەکردووە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێشەنگانی ئەم گەلە هەر لە مێژەوە دەرچووی حوجرەو خانەقا و تەکییەکانی ئەم کوردستانە بوون.

بۆیە لێرەوە پەیامی خۆم بە بۆنەی نیو سەدە لە خەباتی حەقیقی یەکێتی زانایان دەگەێننم و دەڵێم میللەتی کورد شانازی بە رۆڵە نەبەردوو خاویستەکانتەوە بکە کە سەنگەری ئیسلام پەروەری و نیشتمان دۆستیان گرتووە وبووتە گرێکوێرەیە کە بە دەستی ناحەزانی هەرگیز ناکرێتەوە، هەتا زانایان بە مێزەرەی پاك‌و مێژووی پرشنگداریەوە پێشەنگ و رابەرتبێت نابیتە گەلێکی ژێردەستە و هەمیشە بۆ دەرفەتێك دەگەرێت تۆش وەك تەواوی نەتەواکانی تر بەیداخی خۆت لەسەرخاك‌و ئاوت شەکاوە بێت. پیرۆزبێت یادی پەنجا هەمین ساڵی خەباتی ڕاستە قینەو ئاین پەروەری و نیشتمان دۆستی.



# نیو سەدە لە خەبات.. بە كردار و گوفتار



پ. ی. د. عباس علی سلێمان

دوای هاتنی پەیامی ئیسلام بۆ كوردستان‌و ئاشنابوونی كورد لە سەدەی ١٦ بەم ئاینەو بڵاوبوونەوەی بەناوچە كوردنشینەكانداو دروستكردنی مزگەوت‌و جێگای پەرستن‌و مەڵبەندی زانست و زانیاری" میللەتی كورد، بەتایبەت زانایانی ئایینی كوردستان بەوپەڕی نیازپاكیەوە قۆڵیان هەڵماڵی بۆ خزمەتكردنی ئیسلام و ژیار و شارستانیەتەكەی.

ئەگەر لاپەڕەكانی مێژوو هەڵدەینەوە، بەهەزاران زانای ئایینی كورد دەبینین لەسەرجەم بوارەكانداو لەتەواوی زانستە ئیسلامی‌و شەرعیەكاندا شوێنپەنجەیان دیارەو ناویان دەدرەوشێتەوە، وەك ئەستێرەیەك لە ئاسمانی زانست و زانیاری.

زانایانی ئێمە بە درێژایی مێژوو بەردەوامبوونە لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزەو درێخیان نەكردووە لەخزمەتكردنی ئایین‌و خاك و نیشتیمان و نەتەوە، هەر بۆیە مایەی سەرسوڕمان نیە لە هەر گوندو شارو شارۆچكەیەكی كوردستان" مزگەوت و قوتابخانەی ئایینی بەدی بكەین.

زانایانمان لە ڕێگەی ئەو مزگەوت و قوتابخانە ئاینیانە، لەگەڵ گەیاندنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام" تاكەكانیان هۆشیاركردۆتەوەو فێری خۆشویستنی خاك‌و نیشتیمانیان كردوون‌و لەهەمان كاتیشدا بەگوفتارو بە كردارو چاونەترسانە دژی ئەو ستەمكارانە بوونەتەوە، كە دانیان بە ماف و بوونی كورد دانەدەنا، هەرچەندە لەم پێناوەدا دووچاری كوشتن و هەڕەشە و زیندانی و دوورخستنەوە بوونەتەوە.

ئەگەر دوور نەڕۆین، هەر لە شۆڕشی شێخی نەهری‌و شێخ مەحموودو شێخ عبدالسلام‌و مەلا مستەفاو پێشەوا قازی" بە روونی ئەو دژایەتیەی داگیركاران دەبینین بۆ رۆڵی زانایان، چونكە بە خۆشحاڵیەوە **زۆرینەی شۆڕشەكان لەلایەن**

**زانایانی ئایینیەوە رابەرایەتی کراوە.**

زانایانی کورد بەبێ پچڕان، بە زار و زمان و بەکردارو گوفتارو بە قەڵەم و چەك" بەردەوامبوونە لە خەبات و تێکۆشان، تا میللەتی خۆیان بگەیەننە کەناری ئارامی و گەیشتن بە ئاسۆ.

ئەگەر بە ئینسافەوە لە رۆڵی زانایانی رابردووی خۆمان بڕوانین، دەبینین کە رۆڵیان لەسەرجەم کایەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لە رووی یاسایی و کاری رێکخستن و رامیاری و ئیدارەدان و لایەنی کۆمەڵایەتی و سەربازی و ئەدەب و زانستە جۆربەجۆرە سەردەمیەکان هەبووە.

هەرکاتێك دەرفەتێك هاتبێتە پێشەوە بۆ کوردو نەوایەکی ئارامی بۆ دروست بووبێت، زانایانی ئایینی کەسی یەکەمی ئەم دەرفەتەو هۆکاری پاراستنیشی بوونە.

ئەگەر شۆڕشی ئەیلول بە نمونە وەربگرین، دەبینین دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئازادکردنی چەند ناوچەیەك" زانایانی کورد تەواوی تواناکانیان دەخەنە گەڕ بۆ هاوکاری شۆڕش و چۆنیەتی ئیدارەدانی ئەو ناوچانەو بەڕێوەبردنیان بەشێوەیەکی یاسایی و مەدەنیانە.

هەربۆیەش چەندین لێژنە درووست دەبێت بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە یاسایی و رامیاری و سەربازی و کۆمەڵایەتیەکان و راییکردنی کاروباری ولات.

لەو سەردەمدا و بەهەوڵی زانایان، پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و گۆشکردنی نەوەکان بەچەکی زانست و زانیاری بەردەوامبوو، زۆرێکیش لە مامۆستایانی شۆڕش هەر زانای ئایینی بوون و هەندێکی دیکەشیان سەرەڕای ئەرك و پیشەی خۆیان شانبەشانی پێشمەرگە داکۆکیان دەکردو چەکی شەڕەفیان هەڵگرت، هەندێك زانای دیکەش بەشیعرو هۆنراوەکانیان جۆش و خرۆشیان بە رۆڵەکانی کورد دەدا بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و داکۆکیکردن لەو ناوچانەی لە ژێر سەرپەرشتی شۆڕش بوون.

تەواوی ئەو یاسایانەیش کە پەیڕەودەکران لەو ناوچانە" لە شەریعەتی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەر یاسایەك پێچەوانەی شەریعەت بووایە، ئەگەر لە حکومەتی ناوەندی عێڕاقیشەوە دەرچوایە، زانایان بەرەنگاری دەبوونەوە.

ئەوەی مایەی سەرنجە، هەندێکجار دەگوترێ: بۆیە زانایانی ئایینی کورد گەورەترین رۆڵیان هەبووە لە ژیارو شارستانیەتی ئیسلام" چونکە سەرقاڵی کاری دەوڵەتداری نەبوونەو تەواوی هەوڵەکانیان بۆ ئەو مەبەستە چڕکردۆتەوە، بەلاّم بەشداری کارای زانایان لەتەواوی شۆڕشەکانو خزمەتکردنی ئاینو نەتەوەکەیان پێکەوە" نا درووستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ.

زانایانی ئایینی کوردستان بەردەوامبوون لەخەبات و پشتیوانیکردنی شۆڕش، بەتایبەت دوای کۆکردنەوەی کاروچالاّکی تەواوی زانایان لەژێر یەك چەتر، لە ۱۹۷۰/۹/۲۱ راگەیاندنو دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان، ئەو کاروانەی تا ئەمڕۆش، کە نیو سەدەیە هەر بەردەوامە لە بەخشین.

دەخوازین زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان رەچاوی گۆڕانکاریو بارودۆخەکان بکاتو بەردەوامبێت لەسەر رێچکە پیرۆزەکەی خۆی، بەلاّم بە تێروانینو دیدگایەکی نوێو سەردەمیانە، کە رەو بکات لەگەڵ پێشهاتەکانو واقیعدا، دیدگایەك خزمەت بە تەواوی کایەکانی ژیانی سەردەم بکات.



# ڕۆڵی یەکێتی زانایان
# لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی کوردستان

**د. ملا عبداللە ئاکرەیی**
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیو بەرپرسی لقی ئاکرێی یەکێتی زانایان



ئامانجی یەکەمی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان خزمەتکردنی زانایانی بووە، کە لە ڕێگای ئەوان ڕۆڵی مەزنیان بتوانرێت خزمەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامو دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە یەکێتی زانایان بە یەکەم شوێن دانراوە کە لێیەوە پارێزگاری لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەینو بتوانین بەرەنگاری هەموو ئەو دەنگە نەشیاوەش ببینەوە، کە بیانەوێت کورد وئیسلام لێك دوور بخەنەوەو بۆشاییەکی گەورە بخەنە نیوان ئەمرۆ و دووێنی کورد .

یەکیتی زانایان لە سەرەتایی دامەزراندنیەوەو تا ئیستا کە یوبێلی زێڕێنی یادی دامەزراندنیە هەمیشە هاندانو بەشداری کارا بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کورد، کە



هەمیشـــە بەراســـتەوخۆ و ناراســـتەوخۆ هــەوڵی خــۆی هەبوو بۆ یەکبوونەوەی ماڵی کــورد، هــەر وەهــا رۆڵێکــی باڵای هەبوویە لە کارکردن لـە ســەر پاراســـتنی ئــەمن و ئاساییشـــی کوردســـتان و بەرنگاربوونەوەی ئەو دیاردە نەشانازانەی کە ئەمن و ئاسایشی کوردستان تێك دەدەن .

لە کوتاییدا ولە یادی یوبیلی زێرینی دامەزراندنی یەکێتی زانایان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی مامۆستایانی ئایینی دەکەم وهیواداریـن هەمووـمان بتوانین بەردەوام بین لەسەر ئەو ئامانجانەی کە یەکێتی زانایان بۆی دامەزراوە.



# خەرمانی پەنجا ساڵەی یەكێتی زانایان



**مەلا شێخ وەهاب بەرزنجی**

بەرپرسی لقی چەمچەماڵی یەكێتی زانایان

لە یادی تێپەڕبوونی پەنجا ساڵی تەواو بەسەر دامەزراندنی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستاندا وێڕای سوپاسی خوا لەسەر بەخششەكانی و پیرۆزبایی لە زانایان و شانازی كردنمان بە ئینتیما بۆ ئەم یەكێتیە ئەمەوێت سەرنجی بەڕێزتان ڕابكێشم بۆ خەرمانە پڕ بەرەكەتەكەی یەكێتی زانایان لەم چەند خاڵەدا:

- هەموو دروستكراوو ئامێرو دەزگاو كائینێك تاكو ساڵەكانی تەمەنی زیاتر بێت خۆی بەرەو كۆن بوون و لاوازی و پوكانەوە دەچێت، بەڵام ڕێكخراوی یەكێتی زانایان ئاراستەی پێچەوانەی وەرگرتووە.

ئەوەتا لەگەڵ داگیرساندنی مۆمی پەنجا ساڵەی تەمەنیدا نوێ دەبێتەوەو بە وزەی زیاترو گوڕی بەهێز ترەوە ناوو ناوبانگی دەدرەوشێتەوەو هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێت لە بوارەكانی كاری ڕێكخراوەییدا.

بێگومان ئەویش بەهۆی خۆرسكی و ڕەسەنایەتی و زەرورەتی بونیەوەیە كە خواستی زانایانی ئایینی و پێویستی ئایین و كوردو پیشەی مەلایەتی بوو كە سەر لەبەری ئەم سێ چەمكە هەڵقوڵاوی كرۆكی ئایینی ئیسلامەو لەچوارچێوەی ( إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَام ) خۆی دەبینێتەوە بەردەوام لە گەشەدا ئەبێت چونكە پێویستی خەڵكی موسڵمانە.

- لە ئێستادا یەكێتی زانایان زۆربەی زۆری زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستانی لە خۆ گرتووەو بە درێژایی مێژووەكەشی سەرجەم زانا گەورەكانی كوردستان یان سەرۆك یان خاوەن پێگە یان ئەندام بوون لەم ڕێكخراوەدا، بەم پێیەش ئەتوانین



بڵێین گەورەترین ڕێکخـــــــــــراوی ئایینی ئیسلامی پیشـــــــــەیی ســــــــەربەخۆ لەکوردســـــــتاندا یـەکێتی زانایانـە کـە بـە درێـژایی مێژووەکـەی کـۆ کـەرەوەی زانایـانی سـەرجەم تەمـەن و ناوچـەو لەهجـەو تێـزە فکرییـە جیاوازەکـان بـووە کـە لـە ئێسـتادا ژمـارەی ئەنـدامانی چـەند هـەزارێك دەبێـت و بەیـەك بەرنامـەو ئاراستەی میانەڕەوانە کار دەکەن .

- گرنگی و گەورەیی ئەم ڕێکخراوە لەوەدایە هیچ لایەنێکی پەراوێز نەخستوە هەر لە بوونی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی باڵای فەتواو لق و ناوچەو لێژنە فەتواکانی لە تێکڕای شارەکانی کوردستاندا، هاوکات توانیویەتی هەنگاوی زۆر باش بنێت لە سەر ئاستی ڕێکخستنی ئەندامان و پەیکەرەی دامەزراوەکە بە گشتی و ڕاگەیاندن و میدیاو بگرە سۆشیاڵ میدیاو ئەرشیف و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئاینی و بواری فەتوای شەرعی و لێك نزیککردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان و پەیوەندییەکان و خولە جۆربەجۆرەکانی بۆ زانایانی ئایینی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و کۆنتاکتی لەگەڵ دامەزراوە ئایینی و شەرعیەکانی جیهانی ئیسلامیداو هاوکاریکردنی حکومەت و خەڵك لە هەموو قۆناغە دژوارو سەختەکان و تەنانەت لە شەڕو ململانێکان کە لە لایەن دوژمنانەوە دژی کوردستان بەرپاکراوە.

هەورووەها ئیدارەدانی ئەم ڕێکخراوە لەم ساڵانەی قەیرانەکانداو سەرجەم هەنگاوەکانی تر سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە ئەم ڕێکخراوە بەردەوام لە

نوێبوونەوە دایە و خاوەن وجودێکی کارایەو جێگەی شانازییە بۆ ئەندامەکانی و خەڵك و هەیبەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی.

– لەم یادە پڕ شکۆیەدا داواکارم لە هەموو زانایانی ئایینی ئەندام لەم ڕێکخراوە زیاتر گرنگی بدەن بە ڕێکخراوەکەیان و هەمیشە ئینتیماو پەیوەندییان بەرزو زیندوو پڕ شکۆ ڕابگرن و شانازی بکەن بە

> **بە هۆی خۆرسکی و ڕەسەنایەتی و زەرورەتی بوونیەوە، کە خواستی زانایانی ئایینی و پێویستی ئایین و کوردو پیشەی مەلایەتی لەسەر بوو، یەکێتی زانایان بەرەو هەڵکشان دەچێت**

بونیان لە وەها ڕێکخراوێکی سەربەخۆی پیشەییدا کە زۆرێك لە فەراغە پیشەییەکانی پڕ کردۆتەوەو بوەتە جێگەی تێبینی و قسەی جیاوازی لەسەر دەکرێ ، وە بگەڕێن بە شوێن شاکارە ونبوو و شاراوەکانی یەکێتی زانایانداو کار بکەن بۆ دەرخستنیان و نووسینی بابەت و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێکخراوەکەو کەسایەتییە دڵ سۆزەکانی و هەمیشە زیندو ڕاگرتنی ئەم دامەزراوەیە کە سامانێکی پیشەیی زۆر گرنگە بۆ هەمووان، هەروەها ئەندامانیشی پێویستە پیشەی زانایی و مەلایەتی خۆیان دەمە زەرد بکەنەوە بە سەروەرییەکانی مەلای کوردو یەکێتی زانایان و وەفاداربن بەرامبەر بەم ماڵە گەورەیەی زانایان.

– لە کۆتا وێستگەی نووسینەکەمدا ئەمەوێت هەمووان بخەمە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی ئاینی و نەتەوەیی و پیشەیی کە ڕێز لە ناسنامەی مەعنەوی ئەم ڕێکخراوە بگرین و پشتیوان بین لە هەموو ڕویەکەوەو کەلێنەکان پڕ بکەینەوەو دووربکەوینەوە لە میزاج و لادان لە سلکی پیشەیی بوون و بێ زانیاری قسە نەکەین لە ڕەهەندەکانی یەکێتی زانایان و ئەم بەرپرسیارێتی و پشتیوانیەش بە پلەی یەك دەکەوێتە ئەستۆی سەرجەم زانایانی ئایینی و بە تایبەت بەڕێوبەرانی ئەم ڕێکخراوە قەشەنگەو لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی

سیاسی کوردستان و هەمو خەڵکی کوردستانیش کە زۆربەی موسڵمانەو، بێگومان دروست بوونی ئەم ڕێکخراوەش لە سۆنگەی دینداریو دڵسۆزی بۆ ئایینو نەتەوەو مەلای کوردەوە سەری هەڵداوە.

بۆیە پێویستە زیاتر ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە لە بەرچاو بگرین و خزمەتی بکەین و بە ئینصاف بین لە ئاست وجودو خزمەت و ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە ڕابردوودا زۆر کەسایەتی سیاسی کوردستان هاوکارو پشتیوانی ئەم ڕێکخراوە بوون هیوادارم میراتگرەکانی ئایینو سیاسەتو نەتەوە شانازی بکەن بەم ڕێکخراوەو بەردەوام بەکردار گرنگی و بایەخی پێ بدەن و پشتیوانی لێ بکەن.







# سڵاو لە نیو سەدە خەباتی بێوچانی
# یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان



## مەلا ئیدریس ژاڵەیی

گەر چاوێك بە دیرۆکی رابردووی گەلەکەمان بخشێنین، دەبینین زانایانی کورد بەو پەڕی دڵسۆزیو خەمخۆریەوە لە خزمەت دۆزی رەوای گەلەکەیان بوون، بە هەردوو رەهەندی ئایینیو نەتەوەییەوە، کە ئەمەش وا نیشان دەدات مێژووی گەلەکەمان پڕیەتی لە شانازی زۆرو گەورەی زانایانی ئایینیو رێبازی خزمەت بە شارێگەی شەریعەتەوە.

نیو سەدەیە کاروانێك لە کوردستان بە بێ وچان بە نیەتو دڵێکی بێگەردو مێزەرو ڕویەکی گەشو سپیو نورانی لەپێناو ئامانجگەلێکی پیرۆز بەرێگەوەیە بەرەو ئاسویەکی ڕونو دیار .

ئەم کاروانە کە خۆی لەیەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەبینێتەوەو کۆکەرەوەو لەخۆگری هەموو چاکەو خێرو بەرەکەتەکانەو، بووە بە چەترێك زانایانی ئاینی لە کوردستان لە سایەیدا کۆبونەتەوە، شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئەم رێکخراوە کە ماوەی نیو سەدەیە پارێزگاری لە پیرۆزیەکانی نەتەوەیەك دەکات، پارێزگاری لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات، لە خەمی پێگەیاندنی نەوەیەکی ئیسلامپەروەرو دیندارداية، لە هەوڵی بێوچان دایە بۆ پیشان دانی ڕوی جوان و درەوشاوەی پەیامی پیرۆزی قورئانو فەرمودەو ژیاننامەی پیرۆزی پێغەمبەرمان محمد درودی خودای لەسەربێت.

یەکێتی زانایان زۆر بەجوانی و بە بەرنامە بۆ داڕێژراوانە میتۆدی هاوسەنگیو میانڕەوی لە پیادەکردنی ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆزو سونەتی درەوشاوە بە

تێگەیشتی زانا گەورەکانی ئومەت پیادەکردووە، ئەم ڕێکخراوە لەم ماوەیەی تەمەنیدا بە جوانی کاری لەسەر هەردوو بنەمای ڕەسەنایەتی و هەوچەرخ بوون کردۆتەوە، ڕەسەنایەتی کە خۆی لە پابەندبوون بە بنەما سەرەکیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو سازش نەکردن لەسەر هیچ نەگۆڕێك لە بنەماکانو هاوچەرخ بونیش کە سود لە تێگەیشتنو لێکدانەوەی نوێ بۆ قورئانو سونەت بە مەرجە دیاریکراوەکان و فتوای زانایانی باوڕپێکراو بۆ مەسەلە نوێیەکانی سەردەمو سود وەرگرتن لە هۆیەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ بۆ خزمەتی ئامانجە پیرۆزەکانی ڕێکخراوەکە، کە خۆی لە کارکردن بە هەرسێ ئاراستەی ئاینی و نەتەوەیی و پیشەییدا دەبینێتەوە.

> شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئەم ڕێکخراوە کە ماوەی نیو سەدەیە پارێزگاری لە پیرۆزیەکانی نەتەوەو ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکات

لە کۆتاییدا ئەمە هەڵسەنگاندێکی بە ئینسافانە بوو بۆ ڕێکخراوی یەکێتی زانایان، بەڵام لەم یادەدا ئەم ڕێکخراوە ئەرك و بەرپرسارێتی گەورەتری دەکەوێتە سەرشان کە پارێزگاریکردنە لەو سەروەریانەو لە هەمان کاتدا متو قەتیس نەبوونە لە جێگەی خۆیدا، بۆیە پێویستە بەخۆداچونەوەو گۆڕانکاری بەرەو باشتر لە ئالیەتی کارو بەرەوپێشچونی زیاتر کە قۆناغەکە دەیخوازێت هەنگاو هەڵبگرێت.

جارێکی تر ئەم یادە پیرۆز دەکەینو ئومێدمان وایە بە هەوڵو هیممەتی زانایانو تەواوی دڵسۆزان، گوڕو تینێکی تازەتر بدرێتە بەر ئایندەی هەنگاوەکانو بەرەو باشترکردنی کاری ڕێکخراوەیی بۆ خزمەتی پتری ئایینو نەتەوەو نیشتمان.



# ڕۆڵی یەکێتی زانایان لە ناو کۆمەڵ و خەباتی شاخ..!



**مەلا عبید عوسمان- کارگێری لقی کۆیە**

بە بۆنەی ساڵە ڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی شکۆداری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردوستان و تێپەڕ بوونی پەنجا ساڵ لە تەمەنی زێڕینی پڕ سەروەری یەکێتی زانایان، بەناوی لقی کۆیەی یەکێتی زانایان و سەرجەم ناوچەو ئەندامانی سنوری لقی کۆیە پیرۆزبای گەرمی خۆمان ڕائەگەیەنین هیوا دارین ئەم کاروانە بەردەوام بێ پڕ بەدەم و پڕ دڵ پیرۆز بای خۆمان ئاڕاستە سەرجەم زانایانی ئاینی دەکەین خوازیارین ئەو یادە ببێتە وێستگەیەکی بە خۆدا چوونەوە.

ڕێکخراوی یەکێتی زانایان لە پەنجا ساڵەی تەمەنی پڕ سەروەری هەمیشە ڕۆڵی باش و ئیجابی بینیوە بەرپرسیارانە کاری کردوە بەو بۆنەیەوە دەڵێن:

سـڵاو لە گیـانی دامەزرێنەرانی
هەر شـاد بێ ڕوحی داهێنەرانی
سلاوی ڕێنوس و پەرتوك و قەڵەم
سـلاوی علم و زانستی سـەردەم

ڕێکخراوی یەکێتی زانایان لەوەتەی دروست بووەو دامەزراوە، هەمیشە وەك چەترێك کۆکەرەوەی مامۆستایانی ئاینی بووە وە کاریگەرترین ڕێکخراو بووە لە گۆڕەپانی کوردستان، وە مامۆستایانی ئاینی بە دڵسۆزیەوە کاریان تیا کردووە وە شانازیان کردووە بەئینتیما و ئەندامبونیان لە ڕێکخراوی یەکێتی زانایان.

ڕۆڵی سیادی و قیادی و پێشەوایەتی یان هەبوە. وە جێگەی سیقە و متمانەی خەڵك بوون وە خەڵکی بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنایان بۆ مامۆستیانی ئاینی بردووە. مامۆستایان دڵسۆزانە بە دەم کێشەکانیانەوە چوون و شەویان داوەتە پاڵ

**لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ بارودۆخەکە وای دەخواست کە زانایانی ئایینی ڕێگەی شاخ و خەباتی چەکداری بگرنەبەر**

ڕۆژ بۆ خزمەت بە خەڵك و خاکیان، مامۆستای ئاینی لە شار و گوند و گەڕەك و مزگەوت و شوێن کارەکانیان هەمیشە لە پاڵ کاری پێش نوێژی و وتار بێژی ئامۆژگاری دەعوەوبانگەوازو تعلیمو تدریس حوجرەو فقی ڕۆڵی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و صلح و صلاحەت یان بینیووە.

پێشەنگایەتی و پێشەوایەتی یەکێتی زانایان و مامۆستایانی ئاینی هەر لە ئاستێك نەبوە خەمخۆری و دڵسۆزیان لە بوارێکی دیاری کراو نەبوو.

وە دەستێکی باڵاو ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پاراستنی یەکڕیزی گەلی کوردستان.

وەبەردەوام لەگەڵ خەم و خۆشی گەلەکەیان بوون بە حوکمی ئەوەی مامۆستایان هەڵگری پەیامە پیرۆزەکەی ئیسلامن کە هەموو زوڵم و ستەمێك ڕەتدەکاتەوە.

بۆیە هەمیشە لە پێشەوەی جەماوەر و گەلە ئازادیخوازەکەیان بوونە بۆیە دەبینین سەرکردەو پێشەوای شۆرشە ئازادیخوازەکان زۆربەی هەرە زۆریان لەمامۆستایانی ئاینی و شێخانی تەریقەت و ئەهلی جمعە وجماعەت بوون وەکو شێخ عبیداللە نهری و شێخ سعیدی پیران و پێشەوا قازی محمد و شێخی نەمر شێخ محمودی حەفید و مەلا مستەفای بارزانی.



کە ئەمانە هەموویان پێگەیشتووی حوجرە و مدرسە و تەکیە و

خانەقاکان بوون، بەڵێ لە ڕاستیدا ڕۆڵی زانایانی ئاینی بە پێی بارودۆخ و قۆناغەکان بووە کویٚ پێویستی بووبێت کار و خزمەتی تێدا بکەن کردویانە. چی پێویست بووبێت بیڵێن گوتویانە، کاری گونجاو بۆ بارودۆخی گونجاو.

چۆن مەیدانی ئیمان و ئیسلام و ئیسلاحیان چۆڵ نەکرد بەهەمان شێوە لە هەموو قۆناغەکانو بارودۆخەکان خۆیان بەدوور نەگرتووە بەڵکو خۆیان بە خاوەنی زانیوە بەرپرسیارانە شانیان داوەتە بەر، بۆیە لە ساڵانی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ بارودۆخەکە وای دەخواست کە ڕێگەی شاخ و خەباتی چەکداری بگرنەبەر.

ئەوە بوو شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. چەکیان کردە شان و مقر و بارەگاکانیان گواستەوە بۆ شاخ زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایانو ملا و فقی شار و گوندەکان ڕویان کردە شاخ و لە ژێر چەتری یەکێتی زانایان خەباتی چەکداریان درێژە پێدا.



مامۆستایانی ئایینی کۆیە

بەپێوەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ ( م. یوسف، م.خالد، م.عزیز، م.حکیم، م.جمال، د.جمال، م. عبێد، م.میزا، م.قاسم

دانیشتووەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ ( م. علی، م.ابراهیم، م.چەتۆ، م.محمد، م.علی، م.خدر )

# رۆلێ ئێکەتیا زانایان ل پاریزگەها دهوکێ

**مەلا جهاد دوسکی**

بەرپرسێ لقێ دهوکێ ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان



یا ئاشکەرایە هەبونا ئێکەتیا زانایان ژپێدڤیێن فەر بو،کو بێتە دامەزراندن ل کوردستانێ نەخاسمە لدەڤەرێن رزگارکری ژبەر ڤێ چەندێ ئێکەتیا زانایان هاتە دامەزراندن وئێکەم کونگرێ دامەزراندنێ هاتە بەستن لروژا ١٩٧٠/٩/٢١ بسەرپەرشتیا بابێ روحی یێ نەتەوێ کورد رەحمەتی (مەلا مستەفا یێ بارزانی) خودێ لێ خوشبوی.

بێگومان رولێ ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان لپارێزگەها دهوکێ یێ خویا وبەرچاڤە، نەخاسمە پشتی سەرهلدانا پیروز یاسالا ١٩٩١ێ و پشتی کوردستان ئازادبوی ودەستهەلاتا کوردستانێ کەفتیە دەستێ سەرکردایەتیا کوردستانیدا،کو لوی دەمی (بەرەیێ کوردستانی) بو، هەمی دام ودەزگاییێن کوردستانێ رابون ب دووبارە دانان ورێکخستنا بنیاتێ کارێ خو سەرژنوی، وژوانا ئێکەتیا زانایان وەك رێکخراوەکا پیشەیی یاتایبەت بکاروبارێن ئایینی وزانایێن ئایینی ڤە، ئەوژی کەفتە دکاریدا، ولسنورێ پارێزگەها دهوکێ ئێکەم لق هاتە دامەزراندن دگەل (٩) ناوچێن زانایان لسەرانسەری (دەڤەرا بادینان )، ورولەکێ پیروز کاریگەر گێرا، بتایبەت دبوارێ کومکرنا ماموستاییێن ئایینی دناڤ دەزگایەکێ فەرمیدا ولژێر سیبەرا حکومەتا هەرێما کوردستانێ، کو ئەوژی لقێ دهوکێ ئێکەتیا زانایانە، ولژێر مانشێتێ ڤێ ئایەتا پیروز(واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولا تفرقوا) ئەوژی ژبو ئێکرێزیا ماموستاییێن ئایینی، لسنورێ پارێزگەها




دهوکێ. ئێکەتیا زانایان لق ولژنێن خو ڤەکرن دناڤ شورەشێدا ولوان دەڤەرێن لژێر کونترولا پێشمەرگەهێ قەهرەمانێ کوردستانێ بگشتی، ولدەڤەرا دهوکێ ژی لقا زانایان هەبو ئەوژی ب پشتەڤانیا خودێ لێ خوشبوی (مەلا مستەفا بارزانی)، کو لوی دەمی ئێکەتیا زانایان رولێ دادگەها شەرعی دگێرا، وپشتی سەرهلدانا پیروز دیسان ب پشتەڤانیەکا ئێکسەر وب هێز ژلایێ جەنابێ سەروکێ هێژا وخوشتڤی کاك(مسعود بارزانی)ڤە کو بەردەوام دفەرموت نوینەر ومەرجەعێ ئیسلاما راستەقینە ل هەرێما کوردستانێ بتنێ ئێکەتیا زانایانە، و لدهوکێ بارەگا بو هاتە ڤەکرن وبالەخانەیێن هەژی بو هاتنە ئاڤاکرن، وئارمانجا سەرەکی یائێکەتیا زانایان پێگیریا ب فەرمانێن خودێ وقورئانا پیروز وسوننەتا پێغەمبەرێ خودێ (د.خ)، دیسان پێگیری ب فەرمانا (الامر بالمعروف والنهي عن المنكر)، وپەیرەوکرنا بیروباوەرێن ئیسلاما راستەقینە لهەرێما کوردستانێ، وبدەستڤەئینانا مافێن رەوایێن مللەتێ کورد، کو ئێکەتیا زانایان زور خەبات وتێکوشین بو کریە وشەهید پێشکێشکرینە دڤێ رێکا پیروز دا.

وهەر ژئارمانجێن لقێ دهوکێ ئێکەتیا زانایان کوبەردەوام داکوکیێ لسەر دکەت، ئەوژی ب هێزکرنا گیانێ ئاشتیێ ولێبورینێ وئێکگرتنێ لناڤبەرا هەمی تەخ

وجینێن مللەتێ کورد دا، وچەسپاندنا دادپەرەویا کومەلایەتی و پێکڤەژیانا ئول ونەتەوان دناڤ هەمی پێکهاتەیێن جڤاکیدا، بتایبەت لپارێزگەها دهوکێ، چونکە زور دەڤەرێن ڤێ پارێزگەهێ ژپێکهاتەیێن هەرسێ ئولێن(موسلمان وکریستیان وئێزدی ) بخوڤە دگریت، کو پارێزگەها دهوکێ هاتیە نیاسین ب لاندکا پێکڤەژیانێ.



دیسان لسەر فەرمانا مەکتەبا تەنفیزی یائێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان تێکوشەر، هەر ژدەسپێکا دامەزراندنا وێ وهەتا دووبارە لقی دهوکێ لسالا ١٩٩١ ێ، هاتیە راسپاردن، فەرمان هاتە دان ب پێکئینانا لژنێن فەتوایێ دناڤ هەمی لقان دا، ولقێ دهوکێ هەر ژدەسپێکێ، وبەردەوام وهەتا ئەڤرو پشتی بەستنا هەر کونگرەکێ لژنەکا فەتوایێ پێکئینایە ژچەند ماموستایێن ئایینی وزانا وخودان شیان، ولڤێ دیماهیێ هەلگرێن باوەرنامەیێن پروفیسور وخبیر قانونی ودکتورا وماستەر وشاهرەزاییێن بوارێ فقهێ ئیسلامێ یێ پیروز کرینە ئەندامێن لژنا فەتوایێ.

ولدەسپێك وناڤەراستا سالێن نوتان دا، کارێن زور کاریگەر گێراینە ب هەماهەنگی

دگەل دام دەزگاییێن پەیوەندیدار، بتایبەت دچارەسەرکرنا کێشێن ئەردی ومولکێن چاندنیٚ لگوندا، نەخاسمە پشتی پروسا ئاڤاکرنا گوندا دەسپێکری وخەلك ڤەگەریایە سەر ملك ومال وگوندێن خو، ودئەنجامدا ئاریشێن ئاڤیٚ وئەردی وملکی پەیدا بون، وبشیوەکیٚ ئاشتیانە ورێك وپێك هاتنە چارەسەرکرن ، ژلاییٚ ئێکەتیا زانایان ڤە، هەروەسا بەردەوام رادبیت بچارەسەرکرنا کێشەێن کومەلایەتی وئەنجامدانا پروسەیا صولحا لناڤبەرا لایەنێن خویندار وخودان کێشە دناڤ جڤاکیدا.

دیسان پشتی سەرهلدانا پیروز وسەقامگیربوونا رەوشا کوردستانیٚ، لقیٚ دهوکیٚ زانایان داخاز ژحکومەتا هەرێما کوردستانیٚ کر، ژبو ڤەکرنا خاندنگەهێن ئیسلامی وکولیژا شەریعەتی وزانستێن ئیسلامی لپارێزگەها دهوکیٚ، وبەردەوام یابەرهەڤە ژبو ڤەکرنا خولێن بهێزکرنیٚ ژبو بلندکرنا ئاستیٚ رەوشەنبیریییٚ ماموستاییێن ئایینی، وریکخستنا سمینارا وگووتارێن(وعظ وارشاد )یٚ وشیرەتا بشیوەکیٚ بەردەوام، وهەتا دناڤ زیندانیا دا ژی، وڤەکرنا خولێن فێرکرن وژبەرکرنا قورئانا پیروز ، وخولێن زانستێن شەرعی،بو قوتابیان دوەرزیٚ بهێنڤەدا هاڤینێدا، لسەر ئاستیٚ پارێزگەها دهوکیٚ هەمییٚ.

بەردەوام دهەولیٚ داینە کو مزگەفت بتنیٚ جهیٚ عیبادەتی بیت، کو هەر شێخ ومەلا بوینە ب درێژاهیا سەدەها سالان سەرهلدان کرین وخەبات وتێکوشان وشەهید پێشکێشکرین، ژبو دەستڤەئینانا مافێن رەواییێن مللەتیٚ کورد، وەك: (شێخ سعید پیران، وشێخ محمود حەفید، وشەهید قازی محمد، ومەلا مستەفاییٚ بارزانی) خودیٚ هەمیا ل بەهەشتا بەرین شادکەت.

دیسان لقیٚ دهوکیٚ ئێکەتیا زانایان بەردەوام هەماهەنگی هەبویە دگەل رێکخراوێن(UN)یٚ ، ژبو ڤەرکرنا خولێن خوپاراستنا ژمینا وتەقەمەنیا بو ماموستاییێن ئایینی، بتایبەت لگوندا، دیسان ڤەکرنا خولان بو ماموستاییێن ئایینی ژلاییٚ رێکخراوێن (NGO) ڤە ژبو رەوشەنبیرکرنا جڤاکی ونەهێلانا توند وتیژیا

خێزانی، دیسان لڤێ دیماهییێ لقا دهوکێ زانایان هەماهەنگی هەبویە دگەل رێکخراوێن خێرخوازی وساخلەمیا جیهانی ویونسێفێ.
هەروەسا ئێکەتیا زانایان لقێ دهوکێ رولەکێ بەرچاڤ وپیروز گێرایە دکومکرن وپێشکێشکرنا هاریکایاندا بو لێقەومایێن بیڤەلەرزا باژێرێ (وانێ) لکوردستانا باکور، وخرڤەکرنا ئازوقەی وکومەکی بو خەلکێ کوردستانا روژئاڤا، وهاریکاریا دەربەدەرێن روژئاڤا لکومەلگەها دومیز.
دیسان ئێکەتیا زانایان لقێ دهوکێ ب هەماهەنگی دگەل رێڤەبەریا ئەوقافا دهوکێ پێنگاڤەکا زێرین ودیروکێ تومارکرن، لدەمێ بانگەوازیەك ئاراستەی ماموستایێن ئایینی یێن گووتارخوین کری، کو ب رێکا گووتارا روژا ئەیینی هاندانا تەڤایا خەلکێ دهوکا شەرفمەند بکەن، ژبو پێشکێشکرنا هەر شیانەکا هەبیت ژبو هاریکاریا ئاوارەیێن کارەساتا شنگالێ، ئەوێن قەستا پاریزگەها دهوکێ کرین، وەك جهێ ئاکنجیبونێ وپێشکێشکرنا کەرەستێن خوارنێ ونڤینا وشیرێ زاروکا وبێی جیاوازیا ئول ونەتەوا.



دیسان ژ ئەگەرێ بەربەلاڤبونا نەخوشیا پەتایا کورونایێ (کوڤید ١٩) پشکا راگەهاندانا لقێ دهوکێ رابو بگشتاندنا شیرەتێن ساخلەمیێ وهەمی رێنماییێن هاتین ژمەکتەبا تەنفیزی یا تێکوشەر وبەلاڤکرنا وان دناڤ تورێن جڤاکیدا، دیسان ئەڤ رێنمایە ب گشتاندن دئێنە بەلاڤکرن لسەر ناوچێن سەرب لقێ دهوکێ ئێکەتیا زانایان ڤە بشێوەکێ بەردەوام، ولسەر ماموستایێن ئایینی کو برێکا مینبەرا روژا ئەیینی شیرەتا

لخەلکێ خو بکەن، سەبارەت خوپاراستنێ ژڤێ نەخوشییێ وپێگیری ب بریارێن وەزارتا ساخلەمییێ ونافخو وشانا قەیرانا لدهوکێ ، دیسان ئەڤ رێنمایە ژبو مزگەفتا وخودانێن تازیان ژی دئێنە بەلاڤکرن.

هیڤیدارین ئەم وەکو لقێ دهوکێ ئێکەتیا زانایان شیابین مە یاپێدڤی ئەنجامدابیت ژبوخزمەتا ئایین وگەل وەلاتی وخودێ هاریکاری هەمی لایەکێ بیت.









# (مەلا) و ئایین و کوردایەتی !!

## ب هەلکەفتا یوبێلا زێڕین یا دامەزراندنا (ئێکەتیا زانیێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ)

(د. حەمید باقی- پروفیسورێ هاریکار ل زانکویێ)

بێگومان شورەشا ئەیلولێ (١٩٦١/٩/١١- ١٩٧٥/٣/٦) ب سەرکێشیا ڕێبەرێ کوردان خودێ ژێ رازی: مەلا مصطفی بارزانی (١٩٠٣/٣/١٤- ١٩٧٩/٣/١) مەزنترین شورەشا کوردستانی بوو د دیروکا نوی دا.. ئەوا شیایی بو جارا ئێکێ دەستکەفتەکێ مەزن یێ دەستوری و یاسایی ب دەستخوە ڤە بینیت (ئوتونومی- الحکم الذاتي) کە تێدا حکومەتو دەولەتا عیراقێ دان ب هەبوونا نەتەوەو زمانێ کوردو دەڤەرو وەلاتێ کوردستانێو ب دەستهەلات و پێکهاتێن وێ دا... ئەو شورەشا مەزن و بەرفرەهـ کە هەمی تەخ وچینێن جڤاکیو پیشەیی ل بن خیڤەتا خوە کومکرنو ڕێکخستن (وەك: قوتابیان، لاوان، ژنان....هـ. د)و دەرفەتەکا زێڕین بو هەمیان پەیدا بوو بو کارێ پیشەیی و خەباتا گشتی بو کوردستانێ.

ئێك ژ وان ڕێکخراوێن کوردستانێ یێن هاتینە دامەزراندن و ڕێکخستن د ناڤ (شورەشا ئەیلولێ) دا وەك بەرهەمەکێ زور مفادار و ڕێکخستنەکا زور گرنگ بو جڤاکی (ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ/ إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان) بوو، کە ل (٢١/ ٩ / ١٩٧٠)یێ ل (گەلالە) ب ئامادەبوون و ل بن چاڤدێریا ڕاستەوخوە یا ڕێبەرێ شورەشا ئەیلولێ خودێ ێ رازی: مەلا مصگفی بارزانی ول بن درویشمێ (وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ) هاتە دامەزراندن...و تایێن خوە ل پارێزگەو ل باژێرێن کوردستانێ ڤەکرنو مەلا ڕێکخستن.. چونکو مەلایێن کوردو ماموستایێن ئایینی پێشیا هەر کەسەك

وتەخەکا دی هەست ب وێ زولم و زورداریا ل سەر مللەتێ کوردستانێ هەی دکر..
لەوما ژی پرانیا سەرهلدان وبزاڤ وشورەشێن هاتینە ئەنجام دان ل سەرانسەری کوردستانێ ل سەر دەستێ شێخ و مەلا وزانایێن ئایینی بوون، نەخاسمە شورەشا ئەیلولێ بتایبەتی کە (مەلایێن کورد) تێدا سەرکردەو کادروپێشمەرگەو فەرماندە بوون.



دامەزراندنا (ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ) کارەکێ زور فەرو گەلەك پێدڤی بوو ژ بو رێکخستنا کار وبارو بابەتێن ئایینی ودیارکرنا دیتن و رێکا راست و دروست ومفادار د ئیسلامێ دا و ژبو بەرەڤانیکرنێ ژ مافێن رەوا یێن گەلێ کوردستانێ و رونکرنا ئەوێ زولم و زوریا ل سەر مللەتی ژلایێ دەولەتێن داگیرکەر ڤە، و ناساندنا کوردو کوردستانێ و ماف وداخوازیێن وان بو جیهانا ئیسلامی بگشتی...
(ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ) رولەکێ باش وکاریگەر گرایە – سەرەرای کێماسیان- د قوناغێن جودا جودا دا... نەخاسمە د شورەشا ئەیلولێ دا و بتایبەتی د قوناغا شەری دا – کە دادگەهـ و دام ودەزگەهێن کارگێری یێن فەرمی وکارا ل دەڤەرا شورەشێ زور د کێم بوون یان هەما د بنی دا نەبوون – لەوما

ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ومەلاییێن کورد زێدەباری ئەرکێن: ئایینی (پێشنڤێژو پەیڤخواندنا روژا ئەینیێ، و ژنمارەکرن وبەردان، وفەتوا دان ودیارکرنا حەلالی و حەرامی، وبەلاڤەکرنا میراتێ وەغەرکری...)، و جڤاکی (کرنا شیرەتێن قەنجیێ وچاکیێ، وناڤبەنچیاتیا خێرێ وپێکئینان د ناڤبەرا ئالیێن ناکوك...)، و پەروەردەیی (فێرکرن و نیشادانا نڤێسینێ و خواندنێ بو زاروکان ل مزگەفتێ)، وکوردایەتیێ (خوەڕاگرتن و پشتگیریا شورەشێ وبەرەڤانیکرن ژ مافێن وەلاتیان و مللەتی)، ئەرکێن کارگێری ژی هەبوون (کە ب دەهان ئارێشێن ئەردیو مولکدارییێو ئالوزییێن بازارکرنێن جودا جودا...هـ.د) چارەسەرکرینە ل دویف دیتنا (شەریعەتێ ئیسلامێ) وهوسا (مەلایێ کورد) ب کارێ خوە یێ پیروز ئێمناهی و ئارامیا جڤاکی ڕاگرتیە وتاکەکێ ساخلەم پەروەردە وئاڤا کریە... و توند و تیژی لاواز کریە و رێك ل بەر گەشەکرنا وێ گرتیە... وپشتی راوەستانا شورەشا ئەیلولێ ژی (ل ٦ ئادارا ١٩٧٥ێ) مەلاییێن کورد و(ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ) بەردەوامی دایە خەبات وکارێ خوە یێ ئایینی و کوردایەتیێ وخزمەتا جڤاکی کریە د ناڤ رێزێن شورەشا گولانێ (٢٦/ ٥/ ١٩٧٦- ٢٥ / ٨/ ١٩٨٨) دا... وەك بەردەوامی دان بو کار و خەبات خوە د شورەشا ئەیلولێ دا... هەروەسا پشتی کریارێن پیس و چەپەل وجینوسایدا ئەنفالێن رەش (٢٥/ ٨ / ١٩٨٨- ٦ /٩ / ١٩٨٨) ژی مەلاییێن کورد د وێ قوناغا ئاوارەبوونێ وپەنابەریێ یا سەخت و دژوار وتەنگاڤ دا رەنج و کەدا (ئێکەتیا زانییێن ئایینێ ئیسلامێ) ژبیر نەکریە ودەست ژێ نە بەردایینە .. بەلکو دام ودەزگەهێن وێ نویژەنکرینە د ناڤ کەمپ و ئوردیگاییێن ئاوارەیان دا ل باکور وروژهەلاتێ کوردستانێ (تورکیاو ئیران) وخواندنگەهێن ئایینی- نیشتیمانی ڤەکرینە وب هەمی ئەرکێن خوە یێن ئایینی وپەروەردەیی وجڤاکی وکوردایەتی و(فەتوا و قەزایی) رابووینە وئارامیو ئێمناهیا جڤاکی ڕاگرتیە... وپشتی سەرهلدانا پیروز ژی (ئادارا ١٩٩١ێ) مەلاییێن کوردپەوەر و(ئێکەتیا زانیێن ئایینێ ئیسلامێ) بەردەوامی دا خەبات و کارێ خوە

یێ پیروز ل سەرانسەری هەرێما کوردستانێ ل دویف رێنماییێن گونگرێن خوە یێن گشتی (هەتا ٢٤- ٢٦/ ٧/ ٢٠١٨ شەش کونفرانس گرێداینە و کرینە) کە پشتی ڤەکێشانا رژێما عیراقێ بو دام ودەزگەهێن فەرمی ژ هەرێما کوردستانێ (ئێکەتیا زانیێن ئاییێ ئیسلامێ) ب ئەرکێن خوە یێن ئایینی و کوردایەتی رابوو وداکوکی و پشتەڤانی ل ئاڤاکرنا پەرلەمان و حکومەتا کوردستانێ کر، وپشتی ژناڤچوونا رژێما بەعسیان پشتگیریا مامێن گەلێ کوردستانێ یێن نەتەوی و دەستوری کر د ناڤ سیستەمێ حوکمڕانیا عیراقەکا فیدرالی دا... و ل سەردەمێ هێرەشا رێکخراوا (داعش) یا تیرورستی بو سەر کوردستانێ و شەڕێ دژی وێ بار وئەرکەکێ زور مەزن و قورس کەفتە سەر ملێن (ئێکەتیا زانیێن ئاییێ ئیسلامێ) لەوما ب شەڤ و ڕوژ مل ب ملێ پێشمەرگەهێن قارەمان ڤە بەرهنگاریێ تیرورستێن (داعش و ماعش) بوون نەخاسمە ژ لایێ رەتدکرنا بیرو هزرێن وان یێن گەمار وگەنی ڤە... کە رسوا کرن و رفتار وکریارێن وان یێن پیس وچەپەل ب دژواری شەرمزار کرن و د گەل پێشمەرگەهێ کوردستانێ د سەنگەر وچەپەرێن شەرەڤێ دا ب هەمی شیانێن خوە شەڕێ وان بێ ئول وبێ وژدانان کر، وپێشوازیەکا گەرم ل ئاوارەیێن هەمی تەخ و چینێن جڤاکی کر...و د ریفراندومێ و دەنگدانا سەربەخوویا کوردستانێ دا (ل٢٠١٧/٩/٢٥) خودان هەلویست بوو و پشتەڤانیەکا ئێکجار مەزن ژێ کر و بەردەوام بەرەڤانیێ دکەت ژ ماڤێ گەلێ کوردستانێ ل دەڤەرێن ڤەقەتیایی ل دویف بنەماییێن شەریعەتێ ئیسلامێ ومافێن مروڤی و دەستوریێ عیراقێ.. و هەتا نوکە (ئێکەتیا زانیێن ئاییێ ئیسلامێ) ل سەر دلسوزی وخەمخوری و خەباتا خوە بو ئاییێ ئیسلامێ یێ پیروز و دوزێن کوردایەتیێ یێن ڕەوا یا رژد و بەردەوامە...

ئەڤروکە زور گرنگ وپێدڤیە ل سەر (ئێکەتیا زانیێن ئاییێ ئیسلامێ ل کوردستانێ) باشتر و چێتر و وێرەکتر کارێن خوە رێکبێخیت و خەباتی بکەت بو بجهئینانا وان ئارمانجێن (ئایینی و مروڤایەتی و جڤاکی و کوردایەتیێ) ئەوێن بو وان هاتیە دامەزراندن و رێکئێخستن ل دویف رەوشا سەردەمی وکاودانێن

ڕوژەڤیٛ.. ژ وانا:

أ- رێکخستنا کار وبارێن خوە یێن پیشەیی وبەڕەڤانیکرن ژ مافێن ئەندامێن خوە (مادی ومەعنەوی) و مافێن مەلاییێن کوردپەروەر بگشتی ژ هەمی ئالیان ڤە .

ب- بەڕەڤانیکرن ژ ئازادیا ئایینیٛ ئیسلامیٛو بیرو هزرێن وی یێن راست و دروست وپەیرەویٛ نەرم و ناڤنجیٛ وپەیاما پیروزا مزگەفتان .

ت- داکوکی کرن ل لێبورینیٛ و پێکڤەژیانیٛ ل کوردستانیٛ د ناڤبەرا هەمی تەخ و چینێن جڤاکی و بنەماییێن بیر و هزری وپێکهاتێن ئایینی و مەزهەبی ونەتەوی دا ... ژ بو هێورکرنا وەلاتیان و ئارامیا جڤاکی.

پ- بەرهنگاربوونا توندو تیژییٛ ل سەر هەمی ئاستان ود هەمی بوار و بیاڤان دا...و بەرچاڤکرنا بنەماییێن مروڤایەتییٛ وپێکڤەژیانیٛ وسینگفرەهییٛ وهزرڤەبوونیٛ، وپاشڤەلێدانا ناکوکییێن کەلتوری ودیروکیٛ و رویدانێن کومانلێکری ودیتنێن بیٛ بنەماییێن راسستەقینە.

ج- پویتەدان ب خواندنا ئایینی ل خواندنگەهـ وپەیمانگەهـ وزانکوییێن کوردستانیٛ ل دویڤ پەیرەویٛ ئیسلامیٛ ییٛ راست و دروست بو ئاڤاکرنا مەلاییێن دلسوز و ئولدار و مروڤخواز و کوردپەروەر وئاڤاکەر بو جڤاکەکیٛ کوردستانی ییٛ فرە رەنگ ودەنگ و هشیار و ساخلەم .

ح- خومالیکرنا دام ودەزگەهێن ئایینیٛ ئیسلامیٛ ل کوردستانیٛ وسەربەخوویا وان وئاڤاکرنا لێڤەگەریٛ ئایینی ییٛ کوردستانیٛ (المرجع الدینی الکوردستانی) بو موسلمانان.. وگرێدانا پێوەندییێن وەکهەڤییٛ وهاریکارییٛ د گەل دام و دەزگەهێن ئایینی ل جیهانا ئیسلامی وگەهاندنا دوز و مافێن گەلیٛ کوردستانیٛ و ئەو زورداریا لیٛ دهێتە کرن ژ لاییٛ (عەرەب وفارس وتورکان) ڤە بو دەستهەلاتێن جیهانا ئیسلامی و ڤەدیتنا چارەسەرییێن گونجای ل دویف شەنگستێن ئایینیٛ ئیسلامیٛ وبنەماییێن مروڤایەتییٛ ودیتن وشەریعەتیٛ خودایی.

خ- گرنگە و پێدڤیە (ئێکەتیا زانییێن ئایینیٛ ئیسلامیٛ ل کوردستانیٛ) کەسایەتیەکا خوڕستی وسەربەخوە بو خوە ئاڤا بکەت (ل دویف بنەماییێن ئایینی و رەوایەتیا

کوردایەتییٚ) و پەیاما خوە یا نەگهوڕ هەبیت دەربارا دوزو مافێن گەلیٚ کوردستانیٚ بیٚ کارتێکرنا هێزو رێکخراو و پارتێن سیاسی... بەلکو پێدڤیە (ئێکەتیا زانیێن ئاییێنیٚ ئیسلامیٚ ل کوردستانیٚ) ئەویٚ کارتێکرن هەبیت ل سەر ئالیێن سیاسی دا د نێزیکی ئێك بن وپێکڤە خەباتیٚ بکەن و بژین وبەرژەوەندیێن کوردستانیٚ بپارێزن وخزمەتا مللەتی ب دروستاییٚ بکەن ودادپەروەریا جڤاکی ب چەسپینن ومافێن وەلاتیان دابین بکەن دا بخوشی وب سەرفەرازی وب ئازادانە بژین.

- هیڤیە ڤەکولینێن زانستی ل سەر خەباتا (٥٠) سالان یا (ئێکەتیا زانیێن ئاییێنیٚ ئیسلامیٚ ل کوردستانیٚ) بهێنە کرنو پەرتوك بهێنە نڤێسین وب شێوازەکیٚ ئەکادیمی کار وخەبات و چالاکیێن ویٚ بهێتە هەلسەنگاندن... دا کارێن باش وچاك و مفادارو گەش و سەرکەفتیانە ببنە جهیٚ رێزلێنانیٚ و دەستخوشییٚ و خەلاتکرنیٚ، وییێن خراب وشاش وخەلەت ژی ببنە وانەو ئەگەریٚ لخوەزڤرینیٚ و راستڤەکرنیٚ.

- پیروزە سالڤەگەرا (٥٠)ی سالیا دامەزراندنا (ئێکەتیا زانیێن ئاییێنیٚ ئیسلامیٚ ل کوردستانیٚ) وخەباتا ویٚ یا ئاییێنی وجڤاکی و مروڤایەتی وکوردایەتی .

- سلاڤ و رێز بو هەمی مەلاییێن کوردستانیٚ ئەوێن رولیٚ خوە ییٚ ئاییێنی وکوردایەتی ب دروستایی د گێرن.





مامۆستا مەلا حەمدی سەلەفی ماوەی ١٠ ساڵ ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان بووە..

# ئێکەتیا زانایان
# پشتەڤانیا ئێك ریزیا ناڤ مالا کوردیو پرسێ پێکڤە ژیانێ

## لقا شێخان یا ئێکەتیا زانایێت ئایینی ئیسلامی ل کوردستانی

ئیکەتیا زانایان ل کوردستانی دەزگایەکی ئیسلامیەو سەر بەخویەیی هاتیە دامەزراندن ل سالا(١٩٧٠) ل سەر دە ستی سەرکردێ روحی (ملا مستەفا بارزانی) رەحمەت لیبن، و ئەف دەزگایە هە ل روژا دامە زراندنا وی هەتا نوکە زانایێت هەمی پاریزگەهێن هەرێما کوردستانی ل خو فەد گریت و پێداگریی ل سەر مانا ناسناما ئیسلاما نافنجی(وەسەت)و کولتوری ئیسلامی وئیك ریزیا زانایێت ئایینی ئیسلامی وبێکڤەژیانێ دنافبەرا هەمی ئولا دکەت و پاریزگاریی ل خاكو نشتیمانی دکەت، و بەلکی بگرە چەندین زانا گیانی خو کرینە قوربانی پیخەمەت ل هەمی شورەشاو کاودانا بو خوش گوزەرانیا هەرێما کوردستانی وئازادیا کوردستانی، نەك بەس ب هەلدنا پوستە را (لافیتە) بە لکی ب کریار وب قوربانی دانی وب چاف نە ترسیی.

ئیکەتیا زانایان نوینەراتیا هەمی موسلمانا دکەت ل کوردستانی، نە دەزگایەکی میریە و نەحیزبیە، دەزگایەکی شارستانیە (مدنی) وەزرا ئیکەتیا زانایان (فکرە) تەسە ووفە ئانکو ئیسلامە کا نافنجی (وەسەت).

و ئنتیمائی ب چ تایفا ناکەت ودیرە ژ توندرە وویی وشانازیی ب ئیسلاما خو وملەتی خو دکەت و ئەچی چەندی بو هەمی مللەتین چیهانی دیار دکەت ب زمانی خو وپینوسی خو وب هەمی راگەهاندنی، خواندن، رادیو، تلفزیون، وبە شداری ل کوورو سمینارا ل سەر رێکا قورئانی و ریبازا بیغەمبەری سلافیت خودی ل سەر بن دیر ژ هەمی توندرە ویی وجیهان هەمی دیدە فانە ل سەر ڤی جەندی، و بو راستیا ئەڤی گوتنی بە شداریکرنا شاندیت ئیکەتیا زانایت ئایینی ئیسلامی ل کوردستانی ل چەندین وورك شوپاو فیستەڤالین ئایینی وکور وسمینارین هاتینە

ئه نجامدان ل سەر ئاستی نیف دەولەتی.

ئیکەتیا زانایێت ئاییني ئیسلامی ل کوردستانی ب هەمی شیانیت خو ڤە پشتەڤانیا ئێك ریزیا ناڤ مالا کوردی دکەت و پێداگریی ب چارەسەر کرنا هەمی ئاریشا دکەت.

ئیکەتیا زانایێت ئاییني ئیسلامی ل کوردستانی درێغی نەکریە و رێگر نه بویە بو بێشکەفتنا خەڵکی هەریما کوردستانی ل هەمی بووارا فەسەر باری دەست کورتیاوی و قەیرانا دارایی ج ب ریکا لجنا فەتوا بالا یان دە ریخستنا رێنمایا یان ب دەریخستن و وەرگیرانا پەرتوکا بو زمانی کوردی یان ب چاپکرنا چەندین پەرتوکا ج گریدای ب ئاییني فه یان کریدای ژیانیڤە.

و ب ڤی هەلکە فتا بیروز ئامارە ب هندەك کارو چالاکییت لقا شیخان زانایان بدەین سە بارەت بیکڤە ژیانی،

ژوان ل ئیکەم روژا داعشی دەست ب سەر شنگالدا گرتی لقا شیخان زانایان رابو ب بانگەیشت کرنا وەزیری ئەوقافا کوردستانی کر بو دە فە را شیخان و لقا شیخان زانایان وجەنابی وەزیری و کومە کا ماموستایین ئاییني ئیسلامی سە رە دانا مالا میری ئیزدیا (تحسین بك) کر ودیڤرا سەرەدانا مەرجە عی ئیزدیا (بابە شیخ) ودیارکر ئە م هەڤبشکیت خەما وەینە و دیفرا داخاز ژ بەریز (دکتور عبدالله) سەروکی ئیکەتیا زانایێت ئاییني ئیسلامی ل کوردستانی کر سەرەدانا دەڤەرا ناڤبری کر و سەرەدانا مالا میری ئیزدیاو مەرجە عی ئیزدیا کر وبوان دیارکر کو ئاییني ئیسلامی دیرە ل کریارین داعشی و پشتەڤانیا ئێکەتیا زانایێت ئاییني ئیسلامی ل کوردستانی بو وان دیارکر ودو پات کرو کەمپینێت هاریکاریی ل ناحیا کەلەکچیو کومەلگەها جرەی و ناحیا قەسروك و ناحیا ئەتریش ل سنوری قەزا شیخان هاتە دانان وب دەیان ئوتومبیلێن بار هەلگر کومەك بو ئاوارین ئێزدیاو شنگالی بر، هەر وەسا چەند کێشە دنافبەرا موسلمان وئێزدیا ب سەر پەرشتیا لقا شیخان زانایان هاتینە چارە سەرکرن

وکێشن دی یێن خێزانی کو چەندین کوشتی و بریندار ل ناڤبەرا موسلمانێن دەڤەرا شێخان ب سەر پەرشتیا لقا شێخان زانایان چارەسەر بوینە.

لقا شیخان یائێکەتیا زانایێت ئایینی ئیسلامی ل کوردستانی ل شەری داعشی مل ب ملی پێشمەرگەی ل سەنگەرا بەشدار بویە و روژانە خارنە کا بەر فرە ب حازربونا ماموستایێن ئایینی ل سەر پێشمەرگەهێن قەهرەمان هاتیە دابەشکرن و هەمی روژێن سی شەمبی چەندین کێشەیێن خێزانی ل لجنا فەتوا ل لقا شیخان زانایان تینە چارەسەر کرن.







# بیرەوەریا ئێکەتیا زانایان ل ٥٠ سالێن بوری



## ملا ناصح عیسی زێباری*

ئێکەتیا زانایێن کوردستانێ ل سالا ١٩٧٠ و دکاودانێن نەخوش و دژوارێن کوردستانێ لسەر دەستێ بابێ رۆحیێ مللەتێ کورد مەلا مستەفا بارزانی هاتە دامەزراندن.

ل رێککەفتێ ١٩٧٠.٩.٢١ د دەمەکێ دا کو کوردستان دکاودانێن دژوار و زەحمەت دەرباز دبوو، ماموستاو مەلاو زانایێن کوردستانێ پێدڤی ب رێکخراوەکا رێکخستی بوون تاکو دڤێ رێکخراوێ دا بشێن دەنگێ خو بکەنە ئێكو پەیاما راستەقینەیا ئیسلامی بگەهینە هەمی خەلکێ کوردستانێ و هەروەها ئێش ئازارێن مللەتێ کورد بگەهینە جیهانێ.

د هەمی وان قوناغێن زەحمەتو دژوار یێن مللەتێ مە سەر دەرباز بوی رۆلێ ئێکەتیا زانایێن کوردستانێ رولەکێ گرنگ و کاریگەر بویەو د هەمی قوناغان دا هەولا پێشڤەبرنا دۆزا کوردا دایەو هەمی دەمان مەلاو ماموستایێن ئاینی مل بملێ پێشمەرگەهێن کوردستانێ خەبات کریەو هەول دایە تاکێ کوردستانێ لسەر بنیاتی ئاین پەروەریو نشتیمان پەروەری بهیتە پەروەردەکرن، تاکو بشێت خزمەتا ئاینی خو و نشتیمانێ خو بکەت.

دقوناغێن سالێن پێشی سەرهلدانێو پاشی سەرهلدانا جەماوەریی یا کوردستانێ کو خەلکێ مە د بارودۆخەکێ ئێکجار زەحمەت و دژوار دا دەرباز دبوو و خوینا گەلێ مە دهاتە رژتن و دهاتنە کیمیا بارانکرن و ئەنفالێ و دەربەدەردکرن و هەولا ژناڤبرنا مللەتێ مە دهاتەدان، دڤان قوناغان دا ئێکەتیا زانایێن کوردستانێ رۆلەکێ ئەرێنی گێرایە د پاراستنا ئاخ و ژین و ژیارا خەلکێ کوردستانێ، و هەروەها



نەهێڵانا شەڕ ۆ کوشتنێ.

دڤان چەند سالێن بوری دا و پشتی هاتنا رێکخراوا داعش هەول و بزاڤێن ئێکەتیا زانایێن ئولی یێن کوردستانێ ئێکجار گرنگ بوویە نەخاسمە د هوشیارکرنا چڤاکێ کوردی لسەر مەترسییێن ڤێ رێکخراوێ و روو ب روو بونا شەڕێ دەروونی و مەزهەبی کو دگەلێ کوردان دهاتە کرن، هەروەها هەڤکاری و پشکداریەکا زۆر دگەلێ خەڵکی دکر بۆ کومکرنا کەلوپەلێ و دراڤی بسەر ئاوارەیێن ناڤچێن شەڕی.

هەروەها ل دەستپێکا ساڵا نی و هاتنا ڤایرۆسێ کرۆنایێ بو کوردستانێ کو مەترسی لێ سەر ساخلەمیا هەڤوڵاتیان دروست کربوو ئێکەتیا زانایێن ئاینی برێکا میمبەرێن خو پەیاما هوشیاری و تەندروستیێ گەهاندنە خەڵکێ خویێ خوشتڤی و ب هەمی ئاوایەکی پشتگیریا کەرتێ تەندروستی و دام و دەزگەهێن حکومەتێ کر تاکو بسەر ڤێ پەتایا جیهانی دەربازبین و گرتنا دەرگەهێن مزگەڤتان مینا هەر جهەکێ کاری ل کوردستانێ تاکو گیانی هەڤوڵاتیان سەلامەت بیت و هەردەم پەیاما ئێکەتیا زانایێن ئاینی مرۆڤ دوستی پێکڤەژیان و ساخلەمیا خەڵکێ کوردستانێ بوویە.

ل دوماهیکی دکارین بێژین کو ئەم بەردەوامین لسەر وێ پەیاما کو ئەڤ رێکخراوە

لسەر هاتیە دامەزراندن و هەردەم ئەم رىٚ خوشکەرێن ژیانا هەڤوڵاتیان و ژیان و ژیارا خەڵکىٚ کوردستانىٚ ینە و ژخودىٚ دخازین کو ئەڤ بارودۆخىٚ زەحمەتىٚ مللەتىٚ مە تێدا دەربازدبیت دوماهیك بهێت و ژیانا خەڵکی مە بەرەڤ پێشڤە بجیت.

* بەرپرسىٚ راگە هاندنا لقا میسل ل ئێکەتیا زانایان.






# پەیڤا لقی زاخۆ ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان

## راگەهاندنا لقا زاخو ئیکەتیا زانایین ئایینی ئیسلامی کوردستان

ئەڤ ئیکەتیا زانا ل سالا ٢١ / ٩ / ١٩٧٠ ل گەلالە هاتە دامەزراندن ل سەر دەستی خودی ژی رازی (ملا مصطفی بارزانی) لدیڤ داخازا هندەك زانایین ئایینی ئارمانجا ڤی جەندی دا کو زانایین ئاینی ئیسلامی ل کوردستانی بتر نیزکتربن وە بشین بشیوەیەکی رێکخراوەیی کاری خو ئەنجام بدن بو خزمەتا گەلو ئاین خو و بهەستی ئاین پەروەری ونشتیمان پەروەری

وە یا دیارە ئیکەتیا زانا بدریژاهیا تەمەنی خو گەلك خزمەتا ماموستایین ئایینی یا کری وهەر وەسا خزمەتا مزگەفاتان وتەدریس وحوجرا وفەقیان وئەهلی علمی ب دل سوزانا یا کری و هەر وەسا ئیکەتیا زانا هەول یا دای بەردوام خزمەتا زانایا بکت و باشترین بەلگە ئیکەتیا زانا کو رولی خو هەبیا د ئەزمونا هەریما کوردستانیو دروستکرنا پەیوەندیاو جارسەرکرنا کیشانو بەر قرارکرنا ئاشتیی بو کوردستانی وبورلی بەرهنگاربونا وان بیلان وهیرش و دستانین بیانی کو کیانی کوردی بەرەو ئاقارەکی خراب وئالوز ببن

و هەر وەسا زاناو ماموستایین ئایینی رولەکی مەزن هەبی بو خزمەتا وەلاتی خو ویا دیارە رولی وان ل شورەشا ئەیلولا مەزن دا کو ئەڤ شورەشا هندە مەزن ب سەروکاتیا سەرکردی مە کوردان (ملا مصطفی بارزانی) خودی ژی رازی بت ولڤی شورەشی دا بتریا ماموستایین ئایینی سەرکیش بون وکەسین رەوشەنبیر زور کیم




بین لناڤ شورەشی دا وماوستایین ئایینی خو ب ڤی رولی گرنك دیتن لناڤ مللەتی خودا.

ولدوماهیکی بە یڤا دامەزری نەری ئیکەتیا زانا جنابی (ملا مصطفی بارزانی) ل

كونكری ئیكی ل گەلالە ل سالا ١٩٧٠ ب زمانی عەربی دی كینە دیاری و ئەڤە دەقی ویە:

بسم الله الرحمن الرحيم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

افتخر اليوم بوجودى بينكم وكونى واحدا منكم وان نؤدى الواجبات الملقاة علينا جميعا ونعمل جاهدين من اجل نشر الدين الإسلامي المقدس لأننا مأمورون ومسؤولون به كما يقول الرسول ( صلى الله عليه وسلم) ( كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته) عليه من الواجب ان نؤدى الأمانة الموكولة الينا بمنتهى الإخلاص والقوة وألا نتفرق لان الله سبحانه وتعالى يقول (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا) وعلينا ان نعلم باننا لا ندرك الا نتائج اعمالنا لان الله تعالى يقول (وان ليس للإنسان الا ما سعى) وفى ختام كلمتى ادعوا لمؤتمركم بالموفقية في خدمة الشعب العراقى والعالم الإسلامي والدين الإسلامي الحنيف جمعاء .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته










# گەرمیان و خزمەتی زانایان لە پرسە ئایینی و نیشتمانیەکان

م. مەلا کەریم زەلکەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی گەرمیان یەکێتی زانایان



یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەسەردەمی مەلا مستەفا بارزانیدا دامەزراوە لەو کاتەدا دەسەڵاتێکی باش درابوو بەیەکێتی زانایان من ئەو کاتە فقێ بووم لەیەکێتی قوتابیان بووم بەرپرسی پۆلێك بوم زۆر شتم لەرووی ئەمر بەمەعروف و نەهی لەمونکەر، دەستێکی باڵایان بوو مزگەوتی احمدی لە هەڵەبجەی شەهید، کومەڵێك بوون دژایەتی ئیسلامیان دەکرد بەڵکو بانگیان ئەکرد لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ئەکرد، لەساڵی ١٩٧٤ رامانکرد بۆ ئیران لە ئۆردوگای ئەنزل بووین کە هاتین بۆ بیارە بۆ ئیمتحان ئەو کاتە معهدی ئیسلامی لەلایەن ناوچەی یەکێتی زانایانەوە پشتگیریان کرد بۆمان کار ئاسانیان بۆ کردین لە بیارە ئیمتحانمان کرد لەچواری معهدی ئیسلامی دەوام بکەین.

ئەوە بوو دوای ماوەیەك شۆرشی کورد ئەو نەکسەیەی بەسەراهات گەراینەوە بۆ عیراق ناویان نان عائیدون گوێزراینەوە بو خوارووی عێراق یەکێتی زانایان نەما تا وەکو ١٩٩٢ دوبارە دامەزرایەوە سوپاس بۆ خوا ئێستا کە پەنجا ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر تەمەنیەوە دەورێکی باشی هەیە لەکارو چالاکیەکاندا.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە دروشمی زانایان (واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولا تفرقوا)بووە، هەمیشە ئەمرکردن بە چاکەو نەهی کردن لە



خراپە وەکو ئەرکێکی خۆیان ئەنجام داوەو پارێزگاریان کردووە لەمافی زانایان.

سەرباری ئەوەش لە هەموو گرفتێك ڕۆڵی میانڕەویان بینیوە، پێگەیان لەناو خەڵکدا لە سولّح و ئاشتەوای گرنگ بووەو ڕۆڵی باشیان بینیوەو بەهەزاران کێشەی کۆمەڵایەتی بەر لەوەی لەدادگاو شوێنی فەرمی یەکلایی بکرێتەوە چارەسەر کردووەو هەوێنی ئاشتی و یەکتر قبوڵکردنیان لە نێوان خەڵك بڵاو کردۆتەوە.

وە لەڕووی هاوکاری و بەهاناوە چوونی فەقیرو هەژاراندا ڕۆڵی باشیان گێڕاوەو بەردەوام وەك باوك و خەمخۆر لە خەمی هەژاران و نەداران بوونەو هانی دەوڵەمەندو خەڵکی خوا پێداویان داوە، کە بایەخ بە چینی هەژار بدەن و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەن.

لە پێگەیاندنی فەقێ و ئیجازەی مەلایەتیدا لە ناوچەی گەرمیان، کە چەندین مەدرەسەی ئایینی تێدا بووە وەك گوندی علی پەکان کە م.مەلا احمد لەوێ مودەریس بووەو حوجرەی گوندی تازە دێ م.خالد مودەریس بووە،وە چەندین حوجرەی تریشی لێ بووە وەك گۆبان کە م.محمود مودەریس بووە، شێخ لەنگەر م.علی مودەریس بووە و لە گوندی صالح ئاغا م.رەئوف مودەریس بووە.

وە هاندەرێك بوون لە پارێزگاریکردن لە خاكو وڵاتو نیشتمان و هاوکاریان گەیاندوەتە بەرەکانی جەنگ لەکاتی  پێویستیداو هەرچیەك بۆ خزمەتی نەتەوەو لە بەرژەوەندی نیشتمان بێت ئەنجامیان داوە.

نمونەیەکی زیندووی خزمەتی زانایان ئەوە بووە، کە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا هەمیشە داوایان لە موسوڵمانان کردووە کە خۆیان بپارێزن و پابەندی ڕێنماییە تەندرووستیەکان بن، ئەمەش کاردانەی ئەرێنی لێ کەوتەوەو ڕۆڵی زانایان لە هۆشیارکردنەوەی ئەو پرۆسەیە یەکجار کاریگەر بوو.



# یەکێتی زانـایان زەرورەتێکی هەمیشەیی

## مەلا زهرالدین خەیلانی



ڕێکخراوی یەکێتی زانایان وەکو ڕێکخراوێکی نمونەیی و چالاك شوێنەواری چالاکیەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردی دیارە چونکە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە پێکهاتوون لەو چینەی کە بەردەوام لە ناو کۆمەڵگادا چالاکیان ئەنجام دەدەن و دەستی ئامۆژگاری و ئاشتەوایی لەناو کۆمەڵگادا هەیە ئەویش مامۆستایانی ئاینی بەڕێزن، کە توێژێکی پڕ نەفعو بەخێری ناو ئەم کوردستانەن.

ئەم ڕێکخراوە لە کاتی دامەزراندنی تاکو ئێستا درێخی نەکردوە لە پشتیوانی کردنی ئاین و خەڵك و نیشتمان لە هەر شوێنێك کۆمەڵگا ئیشی پێبێت ئەوان لە وێن، هەر بۆیە شوێنەواری چالاکیەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردی دیارە، تەنانەت سنوری ولاتانی تریشی کردۆتە مۆڵگەی بیرو هزری ئەندامانی و چالاکی گرنگ و ئیقلمیشی هەیە.

مامۆستایانی ئاینی وەك تاکێکی کاریگەری کۆمەڵگا لە ژێر چەتری ئەم ڕێکخراوەدا کاریگەریەکانی ڕەوشەن و دوور مەوداتردەبن (وعتصموا بحبل الله جميعا) دەستەگیری دیارو کاری کۆمەکی ڕاسترەوی ئەم ڕێکخراوەیە.

هەموو خزمەتەکانی مەلای کورد لە دیرۆکدا زیاتر لە ژێر سایەی ئەم ڕێکخراوە وەك مانگی چواردە لە ئاسمانی ئەرشیفکردن و دیراسەو لێکۆڵینەوە دەدرەوشێنەوە.

هەر لە مێژووی دامەزراندیەوە تاکو ئەمڕۆ کارو کاریگەریەکانی بەردەوامیان هەیە بەتایبەتی لەم سالانی دوایی دا یان بلێین لەو دوو خولەی دواییدا بەسەرۆکایەتی بەڕێز مامۆستا ملا عبداللە وەیسی سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە کە چالاکیەکانی سنوری کوردستانیان بەزاندو لە ولاتەکانی ئوردن میسرو ئێران و ئەرمینیاو تورکیا خول و کۆڕو کۆبونەوەی سازکردو زۆرێك لە مامۆستایانی ئاینی توانیان لێی سودمەند بن و شارەزای زیاتری کلتوری ولاتانی تر بن بەهیوای هەمیشە گەشانەوەی زیاتری ئاڵای ئەم ڕێکخراوە بەسەر ئاسمانی کوردستانی ئایینپەروەرو لانکەی پێکەوەژیانی ئایینی.

* کارگێر لقی شقلاوەی یەکێتی زانایان

# مەلای کوردو هەستی نەتەوایەتیو دینداری



حمید أحمد عبدالفتاح/ قەڵادزە

مامۆستایانی زوو کە مەلایەتیان دەکرد، خاوەن دین بوون، خاوەن ئیمان و بڕوا بوون، خاوەن هەڵویستو بۆچونی جوان بوون. خاوەن بیری نەتەوایەتیو کوردایەتی بوون. قوتابخانەی نەزانان بوون، مەدرەسەی ئەخلاق جوانی و ڕەوشت بەرزی بوون. بەڵام ئێستا بەڕاستی کاری مامۆستای دینی زۆر قورسترە لە چاو پێشوو. ئێستا کاری مامۆستا (سەبرو ئارامی ئەیوبو خەباتو فیداکاری ابراهیم و جیهادو خەباتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی دەوێت). ئێستا بەهۆی تەکنەلۆژیای سەردەم، بەهۆی ئەم هەموو شتە پێشکەوتوانەوە دونیا بۆتە شارێکی بچوك. ئێمەی بێ ئاگا لەبەرامبەر دوژمنێکی بەئاگاو زۆر فێڵبازو شەیتان داین، کەواتە پێویستە زۆر وریاو بەئاگا بین. وەخۆ دوور خستنەوەو خۆ کەڕ کردنو بێدەنگ بونیش نیشانەی پیاو باشی و پیاو چاکی نییە، بەڵکو نیشانەی دوورییە لە خودای گەورە.

مەلای کوردیش لەهەموو چینو توێژەکان بۆ میللەتو نەتەوەکەیان باشترنو دڵسۆز ترن چونکە ئەوان لە هەموو نوێژێك، موناسەبەیەك، خۆشیەك ناخۆشیەك، تازییەك نەخۆشیەك، چونە سەرقەبرانو تەلقینو ئامۆژگارییەك، هەتا بۆ خۆشیو مارەبرینیش، لەهەموو شارو گوندێکی ئەم کوردستانە لەگەڵ خەڵکی خۆیاندان، لەخۆشی و ناخۆشیەکانیان بەشدارن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە نەدەسەڵات و نەخەڵکیش وەکوو پێویست ڕێز لەماندوو بوونی مەلاو زانایان بەهەند وەر ناگرن.



زانایـــــانی خوێنـــــەرو خۆشەویست، ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشـــــــکرایەو لای هــیچ لایــەکمان نــەهێنی و شاراوە نییە، هـەر زانایـەك ژیـــــان نامــــــەی نەنوسرابێتەوە، ئەوە دیارە ئـەو زانایــە ژیــان نامــەی نییـەو، کەسـیش ژیـان نامـەی ناخوێنێتـەوە. وە هـەموو ئـەو شـتانەی کەلەسـەر لاپـەڕەکانیش، لــە ژیــان نامــەی زانایــان نوســراوەتەوەو تۆمــار کــراوە، ئــەوە بەدڵنیاییـەوە، لـە: مەترسـی نـەمان و، فـەوتان و، تیاچوون، ڕزگاریـان بـووە، شـێوە ژیانێکیــان بەبــەردا کــراوە، بۆتــە ســەرمایەیەك بــۆ دواڕۆژی خۆیــان، وە بۆتــە ڕۆشناییەکیش بۆ مێژوو نوسان و هەموو ئەوانەش، کە: دەیان هەوێ شتێك لەسەر زانایان بنوسن، هەق وایە زانایان وەك وەسیەت نامە: بۆ دوای مردنی خۆیان شت بنوسـن، ژیـان نامـەی خۆشـیان هـەر بنوسـن. شـێعرو هـۆنراوەو قسەخۆشـەکانی خۆشیان هەر بنوسن، تا بەمردویش هەر لەناو دلاَندابن و زیندو بن.

زانایانی کوردستانیش وەك تاك یان کۆ، لە شێوەو شێوازی چاکسازی و فیداکاری و شۆڕش و خەباتدا، وەك هەموو شۆڕشگێرو دڵسۆزانی خاك و وڵات و نشتمان، بونی خۆیان لەسەنگەرەکانی شۆڕشدا، لەگەڵ برا پێشمەرگەکاندا بینییەوەو قۆڵی خەباتیان لە پێناو بەرگری کردن لەنەتەوەی کوردی زوڵمو ستەم لێکراو و دەسەڵاتی ئەو کاتەی عێراقدا، کەدوژمنی سەرسەختی کوردو کوردستان بوو هەڵماڵی و هەتا چەکی شەڕی بەرگریشیان بۆ لەشان کردو لەناو سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە خۆیان بینییەوە.

لە شۆڕشی ئەیلولدا ئەوانەی مەلاش نەبون، لەبەر پیرۆزی ناوی مەلا نازناوی

مەلایەتیان بۆ خۆیان دانابوو. سەركردایەتی ئەو كاتەی شۆڕش كەمەلا بوو، هانی مەلایانیشی دەدا كەیەك دەستو یەك بیرو باوەڕو بۆ چونو یەككگرتوو یەك هەڵوێست بن، وەهەر ئەویش هاندەر بوو، هەتا مەلای لەدەوری یەك كۆكردنەوە، ڕێزی لێگرتن، پشتگیری كردن. هەر بۆیەش مەلای كورد بەدڵ و نیەتێكی پاكەوە لەدەوری جەنابی (مەلا مستەفا) كۆ بونەوە، لەهەموو لا وەك هەنگ ڕوویان تێكردوو دەورەیانداو، تەئیدو پشتگیریان لێكرد، هەم لە خۆیی و هەم لە شۆڕشەكەی. چونكە بەڕاستی سەركردە بوو، دڵسۆز بوو، موسڵمانێكی ڕاست بوو، شۆڕش گێڕێكی گەورە بوو، مەلایەكی زیرەكو بەتوانا بوو، چاو نەترسو هەق بێژو خاوەن غیرە بوو، شێری چاونەترسی هەڵمەت بەر بوو، دونیا ویستو پارە پەرست نەبوو، دین پەروەرو گەل پەروەر بوو، هەر زۆر شانازیشی بەمەلایەتییەوە دەكرد. تەنانەت ڕازی نەبوو هەر هیچ نازناوێكی تری لێ بنرێ جگە لە (مەلا مستەفا)شێواو پشدەری دەڵێ:

ئەمن بارزانیم بۆیە خۆشدەوێ ×× هەر تێدەكۆشێ بەڕۆژو شەوێ

نەپارە ویستەو نەكورسی دەوێ ×× بیرو باوەڕی كوردە سەركەوێ

جەنابی (مەلا مستەفا) تەنها بەو ناوەوە خۆی خستبۆ ناو دڵی هەموو كەسێكەوە. وەئەوەندەی سەركردەی شۆڕشی ئەیلولیش بایەخی زۆری بەمەلاو زانای ئاینی داوەو یەكێتی زانایانی دروست كرد كەم وێنەو بێ وێنە بووە. وەجەنابی مەلا مستەفا بەرامبەر بەزانایان ڕایگەیاند: ئێوە دەسەڵاتی بڕیاردەر بن و منیش كوتەكی دەستان دەبم.. هەتا وتبوی بڕیاری مەلای كورد بڕیاری بارزانیە. هەتا بڕیاریشی دابوو، كەهەر بڕیارێكی لیژنەی فتوای شەرعی زانایانی ئاینی، نابێ دادگای شۆڕش ئەم بڕیارو فتوایە هەڵبوەشێنێتەوە. چونكە دەیزانی كەزانایان میرات گری ڕاستی پێغەمبەرن (صلى الله عليه وسلم)، هەرگیز بۆ دونیاو خۆ دەوڵەمەند كردنو ڕازی كردنی دڵی كەس، خودایان لەخۆ نەدەڕەنجاندو لەهەق و ڕاستیش لایان نەدەدا. كەواتە لە ئەیلولی (٩٦١) كە كڵپەی

شۆڕشی ئەیلول، وەك شۆڕشێکی نەتەوایەتی نیشتمانی دینی، بەڕابەرایەتی سەرۆك بارزانی هەڵگیرسا.

با ئەوەش بزانین کەئێستا دەرفەتێکی مێژوویی لەبەر دەم زانایاندا هەیە، بۆ ئەو دەورە گەورەو کاریگەرییەی کە دیویانە، لەخەبات و تێکۆشان و کوردایەتی و شۆڕشەکان و بەرپەرچ دانەوەی ناحەزان و دوژمنانی گەلەکەمان، زانایان دەتوانن ئەو ڕۆژانە زیندو بکەنەوەو زیاتریشی بکەن بەخەبات و تێکۆشانی دوانگەو مینبەرو میحرابی پیرۆزی مزگەوت و پێنوسە زێڕینەکانیان. کەزانایان هەر لەکۆنەوە تا ئەمرۆ هەر پێشەنگ بوون و هەر پێشەنگیش دەبن. وەزانایانیش قەت مەیدانی خەبات و فیداکاریان بۆ ناحەزان و دوژمنان چۆل نەکردوە. بەڵکوو هەمو کات خۆ نەویست بون و وەك شێری ناو بێشەش وابون. شۆڕشەکانی کوردستان بەدرێژایی مێژوی خەباتیان، بەسەردەمێکی زێڕین دادەنرێت، لەبەشداری زانایانی کورد، لەکێشەی ڕەوای گەلەکەیان. وەزانایانی دینیش ئیشەکەی خۆیان هەر لەبابەتی دینیدا کورت نەکردۆتەوە، بەڵکو هاوبەشی خەباتی سیاسی بون ڕوحیەتی نیشتمان پەروەریش ئەوانی گەیاندۆتە ئاستێك، کەداکۆکی تەواو بکەن لەگەل و میللەت، لە خاك و وڵات، لە نیشتمان لەکوردو کوردستان.

زانایان هیچ کات لەخەبات و تێکۆشان و شۆڕشەکانی کورد جیا نەبونەوە لە میللەتیان، وەهەموو کاتێکیش خەمخۆرو دڵسۆزو بەتەنگەوە چوی نیشتمان و وڵاتەکەیانن. وە مەلای کورد بەشێکی دانەبڕاو بووە هەر لە کۆنەوە تائەمرۆشی لەگەڵ دابێ، لەگەل نەتەوەو میللەتەکەی خۆی دابوە. لەهەموو خۆشی و ناخۆشی و تاڵی و سوێری و نەهامەتیەکاندا بەشدار بووە. وەلە مێژوی مرۆڤایەتیشدا شۆڕشی جۆراو جۆر بەدی دەکرێ، کەئەم شۆڕشانەش بونەتە مایەی ڕزگار کردنی گەلان .

وەمەشخەڵ و داینەمۆی هەموو ئەو شۆڕشانەش زانایانی ئاینی و مامۆستایان و ڕوشنبیرو کەسی بەتواناو زیرەك و دڵسۆز بوون. وەگەلی کوردیش یەکێکە لەو

گەلانەی کەزۆر چەوساوەتەوەو زۆرترین شۆڕشیشی ئەنجام داوە. وەزۆربەی هەرە زۆریشیان لەلایەن زانایانی ئاینی و شێخ و موشایەخان و ڕوشنبیرانەوە بەڕێوە براون. وەك شۆڕشەکانی ( شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ مەحمودی حەفیدو شێخ سەعیدی پیران و قازی محمدو مەلا مستەفای بارزان ) کەلە ژێر چەتری ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەنجام دراون‌و سەرکەوتنیشیان بەدەست هێناوەو مێژویەکی دێرینیشیان بۆ کاتی خۆیان و پاش خۆشیان تۆمار کردوە..

مێژووش شاهیدە کەسەر کردە کوردەکان هەر هەمویان زانای ئاینی و ڕێبەرانی تەریقەت بوون، مەلاو شێخ‌و سەید بوون. وەسەر جەم سەرانی شۆڕشەکانی کوردیش لەبنەماڵەی ئاینی‌و دینداری بوون. کەواتە دەبیٚ زانای دینی بیری نەتەوایەتی‌و کوردایەتی هەبیٚ‌و دوور بیٚ لەڕێبازی ئەوانەی کەبیانەویٚ گەلانی بێدەسەلاٚت ژێر دەستە بن و بچەوسێنەوە. مەلای کورد بەردەوام هەڵگری هەردوو شاباڵی ئیمانداری‌و دینداری، لەگەڵ کوردایەتی‌و نیشتمان پەروەری بووە، هەرگیز لێکی جیا نەکردونەتەوە.

ئەوان رابەری میللەت بوون‌و مێژوی میللەتیان نوسی‌و شۆڕشی کوردیان بەرپاکردو خەباتی کوردایەتیان جۆش داو خەڵکیان بەئاگا هێناوە.



# زانایانی ئاینی لە کوردستان
# وێنەیەك لە بڕواو هزری نەتەوەیی

صلاح محمد شاکەلی

بێگومان بە خوێندنەوەیەکی سەر پێی ناتوانین ئەرك و تێکۆشانی زانایانی ئاینی لە کوردستاندا لە دێر زەمانەوە تاکو ئەمرۆ بخەینە پێش چاو و هەڵیان سەنگێنین، چونکە لەوەتەی نەتەوەی کورد پەیڕەوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات زاناکان رۆڵی داینەمۆیان بۆ راپەڕاندنی کاری چاکەو ڕێنمایی کردنی خەڵك بینیوەو سەرەڕای ئەرکی ئاینی خۆیان بەشداری هەموو بەسەرهات و ترش و تاڵیەکی ژیانی خەڵکیان کردووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بۆ ئامۆژگاری و نوێکردنەوەی خۆشەویستی لە ژیانی ئەواندا (إصلاح البین)یان گێڕاوەو ئارامی و ئاشتیان بۆ نێو خەڵك گێڕاوەتەوە، بە ئومێدی پتەو کردنی شیرازەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و سڕینەوەی شوێنەوارەی هەر گرژیەك ڕووی دابێت.

وەکو تریش ڕەنگە زۆربەی خوێندەواری کورد بەرهەمە جوان و بە پێزەکانی خوا لێخۆشبوان مەولەوی و تاوگۆزی و نالی و مەحوی و زۆری دیکەیان خوێندبێتەوە، کە شیعرە بەرزکانی ئەوان پڕن لە هێمای خودا ناسی و ویژدانی پاك و دادی کۆمەڵایەتی کە هەموو ئەو نەمرانە لە حوجرەی مزگەوت و گۆشەی خانەقاکاندا و لە سەر دەستی زانایانی ئەو سەردەمە ئەلف و بێی شەریعەت و هونەری شیعری جوان و زمان و ئازادی کۆمەڵگاکەیان خوێندووەو پێگەیشتوون، دواتریش بە مەمرەو مەژی لە کوێرە دێکاندا بە هاوکاری خەڵك و زەکات و سەرفیترە ژیاون و نەوەی دیکەیان پێگەیاندووەو خەڵکیان لە چاکە تێگەیاندووە، کە لە هەر سەردەمێکدا کەسانی کەسانی دەست ڕەنگین و خاوەن بەهرە لە نێو ئەواندا پێگەیشتوون، کە سەرەڕای ئەرکی ئاینیان لە بواری رۆشنبیری و ئەدەبیدا جێ دەستیان هەمیشە دەمێنێت، وەکو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و سەید

**تاهری هاشمی و مەلاسەید حەکیمی خانەقین.**

**بەڵام لە سەردەمی وریا بوونەوەی گەلانیشدا گەلێك زانای ئاینی لە کوردستاندا شان بەشانی شێخانی تەریقەت بۆ بەگژدا چوونەوەی دەستدرێژی و ستەمی داگیرکەران ئاڵای ڕاپەڕین و شۆڕشیان هەڵکردووە، تا دەگاتە بەهەشتی مەلا مستەفای بارزانی کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی گەیاندە قۆناغێك دوژمنان دانیان بە بوونی خاك و نەتەوەی کورددا نا.**

**لێرەیشدا نابێ هەڵوێستی بارزانی نەمر لە بیر بکرێت کە لەو پەڕی دەستەڵاتدا ئایین و زاناکانی لەبیر نەکرد و بۆ ڕێزگرتن لەوان یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە کوردستادا لە ١٩٧٠/٩/٢١ دا دامەزراند، بۆ ئەوەی لە هەموو سەردەمێکدا ڕۆڵی ئەوان کەمتر نەبێت لە دام و دەزگاکانی دیکەی کۆمەڵگا بۆ خزمەتی گەل و وڵاتیان، لەگەڵ ئەوەشدا وەك پێشنیارێك دەبوا خوێندنی ئاینی لە کوردستاندابە هەموو لقەکانیەوە(شەریعەت، فیقە، بلاغە، تا دەگاتە ئەدەب و تەسەووف)بۆ هەموو ئاستێکی خوێندن وەك زانستێك بخوێنرێت، چونکە مانەوەی کلتووری ئەدەبی دێرینەی کورد بە هۆی ئاین و زاناکانی ئاینەوە پارێزراون، سەرەڕای ئەوانەیش مامۆستایانی ئاینی سەرپشك بکرێن بۆ وەڵامدانەوەی هەر فەتواو تانەو تەشەرێك کە ڕووبەڕووی کورد و بزوتنەوەو داواکەی دەکرێتەوە.**



خانەقین... زانایانی ئایینی لە پێشەنگی خۆپیشاندەرانن بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و ئیدانەکردنی بڕیاری داخستنی ئاڵای کوردستان


بـــــەرزو پیرۆز بێت 50ساڵ خزمەت و خەبات
وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان
لە ١٩٧٠/٩/٢١ دامەزراوە
یۆبێلی زێرین
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
2020-9-21

# چەند
# وێنەیەکی گرنگ و مێژوویی



یەکێتی زانایان و شاندی زانایانی میسر لە سەردانی سەرۆکی هەرێمدا ٢٠١٣



کۆبوونەوەی بەرێز (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێم لەگەڵ زانایانی ئایینی هەرێمی کوردستان ٢٠١٤



کۆبوونەوەی بەرێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ زانایانی ئایینی 2016



سەرۆکی یەکێتی زانایان و شێخی ئەزهەر











گربوونەوەی زانایانی کوردستان لەپێناو بەڵێ بۆ ئاشتیو پشتیوانی پێشمەرگە








سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و زانایانی وڵاتی سعودیە لەدیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان 2016






کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەکابینەی شەشەم


کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت‌و جێگرەکەی لەگەڵ زانایانی ئایینی– هەولێر 2016


سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و سەرۆک مام جەلال


سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و پۆلێک لە زانایان2016


سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و سەرۆکی حکومەتی هەرێم


سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و د. فوئاد معصوم


سەرۆکی یەکێتی زانایان لەگەڵ عەمار ئەلحەکیم


رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی لە مەکتەبی تەنفیزی


سەرۆکی یەکێتی زانایانو سەرۆکی پەرلەمان


سەرۆکی یەکێتی زانایانو وەزیری پەروەردە


کۆنفرانسی ئیبن ئادەم — زانکۆی سۆران


کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان



کردنەوەی لقی هەڵەبجەی یەکێتی زانایان


کۆنفرانسی زانایانی ئەزهەر- سلێمانی


پێشبرکێی دەنگخۆشانی عیراق- هەولێر


بەژداری کۆنفرانسی دەقو کەلتور- هەولێر


کۆنفرانسی یەکێتی زانایانو لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان2014


سەرۆکی یەکێتی زانایان لەگەڵ موفتی گشتی روسیا


سەردانی شاندی زانایان بۆ رووسیا


کۆبوونەوەی زانایانی ئایینی لەپێناو دۆخی کەرکوکو پاراستنی رەوشی ئەمنی


سەردانی ( العتبة العلوية المقدسة)


کۆنگرەیەکی تایبەت بە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر



سەردانی شاندی زانایان کەرکوک- هەولێر


شاندی یەکێتی زانایان لە بەغدا


سەردانی زانایان بۆ شەنگال و پاڵپشتی پێشمەرگە


سەرۆکی یەکێتی زانایان لە پەیمانگای وتاربێژان


کۆبوونەوەی زانایان لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی


وتاری سەرۆکی یەکێتی زانایان لەیادی مەولود

یۆبێلی زێرین
50

2020-9-21

## یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

لەسەر دەستی کەسانێکی دڵسۆزو لە پێناو ئامانجێکی دیاریــکراو دامەزراو ئێستاش بەهەمان نەفەس کار دەکات و بەو پەری هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئایینی و نەتەوەیی و پیشەیی هەنگاو دەنێت

پیرۆز بێت ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایان



2020-9-21

یۆبێلی زێرین

## پیرۆز 50 بێت

### لەساڵیادی دامەزراندنیدا

گرنگیدان بەپێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان بەئامانجی خۆمان دەزانین و ڕۆڵی کاریگەری زانایانی بــەرێزی ئایینیش لــە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و کلتووری لێبوردەیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و ڕێگریــکردن لەبیری تــوندڕەوی لە کوردستان بەرز دەنرخێنین..

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان



سەردانی کەنیسەی عەنکاوەو جەخت لە پێکەوەژیان




دیداری شاندی زانایانی کوردو پاپای ڤاتیکان



سەردانی شانێکی مەسیحی بۆ یەکێتی زانایان





سەرۆکی یەکێتی زانایان لەگەڵ وەزیری ئەوقافو پێکهاتەکانی تری مەسیحیو ئێزیدی



شاندی زانایانو ئەنجومەنی رۆحانی ئێزیدیان





بەژداری پرسەی پاپا شنۆدە- میسر


سەردانی کەنیسەی عەنکاوەو جەخت لە پێکەوەژیان


وێنایەکی پێکەوەژیان لە کوردستان


سەرۆکی یەکێتی زانایان و وەزیری گواستنەوەوگەیاندن



زانایان ئیدانەی دەرکردنی برا مەسیحیەکان دەکەن










سەرۆکی زانایان و سەرۆکی حکومەت رۆژی ریفراندۆم


سەرۆکی زانایان و سەرۆکی حکومەت یادی مەولود


لەگەڵ وەزیری کاروباری ئایینی تورکیا


سەرۆکی یەکێتی زانایان و د.یوسف قەرزاوی


لەگەڵ وەزیری پێشوتری ئەوقافی وڵاتی میسر



وەرگرتنی خەڵاتی رێزلێنانی دیوانی وەقفی سوننە


سەرۆکی یەکێتی زانایان لەگەڵ وەزیری ئەوقافی ئوردەن


سەرۆکی یەکێتی زانایان لەگەڵ د.محمد سەڵابی















دیداری شاندی زانایانی کوردستان لەگەڵ شێخی ئەزهەر – میسرٍ



دیداری شاندی زانایانی کوردستان لەگەڵ موفتی کۆماری میسرٍ



سەرۆك و جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان لەگەڵ موفتی میسر



سەرۆکی زانایان و ئەمینداری گشتی رابیتەی جیهانی ئیسلامی






12.02.2019 14:54
















کۆبونەوەی یەکێتی زانایانو پارێزگاری هەولێر


سەردانی کونسوڵی فەرەنسا بۆ یەکێتی زانایان


کۆبونەوەی یەکێتی زانایانو رێکخراوەکانی ئافرەتان


سەردانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان


سەردانی پارێزگای دهوک


بەژداربووانی خولی ئەزهەر- میسر


کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە پرسی تیرۆر


کۆنفرانسی دژایەتی کردنی توندڕەوی- بروکسل










ساڵیاد
2020/8/29
مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس
سەدەیەك ژیان و مێژوویێك پڕ لەخزمەت
نووسەرو زانا، موفتی و مودەریس، شاعیرو ئەدیب
سەرۆکی زانایانی عیراق و عەللامەی سەدەی بیستەم
یەکێك لەو شانازیانەی کورد کە مێژوویێکی پرشنگداری لە بواری عیلم و
عیرفان هەیە و خاوەن میراتێکی گەورەی زانستی و رۆشنبیری ئیسلام و
بەرهەمی خزمەت بە رێبازی شەریعەت و حەقیقەتە
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


zanayan.org


لەدیداری وەزیری ئەوقافی ئیمارات2015


پێشوازی شاندی موسڵمانانی روسیا2015


کۆبونەوە سەرۆکی وەقفی شیعیو مەکتەبی تەنفیزی


دیداری یەکێتی زانایانو ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان



سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی


سەردانی سەرۆکی پەرلەمان بۆ مەکتەبی تەنفیزی2012


کۆبونەوەی زانایانو مەکتەبی سیاسی یەکێتی


پێشوازی لە ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی



کۆنگرەی شەشەم ٢٠١٨






















zanayan.org








رابطة العالم الإسلامي







دیداری یەکێتی زانایان‌و کونسوڵی هەنگاریا


دیداری یەکێتی زانایان‌و کونسوڵی فەڵەستین






بەژداری کۆنگرەی هەرێمی گوتاری ئایینی


سەردانی شاندی کەنیسەکانی ئەوروپا بۆ یەکێتی زانایان


بەژداری کۆنگرەی نێودەوڵەتی میسر









کۆنگرەی رۆژنامەوانی لەپێناو پاراستنی ئارامی نیشتمان





سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و کونسوڵی هەنگاریا


سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و کونسوڵی ئوردن





دیداری یەکێتی زانایان‌و کونسوڵی کوێت



لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەی گەنجانی ئیسلام- هیندستان



سەرۆکی یەکێتی زانایان و شێخ ئیبراهیم ئەلسەنوسی



لەپێشوازی شاندی زانایانی سعودیە



سەردانی دەزگاو کەسایەتی ئایینی- سعودیە









دیداری زانایانی هەولێرو بەغدا



بەژداری کۆنگرەی ئاشتی - تورکیا





ژمارەیەک کەسایەتی ئایینی سەڵتەنەی عومان 2019





سەرۆکی یەکێتی زانایانو وەکیلی ئەزهەر 2019





پێشوازی وتاربێژی (المسجد الاقصی) 2017






zanayan.org















# راگەیاندن و چاپەمەنی و
# بەرهەم و چالاکیە رۆشنبیرییەکانی یەکێتی زانایان











یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
دەسپێک
هەواڵ
راپۆرت
بەیاننامە
فەتوا
وتار و بیروڕا
کەلەری
بانگنامە
وتاری هەینی
پرسیارو وەڵامی ئاینی
گرنگ و تایبەت




تەلەفزیۆنی زانایان
رادیۆی زانایان
FM 90.3
گۆڤاری پەیامی زانایان
ماڵپەری زانایان
www.zanayan.org
راگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
www.facebook.com/ZanayanMedia
Email : mektebzanayan@gmail.com





هەڵوێستی ئیسلام
بەرامبەر کردەوە خۆکوژیەکان


دۆخی گوتاری ئایینی هاوچەرخ


مافی پەنادراوەکان لە ئیسلامدا


دیاریکردنی چەمکەکان و
رۆڵی لە نوێسازی گوتاری ئایینی


حوکمی


حكم
تغسيل وتكفين الميت
بالأمراض المعدية
د. عبدالله سعيد ويسي
دكتوراه في الفقه المقارن
2020


بەکارهێنانی
دین بۆ سیاسەت
2020


حكم صلاة الجماعة
عن بعد
(on line)


حوکمی
شوشتن و کەفن کردنی مردووی
توشبوو بە نەخۆشیە گوازراوەکان


پەروەردەی تەندروستی و
سیستەمی خۆپارێزی (کەرەنتینە)
لە روانگەی شەریعەتەوە
نووسینی
مەلا عبداللە شێرکاوەیی
2020


حەرامێتی بەکافر زانینی
خەڵک و دەرهاوێشتەکانی


چەمکی جاهیلیەت


چەمکی
خیلافەتی ئیسلامی


هەنگاوەکانمان
لە یادی بر بەرەکەتی لەدایکبوونی
پێغەمبەرمان (الهادی البشیر)
صلى الله عليه وسلم


حكم الصلاة
خلف المذياع أو التلفاز
د. عبدالله سعيد ويسي
دكتوراه في الفقه المقارن


سەردەمی
کۆرۆنا و
رۆڵی زانایانی ئایینی

# بەشێك لە ئەرشیفی
## نووسین و توێژینەوەو تۆماری مێژوویی لەسەر زانایان





























دووەم: رۆژنامەی پەیام، کە یەکەمین رۆژنامەی تایبەت بە زانایانی ئایینی بوو دەرکراو، دوو هەفتە جارێك دەردەچوو، ژمارە (سفری) لە (٢٠٠٤/٩/٢١میلادی) بەرامبەر (٧ی شەعبانی ١٤٢٥کۆچی) بەرامبەر (٣٠ گەلاوێژی ٢٧٠٤کوردی) دەرچوو، تا کۆنگرەی پێنجەم (٥٥) ژمارەی لێ دەرچووە.



٣ - گرنگیدان بە بۆنەو رۆژە نەتەوەییەکان

هەمیشە بۆنەو پرسە نەتەوەییەکان بە گرنگیەوە بەڕێ دەکرێن، لەلایەن یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانەوە، بەتایبەتی یادەکانی ئادارو نەورۆزو یادەکانی دیکە.

پەیام

سڵاو لە راپەڕین، لەبارزانی، لەهەڵەبجە، لە قامشلو، لەنەورۆز

لە سەر ئاستی رامیاریی:

١- هەڵبژاردن:

هەمیشە یەکێتی زانایان راستەوخۆ لە رێگای وتاربێژانەوە هانی هاوڵاتیانی کوردستان دەدات، بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنو، پارێزگاریکردن لە یەك ریزی گەل










گرنگترین چالاکیەکانی
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
خولی پێنجەم
2018 - 2010


من منشورات منتدى الفكر الإسلامي
في إقليم كوردستان العراق
( ٦ )
إسهام علماء الدين الكورد في كوردستان العراق
في توجيه الحركة الوطنية الكوردية
بين عامي (١٩٦١- ١٩٧٥)
عباس علي سليمان باباني


المنهاج والنظام الداخلي
لإتحاد علماء الدين الإسلامي الكردستاني
المؤتمر السادس
2018/7/25-24
اعداد:
قسم الإعلام



www.xebat.net
چوارشەممە 2017/2/22 ژمارە (5219)
خەبات
هەمەڕەنگ 10

ژیاننامەی 2096 زانای لەخۆگرتووە

# گەورەترین ئینسکلۆپیدیای مێژوویی زانایانی کورد کەوتە بەردیدی خوێنەران

**مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا بەحرکەیی: هەوڵم داوە زانیارییەکانم ڕاست بن و لەگەڵ ڕووداوەکان بەرانبەر بن، کەسێک کورد نەبێ بە کوردی دانەنێم**

چاپی دووەمی (مێژووی زانایانی کورد) بە قەبارە لە نووسینی مامۆستا مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا بەحرکەیی کەوتە بەر دیدی خوێنەران. ئەم سێ بەرگە بەرهەمی شەونخونیی چەندان ساڵی دانەری کتێبەکەیە، وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی بەکارهێناوە، سەردانی ژمارەیەک مامۆستای بەتەمەن و شارەزای بواری مێژووی زانایانی کردووە بۆ ئەوەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە دەوڵەمەندتر بێت.

پێش ئەم کارە گرنگە، هەوڵی دیکە هەبووە، بەڵام بەرپێچەی ئەم کتێبە کارێکی زۆری تێدا کراوە، بۆیە بەرهەمەکە بەجۆرێکە کە ببێتە گەورەترین ئینسکلۆپیدیای مێژووی زانایانی کورد، لە چاپی دووەم دەوڵەمەندتر کراوە، چاپی یەکەم 1771 زانای لەخۆگرتووە، لەم چاپەدا کە چاپی دووەمە، ژمارەی زانایانی کورد زیاترکراوە و هەرسێ بەرگ 2096 زانای لەخۆگرتووە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، ئەم ئینسکلۆپیدیایە بە زمانی عەرەبیش بەناوی (احیاء الامجاد من علماء الاکراد) لە لوبنان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
دانەری ئینسکلۆپیدیا مامۆستا مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا بەحرکەیی لە پێشەکیی چاپی یەکەم دەڵێ: "بە یارمەتی خوای گەورە دەستم کرد بە نووسینی مێژووی زانایانی کورد لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، دەوری 300 سەرچاوەی بڵاوکراوی کوردی و عەرەبی و فارسیم چنگ کەوت، جگە لەو زانیاریانەی وەرم گرت لە چەند مامۆستایانی بە تەمەن و شارەزا لە مێژووی زانایان کە هاتوچۆم دەکردن و دەمەوەیە خزمەتیان، بەشێکی زۆری زانیاری لە کاکم مامۆستا مەلا تەیب وەرگرت". هەروەها دەڵێ: "لەم نووسینە هەوڵم داوە بە وردی ئەمانەتەکانم کردووە، دیقەتم کردووە، تاکو زانیارییەکانم ڕاست بێت، لەگەڵ ڕووداوەکان بەرانبەر بێت، پێچەوانە نەبێت، زانای کورد نەبوو و کەسێک کورد نەبێ بە کوردی دانەنێم".
د. قادر محەمەد پشدەری مامۆستای مێژووی کورد و شارستانی ئیسلامی لە زانکۆی سەلاحەدین، وەک پەسەندکردنێک لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا نووسیویەتی: "چەند بەرگێکی کتێبی (مێژووی زانایانی کورد) م خوێندەوە کە دانراوی مامۆستای بەڕێز (مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا بەحرکەیی) یە کە لە ڕاستیدا دانراوێکی هێژا و بەشەرح و دانسقەیە و کۆکراوەیەکی پوخت و بەپێزی ژیاننامەی زانایانی کوردە لە کایەی شارستانی ئیسلامیدا لە هەردوو بواری عەقلی و نەقلی، بۆیە کارێکی لەم شێوەیە جێگای دەست خۆشییە و پشت بەخوا کاری باشتر و زانستیتر بەدواوا دێت". هەروەها لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دەڵێ: "ئەوەی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە بەڕوونی تێدەگات کە کورد لە مێژووی ئیسلامدا چ ڕۆڵێکی گێڕاوە و لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا زانایانی چۆن ئەسپی خۆیان تاوداوە و لێبڕاوانە لە پێناوی فێربوون و فێرکردندا بە ماڵ و حاڵی خۆیان قوربانیان داوە، جێی ئاماژەیە ئێمە لەبواری نووسین و توێژینەوە لەبارەی ڕۆڵی کورد لە شارستانی ئیسلامیدا هێشتا لە سەرەتادایین و پێویستمان بە نووسەر و پسپۆڕی زۆر هەن کە قوڵی لێ هەڵماڵن" هەروەها دەڵێ: "بڕیا زۆر مەلای دیکەی لە کوێی مامۆستا مەلا تاهیرمان هەبیان، وێڕای خزمەت لە مەیدانەکانی پەرستن و دەرس گوتنەوەدا، لە بواری نووسین و توێژینەوەشدا چالاکیان نواندبا".
د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور پسپۆڕی مێژوو لە زانکۆی سەلاحەدین ئەم کتێبەی پەسند کردووە و لەو ڕووەوە لە بەرگی یەکەمدا نووسیویەتی: کاتێک دەستنووسی کتێبی (مێژووی زانایانی کورد) م خوێندەوە زۆر بەختەوەر بووم، چونکە دانەری ئەم کتێبە پڕبایەخە (مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا بەحرکەیی) سەرەڕای ئەوەی خزمەتێکی زۆری ئاینی ئیسلامی کردووە، لە ڕێگای کۆکردنەوەی ناوی ئەو زانا کوردانەی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان خزمەتی زانست و ئاینی ئیسلامیان کردووە، لە هەمان کاتدا خزمەتێکی باشی مێژووی کوردی کردووە، چونکە کەرستەیەکی باشی لەبەردەست مێژوونووسانی کورد داناوە بۆ ئەوەی توێژینەوەی پتر لەسەر مێژووی ڕۆشنبیری و شارستانی کورد بکەن".
شایانی باسە ئەم کتێبە بە هەرسێ بەرگەوە 1617 لاپەڕەیە، نەخشەسازی ناوەوە: ئەبوبەکر مەلا تاهیر بەحرکەیی و بەرگیش لە لایەن زەردەشت کاوانی یە.

**د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور: دانەری ئەم کتێبە کەرستەیەکی باشی لەبەردەست مێژوونووسانی کورد داناوە بۆ ئەوەی توێژینەوەی پتر لەسەر مێژووی ڕۆشنبیری و شارستانی کورد بکەن**

**د. قادر پشدەری: دانراوێکی بەشرح و دانسقەیە و کۆکراوەیەکی پوخت و بەپێزی ژیاننامەی زانایانی کوردە لە کایەی شارستانی ئیسلامیدا**








# پەیامی زانایان

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیە
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مانگێ جارێك دەری دەکات

ژمارە (١٠١) ذي القعدة ١٤٣٨ کۆچی

www.zanayan.org

## ئەگەر گەلانی جیهان بڕوایان بە ( دیموکراسی و بنەما ئایینیەکان ) هەبێت دەبێ ڕێز لە خواستی گەلی کورد بگرن



سەرۆکی یەکێتی زانایان:

## سەربەخۆیی کوردستان مافێکی ئاینی و نەتەوەییە

دیدو هەڵوێستی زانایانی ئایینی

لەهەمبەر ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان

# دامەزراندنی

## یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

## یادەوەری و وێستگە مێژووییەکان



# ساڵیادی نیو سەدەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان و بەشێك لە یادەوەری یەکەم سەرۆکی ئەم یەکێتیە



## فه تحی مه لا عه لی مه لا عه بدوڵلا بێتواته یی موده ریس

لە پەراوێزی یادەوەریەکانی مامۆستا مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا بیتواتەیی مودەریس سەبارەت بە دامەزراندنی یەکێتی زانیان ئاماژە بە قۆناغێکی دیاریکراو دەکەم کە پوختەی مێژووی دامەزراندنی ئەو دامەزراوەیە هەر وەك لە کتێبی حوجرەنامە نوسیومانە:

مامۆستای باوکم وەك یەکەم سەرۆکی یەکێتی زانایان هەروەها وەك سەرۆکی لێژنەیەکی ڕاسپێردراو لەلایەن جەنابی خوالێخۆشبوو سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی بۆ دانوستان و گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی عیراق بە مەبەستی مۆڵەت وەرگرتن بۆ دامەزراندنی یەکێتی زانایان، ئەو چەند دێرە وەك بەڵگەیەکی گرنگ دەخەینە ڕوو:



لای راست دکتۆر عمر وەجدی مامۆستای ئەزهەر- جەنابی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی- مامۆستا مەلا عەلی مەلا عبداللە مودەریس

" شاندێك كە بە فەرمانی بارزانی پێکهێنرابوو بە سەرۆکایەتی ئێمە ( مامۆستا مەلا عەلی) بۆ سەردانی بغداد، بەر لە سەفەری شاند نوێنەرانی شۆڕش لە بغداد ئاگادار کرانەوە و فەرمان درا بە ئەنجامدانی

ئامادەکاری و ئاسانکاری بۆ شاندی مامۆستایانی کوردستان بۆ دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عیراقی ئەو کات.

سەرەتا شاندەکە لەگەڵ وەزیری کاروباری باکوور سامی عبدالرحمن لە بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا، ئەو کۆبوونەوەیەش بە مەبەستی دانانی پەیرەوەی ناوخۆ (نظام داخلي) بۆ ئەو دامەزراوەیە بە ئامانجی ئەوەی خزمەت کردنی مامۆستایانی ئایینی و مزگەوت و قوتابیانی خوێندنگاکانی ئایینی و حوجرەکان و خەڵکی کوردستان بێت.

پاشان هەر لە بغداد لێژنەکە چەندین کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا سەرەتا لەگەڵ هادی چاوشلی کە پۆستی وەزیری لە بەغدا هەبوو ئەو بابەتیان بە تێرو تەسەلی سەبارەت بە سروشتی و ئەرکەکانی ئەو دامەزراوەیە گفتوگۆ و بیرو رایان ئاڵوگۆڕ کردو ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ حکومەتی عیراقی.



کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەتی عیراقی لەگەڵ وەزیری ناوخۆی ئەو کاتی عیراق (سعدون غیدان) ئەنجام درا، دوای ئەوەی سەرۆکی لێژنە هۆکاری هاتنیان و عەرزکردنی پرۆگرامی دامەزراوەکەی بە شێوازێکی بابەتیانە لە ڕوانگەی ئایینی و زەرورەتی کۆمەڵایەتی و ویستی خزمەتکردنی مامۆستایان شیکردەوە، بەڵام وەزیری ناوخۆی عیراق ڕەزامەندی بۆ دامەزراندنی ئەو یەکێتیە نەدا بە مەهانەی ئەوەی کە لە عیراقدا ڕێکخراوێکی مامۆستایانی ئایینی بە ناوی (رابطة علماء

الدين في العراق) بوونی هەیە وە مامۆستایانی کورد دەتوانن لقی ئەو ڕێکخراوە لە هەولێر بکەنەوە.

شاندی مامۆستایانی ئایینی هەروەك مامۆستا مەلا عەلی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت:

شاندەکە بە بێ دەرئەنجام لە بغداد دەگەڕێنەوە  وە لەکاتی گەڕانەوەی شاندەکە وە بە بێ دواکەوتن سەردانی بارەگای بارزانی دەکەن وە ڕاپۆرتی سەردانەکە دەدەنە جەنابیان، لەو کاتەدا  وەك سەرکردەیەکی خاوەن پێگە و حیکمەت سەرۆك بارزانی زۆر بە دڵنیایەوە فەرمان بە دەستپێکردن بۆ دامەزراندنی ئەو یەکێتیە دەدا بەبێ گوێ دان بە قسەکانی سەعدون غەیدان.

مامۆستا مەلا عەلی لە بۆنەیەکی کۆنفراسی یەکێتی زانایان لە نەوەتەکاندا دەڵێت: جەنابی مەلا مستەفا لە دوای گەڕانەوەیان لە بەغدا پێیانی ووت: (ئەگەر بەغدا ڕەزامەندی نادات ئەوا ئەمن ڕەزامەندیم پێتان داو دەست بەکار بن بۆ کۆنگرەو بانگەوازکردن) ."



لێــرەوە حیکمـــەتو بـــوێری‌و خـــاوەن بڕیـــاری ڕاستەقینە لـە کەسـایەتی‌و سـەرکردایەتی جـەنابی مەلا مستەفا وەدەردەکەوێت کە خۆیان لـە سـەرەتای دامەزراندن‌و تاکو کۆتایی شۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥ سەرپەرشـتی ئـەو دامـەزراوەیان کـردووە کـە تـاکو ێستا بەردەوامـەو خزمـەتی کۆمـەڵگای کوردسـتانی دەکـات بـە ئاڕاسـتەکردنی چـینەکانی کۆمـەڵگا بـۆ ڕەسەنایەتی ئایینی ئیسلام‌و میانڕەوی و پاراستنی ئاشـــتی ســـەرەڕای پـــەیڕەوکردنی چـــەمکە نەتەوایەتیەکان و کوردایـەتی و دڵسۆزی بۆ خاك و نیشتمان و زمان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان.

# یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی یەکێتی زانایان

# لە زانایانو گەلی کورد پیرۆزبێت

# بەرز نرخاندنی ڕۆڵی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

# لە خزمەتکردن بەزانایانو نەتەوە ستەمدیدەکەیاندا



**د. فایزی مەلا بەکر**

**ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایان**

بسم الله الرحمن الرحيم

**{وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ} التوبة: ١٠٥.**

**بە درێژایی مێژووی کوردو ئیسلام، زانایانی ئاینی موسولمانی کورد، تاکە توێژ ئەندامی سەرکردە بوون کە هەمیشە، تاکو تەرایەك نەبێ، لە گەڵ خەڵكو نەتەوەکەیاندا بوونو، لە کوێ بەرژەوەندی ئایینو نەتەوەیان دیبێت لەو شوێنەداو، لە گەڵیدا بوونو بە هەرچی لە توانایاندا بووبێت نەسلەمینەتەوەو پشتگیرییان لەو بەرژەوەندیانە کردوە، بۆ نموونەو گەواهی ئاورێك بدەنەوە لە مێژووی نەتەوەکەمانو شۆڕشەکانی، لە هەر کوێیەکدا پشکۆی شۆڕش داگیرسابێت، زانای ئاینی موسولمانی کورد شێخانی**



**تەریقەت بەکردەنیو راستەو راست، یان سەرکردایەتی شۆڕشیان کردووە، وەك:**

شێخانی نەهریو، شێخ محمودی مەلیكو، شێخ سعیدی پیرانو، سەركردەكانی شۆڕشەكانی بارزان، لە شێخ عبد السلام بارزانی، تا مەلا مستەفای بارزانیو، مەلا خەلیلی مەنگوڕو، پیشەوا قازییو هیترو... یان بە هاوكاریی كردنی كردەنی وەك بەشداری ملا محمدی قزلجەیی لە شۆڕشەكەی سمكۆی شكاك كە سەرنووسەری گۆڤاری (كورد)ی[١] زمانحاڵی شۆڕشەكەی سمكۆی شكاك بوە.

**زانای كورد هەمیشە لە خەمی نەتەوەو كەلتوورو زمانی دایك بووە**

ئەم چەند ناوە درەوشاوانە چەند ناوێكن، وەك نموونە دەیانخەینەوە یادو بەرچاوی خوێنەران، دەنا ئەگەر بمانەوێ ئاماژە، هەر تەنیا ئاماژە، بە هەر هەموویانو هەموو ئەو زانایانە بكەین، كە بە شێوەیێك لە شێوەكان لە شۆڕەشەكانی نەتەوەییمانو بزاڤە ئازادی خوازەكاندا كردوە بكەین، ئەو كارە نەك هەر زەحمەتە، بەڵكوو لە ئیمكاندا نیە، ئەوەیش بە هۆی نەخۆشی دێرینو لەمێژینەمان، ئەویش نەخۆشی بایەخو گرینگی نەدانە بە نووسینەوەی مێژوو و نەخوێندنەوەی.

ئەمەو، سەرەڕای ئەمەش زانای كورد هەمیشە لە خەمی نەتەوەو كەلتوورو زمانەكەیدا بووەو، لە كوێ بۆی فەراهەم بووبێت داكۆكی لێیكردوەو زمانو هزرو خامەی خستۆتە گەڕ بۆ لادانی ستەمو بیمو مەترسیەكان، هەر هیچ نەبێ لە حوجرە تاریكو لاتەریكەكان، بەڵام تابلێی رووناك بە هزرو بیری ئاینی بێگەردو دوور لە توندو تیژییو دەمارگیرییو تواندنەوەی گەلان لە دووتوێی (عرووبە)، یان هەر نەتەوەییێكی دیكەی باڵا دەستدا، لە ئیسلامدا، مەبەستم ئیسلامی سەردەمی پەیامهێنەرە (د.خ)، (سلمان الفارسی)و (بیلال الحبشی)و (صهیب الرۆمی)،

---

١- بڕوانە: مەلا محمدی قزلجەیی، زاناو رۆشنبیرو رۆژنامەنووس، د. عمر عبد العزیز، رێكخراوی زانست، ٢٠١٥، ل ٤٢٨.

(مُحَمَّد بْنِ كَعْب الْقُرَظِيِّ)و (گاوانی کوردی –جابان الكردي)، بە خودی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانەوە ناسراون‌و، جێگەی شیاوی خۆیان هەبوەو، هیچ جارێك نەبینراوەو نەبیسراوە، تەنانەت، جارێك لە جاران، ئاماژەش بۆ ئەوە نەکراوە، کە ئەم ناسنامانە بسڕێنەوەو بکرێن بە (العربي)، چونکە ناسنامەی نەتەوەیی بژاردەییێکی خواییە، کەمو زۆر، کاری مرۆڤی تێدا نیە، بۆیەش پێشینیان وتوویانە: مرۆڤ لە دین دەبێت، بەڵام لە خوێن نابێت، بژاردەی خودی مرۆڤە، ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾ البقرة: ٢٥٦، بەڵام خوێن، واتە: گەل‌و نەتەوە بژاردەی خوایە، خوای گەورەو میهرەبان فەرموویە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات: ١٣.

مەلای کورد، بە گەواهی خەڵکی دەرەوەی ئەم توێژە بەڕێزەیش، گەواهی ئەوەیان بۆ دراوە، کە لە سایەی ستەمکارترین داگیرکەری کوردستان، لە کاتێکدا تەنانەت بانگیش، هەر لەبەر ئەوەی بە زمانی نەتەوەی باڵادەست نیە، قەدەغەو تاوان بوو، لەو کاتە تاریك‌و تنووکەدا، کە ئاخاوتن بە زمانی کوردی قەدەغە دەکریٚ‌و هەوڵی توانەوەی کورد لە نێو تورکیی‌و تورکدا لە لووتکەدا دەبێت، زۆر جاران مەلای



کورد لە حوجرەکەیدا مەم‌و زینی شاد ڕەوان ئەحمەدی خانی، کە پێشەکیەکەی ئەلف‌و بێی هزری نەتەوەییەو، هۆزانە ئەوینی‌و عیرفانیەکانی مەلای جزیری‌و نالی‌و مەحوی، یان هەر شیعرێکی کوردی لەو جۆرانەدا، وێڕای وانە ئاینیەکان‌و وانە

پەیوەندیدارەکان بەئاین، بە قوتابیان و فەقێکان دەگوتەوەو پێیان ئەزبەردەکردن، بۆ ئەوەی زمانی دایکیان لە بیرو رەوان بێت[١].

ئەمە سەرەڕای چارەسەرکردنی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیی و مڵکداریی و خێزانی و، هیتر، کە هەر هەموویان، بە هۆی نەبوونی متمانە بەحکوومەتە داگیرکارەکان و یاساو داموو دەزگاکانی کارگێڕیی و دادوەریی داگیرکەران رووبەڕووی مەلایان و زانایانی ئاینی دەبوونەوە هەر ئەم هۆکارەی رازی نەبوون بە دەسەڵاتی داگیرکاریی و، یاساکانیان و، نەبوونی باوەڕو متمانە پێیانیش لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیەکاندا، بوەتە هۆکاری هەلبژاردنی رێڕەوو- مەزهەبی پێشەوا ئیمامی شافیعی و، ئەو مەزهەبە لە لای زۆرینەی زانایان و گەلی وەك مەزهەبی زۆرینە هەڵبژێردراوە، پەیڕەو کراوە، چونکە ئەو مەزهەبە لەو سەردەمانەی مەزهەبەکان دروستبوون و، دواتریش لە هیچ دەستەڵاتێك لە خەلافەتی ئەمەویەکان و عەبباسیەکان و عوسمانیەکان تا نەمانیان، وەك مەزهەبی موعاریز سەیری کراوەو، هەمیشە مەزهەبی شافیعی لە دەرەوەی حکوومتە داگیرکارەکان بووە، کوردیش بە زاناو رەشە خەڵکیەوە، بە خوێندەوارو نەخوێندەواریەوە هەمیشە دوور لە حکوومەت و دەسەڵاتە داگیرکاریەکان و، لە سەنگەری (معارضة)دابوە، تەنیا لەو ماوەیەدا نەبێت، کە کوردە ئەییووبیە شافعیەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوە، لەو دەمانەدا، کاڵا بەقەد باڵا بوە، هەردووکیان، فەرمانڕەواو گەل و مەزهەب شافیعی و خۆماڵی و ئاشنای یەکبوون، بۆیە لەو دەمانەدا، کورد، وەك (موعاریز) هەڵوێستی نەنواندوە.

تەواوی ئەو دەمانەی کە هیچ حکوومەت و فەرمانڕەوای خۆماڵیمان نەبوە لەو دەم ساتەنەداو، لە فەراغی نەبوونی حکوومەت و نەبوونی داموو دەزگای خۆمالی و بۆ نەوەستانی پرۆسەی خوێندن و زانست و زانیاریی، مەلای کورد حوجرەکەی خۆی

---

١ - بروانە :حیاتی ککردی، د نور الدین زازا ، ئاراس گ١، اربیل ، ٢٠٠٨، ص ٢٨٧و٢٨٨.

کردوە بە بەدیل‌و حکوومەتی سێبەرو، حوجرەکەی بەگوێرەی پێویست بەکار هێناوە وەك: دادگاو، شوێنی فەتواو، قوتابخانەو، زانکۆو، هەر کارێکی پێوستیتر، هەروها خەڵکی ئایینداری کوردیش لە غیابی حکوومەتی خۆماڵی‌و خزمەتگوزاریەکانی کەلێنی نە بوونی خزمەتگوزاریەکانی پڕ کردوەتەوەو، خەڵکی بەرچاوتێری کوردیش تیکەی دەمی خۆی‌و ماڵ‌و مناڵی لەگەڵ توێژی مەلاو زاناو فەقێیاندا بەشکردوەنەك نە هەر لە شارو شارۆچکەو میرە دێیەکان، بەڵکو لە هەندێ لە دێیە بچووکەکانیش مەلای مودەڕیس‌و فەقێ هەبوون، تەنانەت لە گەڵ خەڵك هاوین‌و زستان، گەرمێن‌و کوێستانیان کردوە.



لەو دەمانەیشدا، کە حوکمەتە داگیرکارەکان لە بەر هەر هۆییێك بووبێت نەیان توانیوە، لێرە لەوێ ڕێگە بگرن لە دامەزراندنی چەند میرنشینێکی بەتواناو کارا ئەوا لە لایەن ئەو میرنشینانەوە مووچەو بەرات بۆ قوتابیان‌و ماموەستایان‌و داهێنانەکان بڕاوەتەوەو[1] دەیان‌و صەدان زانایان پێگەیاندوە، ئەوانیش، واتە: زانایان‌و فەقێکانیان وەك ئەرکی سەر شانیان بە

---

[1] - حاجی قادری کۆیی بۆ ئەم بابەتە، لە شیعرەکانیدا، فەرموویە:

تا تەعیناتی (کۆر)و (ئاڵ) مابوو

لە گەلی دێیان مەلایی چابوو. بڕوانە: دیوانی حاجی قادر، شارەزاو میران، ١٩٨٦، ل:٢٣٦.

هەموو خزمەتکرنی نەتەوکەیان هەڵساون و ئاینی زادگەی بیرو هزری خۆیان دوور لە تەعریب و توانەوە لە بۆتەو هیزرو بیری حکوومەتە داگیرکارەکان بەنەتەوەکەیان گەیاندوەو صەدان زاناو بیریارو هزرمەندو شاعیرو هۆزانڤان بەزانست و بیرو هزرو شیعرو هۆزانیانیان خزمەتی گەل و نەتەوەی خۆیانیان کردوە.

**خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی بزاڤی نەتەوەییمان هەمیشە لە خوولیای ئەوە دابوو زانایان بۆ خۆیان لە رێکخراوێکی رێكو، یەك هیزو، یەك وتارو ئامانج روون و دیار، خۆیان رێکبخەن، بەم شێوەیەش بە سەنگ و بە هێز دەبن..**

**وەفاو پاداش:** ئێنجـــــا وەك وەفاییێك بۆ ئەو رۆڵـە پـیرۆزەی زانایـــــــان لەمێـژووی دوورو نزیکیانـدا لـە خزمـەت بـە گـەل و نەتـەوەو کلتـوورو زمانەکـەیان بینیویانە لە لایەك و، لەلاییێکی دیکەوە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دەبوو بە دەروازەییێك بـۆ خواستن و ئیستیرادکردنی هـزرو بیرێکـی نـامۆ، سـەرەتا بـە ئاین و، دواتر بەکلتوورو زمان و نەتەوە.

خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی بزاڤی نەتەوەییمان هەمیشە لە خوولیای ئەوەدابوە زانایان بۆ:

١- داکۆکیکردن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

٢- خزمەتکردن بەخودی خۆیان،

خۆیان لە رێکخراوێکی رێكو، یەك هیزو، یەك وتارو ئامانج روون و دیار، خۆیان رێکبخەن، بەم شێوەیەش بە سەنگ و بە هێز دەبن.

سەرەتا بۆ ئامادەسازیی و زەمینەسازیی بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی سیاسی شۆرشی ئەیلولی مەزن رۆڵی کاریگەری رەخساندو فەراهەمکرد بەرۆڵدان بە زانایانی ئاینی و پشتگیریکردن و رێزگرتن لە خۆیان و بریارو فەتوا کانیان و هەماهەنگی کردنیان لە گەل هیزی پێشمەرگە بۆ جێجێکردنی بریارو فتواکانیان،

لەهەموو ئەو ناوچە فراوانەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕسەرکردایەتی سیاسی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بوونو یان بەشێوەیێك لە شێوەكان دەنگو پەیامی شۆڕشو هێزی پێشمەرگەیان پێڕادەگەیشت.

بۆ ئەم مەبەستە لە سنووری هەموو هێزو بەتالیۆنەكان چەندین مەلای دیارو ناسراوو باوەڕ پێكراو دەستنیشانكران، بۆ ئەوەی لەكاتی پێویستو بوونی هەر كێشەو گرفتێك بەرز بكرێتەوە بۆ لای ئەو مەلا بەرێزانەوەو، راەێژیان لەگەڵدا بكرێتو، لە وانەوە هەڵوێستو بڕیارو فەتوای شەرعو قەزای شەرعی وەربگیرێتو نوێنەری شۆڕشیش بە وردیی لە پاڵ جێبەجێكردنی بڕیارو قەزاو فەتواكە دابێتو، وەك فەرمانی شۆڕش هەڵسو كەوتی لەگەڵدا بكرێتو گشتاندیشیان هەر لە ئەستۆی شۆڕشو كادیرانی شۆرشو پارتی دیموكراتی كوردستان بوو، كە زۆربەیان مەلابوونو پەیوەندی كۆنی خویندنیان هەبوو بە مەلاو زانا دیاركراوەكانو، كە دەستنیشانكردنی زۆریان بە هاوكاریو پالفتەكردنی ئەوانبوو، لە سەر پێوەرەكانی زانایيو رێزو حورمەتیان لە نێو زانایانو فەقێیانو خەڵكی دەڤەرەكەیان بۆ كار لە گەڵ كردنو راوێژ لێوەرگرتن دەستنیشانكرابوون.

هەر بۆ نموونە لە سنووری هیزی سەفین ناوی خوالیخۆشبوو ماموەستا مەلا مستەفای هیرانیو، مەلا ئیبراهیمی ،سپیگرەییم لە یادە، كە هەمیشەو، پیشمەرگە ئاسا، لە سەر پیو ئامادە بوون، بۆئەنجامدانی هەر كارێك ئەنجامدانی ببێتە هۆكاری خزمەت بەئاینو گەلو نەتەوە.

هەر لەدەڤەری هێزی سەفین بوو بە قازی شەرع لەو دەڤەرە.

ئەم هەنگاوەی شۆڕش چەند پیرۆزییكی لە خۆ گرتبوو وەك:

١- رێزگرتن لە ئاینو شەرعو هزری ئیسلامو زانایان.

٢- ئامادەكردنی توێژێك بۆ داكۆكیكردن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامو بنەما هزرییە بنبڕەكانی.

٣- زەمینە سازیی بۆ رێكخستنی زانایان لە رێخراویكی تایبەت بە خودی

خۆیان، تا هەڵسیٚ بە ئەنجامدانی هەموو ئەوکارانەی پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە، بە تایبەت خالی یەکەمو دوەمی ئەم ٣ خاڵە.

٤- پڕکردنەوەی ئەو کەلێنو بۆشاییە ئیداریی و قەزاییەی کە بە هۆی کێشانەوەی دامو دەزگانی حکوومەتە داگیرکاریەکان دروستببوو لە ناوچە ئازادەکراوەکان.

ئەم خولیایەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنو خودی خوالێخۆشبوو سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی، دوای ریکەوتننامەی ١١ مانگی ئاداری سالی ١٩٧٠ کەشێکی لەبارو گونجاوی بۆ هاتە پێشەوەو، سەرکردایەتی بۆ ئەم مەبەست هەمیشە لەگەڵ زانایان لە راوێژ وتوو وێژ دابوو، هەموو ئەمانە بوونە زەمینە سازییێکی تەواو بۆ ئەنجامدانی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان.

ئەوەبوو دوای ئەو رێکەوتنە، شۆڕش هەموو کەناڵەکانی خستە کار بۆ ئەنجامدانی (کۆنگرەی دامەزراندن) و کارکردن بۆ سەرخستنی کۆنگرەکە.

بۆ ئەم مەبەستەیش پەیوەندیکرا بە سەرجەم مەلاو زانایانی ئاینی و فەقێیانی کوردستانو لە کوردستانو هەموو عیراق وەك: ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە رێگەی تایبەتو کەناڵەکانی گەیاندن بانگهێشتکران بۆ شارۆچکەی (گەڵاڵە)ی دەڤەری باڵەکایەتی خۆشو ئاینو مەلاو فەقیٚو نەتەوە دۆستو لانکەی شۆڕش.

ئەمەو، بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە، لە بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی، خوالێخۆشبوان:

١ – شێخ محمد هەرسینی.

٢ – علی هەژار.

٣ – ماموەستا محمد ملا قادر.

بۆ ئەم مەبەستە راسپێردران.

ئەوەبوو مەلایان، زانایان‌و فەقێیانی کوردستان لە سەرتاسەری عیراق و بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ ترساندن‌و فشارو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی دام‌و دەزگاکانی ئەمن‌و پۆلیس‌و سوپای ئەو کاتەی حکومەتی عیراق بکەن، بە تاك‌و بە کۆ، لە هەرکوێی بووبن لە شارەکانی کوردستان‌و عیراق لە دهۆك‌و موصل‌و هەولێرو سلێمانی‌و کەرکووك‌و بەغداو حیللەو شوێن‌و شاریدیکە، بەگوڕو تین‌و جۆش‌و خرۆشێکی ئەفسانەیی‌و لە ئەندازە بەدەر هاتن بۆ کوردستان‌و روو بە دەڤەری شۆڕش‌و باڵەکایەتیی‌و شاروچکەی (گەڵاڵە) بەڕێکەوتن، لە وێشەوە، لەلایەن سەرکردایتی شۆڕش‌و خودی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی‌و لێژنەی هەماهەنگی‌و لێژنەی ئامادەکاریی بە هەمان گەرم‌و گوڕیی‌و جوش‌و خرۆشێك کە پێی هاتبوون پێشوازیان لێکرا[١]و، لە رۆژی ١٩/٩/ ١٩٧٠، رێگا بەدروشمی ئاینی‌و نەتەوەیی هاندەر بۆ یەکبوون‌و تەبایی وڵاتپارێزیی‌و نەتەوەدۆستی لە خاڵی پشکنینی بەرزێوەوە تا بەردەرکی مزگەوتی گەورەی (گەڵاڵە)، شوێنی بەستنی کۆنگرە، رازاندرابوویەوە[٢].

لەو کەشە پڕ لە جۆش‌و خرۆش‌و گەرم‌و گوڕەدا، کە بەگێڕانەوەی بەشداربوان لەو رووداوە بە درێژایی مێژوو کاری وا جوان‌و گرینك‌و پڕ حەشیمەت‌و نموونەیی، تا ئەو سەردەمە، بۆ ئەم توێژە ماندووە، ئەنجامنەدرابوو، وەك ئەوەی مەلای زاناو فەقێیانی کوردستان لە کەرنەڤاڵێکی ئاینی‌و نەتەوەیی جوان‌و خۆش قەشەنگدابن. لەرۆژی ٢١/٩/١٩٧٠ز، لە ژێر دوروشمی فەرموودەی خوا: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ آل عمران: ١٠٣، لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی خودی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی لە مزگەوتی گەورەی (گەڵاڵە)، کۆنگرەی

---

[١] - بیرەوەریەکانی ماموەستا مەلا علی مەلا عبد اللە، دەنگی زانا، ژ ٣٥-٣٦ : ٧٣-٧٨ .

[٢] - بروانە مەلا جەبار مەنتك، یەکێتی زانایان ئیسلامی کوردستان‌و هەستی نەتەوایەتی، بەشی سێیەم، گۆڤاری دەنگی زانا، ژ: ٢٨-٢٩، ل٣٩.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، (کۆنگرەی دامەزراندن)، کە خودی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی تیایدا ئامادەبوو بەوتارێك[١] پشتگیریو هاوکاری خۆی بۆ زانایانی ئاینیو یەکێتیەکەیان راگەیاندو، کۆنگرە وێڕای وتاری سەرۆك بارزانی، مەلا علی مەلا عبداللە و شێخ محمد قەرداغیو وتاری فەقێیان لە لایەن مەلا سعید مەلا وەیسی وتاریان پێشکەشکرد.

کۆنگرە کە پێش وەختە بەرنامەڕێژیو کارێکی زۆر بۆ سەرکەوتنی ئەنجامدرابوو، بە سەرکەوتوویی بەکۆتا هاتو لە ئەنجامدا (٢١) ئەندام بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژێردرانو پیرۆزباییان لێکرا. هەر هەمان رۆژ دوای نویژی عەسر دەستەی بەرێوەبەرایەتی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداو تیایدا ئەم خوالێخۆشبوانە بە سەرۆكو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژێردران:

١- مەلا علی مەلا عبد اللە – سەرۆك.

٢- مەلا وەیسی گرتکی – ئەندام.

٣- مەلا عوسمان یەکدەست – ئەندام.

٤- مەلا عبدالقادر شێخ محمد سکتانی- ئەندام.

ئەمە سەرەتا بوو، لەو کاتو ساتەوە، تا ئێستا یەکێتی زانایان بۆ داکۆکیکردن لە ئاینو دۆزی نەتەوەیی گەلەکەمانو خزمەتکردن بە توێژی مەلاو زاناو فەقێیان لە خەباتدایەو، هەورازو نشێوی زۆری بڕیوەو کاروانێك شەهیدی لە رێگای خزمەت بە ئاینو نەتەوەو پیرۆزیەکان داناوەو، سوورە لەسەر ئەو بەڵێنەی بەخواوەندو گەلو وڵاتو زانایانی داوە، هەمیشە ئەنجامی خەباتیش هەر سەرکەوتنە.

[١]- لە سەرەتای ئەم کتێبە دەقی وتارەکەی خوالێخۆشبوو سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی هەیە.

# پوختەیەك لە مێژوو چالاكیەكانی

# یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان

# لە ئاوارەییدا

**مەلا وەلی ئەحمەد محمد دری**

دوای نسكۆی شۆڕەشی مەزنی ئەیلول كە هەزاران خێزانی كورد ئاوارەی ئێران بوون و، لە ئێرانیش ڕژێمی شای گۆڕبەگۆڕ سەرجەم ئاوارەكانی دوور خستەوە بۆ شارەكانی دوورە دەستی ئێران تاوەكو دووریان بخاتەوە لە خەبات و تێكۆشانی نەتەوەیی و چیتر تێكەڵ بە سیاسەت و شۆڕەش نەبن، مامۆستایانی ئایینیش وەكو سەرجەم پێشمەرگە و ئاوارە خۆڕاگرەكان كۆڵیان نەداو كەوتنە خۆ بۆ ئەوەی هەرچی زووترە یەكێتی زانایان ڕێكبخرێتەوە.



شایانی باسە: خوا لێخۆشبوان مەلا (محمدی مزووری) لەگەڵ چەند مامۆستاییێكی دڵسۆز و كۆڵنەدەری دیكەی وەكو (مەلا علی مەلا عمر دۆسكی) ناسراو بە (قازی

شۆڕەش)، هەروەها مەلا (محمد گۆری) و مەلا (عبدالرحمن میرسەر دری) و مەلا (عبدالکریم خۆشناو) و (مەلا جبرائیل بیری) و چەندین مامۆستای دیکە ڕۆڵی



سەرەکیان هەبوو لە ڕێکخستنەوەی یەکێتی زانایان، ئەوان پەیوەندیان بە هەموو مامۆستایانی ئاوارەوە کرد لەسەرجەم شارە دوورەدەستەکانی ئێران.

ئەوەی پێویستە بگوترێ هەموو ئەو هەوڵانە بە پشتگیری و هاوکاری ڕاستەوخۆی خوالێخۆشبوو (ئیدریس بارزانی) بوون، کە ئەگەر ڕۆڵی ئەو نەبوایە هەوڵەکان سەریان نەدەگرت و سەرکەتوو نەدەبوون. ئەنجامی ئەو هەوڵانە لە ساڵی ١٩٨٠ لیژنەی ئامادەکار (تحضیری) دامەزرا کە لەم مامۆستا بەرێزانە پێکهاتبوو:

١- خوالێخۆشبوو مەلا محمد گۆری

٢- خوالێخۆشبوو مەلا علی دۆسکی

٣- خوالێخۆشبوو مەلا محمد مزووری

بارەگاکەشی لە ئۆردوگای (زێوە) کرایەوە.

دوای ڕاگەیاندنی لیژنەی ئامادەکاری (تحضیري) مامۆستایانی ئایینی لە سەرجەم شارەکانی ئێران پەیوەندیان بەو لیژنەیەوە کردو، تەنانەت هەندێکیان بەخێزانەوە

گەڕانەوە ئۆردوگای زێوە تاوەکو لە نزیکەوە بەشداربن لە کارو چالاکیەکانی یەکێتی زانایان.

هەروەها زۆربەی زۆری مامۆستایان کە لە ناوەوەی کوردستانەوە ئاوارەی ئیران دەبوون پەیوەندیان بە یەکێتی زانایانەوە دەکرد، لەوان : (مەلا ولی احمد و مەلا سەرحان حسین و خوالێخۆشبوو (مەلا فازل یاسین دری) کە لەساڵی ١٩٨١ پەیوەندیان بە یەکێتی زانایانەوە کرد.

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٣ مەلا (رسول شێخ رسول) و مەلا (سەعید گەردی) و مەلا (تاها شەمزینی) و چەند مامۆستاییەکی تر پەیوەندیان بە یەکێتی زانایانەوە کرد.

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٥ مەلا (احمد مەلا یوسف) و مەلا (محی الدینی مهاجر) و مەلا (ممدوح مزووری) و مەلا(شفیق خلیل ئیدلبی) و چەندین مامۆستای دیکە پەیوەندیان بە یەکێتی زانایانەوە کرد.



هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨ پۆلێکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی کە پێشتر لە ناوچە ئازاد کراوەکانی شۆرەش ڕۆلیان دەگێڕاو دواتر ئاوارەی ئیران بوون، پەیوەندیان بە یەکێتی زانایانەوە کرد، لەوان مەلا (ئیسلام ابراهیم بازید) و خوالێخۆشبوو (مەلا محمود دێرشەوی و مەلا ملحم محمد صالح و مەلا علی شوکری و مەلا عصمت گوهەرزی و مەلا فتاح نێروەیی و خوالێخۆشبوو مەلا محمد پالۆ و مەلا محمد تاهیرو مەلا زەکی و خوالێخۆشبوو مەلا شێخ جامی زێباری و خوالێخۆشبوو مەلا

شـێخ یاسـین زێبـاری و مـەلا عبدالواحـد رەشـاڤایی و مـەلا سـعید نێروەیـی و خوالێخۆشبوو مەلا تـاهیر چەلکی و خوالێخۆشـبوو مـەلا عـەلی تەتـەرخان و مـەلا عبداللە گولی و خوالێخۆشبوو مەلا مجید و مـەلا عبدالغفوری کوڕی و مەلا عیسا رێکانی و مەلا مسکین ئیدلبی و مەلا عصمت رێکانی و مەلا محمدامین وەرتی و ، خوالێخۆشبوو مەلا احمدی ئەحمەد ئاوا) و چەندین مامۆستای دیکە پەیوەندیان بە یەکێتی زانایانەوە کرد.

چـەندین مامۆسـتای دیکـە ڕۆڵیـان هـەبوو لـە ریزەکـانی لەشـکری شۆرەشـگێری کوردسـتان و وەکـو پێشـمەرگە خـەباتیان دەکـرد سـەرەڕای ڕاپەڕانـدنی ئـەرکی ئایینیان.



لـە سـاڵی ١٩٨٩ یـەکێتی زانایـان لـــە بارەگـــای یـەکێتی زانایـان کۆنفرانســـێکی بەسـت کـە زیـاتر لە (٥٠) مامۆستا بەشداربوون و بە سـەرکەوتوویی کارەکـانی کـۆنفرانس کـۆتـایی هـات و، لیژنـەی تـەحزیری فـراوانتر کراو چەندین مامۆستای دیکەی لیٚ زیاد کرا کە بریتیی بوون لـە: خوالێخۆشبوو (مـەلا محمـد گـۆری و مـەلا محمـدی مـزووی و مـەلا مەمـدوح مـزووری و مـەلا عبدالرحمن میرسەر دری و مەلا فازل یاسین دری و مەلا محمود دێرشـەوی و مـەلا ئیسـلام ابـراهیم بازیـد و مـەلا عصـمت گوهـەرزی و مـەلا تاهـا شـەمزینی و مـەلا محمدامین وەرتی) کە لەو کۆنفرانسەدا خوالێخۆشبوو (مەلا مەحمود دێرشەوی) بە سەرۆکی یەکێتی زانایان هەلبژێردرا.

یەکێتی زانایان ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبوو، ڕۆڵیشی کاریگەرتر و بەرچاوتر دەبوو، تەنانەت زۆرێك لە مامۆستایانی ئایینی لە کوردستانی ئێران پەیوەندی بەهێزیان لەگەل یەکێتی زانایان دروست کردو ئامادەییان دەربڕی بۆ هەر خزمەت و هاوکارییێك.

هەر لەو کۆنفرانسەدا یەکێتی زانایان بڕیاریدا پەیڕەوو پرۆگرامی یەکێتی زانایان بەبێ دەسکاری و وەکو خۆی چاپ بکاتەوە، چاپخانەی خەباتیش ئەرکی لە چاپدانەوەی گرتە ئەستۆ.













# کارو چالاکیەکانی یەکێتی زانایان لە ئاوارەیی

١- کردنەوەی قوتابخانەی ئایینی لە مزگەوتی ئۆردوگای زێوە: یەکێتی زانایان هەر لەساڵی ١٩٨٠ گرنگیەکی زۆری بە بواری خوێند داو ساڵانە نزیکەی (٢٠٠-٤٠٠) قوتابی لە بەیانیان و ئێواران وانەی ئایینیان دەخوێند، وانەکان بریتیی بوون لە : خوێندنی قورئانی پیرۆزو، تەجویدو فیقھ و سەرف و نەحو.

لەساڵی ١٩٨٣ بەدواوە وانەی فێربوونی زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنەوەوە دەگوترایەوە، کە کاریگەرییێکی زۆری هەبوو لە فێربوون و خوێندنەوەی کوردی و سەرجەم مامۆستایانی ئایینی بەشداربوون لە گوتنەوی وانەکان، بەڵام چەند مامۆستاییێك ڕۆلی سەرەکیان هەبوو لە گوتنەوەی وانەکان، لەوان: مەلا سەرحان حسین دری و مەلا وەلی احمد دری و مەلا رسول شیخ رسول گەزنەیی و مەلا سعید گەردی و دوواتریش دوو مامۆستای ئایینی بە بەردەوامی و بە جددی تر وانەیان دەگووتەوە کە بریتیی بوون لە (مەلا ولی احمد و مەلا ملحم محمدصالح گەردی). خەلکی خۆڕاگری ئاوارە شاهیدی ئەم ڕاستیەن.

٢- چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکان، کە بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام کێشەکان چارەسەر دەکران.

٣- بەڕێوەبردنی پرۆسەی زەواج و تەلاق، چونکە هەر عەقدێك لە هەر شوێنێك ئەنجام درا بوایە، یاخود هەر مامۆستاییێکی لە هەر شوێنێك عەقدێکی مارەبڕینی ئەنجام دابوایە، دەبوایە لەلایەن یەکێتی زانایانەوە پەسەند بکرێت و پشتگیری بکرێت، تاوەکو کاروبارەکانی لەلایەن دەزگا فەرمیەکانی حکومەتەوە ڕایی بکرێت، تەلاقیش بە هەمان شێوە.

٤- یەکێتی زانایان بە بەردەوامی ئامادەیی هەبوو لەسەرجەم ئەو ئەرکانەی کە بۆ شەهید و مردووەکان پێویستە، وەك شۆردن و نوێژ لەسەر کردن و ناشتن و دانای پرسەو ..هتد.

٥- یەکێتی زانایان ناوەناوە سەردانی ئاوارەکانی دەکرد لەشارو ئۆردگاکان و، ئامۆژگاریان دەدا بە ئاوارەکان و هانی دەدان تاوەکو ئارام بگرن و، دەست بە کولتووری ڕەسەنی خۆیانەوە بگرن و نەکەونە ژێر کاریگەری پروپاگەندەی ناحەزان و دووژمنان.

٦- بەشداری ڕاستەوخۆ لە بەرەکانی شەڕدا: یەکێتی زانایان سەرەڕای ڕاپەراندنی ئەرکە ئایینی و کۆمەلایەتیەکان لە نێو ئاوارەکاندا، شانبەشانی برا پێشمەرگەکان بەشداری بەرەکانی شەڕ دەبوو لە کاتی پێویستدا، وەکو داستانی بەنێوبانگی خواکوڕك کە هەر لەسەرەتای دەسپێکردنی شەڕەکەدا یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی خۆی کردو بڕیاری بەشداری کردنی لەو شەڕەدا بەشێوەی خوارەوە:

أ-بەشێك لە مامۆستایانی ئایینی شانبەشانی برا پێشمەرگەکانیان ڕاستەوخۆ لە بەرەکانی شەڕدا بەشدار بووون بە سەرپەرشتی (مەلا احمد مەلا یوسف) ، کە لەم داستانە مێژوویەدا (مەلا بەحری شوکری مجید دری) شەهید بوو.

ب-بەشێکی دیکە لە مامۆستایانی ئایینی بە هەماهەنگی (لیژنەی ئازادی) پێداویستی و کۆمەك و هاوکاریان بۆ پێشمەرگە کۆ دەکردەوەو ڕەوانەی بەرەکانی شەریان دەکرد.

ج- بەشێکی دیکە لە مامۆستایانی ئایینی لە بارەگای یەکێتی زانایان پێشوازیان لە شەهید و بریندارەکانی شەڕ دەکردو ئەرکە ئایینیەکەیان بەڕێوە دەبرد.

٧- دەرکردنی بەیاننامەو یاداشت: یەکێتی زانایان لە هەموو پێشهات و ڕووداوەکاندا بەیاننامەیان دەردەکردو یاداشتیان دەدایە لایەنی پەیوەندیدار و، بەشداریان دەکرد لە خۆپێشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتی و ئاراستە کردنی داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ نموونە: لەکاتی کیمیابارانکردی کوردستان و بەتایبەتی هەڵەبجە، هەروەها لەکاتی شالاوی بەدناوی ئەنفال و ڕاگواستنی زۆرەملێی خەڵکی کوردستان، یەکێتی زانایان سەرەڕای دەرکردنی چەندین بەیاننامە، یاداشتیان دایە نەتەوەیەکگرتووەکان و، کۆنگرەی ئیسلامی و،

کۆمکاری عەرەبی و کۆماری ئیسلامی ئێران، بانگەوازیشیان بۆ خەڵکی عێراق بڵاو کردەوە.

٨- هەردیسان دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شێخ وەسانان ، وەفدی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لە (مەلا عبدالرحمن میرسەر دری و مەلا تاها شەمزینی) رەوانەی ناوچەکە کرد بۆ ئاگادار بوون لە چۆنیەتی ڕووداوەکەو هاوکاریکردنی خەڵکی ناوچەکە.

٩- هەفتەیەك پێش ڕاپەڕین یەکێتی زانایان بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك مسعود بارزانی لە بارەگای یەکێتی زانایان کۆبوەوەو بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ بەشداری کردن و ڕۆڵبینینی یەکێتی زانایان لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و تاوتوێ کردنی بارودۆخ و پێشهات و ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین.

## ناوی ئەو مامۆستا ئایینیانەی کە لە ئاوارەییدا رۆڵیان بینیوە


بسم الله الرحمن الرحيم
واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا
المنهاج
والنظام الداخلي
لاتحاد علماء الدين
الاسلامي الكردستاني

١-مەلا محمد ابراهیم موسا الطوری

٢-مەلا محمد عوسمان مزووری

٣- مەلا علی قازی

٤-مەلا جبرائیل اسعد

٥-مەلا عبدالرحمن میرسەر دری

٦-مەلا فازل یاسین دری

٧-مەلا عبدالحکیم مەلا یەحیا

٨-مەلا ولی احمد محمد دری

٩-مەلا سەرحان حسین دری

١٠-مەلا سعید سەردرە باڵەکاتی

١١-مەلا رسول شیخ رسول

١٢-مەلا ملحم محمدصالح

١٣-مەلا محی الدین حسن

١٤-مەلا صالح احمد بابکەیی

١٥-مەلا احمد حدو بابکەیی

١٦-مەلا احمد مەلا یوسف

١٧- شەهید مەلا بەحری مجید دری

١٨-مەلا محمود دێرشەوی

١٩-مەلا ئیسلام ابراهیم بازید

٢٠-مەلا عصمت ئیسلام گوهەرزی

٢١-مەلا تاهیر رەشاڤایی

٢٢-مەلا عبدالواحد رەشاڤایی

٢٣-مەلا فتاح احمد نێروەیی

٢٤-مەلا تاها ابابکر ئاودەل

٢٥-مەلا تاهیر تێلی شێخۆ

٢٦-مەلا عبدالکریم خۆشناو

٢٧-مەلا محمد حاجی علی

٢٨-مەلا علی تەتەرخان

٢٩-مەلا عبداللە گولی

٣٠-مەلا عبدالمجید

٣١-مەلا عبدالغفور عبدالمجید

٣٢-مەلا محمدامین وەرتی

٣٤-مەلا احمدی احمد ئاوا

٣٥-مەلا شیخ جامی زیباری

٣٦-مەلا عبدالواحد شیخ جامی

٣٧-مەلا شێخ یاسین زیباری

٣٨-مەلا حسن محمدشریف دۆسکی

٣٩-مەلا عمر چێی دۆسکی

٤٠-مەلا مناف پیرانی









من اتحاد علماء الدين الاسلامي الكردستاني الى الشعب العراقي الكريم

الحمد لله والصلاة والسلام على محمد رسول الله (ص).

ايها الشعب العراقي المسلم!

لقد احاط بنا خطر الزوال والابادة والاندثار، وها نحن نرى بأم اعيننا ان فئة ضالة مجرمة، مجردة من الضمير والوجدان تسلطت بالنار والحديد على كرسي الحكم في عراقنا الجريح دون ارادة الشعب العراقي المظلوم، تتظاهر بالانسانية والاسلام. فالاسلام برئ منها والانسانية بعيدة عنها بعد المشرقين. هي فئة حاكة منافقة ومثلهم كمثل المنافقين الذين وصفهم الله في القرآن الكريم بقوله عز وجل ((إذا جاءك المنافقون قالوا نشهد انك لرسول الله والله يعلم انك لرسوله والله يشهد أنّ المنافقين لكاذبون)).

هذه الفئة المجرمة تثير البغضاء، وتختلق العداوات ذات الجذور العميقة بين الشعبين المتحابين المتآخيين العربي والكردي، بعد ان عاشا منذ طلوع فجر الاسلام متآخيين، وشاركا في الافراح والمآسي معا، وجاهدا جنبا الى جنب في سبيل الله والوطن، وتاريخ نضال الاسلام على يد هذين الشعبين المتآخيين خير وثيقة تاريخية على أخوّة الاكراد والعرب وتفانيهم في الازمنة الغابرة.

ان هذه الفئة المجرمة لاتحاول ابادة الشعب الكردي في كردستان العراق فحسب، بل انها تحاول اندثار الشعب العراقي كافة، انها لاترحم بصغيرنا ولا بكبيرنا عربا وكردا، فخراب البصرة باسم القادسية المشؤومة ومجزرة مدينة حلبچه المروعة خير برهان وأوضح دليل على انه لافرق لدى هذه الفئة الحاكمة بين قتل عربي جنوبي وكردي شمالي، ان هذه الفئة الباغية قد طغت في البلاد اكثرت فيها الفسق والفجور والفساد.

فها هي بصرة الفيحاء صارت عاليها سافلها وحكمت عليها الخراب والدمار، وبغداد العاصمة دار السلام كادت تمحى من الوجود من شدة الضربات، وموصل الحدباء موطن صاحب الحوت ((النبي يونس "ع")) اصبحت هشيمة وصارت موطن الزلزال واضحت الشمال الحبيب (كردستان الجريحة) مكان تجارب الاسلحة الفتاكة المحرمة دوليا من غاز الاعصاب والخردل، حيث ان حوالي خمسة آلاف شهيد واكثر من ستة آلاف جريح وعشرات الآلاف من المشردين صاروا ضحية مطامع وجهالة هذه الفئة التي باعت ضميرها للمصالح الاجنبية والامبريالية العالمية، وجعلت هذه البقعة من كردستان المظلومة في تاريخ ١٩٨٨/٣/١٦ محلا لغارات أسراب من الطائرات المحملة بالقنابل الكيمياوية الفتاكة والمحرمة دوليا، حيث بلغت عدد الغارات ثلاثة وعشرون غارة في يوم واحد او يومين وانزلت محمولاتها من المواد الكيمياوية على هذه المدينة والمنطقة من النساء والاطفال والشيوخ الابرياء المعصومين.

نحن لا ندري ولانعلم، كل هذه الجرائم البشعة ضد شعب ضعيف وآمن، ليس له حول ولا قوة للخلاص من مأزق هذه الجريمة النكراء، وعلى حساب من. فضحايا حلبچه وشيخ وسان، وملكان وخانقين، ومندلي، وبدره، والقرنه والبصره والموصل وبغداد، ما هو ذنبهم وما هي جريمتهم وبأي ذنب قتلوا. لذا علينا نحن ابناء الشعب العراقي كردا وعربا وتركمانا والاقليات القومية ان نتحد بنية خالصة واخوّة صادقة كي نكون كالبنيان المرصوص، نشد بعضنا الى بعض امام هذه التحديات ولندفع هذه الجرائم والمظالم البشعة عن انفسنا واطفالنا ووطننا ونحفظ كرامتنا ونرفع رؤوسنا ونبني مرة اخرى اخوتنا على اساس صلب وقوي، ولنتصافح من جديد على عهد وثيق كي نرفع الخطر الموجّه الينا والى اولادنا ووطننا، ونناشد بصوت واحد وعال كافة المنظمات والهيئات الاسلامية في العالم والى كل ذي ضمير حي والى ذوي الوجدان والمروءة والانسانية ان يضعوا لهذه الجرائم حدا ولهذه المصائب نهاية، وان نستعمل كل مالدينا من امكانيات ضد هذه الفئة الطاغية امتثالا لقوله تعالى ((وما لكم لا تقاتلون في سبيل الله والمستضعفين من الرجال والنساء والولدان الذين يقولون ربنا اخرجنا من هذه القرية الظالم اهلها واجعل لنا من لدنك وليا واجعل لنا من لدنك نصيرا)). وقوله تعالى (الذين آمنوا يقاتلون في سبيل الله والذين كفروا يقاتلون في سبيل الطاغوت فقاتلوا اولياء الشيطان انّ كيد الشيطان كان ضعيفا.) صدق الله العظيم.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

اتحاد علماء

الدين الاسلامي الكردستاني

١٩٨٨/٣/٢٨

پەیامێکی یەکێتی زانایان بۆ گەلانی عیراق لەدوای کارەساتی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨

٤١-مەلا صالح عبدالخالق پیرانی

٤٢-مەلا جمال محمدامین پیرانی

٤٣-مەلا عزت احمد پیرانی

٤٤-مەلا حسین حسن پیرانی

٤٥-مەلا عبدالرحمن چالی

٤٦-مەلا عبدالرحمن صنعان ئەرگوشی

٤٧-مەلا تمر صالح ماواتی

٤٨-مەلا شفیق خلیل ئیدلبی

٤٩-مەلا ابراهیم شیخانی دۆلەمەری

٥٠- مەلا عیسا محمود کەونەگوندی

٥١-مەلا جعفر بەرچی

٥٢-مەلا کاکل یونس

٥٣-مەلا مجید کۆلەکی

٥٤-مەلا علی شوکری مجید

٥٥-مەلا مسکین موعاز ئیدلبی

٥٦-مەلا احمد عبدالخالق ئیتوتی

٥٧-مەلا محمد پالۆ

٥٨-مەلا محمد تاهیر مەلا محمد پالۆ

٥٩-مەلا زەکی مەلا محمد پالۆ

٦٠-مەلا وەهبی خالند دری

٦١-مەلا دلدار اسماعیل

٦٢-مەلا عیسا ریکانی

٦٣-مەلا عصمت رێکانی

٦٤- مەلا ممدوح مزووری

٦٥-مەلا سیف الدین مورتەزا

٦٦-مەلا موسا حسن دۆسکی


بسم الله الرحمن الرحيم

الرقم /

( هذه شهاده ووثيقه شرعيه لعقد النكاح و التزويج )

احيط علما لكل من يهمه الامر من اهل الحل و العقد من العلماء الافاضل و الحكام المحترمين على نحو الآتي انا ملا ( ) من مهاجري العراق الساكن حاليا في اوردوگاه عهرك زيوه اقر و اعترف باني اجريت عقد النكاح و التزويج بين الخاطب العاقل البالغ عمره ( ) من عشيره ( ) الساكن في ( ) المدعو ( ) و بين مخطوبه العاقله البالغه من عمرها ( ) من عشيره ( ) الساكنه في ( ) المدعوه ( ) عقدا خاليا من الموانع الشرعيه و النظاميه على مهر مقدم قدره ( ) و مهر موخر قدره ( ) و ذلك بعد رضاء الطرفين و اخذ وكاله وليها المذكور اعلاه و ذكر المهرين خلال العقد و بحضور الشاهدين الشرعيين المذكورين ادناها ولدى الحاجة الماسه مستقبلا اعطيت بيدي الزوج • الزوجه هذه الشهاده ممضاه من قبلي والشاهدين والزوجين بتاريخ / / / ١٩ •

والله ولي المؤمنين •

الشاهد بذلك

من عشيره

الشاهد بذلك

من عشيره

الزوج

من عشيره

الزوجه

من عشيره

العاقد

ملا

من عشيره

وێنەیەك لە كۆنوسی هاوسەرگیری لەسەردەمی ئاوارەیی



مامۆستا مەلا فازل یاسین

نزیکەی ٣٠ ساڵ ئەندامی

سەرکردایەتی بووە

# مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا

## جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان لە خولی دووەمو ماندوونەناسێکی سەردەمی خۆی

عبداللە مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی



ناوی: مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی ئەحمەدئاوایە، کوڕی مەلا شێخ موحەممەدی بارام ئاوا، کوڕی شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی. لە ساڵی (١٩٢٨ز) لە گوندی (دەمەیەو) لە هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

مامۆستا و یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان: ماوەیەك پێش ڕاپەڕین، یەکێتی زانایان لە کەرەج و مەڕگەوەڕ و ئورومیە و ڕاژان، چەند کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ زانایانی ئاوارە سازدا، بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (سەرۆك مەسعود بارزانی)، و لەوێ بڕیار درا کە سەر لەنوێ (یەکێتی زانایان) دروست بکەنەوە، و دوای چەند کۆبونەوەیەك ئەوکات جەنابی (مامۆستا مەلا مەحمودی دێرشەوی دهۆکی) «ڕەحمەتی خوای لێ بێت» بە سەرۆکی یەکێتی زانایان دانرابوو، و مامۆستا مەلا ئەحمەدیش وەك جێگری سەرۆك و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی دیاریکراو دواتریش دوای ڕاپەڕین لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دووەمی (یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان) بوو، و پاشانیش تا هەڵایسانی شەڕی

ناوخۆ و دواتر وەفاتکردنی هەر لە (یەکێتی زانایان) و لیژنەکانی فەتوای سەر بەم یەکێتییە مابوویەوە.

مامۆستا و خەباتی سیاسی و کوردایەتی: ئەوەی پێش هەموو شتێك شیاوی گوتنە ئەوەیە مامۆستا مەلا ئەحمەد بەدرێژایی ژیانی (حەزرەتی شێخ عوسمان سیڕاجەدینی بیارە)ی، وەك ڕابەری ئاینی خۆیو (مەلا مستەفای بارزانی) وەك ڕابەری نەتەوەیی هەڵبژاردووە، و هەموو تەمەنی بەم بڕوایەوە نەلەخشاوانە ژیاوەو لەسەریشی ژیانئاوایی کردووەو پاڵپشتی کرداریو هۆنراوەکانیشی شایەتی ئەم ڕاستییەن.


بناوی خوای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز کاکی حێژا و خۆشەویست مامۆستا شێخ (احمد) احمد ئاوا زۆر بەڕێز
سڵاوێکی گەرم و ئیشلای ئاراستەی جنابت ئەکەم
یەکەم جار پرسیاری ئەحواڵت ئەکەم و حەقیقەتی جنابت ئەکەم
داوای لە یەزدانی پاك ئەکەم هەمیشە بە سەرکەوتی و پێشکەوتی بێ
خوا جنابت بپارێزی لە هەمو بەلاکو نیاو دوزەخی ئاخرەت
مامۆستا جان جنابت هەمیشە لە بیرم ناچیت هەر لە بەر چاوی منە
بەلام لە بەر دووری دەستم لێت ناتە بڕین لە بەر ئەوە ڕێگایە دورە
ئەگەر خوا شاهیدە جنابت هەر لە فکری منە لە بیرم ناچیت حیق دەدم
لە خودا تەمەنت درێژ بێ لە بو ئەو دینە پیروزە و ئەو میللەتە
مامۆستا جان،
ئەگەر جنابت پرسیاری حالی ئێمە بکەی شوکر بو خوا ئێمە زور باشین
ئەباشی ئێمە دووری جنابتە الحمدالله ئێمە زور باشین
مامۆستا جان ئەوە یەکەمین نامە بو جنابت ڕەوانەکردم بە واسیطەی
مامۆستا شێخ ملا احمدی امام خطیبی مزگەوتی کو بیخوینێ ئەمن زور
ئەشەکەرو سوپاسی ئەو زاتە بەڕێزەوکم چکو ئەوی بەمن وت حالو
ئەحواڵی جنابت بومان عەرزکرد
مامۆستا شێخ احمد حیق دەدم دوعا لومان بکە و ئەمن دەستت ماچ
ئەکەم زور سلاو وت لێت ئەکەم
و زور سلاوی ئێمە لە منداڵتان دکەم
ئیتر خواتان لەگەل خوا حافیز
تبینی
ئەمن حاوری جنابتە لە
کونفرنسی مزگەوتی زبیدە لە ایران
و لە اربیل و لە دیانا و
برات
ملا عبدالله حسن عبدالعزیز
ابراهیم الخلیل

بۆیە مامۆستا مەلا ئەحمەد هەر لەکۆتایی چلەکانەوە تەقلی کاروانی نەتەوەییو کوردایەتی بووەو هەر بەم هۆیەشەوە ژێر دەسەڵاتی پاشایەتی ئێرانی بەجێهێشتووەو پەڕیوەی دیوی باشوری کوردستان بووە، لێرەیش بەردەوامی بەکاروخەباتی سیاسی و کوردایەتی داوەو لە شەستەکاندا و دوای جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە سەرۆك مەلا مستەفای بارزانی، لەلایەن ئەو تاقمە یاخییەوە دەستگیر کراوەو ماوەی چوار مانگ لەزیندانی (ماوەت) بووە، کە بارەگای سەرکردایەتی ئەو باڵەی لێبووە و لەو ماوەیەدا جۆرەها ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونی دراوەو پاشان بەدرێژایی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق چەندین جار گیراوەو زیندانی کراوەو مزگەوتەکەی لە (ئەحمەدئاوا) شایەتی ئەو ڕاستیەیە کە مامۆستا چ پشتیوانێکی موخلیسی نەتەوەکەیو شۆڕشەکەی بووە.

ماموٚستا لەگەڵ شیعردا: ماموٚستا لە شیعردا دەستی هەبووەو لە زوٚر بابەتدا شیعری نووسیوە، بە داخەوە دوو بەرگی شیعرەکانی لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بە کتێبخانەکەیەوەو چەندەها نووسراوی خوٚیەوە سووتاون‌و ئێستاکە تەنها بەرگێکیان ماوەو ماموٚستا بە چەند نازناوێکەوە شیعری وتووە، لەوانە: (کەڵەیم، عەبداڵ، مەلای هەورامی).



کوٚچی دوایی ماموٚستا: ماموٚستای خواناس پاش بەسەر بردنی تەمەنێکی پڕ لەچەرمەسەری نزیك بە حەفتا ساڵ لە ئێوارەی ڕوٚژی (٩/١٢/١٩٩٦) لە ئەحمەد ئاوا کوٚچی دوایی کردوو، و لە گوٚڕستانی (عەبووشەمامان) هەر لە دامێنی ئەحمەدئاوا ئەسپەردەی خاککراوە.

بە ئەمری خوای مەزن لەکاتی نوێژی مەغریب دا و لەسەر بەرماڵ کوٚچی دوایی کردووە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: «مَنْ كَانَ آخِرُ كَلَامِهِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ»، سنن أبي داود، فةرموودةي ذمارة (٣١١٦)، وَ صَحَّحه الشيخ الألباني، و هەروەها دەفەرموێت: «يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ» صَحيح مُسلِم، فەرموودەی ژمارە (٨٣ – ٢٨٧٨).

شیاوی باسە: (ڕادیوٚی دەنگی کوردستانی عێراق) لەو دەمەدا و بوٚ ڕوٚژی دواتری ژیانئاوایی ماموٚستا ماوەیەك لەبەرنامەکانی تایبەتکرد بە باسی ژیان و هەوڵ و

تێکۆشانی مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا، و ڕۆڵی خۆی و مزگەوتەکەی و گوندی ئەحمەدئاوا لەخزمەتی شۆڕشدا، هاوشان لەگەڵ خوێندنەوەی بروسکەی تایبەتی (سەرۆك مەسعود بارزانی) بەبۆنەی ماڵئاوایی مامۆستا مەلا ئەحمەدەوە.

**(لە بە خێرهاتنی ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە هەولێردا ووتراوە ساڵی ١٩٩٢م)**

موژدە بۆ کوردی بەئیمان وا کە ئەمڕۆ جاریـە
کۆنگرەی ئەهلی بە ئیخلاص بۆ هەموو لا هادیە
ئەهلی دین ئەمڕۆیە شادە، چونکە ڕۆحی موخلصین
وان لـــــە ئیجماعی ڕەوادا نەهجی دینەو ساریە
دەك بە خێر بێن گشت بەجاریٚ کۆڕی جەمعی عالـمان
جێگە داری ئەنبیان و خاسو عامـــــــــی ئاریە
ڕوو بـە ئیخلاص و حەقیقەت تیٚ ئەکۆشن سەربەخۆ
بــۆ نیزامی دینی ئیـــسلام، دینی ئیسلام ڕازییە
دەك موبارەك بیٚ (ایا من کنت موصوفا لدی
مصحفا الاسلام وصفا) واتــە ئایـەی باریە
(انما یخشی) لە گەڵ تۆ مەشهەدی وەعدو عەتا
شاهــــــدی بەژن و نمایە و بۆ قیامەت کافیە
هەر (کەڵەیم) دادی بەتەنیا بەس دۆعایەو داعیە
بیٚ بەڵا بن پێشەوای دین تا زەمانیان باقــیە
ئەی گرۆهی عارفین و ئەی گرۆهی صاڵحین
(مرحبا بالخیر جأتم ) جانیشنی مورسەلین
جێگە داری مەصنەعی حەق صاڵحین و عادلین
هەربژی ڕۆحی ئەمینتان چۆن گرۆهی عـارفین
زینـــەتی دنیاو و دینن ڕەهبەری ڕەببەلـمەتین





ڕەمزی جەمعی مورسەلین و ڕێ خەری ڕێی عالـمین

حاملی پەڕتووکی کەون و واژەیی ئاساری دین

هەڵگری ئیعلامی ڕۆحین ڕێگەکانی ڕێی یەقین

مەتڵەبی پـوختی دەروونو مەنهەجی کۆی عابدین

هەر بە ئێوە ئەدرێ تەعبیر، بێ ڕیاو پاکوو یەقین

ئەی ئەمانەتگیری گشتی حاملی پەڕتووکی دین

لازمە ئەمڕۆ کە بێژین (کل فکل)ئێوەن ئـەمین

لایەقی عیلم وفەڕاسەت عەقڵ و نەقڵی چین بە چین

خاصی ئەهلی عـیلمە بێ شك سابتە سەبتی موبین

(مالك الـملك )ی، حەقیقی حاملی عیلمی بـــــــەرین

بەس بەتەنیا خاصی ئێوەس، چوونکە ئێوەن موخلصین

لامەدەن، ڕێگا مـەدەن، لەو نیزامە چوون وەکیل

بـۆی خەیانەت لەو وەکالە دێتە خوار لاتە یەقین

گەر بدەم وەصفی تەواوی بۆ گرۆهی عالـــــمین

داری دنیا گەر قەڵەمبێ سەرف ئەبێ نابێ یـەقین

لـــــــەم مەرامە چاك وایە باسکووتکەم بێ قەرین

چوون(کەڵەیم) وهاوسەرانی قەت کە ناگەن کۆی بەتین

**(ساڵی ١٩٨٨ ز، شاعیر هەستێکی پێشانداوە لەناو کۆڕێکی یەکێتی زانایاندا)**

ئەی پڵنگی پوڕ خەواڵو هەستەوە با دەست و برد

لابەرە تۆزی چەمانت گـــەل بەگشتی دایە هەرد

ئەی نەوەی کوردی نەترس و بێچووە بارانی نەبەرد

چاوەڕوانی تۆیە خاکت دەشت و کێوودارو بــەرد

گەر بکەی دابینی ڕەوگەت مەرد ئەڵێ مەردی لە مەرد



لە خاکی پاکی کوردانت بەبێ ڕەحمانە نامـــەردە
درێغی هیچ نەکرد کوردە وەشانی تۆی دزو جەردە
ئەگەر مەردی دەبێرەدەر بڕۆ شێرگای گەلی کوردە
فەساد و مەفسەدەی بەعسی لەبن بێنە بەبێ پەردە
گەر بکەی دابینی ڕەوگەت مەرد ئەڵێ مەردی لەمەرد
برا باوەڕ بکە نەخشەی چەپەڵ و پیسی سەرکردە
ستەمکاری گەلی بەعسی بویستی لابەری کـوردە
لە تەسمیمی ئەساسیدا ئیبادەی جەمعو هەم فەردە
وەکو دەوری ئەتا تورکی نەهێڵانە بـە بێ پەردە
گەر بکەی دابێنی ڕەوگەت مەرد ئەلی مەردی لەمەرد
ببیسە کوردە با وەسیەت بکەم ئەمڕۆ لە دەورانم
قەڵەم دەفتەر بهێنە دەر، بنووسە فکـری پیرانم
بڵێ کوردم نەوەی کوردم بەیەزدان و بـە ئیمانم
کەلانادەم لە بیری کورد، ئەمن کوردم هەتا مانم
گەر بکەی دابێنی ڕەوگەت مەرد ئەڵێ مەردی لە مەرد
ئەچێنم داری سیل و زۆخ لە دڵ دوژمن لەسەر کوردان
بە ئازار و بەئێش و ڕێش بەیانکەم عیبرەتی دەوران



ئەمن کوردم (کەڵەیم) کوردە
لەگۆران بێ وە یا سۆران
بـەئیمانم وەسـیەتم وا کـرد
(کەڵەیما) ڕەهبەری دەوران
گـەر بکـەی دابـێنی ڕەوگـەت
مەرد ئەڵێ مەردی لە مەرد

# شێخ موحسین شێخ خالد موفتی سەرۆکی پێشووتری یەکێتی زانایان:

## لە هەموو بۆنە ئاینیی و نەتەوەییەکاندا یەکێتی زانایان پەیامی خۆی هەبووەو لەسەر داوای یەکێتی زانایان کۆلیژی شەریعە لە هەولێرو سلێمانی کرایەوە



**دیمانە: مەلا عبداللە شێرکاوەیی**

لە رابردوودا یەکێتی زانایان وەك رێکخراوێکی پیشەیی هەمیشە لەخزمەتی ئیسلام‌و موسڵمانان جێدەستی دیار بووەو چەندین هەنگاوی کردەیی لەو بارەوە ناوەو کاردانەوەو کاریگەریگەری ئیجابی بەسەر جەستەی کۆمەڵگەی کوردیەوە دیارە، لەرووی هەستی نیشتمانی‌و بایەخدان بە بۆنەو یادە ئایینی‌و نەتەوەییەکان بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی پتری کۆمەڵگە، بەردەوام لە خەبات‌و تێکۆشان بووە، زۆرن ئەوانەی رۆڵی کاراو باشیان گێڕاوەو خزمەتی کیان‌و کۆمەڵگەیان کردووە، مامۆستا شێخ موحسین شێخ خالد موفتی سەرۆکی پێشووتری یەکێتی زانایان یەکێك بووە کە خزمەتی زۆری بە یەکێتی زانایان کردووە، بە پێویستمان زانی لە ساڵیادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان بۆ مێژوو هەندێ یادەوەری لەخۆیەوە تۆمار بکەین‌و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین:

**+ سەرەتا لە پە نجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان چ پەیامێکتان هەیە؟**

– حەمدو سەنا بۆ خودای گەورەو بەدەستەڵات، درودو ڕەحمەتی خودا لە گیانی پاکی پێغەمبەری پێشەواو نازدارمان حەزرەتی فەخری عالەم (صەڵات و سەلامی خودای لەسەربێت) وەلەسەر گیانی یارو یاوەران و ئەصحابی کیرام و ئال و بەیتی پیرۆزی و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

سەرەتا پیرۆزبایی گەرم لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان دەکەم، هیوای سەرکەوتن بۆ مەلای کوردو دڵسۆزانی ڕێبازی پیرۆزی دینداری و نیشتیمان پەروەری دەکەم، هاوخەمی خۆم ڕادەگەیێنم بۆ هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتوونەتە ڕێی مەلای ڕاستەقینەی کورد، کە لە نێوانی کۆمەڵە بەرداشێمکدا خەریکە تووشی نائومێدی و هاڕین دەبن مەگەر فریای خۆیان بکەونو لە ناو ئەنجینداى دەستێوەردانی لایەنە بەژەوەندە چییەکاندا خۆیان و عیززەتی مەلای کورد بپارێزن بۆ ئەوەی نەکەونە بەر شاڵاوی ڕقی تۆڵەی نەیارانیشیان کە خەریکن مزگەوت و ناوەندە زانستییەکان بەتەواوی لە زانای ڕەسەنی کوردی داگیر دەکەن.

**+ پەیوەندی بەڕێزتان بە یەکێتی زانایانەوە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ بەڕێزتان لەرابردوو ماوەیەك بوون بە سەرۆکی ئەو ریکخراوە، دەکرێ بزانین ئەم هەنگاوە چۆن بووەو چ هەڵوێست و هەنگاوێکتان ناوە؟**



– پەیوەندی بەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە چەند مانگێك لە گوندی خەرپانی بوین، پاشان ماڵمان باری کرد بۆ بیارە، ئەو کاتە

ناوەندێکی بەهێزی شۆڕشی کورد بوو، وە زاناکانی هەڵەبجە و سلێمانی ئاوارە ئەندام بوون لە یەکێتی زانایاندا، وە ساڵێك پێش ئەوکاتە کۆبوونەوەیەك کرا لە هەڵەبجە ئەندامی کارگێڕی لقی هەڵەبجە هەڵبژاردنیان بۆ کرا، پێشتر مامۆستا شیخ خالیدی موفتی باوکم لە کۆنگرەی گەڵاڵە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایان بوو، لەبەر ئەوە ئێمەش یەکێتی فەقێیانی کوردوستانمان دامەزراندو لەبەر زۆریی چالاکیمانەوە لەلایەن مەرحومی سەرۆك مەلا مستەفاوە هەندێك لە زانایان و چالاکوانی فەقێکان خەڵاتکران، یەکێك لەوانە بەندە بوو کە کڵاشینکۆفێکی نوێیان بۆ هێنام بە هەموو کەرەستەکانیەوە، پاش نسکۆی شۆڕش ئێمەش پەرەوازە بووین، بەڵام هەمیشە یەکێتی زانایان و شۆڕش لە دڵماندابوو، تا ساڵەکان نزیك بوونەوە لە کیمیابارانی هەڵەبجەو ئاوارەبوون و پەیوەندی کردن بەزاناکانی یەکێتی زانایانەوە لە ئۆردوگاکانی کوردوستانی ڕۆژهەڵات، بۆیە دوای ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا شێخ ئەحمەدی ئەحمەداوا کە لێپرسراوی لقەکانی کەرکوك سلێمانی یەکێتی زانایان بوو لە دەرەوە هەوڵماندا هەموو دامەزراوەکانی ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجەو پشدەرمان دامەزراند، وە تەواوی نووسراوە فەرمییەکان پارێزراون کە لیژنەی فەتوایشمان دامەزراند، پاش کۆڕەوو هەنگاونانمان بۆ ڕزگاربوون ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە کاتێك بیستم چوار صەد مەلاو زانا بە بانگێشتی فەرمی داوەت کراون بۆ مەکتەبی سیاسی (ینك) لە شەقڵاوە، وەلەبەر هەر هۆکارێك بێت ئاگاداری ئێمەیان نەکردبوویەوە، منیش پەیوەندیم کرد بە چەند مامۆستایەکەوە کەسیان ئاگادار نەکرابوون، وتم پێم باشە بڕۆین و بەشداربین، جەنابی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای کاتب فەرمووی منیش دێم، پێکەوە لەگەڵ مامۆستا شێخ عوسمانی مەردۆخی و مامۆستا مەلا ڕەشیدی ڕاوگانی و مامۆستا مەلا هیبە اللە قازی پێنجوێنی بەڕێکەوتین و گەیشتین بە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا.

بۆمان دەرکەوت کە ئەمە بڕیارێکی پێش وەختە دراوە بۆ دروستکردنی یەکێتیەکی

زانایانی نویێ، کە کۆنگرەی یەکەم بێت و ئەوەی گەڵاڵەو پێشتر ناونەبرێت، هەندێك لەماموٚستاکان قسەیان کرد، ئێمە پێمان سەیر بوو چونکە پێشتر لە لیژنەی هەماهەنگیدا پێکەوە سەردانی دوولایەنە سەرەکییەکەی کوردوستانمان کردبوو کە هاوکار بن و کێشەمان بۆ دروست نەکەن پێکەوە مەلای کورد گەشە بەیەکێتی زانایان بداتەوە، بەڵام ئەو تاکڕەوییەمان پێ خۆش نەبوو، دوای ئەوەی بەڕێز مام جەلال هاتە ناو هۆڵەکەوە تەوقەی لەگەڵ مەلاکان کردو چووە سەر دوانگەکەو وتارێکی ئاگرینی دەستخۆشکەری خوێندەوەو هەموو پشتگیرییەکی ڕاگەیاند بۆ ئەم کۆنگرەی کە دەبەسترێت، وە پاشان وتی: ئێوە لێرەدا ئازادن بۆ خۆتان کێ هەڵدەبژێرن بڕیار بەدەستی خۆتانە، ئێمە تەنها سەیری ئەنجامەکەی دەکەین، دیارە ئەوەی بانگکرابوو هەموو ناسراویان بوون و دیارییشیان کردبوو کێ خۆی بپاڵێوێت و دەربچێت.



منیش بێ هەڵوێستیم بە بێ غیرەتی زانی و وتم: ئەم کارە بۆیان بچێتە سەر یەکێتی زانایان دوولەت دەبێت و کێشەی گەورەی دووبەرەکی پارتی و یەکێتیشی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە داوای قسەم کردو بەڕێزەوە مام جەلال ڕێگەی پێدام و بانگیان کردمە سەر مەنەصەکە، منیش سووپاسی ئەو هەوڵ و کۆبوونەوەم کردن و وتم دیارە نیەتتان خێرو یەکڕیزی زانایانە، کە زانای کورد ببنە هەوێنی گیرسانەوەی شۆڕشی کۆردوستان، بەڵام چەندین نەیارمان هەیەو چەندین لایەنی ئیسلامی و غەیری ئەوانیش لە ساحەکەدان کە ببیستن کۆنگرەی یەکێتی زانایان لە ناو بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتێکی سیاسیدا کراوە گەورەترین مایەی تێکشکانی زانایان دەبێت و تیایدا سەرکەوتوو نابین!!



نەدەکرا لەوێدا زیاتر بڵێم، ئەوەندەم دووپات کردوە کە نابێت لێرەدا بکرێت، شوێنێکی دیکە با مزگەوتێکی گەورەبێت بکرێتە جێگەی ئەو کۆبوونەوەیە، زۆربەی مامۆستاکان پێیان خۆش بوو، وە بەڕێز مام جەلالیش قسەکەی بە سوپاسەوە وەرگرت و وتی: ئاساییە گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ کۆنفرانس و هەڵبژاردنەکەتان بکەن، وتی: پشتگیری لە قسەکانی ئەو شێخە گەنجە دەکەم لێرە نانی نیوەڕۆ دەخۆن و دەچنە مزگەوتی گەورەی شەقلاوە ئێستە ئامادەی دەکەین لەوێ ئەنجامی بدەن، بەڵام دیاربوو زۆر نیگەران بوون کە بەشێکی کارەکە تێکچوو، بەڵام هەموو خۆی ئامادە کرد بۆ مزگەوت و ئێمەش چەند زانامان ناسی لەو دەوروبەرە ئاگادارمان کردنەوە کە با پێکەوە ئەو کۆبوونەوە بکەین، لە ساتی دیاریکراودا هەموو کۆبووینەوەو چوار وتار خوێنرایەوە، لەلایەن زانایانەوە، بەڵام ئەمجارەیان سیاسییەکانی تێدا نەبوو، منیشیان داوا کرد بۆ قسەکردن بەو هیوایەی پێشنیارەکەم هاتە دیو ئیتر دەست بکرێت بە هەڵبژاردن، منیش وتارێکم داو وتم: کۆنگرە بێ کۆنفرانسی ناوخۆیی ئەنجام نادرێت، من پرسیار لەیەکە یەکەی مامۆستاکانی سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجەو جێگاکانی دیکە کەناوم بردن دەکەم: ئایا ئێوە دەتوانن لێرەوە نوێنەری زاناکانی چواردەوری خۆتان بن، زۆریان بە ئینصافەوە وتیان: نەوەڵلا ئەوان هەر ئاگاداریش نین، وتم: کەواتە ئەم کۆنگرە دەبێتە مایەی جیاوازی و دووبەرەکی و لایەنێکی دیکەیش سبەینێ پێنج سەد مەلا کۆدەکاتەوە کۆنگرەیەکی دیکە دەبەستێ و مەلایش دووبەرەکییان

تێدەکەوێت.

چارەسەریش تەنها ئەوەیە کە لیژنەیەکی ئامادەکاریی دروستبکرێت سەردانی سەرکردەکانی کورد بکرێت و تەواوی زانایانی کورد ئاگاداربکرێنەوەو ڕۆژێك دیاری بکرێت بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووی بێ دەستێوەردانی کەس ببەستین و ببەین بەڕێوەو یەکێتی زانایانیش دوولەت نەکرێت.

زۆربەی زاناکان پشتگیرییان لە قسەکانم کردوو چەندین زانای دیکەیش هەستانەوەو هەمان هەڵوێستیان ڕاگەیاند، بارودۆخەکە تێکچوو کەس نەیتوانی هەڵبژاردن بکات، لەو ڕۆژەوە ئێمە لیژنەی ئامادەکاریمان پێکهێناو سەردانی بەڕێز کاك مەسعود بارزانیمان کردو سەردانی بەڕێز مام جەلال و سەرکردەکانی بەرەی کوردوستانیمان کردو ئەمەی کە دەیڵێم بەدرێژی باسی بکەم پەڕاوێکی تەواوی دەوێت، ڕۆژی کۆنگرەمان دیاری کرد لە مزگەوتی بەکر شاری لە هەولێر.



زیاد لە هەزارو هەشت سەد مەلاو زانا کۆبوونەوەو وتاری زانایان و پارێزگاکانی کوردوستانی تییدا خوێنرایەوەو بەندەیشیان بانگ کرد وتاری زانایانی سلێمانیم خوێندەوەو کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو، سوپاس بۆ خودا هەڵبژاردن کرا بەندە لەسەر ئاستی هەموو کوردوستان یەکەم دەنگم هێنا کە هەموو زانیارییەکان بە فەرمی ماونەتەوە.

**+ ئەو کاتو وەك یەکەم هەنگاو چیتان کرد؟**

– لەماوەیەکی کورتدا تەواوی لقەکانی کوردوستانمان دامەزراندو بۆ خۆم

سەرپەرشتی هەموو هەڵبژاردنەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك و جێگاکانی دیکەم کرد، لەبەر ئەوەی تێکەڵبوون هێشتا لە نێوانی بادینی و سۆرانیدا کەم بوو لە دهۆك وتارەکەم بە عەرەبیدا، یەکێتی زانایان دەنگ و سەدایەکی بەهێزی پەیدا کرد، ماوەیەك جێگامان لە شەقڵاوە بوو، پاشان داوای بینایەکی گەورەمان کرد لە مەصیف صەڵاحەدین و وەرگرت. پاشان بارەگای زانایانمان هێنایە هەولێر پاڵ مزگەوتی حاجی مورادو دواتریش سەر شەقامی شەست مەتری..

لە توێژی زاناو دڵسۆزانی وڵاتو نیشتیمانو ئاینەکەمان کۆمەڵێکی باشمان هەڵبژارد بۆ لیژنەی فەتوای باڵا، وەك ماموستا مەلا شێخ عەبدوڵلای گردەسووری و ماموستا مەلا مەمدوحی مزوری و ماموستا مەلا قادری گەڵاڵەو ماموستا مەلا قادری بەحرکەو ماموستا مەلا عبدالرحمن هەمزەکۆریی و ماموستا شێخ خالیدی موفتی و گەلێکی دیکە لە زانا ناودارەکان.

هەڵبژاردنی کوردوستانیش دەستی پێکردو توانیمان حەوت ئەندامی یەکێتی زانایان بخەینە ناو پەرلەمانی کوردوستانەوە وەك ناوەندی بڕیارو دەستەڵات کە هەموو ڕۆڵێکیان هەبێت بۆ خزمەتی زانایان و مزگەوت و دەزگا ئاینییەکان .

**+ جیا لەمە بەرێزتان لە پەرلەمانو لیژنەی ئەوقاف بوون، دەکرێ یادەوەری و کاروبەرنامەی ئەو کاتو دەسکەوتەکانمان بۆ باس بکەن کە چیتان کردووە؟**

– بەندە لەماوەی سیانزە ساڵی ناو پەرلەمانیشدا زیاد لە نۆساڵی سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بووم لە پەرلەمان، چەند جار هەردوو فراکسوێنەکە پرۆژەیان ناردە پەرلەمان کە پاشگری ئیسلامی لێ بکەنەوە ئێمە ڕازی نەبوین و بڕیارەکەمان پێ هەڵوەشاندنەوە، بەداخەوە پاشتر ئەنجامیانداو ناوی وەزارەتی ئەوقافیشیان گۆڕی.

پرۆژەی هاوسەنگ کردنی شەهادەی ئیجازەنامەی زانستی ئاینیمان پێشنیارکردو چەسپاندمان لە پەرلەماندا کە صەدان مەلای کورد بەهۆی ئەو پرۆژەوە کۆلیژو ماستەرو شەهادەی بەرزیان هێنایەوە، وە بەهۆی ئەوەوە بەندە کە سەرۆکی

لیژنەی ئەوقاف بووم گرفتەکان ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووم دەبوونەوەو زانا بەڕێزەکانیش پشتگیری بەهێزیان لێ دەکردم.

زۆربەی زۆری ئەو پرۆژانەی لە پەرلەمان پێشنیارمان دەکرد هیچ مۆرکێکی حیزبی پێوە دیارنەبوو هەموو پێکەوە ئەنجاممان دەدا .

ویستیان بە ترانزێت و بەفەرمی مەی و گۆشتی بەرازو زۆر شتی دیکە بازرگانی پێوە بکرێت ئێمە هەڵساینەوەو ئەوەندە دژیایەتیمان ڕاگەیاند کە ناچار پاشەکشەیان پێ کردو پاشان بەدزی هەرئەنجامیاندا، وتمان ئێوە هەردەیکەن بەڵام مەیشەرعێنن بەئێمەو کافریشمان مەکەن!!

تەمەنی خانەنشینی مەلای کوردمان کرد بە حەفتاساڵ ئێستەش دیکۆمێنتی نامەی دکتۆر فوئاد معصوم و دکتۆر عزالدین و گەلێك لە ئەندامانی بەڕیزی پەرلەمانم لایە کە پشتگیرییان کردین و تێمانپەڕاند.

نامەیەکی فەرمیم لە بەڕیز سەرۆکی پەرلەمانەوە وەرگرت بۆ زانکۆی سلێمانی و سەرۆکی زانکۆ کە دکتۆر (کمال خەیات )بوو، بەڕێزەوە پشتگیری کردین و لیژنەو پەیڕەوو مەنهەجمان بۆ دیاری کردو بۆ ساڵی یەکەم وتیان با بەشێك بێت لە کۆلێژی زوبان، پاشان بناغەیمان دامەزراندو کۆلیژی شەریعەی سلێمانی لێ دروست بوو. کە لە ئەرشیفی کۆلیژیەکەی سولەیمانی ئەم ڕاستیانە پارێزراون.

پاش ساڵی یەکەم لەسەر داوای یەکێتی زانایان بە فەرمی نامەم لە بەڕێز جەوهەر نامق وەرگرت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەرزیران بۆ کردنەوەی کۆلێژی شەریعە لەهەولێر، وەبەڕێز دکتۆر ڕۆژیش بڕیاری لەسەرداو گرفتی زۆرمان بۆ دروست بوو سوپاس بۆ خودا ئەنجامماندداو دامەزرا.

**+ دەرکرێ بزانین پێگەی یەکێتی زانایان لە چ ئاستێکدا بوو؟ بەرهەمی ئەو کات چی بوو؟**

– لەهەموو بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکاندا وتاری یەکێتی زانایان لە دووهەم وتار دانەدەکەوتووەو کورسی سەرۆکی یەکێتی زانایان لەگەڵ کورسی سەرۆکەکاندا لەپێشەوە بوو.

دەنگی زانامان بە بەردەوامی بۆ نزیکەی حەفتا ژمارە دەرکردو پابەندیی تەواومان بە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەوە هەبوو لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەیڕەوی کردن لەسەر مەزهەبی پیرۆزی ئیمامی شافیعیو عەقیدەی ئەشعەریداو هیچ ڕایەکی جیاواز نەیدەتوانی یەکڕیزی زانایانی کورد بترازێنێت و بیشێوێنێت.

لەدوای ساڵی یەکەم کۆنگرەی سێیەمیشمان بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا و بەم شێوەیە بەردەوام بوین. لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی خۆخۆری و ناوخۆییدا ڕۆڵی زانایان لە پێشەنگی هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانەوەبوو بۆ وەستان بەرانبەر ئەو شەڕە نەگریسەو هەڵگێرسێنەرانی.

هەیبەت و سامی زانایان لە ئەوپەڕی دابوو، هەرکۆبوونەوەیەکی لیژنەی ئەمنی هەرێم بکرایە کە وەزیری ناوخۆو ئەوقافی تێدا بوایە بەبێ سەرکردایەتی زانایان بڕیار لەسەر شتە گرنگەکان نەدەدرا.

وە بەندە لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕۆحیو مەعنەویم بە حەزرەتی شێخ محمد عوسمانی سیراجەدینەوە هەبوو، وە ڕەزامەندی و فەرمانی ئەوی لەسەربوو کە لەناو یەکێتی زانایاندا بووم، بۆیە نامەی ئەوزاتەیەمان بۆ هات کە پشتگیری لە یەکێتی زانایان کردوو ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لەناو تەواوی زانا موریدەکانداو بە ڕۆح و گیان پشتگیرییان لە یەکێتی زانایان دەکرد کە لەوکاتەدا دەستکەوتی دونیاییشی نەبوو تەنها یەکڕیزی و



دینداری و نیشتیمان پەروەری نەبێت. وە ئەو پشتگیرییە هۆکاری ئەوە بوو کە لە سەدا ٩٩ی زانایانی موریدو ئەهلی تەریقەت تەنها لە ڕیزەکانی یەکێتی زانایاندا بوون و زۆربەیان پێکدەهێنا کە بیرو هزری نامۆی تیا بڵاونەبێتەوە.

لەو کاتەدا کە سەرپەرشتیاری کارەکانی یەکێتی زانایانم دەکرد بۆ یەکەمجار بڕیارم بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەرکرد کە تاقە سەرچاوەی بڕیاردانی ئاینی و فەتوای ئیسلامی لە هەرێمی کوردوستاندا کە پابەندی لیٚ بکرێت تەنها یەکێتی زانایان و لیژنەی فەتوا باڵاکەیەتی کە وێنەیەك لە بڕیارەکەم لایە.

**+ لە رووی فکریو رەواندنەوەی بیری توندڕەویو بڵاوکردنەوەی بیری میانڕەوی چ هەنگاوێکتان نا؟**

- بۆ یەکەمجار کۆنگرەی دژی تیرۆرو ئیرهاب لە کوردوستاندا بەسترا بەندە نوێنەری زانایانی کوردوستان بووم لە ئامادەکردنی کۆنگرەکە بە دەیان کۆبوونەوە تا بڕیارمان لەسەرداو بەسەرکەوتوویی لەگەڵ ڕاگرەکانی زانکۆی صەلاحەدین و سلێمانی لە ئوتێلە گەورەکەی ڕێگەی مەصیف کۆتاییمان پیٚ هێنا.

ئێمە لە یەکێتی زانایان بۆ هەموو بوارەکانی دەورەی وتاربێژی و کاری ڕێکخراوەیی بەربڵاوو بوونی نوێنەریمان لە بڕیارە چارەنووسسازەکانی پەرلەمان و دامەزراندن و گەڕانی زانایان بەسەربازگەکاندا بۆ وەستانی شەڕو گەلیٚ بابەتی گرنگی دیکە ڕۆڵی پێکهێنەرو دامەزراندن و چەسپاندنی پێگەی یەکێتی زانایانمان دەبینی تا ببێتە ڕێکخراوێکی فەرمی گویٚ لێگیراو لە هەموو بوارێکدا،.

وە بەندە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەوژمی سەلەفییە شاراوانەی کە دواتر لە بەرگی قاعیدەو جوندو داعش و بەد مەزهەبەکانی کوردوستاندا سەریان هەڵدا هەر زوو بەرنامەی تێرو تەسەلم لە تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردوستان پێشکەش دەکردو زنجیرە وتارێکیشم لەژێر ناونیشانی (ئاینی پیرۆزی ئیسلام و پەیڕەوی لە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت) لە سیانزە ئەڵقەی دوورو درێژدا نووسی و وەك سەرۆکی یەکێتی زانایان و زوبانحاڵی ئەو ڕێکخراوەیە بڵاوم کردەوە کە

تەواوی سەرکردە توندڕەوەکانی کڕراو لە دەزگا موخابەراتییەکانی ئەو کاتەی ئینگلیزو هاوڕازەکانی تیا درایە بەر لێکدانەوەو شیتەڵکردنەوە بیرو هزرو مەترسییەکانیان ڕوونکرایەوە، کە ئێستەش بەدەگمەن ئەو قسانە ڕووبەڕوویان دەکرێتەوەو کاتێك بەریان بۆ بەرەڵا کرا خۆیان کردە برابەش و لەوانەیە ئێستا هەندێك لەوانە زانای ئاینی پەیڕەوی شافیعی و ئەشعەری بە نامۆو ئەهلی بیدعەو زیادە بزانن لە کوردستاندا.








# دکتۆر محەمەد ئەحمەد گەزنەیی
# سەرۆکی پێشووتری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان




دکتۆر محەمەد ئەحمەد گەزنەیی لەدایکبووی ١٩٤٩و هەڵگری پلەی پرۆفیسۆری لەبواری شەریعەو قانون، یەکێك بوو لە زاناو هەلکەوتووەکانی نێو کاروانی زانایانو خاوەنی چەندین بەرهەمو نووسینەو لەزۆر رووەوە رۆڵی دیار بوو لە خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو هەستی نەتەوایەتیو یەکێتی زانایان، چەندین ساڵ سەرۆکی یەکێتی زانایانو لەساڵی ٢٠٠٤ لە ئیدارەی سلێمانی وەزیری ئەوقاف بووە، هەروەها مامۆستای زانکۆو کەسێکی شارەزاو دیاری هەرێمی کوردستان بوو. خاوەنی ٢٣ بەرهەمە بە زمانی عەرەبیو ١٨ بەرهەم بە زمانی کوردی.




دکتـــــۆر محمـــــد گەزنــەیی رێــك لــە ١١/٢٦ی١٩٩٢ تــا ١٩٩٥/٧/٤ وە لـــە ماوەی ٢٠٠٥/٧/٦ تـا ٢٠١٠/٢/١٥ لـە ئیـدارەی سـلێمانی سـەرۆکی یـەکێتی زانایان بووە.

لە رۆژی (٢٠١١/٥/٥) دکتـۆر محەمـەد ئەحمـەد گەزنـەیی دوای نەخۆشـیەکی درێـژ کۆچی دوایی کرد، لـە زێدی خۆی لە گونـدی (گەزنـە) لـە دەشـتی هـەولێر بە خاك سپێردرا.



# مەلا مەحموود دێرشەوی
# سەرۆکی خولی دووەمی یەکێتی زانایان

**عامر مەلا محمود دێرشەوی**

یەك لە دامەزرێنەرو سەروکی ئێکەتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە کوردستان.
نڤیسەرو هۆزانڤان، ئەندامێ خولی یەکەمی پەرلەمانێ هەرێما کوردستانێ.



**ناڤێ سیێقولی:** محمود فندی عبداللە

**ژیان:** ١٩٣٩- ٢٠٠٤/١٠/١٨ دهۆك

**کورتە ژیاناما مەلامەحموود دێرشەوی:**

دێرشەوی ژ بنەمالەکا کوردپەروەر بوویە، یەك لە باپیرەکانی (مام یوسف) ڕۆلەکی هەرەگرنگ هەبوویە ل بەرەڤانییا ژ میرنشینا بۆتان. دێرشەوی ژی ژیانا خۆ تەرخان کربوو بۆ بەرەڤانییا ژ مللەتێ خوە یێ کورد. ڤێجا چ وەکو نڤیسەرو هۆزانڤان، چ ژی وەکو مەلا و سەروکێ ئێکەتییا زانایێن ئاینی ل کوردستانێ، یان ژی پێشمەرگە و پەرلەمانتار.

**نڤیسەر و هۆزانڤان :**

ل مەیدانا ئەدەبیاتێن کوردی مەلا مەحموود دێرشەوی خوەندەڤایێ هۆزانێن جزیری و خانی و جەگەر خوین بوویە. وی ل دەستپێکا سالێن شێستان هۆزان نڤیسینە. کوومەکا هۆزانێن دەستنڤیس ب شوین خوەڤە هێلانە. ل ڤان نێزیکا



زانکوا زاخو دیوانا وی یا دەستنڤیس چاپ دکەت.
ب تایبەت پشتی نەسکوا سالا ١٩٧٥یێ، حکومەتا عیراقێ کەفت شەڕێ نەهێلانا زمانێ کوردی و بێبهاکرنا کەلتورێ ڤی مللەتی. هەر د ڤی دەمیدا دێرشەوی د کەڤت خەباتا بەرەڤانییا ژ زمانێ و کولتورێ کوردی. وی د پەرتوکەکێدا (مشتاخا چیا ژ گۆتنێن پێشییا"، چاپا یەکێ ١٩٨٠) گۆتنێن پێشیێن کوردا کوومکرنە و شروڤە. مشتاخا چیا نەتەنها بەشەک گرنگ ژ کەلتورێ مللەتێ کورد پاراست، بەلکو ئەڤ پەرتووک بوو دەرگەهەک پیتەپێدان و فێربوونا زمانێ کوردی ل وی سەردەمی.
دێرشەوی وەکو مەلاو خزمەتکارێ ئێکەتییا زانایێن ئاینی ئیسلامی ل کوردستانێ:



- ژ زاڕۆکینی تا ١٩٦١: خواندنا زانستێن ئاینی (فەقاتی) ل مەدرەسا سۆر ل جزیرا بۆتان، ل مەدرەسا کەلێ ل ڕۆژئاڤایێ دیجلە و ل مەدرەسا بەڕۆژکا سەعدینییا پارێزگەها دهۆک.
- 1971تا ١٩٧٤ پەیمانگەها زانستێن ئاینی ل دهۆک.
- 1974دەرچوویێ پولا هەشتێ یا پەیمانگەها زانستێن ئاینی
- 1975 – 1974 مامۆستا ل پەیمانگەها ئاینی ل ئامێدیێ.

- 1975 -1979 مەلایێ مزگەفتەکا شاری دور، ل ناڤەڕاستی عیراقیێ.
- 1979 -1987 مەلایێ مزگەفتا مەزن ل زاخو.
- 1987 -1988 مەلا ل دەڤرێن ئازادکرییێن شۆڕەشیێ.
- 1988 -1990 مەلا ل کەمپ و ئۆردیگاییێن پەناهبەرێن کورد ل ترکیاو ئیرانیێ.
- 1990 -1997 مەلا ل مزگەفتێن زاخو و پاشان دهوك.
- 1995 -2003 وانەبێژو سمینارگێر ل کولیژا شەریعەتیێ ل زانکوا دهوك.
- 1996- --- ئەندامیێ بوردیێ ڕاوێژکاریێ کولیژا شەریعیێ ل دهوك.

ل سالا ١٩٧١ێ دێرشەوی یەك بوویە ژ دامەزرێنەرێن ئێکەتییا زانایێن ئاینیێ ئیسلامیێ ل کوردستانیێ.



ل سـالا ١٩٨٧ێ دێرشەوی پەیوەندی کـر دکـەل شۆڕەشا کوردی و جارەك دیتر بـوو پێشـمەرگە. ل هـەمان سـال دێرشـەوی دگـەل چـەند مامۆسـتایەك دیتر یێن ئاینیێ ئیسلامیێ لقیێ دهوك یێ ئێکەتییا زانایان دامەزراند.پشتی ئەنفالێن ١٩٨٨ێ دێرشـەوی بـوو پەناهبـەر ل ترکیـا و ئیرانـیێ. ل ئیرانـیێ ئێکـەتییا زانـایێن ئاینیێ ئیسلامیێ دووبارە زندی کرو هات هەلبژارتن بۆ سەروکاتییا ڤیێ ئێکەتییێ.

پشتی ڕاپەرینا ١٩٩١ێ دێرشەوی ڕولیێ سەرەکی گێرا بۆ ئەنجامدانا کونگریێ ئێکگرتنا یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە کوردستان.

پشتی کونگریێ ئێکگرتنیێ و تا سالا ٢٠٠٣، دهات هەلبژارتن بۆ جێگر، یان سەرۆك بۆ ئێکەتییا زانایێن ئاینیێ ئیسلامیێ.

تاکو وەغەر کری ل سالا ٢٠٠٤ێ ئەندام بوو ل مەکتەبا تەنفیزی یا ڤێ ئێکەتیێ.

دێرشەوی خودانێ ئیمتیازا گۆڤارا ئێکەتییا زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان: "دەنگێ زانا"، ژ هژمارا٣ (١٩٩٣)و پێدا. یەك بوویە ژ گۆتارنڤیسەرێن ڤێ گۆڤارێ.

پێشمەرگە و پەلەمانتار:

دێرشەوی ل سالا ١٩٥٦ێ بوویە ئەندامێ پارتی دیموکراتی کوردستان. ل سالا ١٩٥٩ێ، دگەل مەلا حەمدی سەلەفی، چوویە بەغدا بۆ پێشوازی و سەرەدانا بارزانیێ باب. ل سالا ١٩٦١ ئێك ژ یەکەم پێشمەرگەیێن شورەشا مەزنا مللەتێ کورد بوویە. ل سالا ١٩٦١ێ بوویە قاسدێ بارزانی بۆ دیتنا کەسایەتیێن کوردپەروەرێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ. بەشدارییا شەرێ مەتین کرییە ل سالا ١٩٦٣ێ. دەرچووێ خولا دووێ، ١٩٧١، یا پەیمانگەها کادرێن پارتی دیموکراتی کوردستانە. ل سالا ١٩٨٧ێ پەیوەندی ب شورەشا گولانێ کرییە. ل ڕۆژانێن ئەنفال و پەناهبەریێ ل ترکیا و ئیرانێ ستوینا خوەڕاگری و بەخشینا ئۆمێدا سەرکەفتنا کوردێن "مهاجر" بوویە.



ل سالا ١٩٩٠ێ بەشداری کرییە د "داستانا کورا"دا، ب سەرکێشییا سەروک مەسعود بارزانی. ل سالا ١٩٩٢ تا وەغەرا دوماهیێ ئەندامێ پەرلەمانێ کوردستانێ بوویە.

# ماموٚستا مەلا سعید مەلا ویسی مەلا عبداللە گرتکی سەرۆکی پێشووتری یەکێتی زانایان



ماموستا مەلا سەعید کوڕی مەلا وەیسی کوڕی مەلا عبداللە ی گرتکی لەبنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر لەساڵی(١٩٣٧) لەگوندی گرتکی دوڵی روستی دەڤەری باڵەکایەتی لەبنەماڵەی نەوەی زانای گەورەو ناوداری گەلەکەمان (ئبن وئادەم )لەدایك بووە.

ماموستای خوالێخۆش بوو هەر لەگوندەکەی (گرتك) لەخزمەت باوکی (مەلا وەیسی گەورە) دەستی بەخوێندن کردوە، وە چونکە حوجرەی فەقێیایەتی هەر لەگوندەکەی خۆیان بووە ماموستا زۆربەی ماددەکانی علومی شەرعی لەم حوجرە لەخزمەت باوکی رەحمەتی وهەندێك لەموستەعیدەکانی خوێندوە بەتایبەت زانستە سەرەتاکانی وەك پەرتوکی(عوامل الجرجانی)و (أنموذج)و(کافیە) تا دەگاتە(جمع الجوامع) و ئەو زانستانەی ئەو کات گرنگی یان پێدەدرا بۆیە لە ساڵی(١٩٦٨) لە خزمەت باوکی(مەلا وەیسی گەورە)ئیجازەی عیلمی وەرگرتوە.

لەنێوان ساڵی (١٩٧٠ تا١٩٧٥) بنەماڵەکەیان ڕووی لەناحیەی (گەلاڵە) کردوە ماوەیەك لەوێ ماونەتەوە ،ئینجا وەك خەڵکی ئەو سەردەم لەساڵی (١٩٧٥ تا١٩٧٩) بنەماڵەکەیان کەوتۆتە بەر هێرشی دڕندانەی ڕاگواستن و لەناوچەی

(الشـامیە)ی سـەر بـەپارێزگای نەجـەف لـە باشـووری عـیراق نیشـتەجێ بوونـە تەوە،ماموسـتا لـەکاتی مانـەوەی لـەم ناوچـەیە وەك پیشـەی بنەماڵەکـەی خـەریکی ئامۆژگاری وکاری مەلایەتی بوە،دواتر گواستراونەتەوە بۆ ناحیەی دیانای قەزای سۆران دوای نیشتەجێ بوونی لەم شارۆچکەیە ئەبێتە پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی گەورەی دیانا.

ماموستای خوالێخۆش بوو جێگای ڕێزو خوشەویستی خەڵك بوو هەموو کەسێك حەزی لەئاشنایەتی ودۆستایەتی ماموستا کردوە، هەردەم تەنانەت لەکاتە ناخۆش و ڕۆژگاری قاتوو قوریش دا ماڵی ماموستا شوێنی هەژاران و بێنەوایان بووە، هیچ کـات لایـەنی تەدریسـی فـەرامۆش نـەکردبوو بۆیـە چـەندین قووتـابی وفـەقێ لەسـەردەمی جیا جیادا بۆ فێربوونی زانست وزانیاری ڕوویان لێ دەکرد تـرس



وتۆقاندنی ڕژێمی بەعس نەیتوانی ڕێگە لە تەدریس بگرێت بۆ یە لە نێوان ساڵی(١٩٨١ )تـا سـاڵی(١٩٨٦) کۆمەڵـە قووتابیـەکی بەتوانا لەمزگەوتی گەورەی دیانا لەخزمەت ماموستا خەریکی تەدریس ودەرس خوێندن بوون.

دواتـر حکومـەتی کوردسـتان لەرێگـەی وەزارەتـی ئـەوقاف وکاروبـاری ئـایینی هەستا بەدامەزراندنی چەندین قووتابخانەی ئـاینی لەشاروشارۆچـکەکانی کوردسـتان، کەلەسەر داواکاری وپێشنیاری مـەرحوومی ماموسـتا لەسـاڵی (١٩٩٢)بـۆ یەکـەمین جار قوتابخانـەی ئـیبن وئـادەمی ئیسـلامی لەسـوران کرایـەوە کـە دواتـر

لەساڵی(١٩٩٨)بوو بە دواناوەندی ئین وئادەمی ئیسلامی و بووە مەلبەندی پێگەیاندنی چەندین قووتابی ومامۆستای لێهاتوو..

لە کاری رێکخراوەییش مامۆستا بەژداری کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی یەکێتی زانایان دەبێت و دوای کۆنگرەش دەبێتە سەرۆکی لیژنەی کاروباری فەقێیانی کوردستان.

هەروەها لەبەر لێهاتوویی و زانایی و هەستی بەرزی خزمەت و نیشتمانپەروەری لە ٦ی٩ی١٩٩٦ دەبێتە سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی- هەولێرو تا ١ی٣ی١٩٩٧ لەو ئەرکە بەردەوام دەبێت و چەندین چالاکی و کارو پرۆژەو خزمەت بەرامبەر یەکێتی زانایان ئەنجام دەدات.

بەداخەوە لە بەرواری ١٩٩٧/٣/١٣ لەدوای بەئەنجام گەیاندنی نوێژی بەیانی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و گەڕایەوە دوا مەنزڵی خۆی و لە شاری سۆران بەخاک سپێردراوە.



مامۆستا مەلا سەعید مەلا وەیسی گرتکی

# بە حورمەتەوە پەنجاهەمین ساڵیادی
# یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەرز ڕادەگرم

مەلا محمد ئەمین عەبدولحەکیم چەمچەماڵی
سەرۆکی پێشوتری یەکێتی زانایان



ئەرکی ئاینیو نیشتیمانیو مێژویی خۆمە کە بە حورمەتەوە پەنجاهەمین ساڵیادی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەرز ڕادەگرم..

لەناخەوە پیرۆزبایی لەهەموو زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەکەم، سڵاوو رەحمەتی پەروەردگار بۆ گیانی ئەو زانایانە دەنێرم کە گیانی خۆیان لەخزمەتی ئاینو گەلو نیشتیماندا پێشکەش کرد.

زۆر تایبەتتریش ئەو زانایانەی کە لەڕێگەی دینو نەتەوەو نیشتیماندا گەیشتنە (مەرتەبە)ی شەهادەت، وەك نمونە ئاسای هەردوو شەهیدان هەردو نەمران مامۆستایان مەلا عبدالرحمن گەناویو مەلا عبدالرحمن حەمزە کۆری، لەگەڵ سەرجەم شەهیدانی کوردستاندا یادیان بەخێر.

هەر بەم بۆنە شکۆدارەشەوە ئومێدەوارم هەمیشە دەنگی مەلای کورد، لەهەمو بوارەکاندا، لەهەمو بۆنەکاندا، لەهەموو هەڵوێستە سیاسیەکاندا، لە ((تەحریم و تەجریم)) کردنی هەمو جۆرە زوڵم و ستەمو داگیر کردنێك دا لەسەر خاكو ماڵو مافە شەرعیەکانی کورد دلێرانە خاوەنی هەڵوێستی دەنگی بیستراو بن جا چ لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە، لە لاپەرەی ڕۆژ نامەکانەوە، لەنوکی خامەکانەوە بێت وەك چۆن هەمیشە دەنگی مەلای کورد هەڵگری سوێندە پیرۆزەکەی ئایەتی قورئان بووە کە دەفەرموێت: ((ن.والقلم ومایسطرون))



لەگەڵ ڕێزی زۆرم.

هەر بەم بونە پیروزەوە، بە هەلی تەمەنی دەزانم کە (CV) ژیانم لە یادی پەنجاهەمین ساڵیادی ریکخراوەکەماندا بڵاو بکریتەوە:

ناوم : محمد امين عبدالحكيم محمد ناسراو بە ( مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی ) لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٧) چەمچەماڵ‌و هەڵگری(ئیجازەی عیلمی) زانستە ئاینیەکان.

ساڵی (١٩٦٢) : لەتەمەنی (١٥)ساڵیدا پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە، لە چالاکیەکانی شەڕی(سیرەمێرگ ، تەگەران ، شەڕەکانی شیوە سوورو دەوروبەری چەمچەماڵدا) بەشداریم کردوە.

ساڵی(١٩٦٤): لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیدا چوومەتە ئێران ، هەر لەوێش هەمان ساڵ (خولی رامیاری- دەورەی سیاسی)م بینیوەو زمانی فارسیم خوێندوە .

ساڵی (١٩٦٥): دوای گەڕانەوەمان لە ئێران دەستم کردوٚتەوە بە خوێندن لە زانستە ئاینیەکان ،دوای تەواوکردنی (ئیجازەی عیلمیم ) وەرگرتوە .

ساڵی(١٩٧٠): بەشداری هەڵبژاردنی ڕێکخراوی (یەکێتی زانایان)م کردوەو بە ئەندامی کارگێری لقی (٥)ی کەرکوك ودواتریش بە ئەندامی لیژنەی قەزای کەرکوك هەڵبژێردراوم .

ساڵی(١٩٧٢تا ١٩٧٥): سکرتێری لقی (٥)ی کەرکوك‌و سەرلقی عەسکەری (پێشمەرگەکانی) سەر بەیەکێتی زانایان بووم لە هەمان لق، بەشداری چەندەها

چالاکیەکانی ئەوکاتەم کردوە کە گرنگترینیان ((شەڕی شاوك قادرکەرەم) و دەربازکردنی سەرلقێکی ئەو کاتە کەلەشەڕەکەدا گەمارۆ درابوو لە لایەن ((جاشەکانی ئەو کاتەوە )) بەهۆی ئەم چالاکییەوە لەلایەن بارەگای بارزانییەوە خەڵات کراوم .

دوای هەرەسی (ساڵی ١٩٧٥)لە گوندی (قولە)نیشتە جێبووم (امام و خگیب )ی ئەویٚ بووم، خوێندنگایەکم بۆ نەخوێندەوارەکانی گوندەکە کردەوەو هەرچی کێشەی شەرعی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە هەبووایە و وەئەوانەش کەلەلایەن برایانی (پێشمەرگە) بەرەو ڕووی منیان بکردایەتەوە چارەسەرم دەکرد، هەتا ساڵی ( ١٩٨٥ ) دوای ڕوخانی گوندەکەمان هاتمە چەمچەماڵ و لەوێش ووتار خوێن بووم.

ساڵی( ١٩٩١) : لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلەکەماندا بە بیٚ دواکەوتن بارەگای (یەکێتی زانایان )م کردوەتەوە و زانایانی ئاینیم لە سەرتاسەری کوردستاندا کۆکردوەتەوە بە هاوکاری و چاودێری (جەنابی مام جەلال) •




لە ١٩٩١/١١/٢٠ : سەرپەرشتی کۆنگرەی (یەکێتی زانایان) م کردوەو بە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و جێگری سەرۆکی (یەکێتی زانایان ) هەڵبژێردرام .

لە ١٩٩٢/١/٢٧ : بەشداری یەکەمین کۆنگرەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بووم ووتاری (یەکێتی زانایانی کوردستان)م پێشکەش کردووە و خاوەنی پێشنیاری (ڕازی بوونی لایەنەکان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان)بووم .

١٩٩٢/٥/١٩: لە سەر لیستی( یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بۆ ئەندامێتی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرام.

ساڵی (١٩٩٣): بەشداریم کردوە لە (کۆمەڵەی ئیسلامی کورد) لە ئەمەریکای باکور وەك ئەندامی دەستەی باڵای کۆمەڵەکەو وەك سەرۆکی لقی کوردستانی عێراق

دەست بەکار بووم، هەر لە ڕێی ئەم کۆمەڵەیەوە توانیومە :




_ مزگەوتی گەورەی قەڵادزێ، هەردوو مزگەوتی گەورەی چۆمان، مزگەوتەکانی ئاوەکورتێ، مزگەوتی یاخسەمەر، مزگەوتی شیواشۆك بنیات بنێم و نۆژەنکردنەوە (تەعمیر)کردنی مەرقەدی شێخ کاکە حەمەی شەدەڵە جێ بەجێ بکەم .

_ دابینکردن و دابەشکردنی بڕی ( ١٣٥٠٠٠٠ )یەك ملیۆن و سێ سەدو پەنجا هەزار دیناری سویسری بۆ پاشماوەی ئەنفالەکان لە سنوری چەمچەماڵو قەلاسێوکە.

_ دابینکردنو دابەشکردنی (١٠٠٠٠٠)سەد هەزار دیناری سویسری بۆ شەهیدانی سنوری هەولێر .

ئەم بودجانەش لەڕێی (بەندەر بن سوڵتان ) سەفیری سعودیە لە ئەمەریکا تەرخانکرابوو لەڕێی (شێخ سراج الدین نەقشبەندی ) بەئاگاداری جەنابی مام جەلال و کاك کۆسرەت بووە .

_ هەموو ئەمانە کاریگەری (ئیجابی) هەبوو لە پتەوکردنی پەیوەندی ڕایەڵەی نێوان خەڵکو (ی.ن.ك) لەو کاتەدا.

لە ١٩٩٤/٥/١: یەکێك بووم لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دەستنیشان کراین بۆ ئاسایی کردنەوەی شەری ناوخۆ.

لە ٢٩/١٢/١٩٩٥: بەشداری کۆ نگرەی (ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی)پارێزگای کەرکوکم کردوە و بەئەندامی مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژێردرام .

لە ساڵی (١٩٩٦): یەکێك بووم لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە (١٠١)ڕۆژ(مان)مان گرت لە تەلاری پەرلەماندا دژی شەری ناوخۆ .

هەرلەهەمان ساڵدا یەکێك بووم لەو ئەندام پەرلەمانانەی دوای (٣١/ئاب ) دەنگمان دا بۆ (تەمدید) کردنەوەی پەرلەمان لە ژێر دروشمی (نەبەپرسی کەس‌و نەلە ترسی کەس)) دەنگ ئەدەین بۆ درێژکردنەوەی پەرلەمان تاکو بۆ مێژوو وەك دروشمی (شەعرەی مەعاویە) وابێت، کەدەڵێت: (اذا شددوها أرخیتها واذا أرخوها شددتها).





لە ساڵی (١٩٩٧): من یەکێك بووم لەو هەڤاڵانەی بەرەو (لیبیا ) بەڕێ کەوتین بە مەبەستی دامەزراندنی حزبێك بەناوی (حزبی جمهوری کوردستانی ))بەڵام پاش مانەوەمان لە تاران بۆماوەی (٢)مانگ هەرچەندە سەفارەتی (لیبیا) داوایان دەکرد و خۆشمان هەوڵماندا..پەیوەندیەکاذ ی خۆشمان لە تاران

هاوکاریان کردین بەڵام بە داخەوە بە هۆی سیاسەتی ئیقلیمەوە ڕێگەیان نەداین.. ئێمەش دوای گەڕانەوەمان بۆ کوردستان لێی بێ دەنگ بوین، ئێستاش یاداشتنامەکەو داواکردنەکانی لیبیام لاماوە..

لە ساڵی (١٩٩٩): لە پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە سنوری (یەکێتی نیشتمانی کوردستان ) بۆ سەرۆکایەتی ڕێکخراوە کە هەڵبژێردرام، بەردەوام بووم تا ساڵی (٢٠٠٥)، لە ماوەی ئەم شەش ساڵەدا:

زانایانی ئاینی کوردستان بەسەرپەرشتیو ڕێنمایی خۆمو ئەوستافەی پێکەوە بوین، زانایانی ئاینی (٣)جار ڕێپێوانیان کردوە دژی بکوژانی کوردو تاوانبارانی ئەم سەردەمە، سەدان کۆرو کۆبونەوە و بڵاوکردنەوە و بەیاننامەو دەیان تو یژینەوەی ئاینی و کۆمەڵایەتیمان پێشکەش کردوە .. کە ئەرشیفەکانی لای خۆم پارێزراوە.

ساڵی(٢٠٠٠): بەشداری سیازدە هەمین کۆنگرەی جیهانی یەکگرتنی ئیسلامیم کردوە لە تاران لە وتارێکدا کێشەی گەلی کوردم لە ژێر ناونیشانی (الوحدة تزیل الآلام وتحقق الآمال)) پێشکەش کرد لەناو (٦٣)نوێنەرانی جیهاندا چوارەمین ووتار هی ئێمە بوو، لە باتی هەموو گەلانی عێراق لەقەڵەمدرا، هەروەها لەهەمان ساڵدا ئەندامی دووەمین کۆنگرەی (ی.ن.ك) بووم.

ساڵی(٢٠٠٢): بەشداری کۆنگرەیەکی ئیسلامیم لە مەکەی پیرۆز کردوە (وتارێکم لە ژێر ناوی)(الارهاب فی نظر الاسلام جریمة لاتغتفر)) پێشکەش کردوە کە جێی ڕەزامەندی ئامادەبوانو بەتایبەت (المجلس الاعلی للثورة الاسلامیة) بوو.. ئێستاش کاسێتی ووتارەکەم لاماوە .

_ هەمان ساڵ بەشداری ( پانزەهەمین کۆنگرەی جیهانی یەکگرتنی ئیسلامی)م کردوە لەتاران .

ساڵی(٢٠٠٤): سەردانی (سەماحەتی ئایة اللە العظمی سید علی سیستانی)م کردوە بە هاوڕێتی کۆمەڵێك لە ستافی پێشوی زانایان.. یاداشتنامەیەکم بەواژووی

(١٢٩٢) مەلای کورد پێشکەش کردوە سەبارەت بەناوچەی تەعریب کراو و دابراوەکانی کوردستان دوای گفتوگۆی چرو پڕ (سەماحەتی ئایة الله العظمی سید علی سیستانی) وەك مەرجەعێکی دینی شیعە بە هەموو صەراحەتێكو بە ووشەی(من الالف الی الیاء حق صحیح ) پشتگیری لەیاداشتنامەکە کردو بۆ یەکەم جار یش لە ژیانیدا رازی بوو وێنەی لەگەڵبگیرێت، کە ئێستا لای من پارێزراوە، هەروەها داوای لێبوردنی لە کورد کردو سلاوی بۆ گەلی کورد وجەنابی مام جەلال و قیادەکانی کورد بەئێمە داو بە نوێنەرێکی خۆیدا هەنارد.

ساڵی (٢٠٠٩): بەشداری چوارەمین کۆنگرەی جیهانیم لە تاران کردوە کەلەژێر ناونیشانی (پاڵپشتی کردنی کێشەی فەلەستین) بەشداربوم، بەندە ووتارێکم پێشکەش کرد لە ژێر دروشمی(وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن اکرمکم عندالله أتقاکم ) ئێستا دەقەکەی لای خۆم پارێزراوە .

ساڵی (٢٠١٠):

_ ئەندامی سێهەمین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم و بەئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرام .

_ لەهەمان ساڵدا لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستاندا بەشداریم کردوە٠

هەروەها لە بواری نوسینەوەدا چەندین توێژینەوەم لە بوارەکانی ئاینی و نیشتمانی و سیاسی و کۆمەلایەتی بلاوکردوتەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ نمونە :



لەگەڵ شێخ مستەفا سیرج موفتی بوسنەو هرسك

١- دوله القانون .



لەگەڵ حسن سید احمد خومەینی

٢- موازنه بين الفريقين ورجال المعسكرين.

٣- حقوق المرأه فى الاسلام.

٤- نعم.الطلاق فى الاسلام بيدالرجل،ولكن.!

٥- الاسلام والمجتمع الكردى.

٦- الاسلام بين ألاصاله والمعاصره.

٧- دروس من سيره الرسول (ص).

٨- سارقوا أمواتنا.... كسارقى أحيأينا.

٩- من هم أهل السنه و الجماعه.

١٠- ئامانجه سەرەكیەكانی حوكم لە ئیسلامدا.

١١- ئیسلام و كوردەواری –وەرگێڕاو.

١٢- كێ دەڵێت ناوی كوردی حەرامە ؟

١٣- ئەوسەردەمەی موقاوەمەت دەنگی نەبوو !!



كۆبونەوەی زانایانی كورد لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانی ١٢ی٧ی٢٠٠٤

# خزمەتەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
# تیشکێك لەسەر خولی چوارەم



**منیب مەلا محمد ئاکرەیی**

ئەندامی لیژنەی فەتوای لقی ئاکریٚ یەکێتی زانایان

یەکێتی زانایان خاوەنی مێژویەکی پر لە سەروەریە لە خزمەت ئایین‌و گەل‌و مامۆستایانی ئایینی وپارێزگاری کرن لە بیرو باوەری خەلکی کوردستان.

ئەم سال یوبێلی زێرینی یادی دامەزراندنیەتی بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبای لە مامۆستایانی ئایینی دەکەین‌و هیوادرام هەردەم یەکێتی زانایان‌و بارەگایەکانی مالی دووەمی زانایان بیت‌و داکۆکاری مافیان بیت.



لەم بابەتە پێویست بۆ کە ئاماژە بە گۆنگرەی چوارەمی بکەم کە لەم کـــــــــــــــۆنگروە کواستنوەیەکی جوری بۆ لە زۆر بوارە لە روی رێکخستن‌و چالاکی و بە موئەسەسات کردنی یەکێتی زانایان و داکوکی کردن لە مافەکانی مامۆستایانی ئایینی ودروست کردنی بالەخانەکان‌و کردنەوی لق لە شارەکانی تری کوردستان‌و چەندین بواری تر.

بێگومان کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی زانایان خاوەن سەروەرییەکی مەزنە لە رووی نەتوەیی‌و نیشتمانی‌و ئایینی‌و پارێزگاری کردن لە مافەکانی مامۆستایانی ئایینی‌و خزمەتکردنی موسڵمانان، ئەستمە لەم چەند دێرەدا بتوانین سەرجەم ئەو

چالاكیانە تۆمار بكەین، بۆیە هەوڵدەدەین تەنها هەندەك لە گرنكترین كارە دیارەكان باس بكەین.

لە سەر ئاستی ئایینی و كۆمەلایەتیی و پێكەوە ژیانی ئایینی و قوڵكردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و داكۆكی لە مافی هاوڵاتیان و دیفاعكردن لە دین و پێگەی مزگەوت و مینبەرو محیراب هەمیشە هەوڵی تەواو و واقعی و هاوسەنگی دەدا، پشكێكی دیاری لە چالاكیەكانی هەبوو لە كاتی هەمواركردنەوەی یاسای باری



كەسێتی یەكێتی زانایان بە بەشداریەكی كارا لە گەل لێژنەكان و كۆبوونەوەی كشتیەكاندا جەغتی لە سەر ئەوەی دەكردەوە كە نابی یاسایەك دەربچێت كە ناكۆك و دژ بێت لە گەڵ دەقەكانی قورئانی پیروز.

وە لە بابەتی سلفەی عەقاری دوای ئەوەی حكەمەت بڕیاریدا پێشینەی خانووبەرە بدرێتە هاولاتیان یەكێتی زانایان بە نوسراوەكی رەسمی لە ٢٠٠٨/١٠/١٩ داوای لابردنی ئەو زیادەی كردو لە كۆتاییدا بە فەرمانەكی رەسمی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لابردنی ئەو زێدەییە درا.





زانایان بەشداریەکی کارای هەبوویە لە بەرامبەر هەر پێشهاتێکو بەتایبەتی رەتکردنەوەی مادەی ٢٤ی یاسای پەرلەمانی عێراقی رۆڵەکی مەزنی بینی لە رێکای بەیاننامەو نارەزایی دەربرینو، وتاری هەینیەوە، بۆ رەتکردنەوەی ئەو برگەیەو، پشتیوانیان بۆ سەرکرایەتی کورد دووپات کردەوە.

چالاکیەکان لە سەر ئاستی پیشەیی: زەوی بەخشین بە زانایانی ئایینی لە رێگای وەزارەتی ئەوقافو شارەوانی زەوی بە تەواوی زانایانی سنووری هەولێرو دهۆك بەخشی دوای ئەوەی چەند جار بە رەسمیو سەرەدان داوا لە حکومەت کرا.

هەروەها پێداگیری لە بەخشینی دەرماڵەی تایبەت بە ماموستایانی ئایینیو رەزامەندی وەرگرتن لە سەر ئەنجامدانی گرێبەست لە گەڵ ماموستایانی ئایینی خانەنشین.

وە هەروەها دیفاعکردن لە زانایانی ئایینی هەمیشە لە رێگای مەکتەبی تەنفیزیو لقەکانی دیفاعی لە زانایانی ئایینی کردووە.

چالاکیەکان لە بواری پەیوەندیو بەشداریکرن: بەو پێیەی یەکیتی زانایان نوێنەرایەتی چینەکی کارای ناو جەماوەری کوردستان دەکات، هەمیشە هەوڵیداوە پەیوەندی توند لە گەل ناوخۆو دەرەوە هەبیتو بەشداری لە دەیان کۆنگروە



کۆرو وکۆبەنەوەکان لە دەرەی ولات و ناوەوی ولات کرد.

کردنەوەی دەیان خۆلی بەهێزکردنی مامۆستایانی ئایینی لە سەر ئاستی گشت لقەکان کردوە.

لە روی پەوەندیەکان یەکێتی زانیان هەمیشە ویستوویوتی باشترین پەیوەندی لە گەل دام و دەزگایەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان گریٚ بدات.

دروستکرنی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان لە ئاکامی هەوڵە بەردەوامی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئەو کات مەلا مەحمەد ئاکرەیی‌و بە دەنگەوهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بینایەکی تایبەتیی گونجاو شیاو لە شوێننێکی لە بارو لە سەر رووبەری (٦٠٠٠) مەتری دووجا بنییاتنرا.

هەروەها تونرا لقەکانی دهۆك‌و هەولێرو سۆران‌و ئاکریٚ ببن بە خاوەنی بینایەی تایبەتی‌و شیاوو شارستانی.



لە روی هاوکاری کردن یەکێتی زانیان بەو ئیمکانیاتە کەمەی لە بەر دەستی دابووە، هەمیشە هەوڵی دەدا هاوکاریکردنی مامۆستایانی ئایینی بدەت.

لە روی راگەیاندن: یەکێتی زانایان بۆ ئەوەی لە ویۆوە پەیامی خۆی بگەیەنێت گرنگەیەکی تایبەتی بە راگەیاندن دەدا، بۆ ئەم مەبەستەش چەند چالاکیەکی ئەنجام داوە لە وانە:

١- دەرکردنی گۆڤاری دەنگی زانا، کە ژمارەی سفری لە ئاداری ١٩٩٢ دەرچوو ( ٦٦) ژمارەی لیٚ دەرچووە.

٢-رۆژنامەی پەیام، کە یەکەمین رۆژنامەی تایبەت بە زانایانی ئایینی بوو دەرکرا، دوو هەفتە جارێك دەردەچوو، ژمارەی (سفری) لە ٢٠٠٤/٩/٢١ م بەرامبەر ٧ ی

شەعبانی ١٤٢٥كۆچی، دەرچوو، تا گۆنگرەی پێنجەم (٥٥) ژمارەی لێ دەرچووە، لەو رۆژنامەیە هەریەك لە د.جەعفەر گوانی و مەلا عبداللە شێركاوەیی رۆڵێكی باشیان هەبوو.

٣- كردنەوەی بەرنامەیەكی تایبەتی لە كەناڵی ناوخۆیی كوردستان ktv (د.جەعفەر گوانی) پێشكەشە دەكرد.

٤-بەرنامەی تاییبەت لە رادیۆ لە زۆربەی لقەكانی یەكێتی زانایان لە سنوری لقەكانە خۆیاندا.

٥-دەركردن و بە چاپ گەیاندنی چەندین كتێب.

٦- لەگەڵ كۆتایی هاتنی خولی چوارەم لە كتێبێكی دیكیۆمێنتی توانرا گرنگترین كاروچالاكیەكانی یەكێتی زانایان بخرێتە روو و چاپو بڵاوكرایەوە.

ئەمانەی سەرەوەو چەندین چالاكی گرنگی تر ئەنجام دراوە كە ناتوانرێت هەموویان ئاماژە پێبكەین لەم بابەتەدا لە گونگرەی چوارەمی یەكێتی زانایان، دووبارە پیرۆز بیت یادی پر شكۆی دامەزراندنی یەكێتی زانایان.





حكومەتی هەرێم: ئێمە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە هیچ
سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان كۆبووەوە
نێچیرڤان بارزانی: دەمانەوێ یاسایەكی مەدەنی لە كوردستان هەبێت كە یەكسانی رەگەزی و مافی مرۆڤ و شەریعەتی ئیسلام بنەما سەرەكییەكانی بێت
...یەك رازی نابین كە دژی دەقی قورئانی پیرۆز بێت)



# رۆڵی مەلا مستەفای بارزانیو... زانایانی ئایینی ئیسلامی

مەلا جەبار مەنتك.. ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان- خولی چوارەم




زۆر لەو پیاوە بەڕێزانە ماون كە زۆر جار مەلا مستەفای بارزانی میوانیان دەبوو، یاخود زیارەتیان دەكرد بۆ ئەو سەرگوزشتانەی دەگەڕێتەوە له بارەی رێزگرتنو هەموویان حەقیقەتنو زیاتریش هەڵدەگرێ ، لە بارەی ئەو پایەو رێزەی مەلا و فەقێیانی كوردستان هەیان بوو لەلای مەلا مستەفای بارزانی، كە زیاتر لە چەند سەد هەزار چەكدارو، ئەوەندەش زیاتر ئەندامانی حزبو برادەری لە ژێر دەسەڵاتو ئاراستەی دەكردن، كە ئەگەر چووبایە دێیەك پێش هەموو شتێك پرسیاری مەلای گوندەكەی دەكردو، لەلای سەرەوەی خۆی دادەنا وەك كەسێكی ناسراوو برادەرێكی كۆن هەڵسو كەوتی لەگەڵ دەكرد، یان لەو كاتەی لە بارەگای خۆی دەبوو ئەگەر مەلایەك یان چەند فەقێیەك لەوێ بوونایە لە پێشەوەی گەورە بەرپرسانی دادەنانو، پێشوازی لێدەكەدنو بەپیر داواكەیان دەچووو داخوازیەكانی جێبەجێ دەكردن، بۆیەش دەبینین لە كاتی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ژمارەی فەقێیان لە شوێنە ئازادكراوەكان زۆر زیادی دەكرد.

مەلا مستەفا لەو رێزو حورمەتەی لە مەلاو فەقێیانی دەنا بە خزمەتێكی راستەقینەی ئایینی دادەنا، لەو بڕوایەش دابوو كە ئەوانە لەبەر ئەوەی هەڵگری پەیامی خوداییین خیانەت لەگەڵ خوای خۆیان ناكەن كەواتە خیانەت لەگەڵ خاكو نیشتیمانی خۆشیان ناكەن، هەروەها بە بنەماڵەش ئەوان خۆیان كەسانی مرشدو رێنیشاندەری تەریقەتی نەقشبەندی بوونو بەرهەڵستكاری زۆردارانیان دەكردو،

پاراستنی مافی هەژارو بێ دەسەڵاتانیان بە ئەرکی خۆیان دەزانی، هەر بۆیە ئاکامی چەگهەڵگرتن چوونە ناو بواری سیاسەتی لێکەوتەوەو، ئەو پابەندبوونەی ڕێبازی نەقشبەندیو ئەو هەموو پەروەردە کردنو پێگەیاندنی فەقێیان لە حوجرەو مزگەوتی پیرۆزی بارزان پێکەوە فاکتەرو هۆی سەرەکی بووینە بۆ خوداپەرستیو عەدالەتی شێخانی بارزانو دیفاع کردن لە هەژارو بێ دەسەڵاتان، هەر ئەوەش هەتاکو ئەمڕۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاترو زیاتریش جەماوەری کوردستان سەری خۆی دادەنێو دەیکا بە قۆچی قوربانی ئەو بنەماڵەیەو، لەو بڕوایەن کە تەنها ئەوانەن گەلی کورد بتوانێ خۆیان تەسلیم بکاو لە پاشە ڕۆژی خۆی نەترسێ.



هەر لە درێژەی ڕۆڵی بەرزی مەلا مستەفای بارزانی ئەوە بوو کە ئەمری کرد دەبێ زانایانی ئایینیش یەکێتیەکیان هەبێت لە ئەنجامیش لە ١٩٩٧٠/٩/٢١ ئەو ڕێکخراوە دامەزراو یەکەم کۆنگرەی خۆیان بەستو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هاتە ئاراوە، کاتێکیش داوای مۆڵەتی ڕێکخراوەیی بۆ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کرا وەك ڕێکخراوێکی تایبەت بە زانایانی ئایینی حکومەتی عێراقی مۆڵەتی پێنەدان، بەڵام جەنابی مەلا مستەفای بارزانی بە

ڕاشکاوی فەرمووی: من مۆڵەتتان پێدەدەم کە دەست بە کار بن.

هەروەها لە (١٩٧٠/٤/٢٧) لە نووسراوێکیدا بۆ ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆماری عێرا قلە بارەی فەقێیانی کوردستان لە نوسراوەکەی هاتبوو (بەڕێز سەرۆك کۆمار، ئێمە چەندەها ساڵە خزمەتی ئایین و مەلاو فەقێیان دەکەین، ئەگەر ماوەیان نەدەن خوێندنیان تەواو بکەن، ئێمە خۆمان وا ئەکەین درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن) بە دەقە تووندە مەلا مستەفای بارزانی داوای مافی فەقێیانی کوردی کردو، سەرۆك کۆماری عێراقی لە کاتی گەیشتنە ئەو ڕستەیە گووتی (ئێمە بنەماڵەی ئایین و پیاوی ئایینین(١) وا دیار بوو زۆری پێ ناخۆش بوو.

جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی دەگێڕێتەوە کە جارێك مەلا مستەفای بارزانی لێم تووڕە بووە، ئەویش لەسەر مەلایەك، کە مامۆستایەك بە خۆیو سێ فەقێیەوە هاتبووە قەسرێ، دوو سێ ڕۆژ لەوێ بوو مەلا مستەفا نەیزانی بوو، ڕێکەوت مامۆستا لەسەر ڕێگا دەبێ، وە مەلا مستەفا تێدەپەڕێو، پاش ئەحواڵو هەواڵ پرسین، مەلایەکە بە مەلا مستەفا ئەڵێت: دوو سێ ڕۆژە هاتبوومە دیدەنیت، ئەوە هەر لێرەم، جا کاك مەسعود دەفەرمووێ: بارزانی خۆی لێ تووڕە کردمو گووتی: چۆن دەبێ مەلایەك بێتە لامو ڕێگەی پێنەدرێ.. کاك مەسعود دەفەرمووێت: لە ڕاستیدا من هەر ئەم زانی بوو ئەم مامۆستایە هاتووە، وە کاك ئیدریسی جوانە مەرگیش هەر لەوێ نەبوو.

وە هەروەها مامۆستا مەلا خالیدی هاودیانی دەڵێت": جارێك ئەچوومە گوندی خانەقا بە پێیان ئەڕۆیشتم، دیتما چەند چەکدارێك بەڕێوە دێن، بە ئێمەیان گووت: لە ڕێگە لابدەنو بەلاڕێ بن، ئێمەش لە لاڕێگەوە ئەڕۆیشتینو، مەلا مستەفای بارزانی بە ئۆتۆمبێل بە ڕێگەدا ئەڕۆیشت، کە گەیشتە لای ئێمە ڕاوەستاو داوای ئێمەی کرد، لە پاش چاكو چۆنیو هەواڵ پرسین، گووتی مەلا بۆ لە ڕێگەدا لاتان

داوە، یەکێک لە هاوەڵەکانمان گووتی: ئەو پاسەوانانە پێیان گووتین لە ڕێگە مەڕۆن ئێمەش لاماندا، گووتی: ئایا ئەو پاسەوانە ئەناسنەوە، گووتمان نەخێر، گووتی: وەرن بە سەیارە بتانگەیەنمە خانەقا گووتمان نەخێر، بەڵام کەلکی نەبوو، ئێمەی بە سەیارەی خۆی گەیاندە خانەقا، هەر لەبەر ئەو ڕێزگرتنەی مەلایان بوو، دەبوا لە هەموو لیژنەیەکی بەڕێوەبردنی (کە لە جیاتی دام و دەزگاکانی دەوڵەت سەرپەرشتی کاروباریان دەکرد) دەبوا مەلایەك ئەندامی ئەو لیژنەیە بێت، هەروەها هەر کێشەیەك بگەیشتبا لای بارزانی بۆ لێکۆڵینەوەو ڕێگە چارە دەبوا مەلایەکی تێدا بووایە.

مەلا مستەفا جگارەی ئەکێشا، هەر مەلایەکیش لە مەجلیسی ئەو جگارەوی بکێشابا، دەبوا جەنابیان بیانداتێ، تا ئەوەی بەخۆی و ئەو هەموو سام و هەیبەتەی هەیبوو، دەبوا ئەو بە دەستی خۆی و بە چەغماغەی خۆی جگارەی بۆ دابگیرساندبا، تا ئەوەی زۆر بە تەوازوع لە مەجلیس جگارەی بۆ زانانی ئایینی دائەکیرساند، وە زۆربەی جاران کە مەلای کورد دەهاتنە لای، بە پێشە خۆی دەخستن و لەسەرە خۆ لە دوایان ئەڕۆیشت.

لە تەموزی (١٩٧١) ئێمە چوار فەقێ بەناوی دەزگای کاروباری قوتابیانی ئایینی، ئێوارەیەکمان بۆ دیاری کرا تا زیارەتی مەلا مستەفا بکەین، لەسەر مەوعید چووینە دیوەخانەی، کە چووین وا ڕێککەوت کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو ببوو، هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و وەزیرە کوردەکان لە دیوەخان بوون، چاوەڕێی دیتنی مەلا مستەفا بوون، بۆ ئەوەی هەر یەکە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی، ئێوارە بارزانی هاتە ژوورەوە، بەشێوەیەکی گشتی بەخێرهاتنی لە هەمووان کرد (ئێمە کە ئەو هەموو بەرپرسانەمان دیت لەو قەناعەتە بووین کە ئەو شەوە ناتوانین بارزانی ببینین)، مەلا مستەفا نزیکەی نیو کاتژمێرێك دانیشت و دوای ئەوە فەرمووی: ڕوخسەم بدەن، مەبەستی ئەوە کە

یەکە یەکە بیان بینێت، دوای ئەوە پاسەوانەکە ناوی ئێمەی هێنا، بڕوامان نەکرد لەناو ئەو هەموو بەرپرسە گەورەیە لە پێشەوە ئێمە بچینەوە ژوورەوە، کە هەڵستاین ئەوانەی لەوێ بوون سەیریان پێ ئەهاتو، جەنابی کاك مەسعود فەرمووی: چارەکێك بچنە ژوورەوە چونکە میوانمان زۆرە، کە چووینە ژوورەوە مەلا مستەفا راستەوخۆ هەڵستا سەرپێ و، دەستی درێژ کرد بۆ تەوقەکردن، لە پێشوەوە چەند قسەیەکی وای کرد تا ئێمە شەرممان پێ بشکێ، ئەوجا ئێمە قسەمان کرد، دوایی خۆی تەوجیهاتو بەرنامەی کاری بۆ روون کردینەوە، کە هەموو مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو کەسەی خیانەت لەگەڵ خالیقی خۆی بکات، بە ئاسانتر خیانەت لەگەڵ گەل و نیشتیمانەکەی ئەکات، بە دڵسۆزی دەست بەکار بن و، تەنها لە خوا بترسن، لە هیچ مرۆڤێك مەترسن، ئەو کەمو کورتیانەی ئەزانن راستەوخۆ بە منی بگەیەنن... وە زۆر رووداوو بەسەرهاتی لەو جۆرەی بۆمان باس کرد، تا یەك کاتژمێر رێگەی نەدا هەڵبستین.

لە کۆتاییدا هەزاران سڵاوو رەحمەتی خوای گەورە لەو سەرکردە بە رەحم و دڵسۆزە، نەخشەی عەدالەت و برایەتی و پێکەوەژیان دارێشت و، کێشەی کوردی بە دونیا ناساند.

(١) ئەوانەی نوسراوەکەیان لە بارزانییەوە گەیاندە سەرۆك کۆماری عێراق (خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا فائیز ، مەلا جەبار مەنتك، مەلا عەلی ئاوڕەحمان پشدەری/ مەلا عومەر).

- ئەم بابەتە لە ئەرشیفی رۆژنامەی (پەیامی زانایان) وەرگیراوە، لەبەر رەهەندی مێژوویی و پەیوەستی بەم بەشەی یادەوەری بەپێویست زانرا لێرە بڵاو بکرێتەوە..

# گەواهی بەشێك
# لە ئەندامانی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایان
## یادەوەری و راستیەکان



**ماموستا مەلا مستەفا داروسەلامی:**

لەکۆنگرەی یەکەمدا مەلا مستەفای بارزانی گوتی: با زانایان یەك بگرن منیش بە هەموو هێزێك پاڵپشتیان دەکەمو لەخزمەتیان دەبم



**ماموستا مەلا قادر سکتان:**

ئەو کات سەرسام بووین بەو دڵسۆزیەی ماموستایانی ئایینی بەرامبەر یەکێتی زانایان.

**دیمانە: مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی***

یەکێتی زانایانی ئایینی وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی، کە لە بەرواری ١٩٧٠/٩/٢١ لە ژێر چاودێری‌و بەسەرپەرستی ڕاستەوخۆی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی لە گەلاڵەی باڵەکایەتی دامەزراوە، بووە جێگەی خۆشحاڵی زانایانی کوردستان لە لایەك‌و، گربوونەوەی تەواوی زانایانی ئایینی لە ژێر چەتری ئەو یەکێتیەدا لە لایەکی ترەوە، لەوساوە تا ئێستا ئەو ڕێکخراوە لە تێکۆشانی بەردەوام دایە، بەمەبەستی خزمەت کردنی مامۆستایانی ئایینی‌و داکۆکی کردن لە مافەکانیان، لەو پێناوەشدا هەورازو نشێوی زۆری بینیوەو، تەنانەت قوربانی زۆریشی داوە.

بۆ ئاشنا بوون بە هەندێ لایەنی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو یەکێتیە بە پێویستم زانی هەندێك لەو مامۆستا بەڕێزانە بدوێنیم، کە لەسەرەتای بیرۆکەکەو، یەکەم کۆنگرە بەژدار بوونەو، ڕەنجی زۆریان کێشاوە:

مامۆستا مەلا مستەفا داروسەلامی، کە یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری یەکیتی زانایان‌و کاری زۆریشی لەپێناو ئەنجامدان‌و سەرخستنی یەکەمین کۆنگرە کردووە، لەبارەی بیرۆکەو چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە گوتی: دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار لە کوردستان ڕێکخراوە پیشەیی‌و جەماوەریەکان دادەمەزران، بۆ ئەوەی کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن، ئێمە بیرمان لەوە کردەوە کە ڕێکخراوێکی تایبەت بە زانایان دابمەزرێنین.

ئەوە بوو من‌و مامۆستا مەلا وەیسی گرتکی‌و مامۆستا مەلا قادری سکتان‌و مامۆستا مەلا عوسمانی ڕۆستایی پێکەوە دانیشتین لەسەر ئەو بابەتە، دواتر بیرمان کرد، کە ئەو مەزوعە بە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی ڕابگەیەنین، چووینە لای داوامان کرد، کە ئێمە پێشنیارمان ئەوەیە ڕێکخراوێك بەناوی زانایانەوە لە کوردستان دابمەزرێ، بۆ ئەوەی مەلای کوردیش لە هەوڵ‌و تێکۆشان‌و خەباتی ڕێکخراوەیی بێ بەش نەبێت، جەنابی مەلا مستەفا ئەو پێشنیارەی زۆر پێ باش بوو، داوای کرد کە ئێمە سەرژمێری مامۆستایانی ئایینی بکەین لە کوردستان بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدرێ بۆ ئەو مەبەستە.

هەر یەك لە ئیمەش بە هاوکاری ئەو مامۆستاو فەقێیانەی لامان بوون، سەرژمێری مامۆستایانی کوردستانمان کرد، دواتر مەلا مستەفای بارزانی داوای کرد کۆنفرانس لە هەموو شارەکان بکریێو نوێنەری زانانیش لە کاتێکی دیار کراو بێنە گەلاڵە بۆ ئەوەی کۆنگرەیەك ببەستریێو یەکێتی زانایان دابمەزریێ.

**حکومەتی عیراق تەنها لەبەر ناوی کوردستان ئیعتیرافی بە یەکێتی زانایان نەدەکرد**

مامۆستامەلا مستەفا دارو سلامی زیاتر گوتی: ماوەیەکی برد ئەو کارانەمان تەواو کردو مەوعیدی کۆنرەمان دیار کرد، بۆ رۆژی کۆنگرە نزیکەی ٣٠٠ مەلا لە شوێنە یا یاکانی کوردستان کە نوێنەری مەلایان بوون هاتنە گەلاڵەو جەنابی بارزانیش خۆی ئامادە بوو، یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایان لە ١٩٧٠/٩/٢١ بەسترا، هەر لەو کۆنگرە مەلا مستەفای بارزانی زۆر خۆشحاڵی خۆی دەربڕیو بەوتارێکیش بەژداری مەراسیمەکەی کرد، داوای لە زانایان کرد کە یەك بگرنو منیش پاڵپشتی ئێوەمو بە هەموو هێزو توانام لە خزمەتی ئێوە دەبم.

ناوبراو گوتیشی: مامۆستایانی ئایینی ئەو کۆنگرەیان زۆر بەلاوە باشو پێویست بوو، بۆیە هەر لەو کۆنگرەیە کە ماوەی سێ رۆژی خایاند، پەیڕەو پرۆگرام داندراو، چەند لیژنەیەك بۆ راپەراندنی کارەکان راسپێردران، ئەوەی من هەستم کرد کەس نەبوو لە زانایان دژی ئەو یەکێتیە بێت، هەموو لەگەڵ ئێمە بوون بۆ سەرخستنی ئەو رێکخراوە، جا ئەو کات فەقیریش بوو، هیچ پارە نەبوو، ئەو کات لە هەموو کوردستان تەنها خەتیبی سلێمانی سەیارەی هەبوو، بەڵام مامۆستایان خۆبەخشانە کاریان بۆ یەکێتی زانایان دەکرد، ئەوە بوو لە رێی هەڵبژاردنەوە مامۆستا مەلا عەلی مەلا عبداللە هەولێری بووە یەکەم سەرۆکی یەکێتی زانایان.

دواتر لە رووی هەیکەلیەوە چەند بەشێك لەو یەکێتیە کرانەوەو بۆ ئاگادار بوون لە شوێنەکانی تریش شەش لقمان لە سنوورەکانی تری کوردستان کردەوە، ئیدی ئەو یەکێتیە کەوتە کارو خزمەتی زۆری پێشکەشی میللەتو زانایانی ئایینی کرد.

لە بارەی شوێنی کۆنگرەو ئاستی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی تر مامۆستا مەلا مستەفا گوتی: لەبەر ئەوە گەلاڵە دیاری کرا بۆ بەستنی کۆنگرە، چونکە حکومەت لە شارەکانی تر هەبوو، نەدەتواندرا کۆنگرە لە شوێنەکانی تر ببەسترێ، پەیوەندیمان لەگەڵ شۆڕش و لایەنە حکومی و ئیداریەکان زۆر باش بوو، دواتر کە ئێمە وەك یەکێتی زانایان بەرەو ئاستێکی باش و ڕێك چووین، حکومەتی مەرکەزی ئیعترافی بە ڕێکخراوە نەکرد، تەنها لەبەر ئەوەی ناوی کوردستان ، چونکە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بوو، گوتی دەبێ ناوی کورستانی لەو یەکێتیە بکەنەوە و ئێوەش لەگەڵ ئیتیحادی زانایانی عیراقی دابن، بەڵام ئەوەمان قەبوڵ نەکرد.

**بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش ئەوکات وابوو هەرچی زانایان بە باشی بزانن پێویستە جێبەجێ بکرێت**

**مامۆستا مەلا قادر سکتان، کە یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی زانایان و لە سەرەتای دامەزراندنیشەوە هەوڵ و ماندوو بوونی زۆری کێشاوە، بەڵام کاتێ ئەو دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجام دا، گلەیی زۆری هەبوو، کە باسی سەرەتای تەمەنی یەکێتی زانایان دەکرد، زۆریش پەرۆشدار بوو بۆ ئەو ستافەی ئەو کات، بە قسەی ئەو هەموو هەوڵ و کۆششیان لە پێناو زانایان بووە، مامۆستا لە قسەکانیدا گوتی:**

ئێمە کە پێشنیاری یەکێتی زانایانمان کرد، چووینە لای بارزانی و پرۆژەکەمان عەرز کرد، ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، هەتا لەبیرمە بەو شێوە پێی گوتین: ئێوە زۆر پێویستان بەو ئیتیحادەیە، ئێوە کاری بۆ بکەم، منیش بە هەموو هێزێك لە پشتی ئێوەم. لە ڕاستیدا کەس نەبووە وەکو مەلا مستەفای بارزانی خزمەتی مەلایانی کرد بێ. لەناو قسەکانیدا زۆر بە تەوازوعەوە قسەی دەکرد و دەیگوت: من شیاوی ئەوە نیم لەناو ئێوە قسە بکەم، چونکە ئێوە زانای ئایینین، بەڵام پێم خۆشە ئەو یەکێتیە دابمەزرێنن، چونکە زروف هەر وانابێ، بۆ ئەوەی مامۆستایانی ئایینی شوێنێکیان هەبێ تێیدا دیفاع لە مافی خۆیان بکەن. زۆریش

تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئێمە پشتگیری یەکتر بین.

ماموٚستا زیاتر گوتی: ئێمە هەوڵەکانمان تەواو کردو کۆنگرەمان بەست، تەواوی مەلایانی کوردستان نوێنەریان لەو کۆنگرە هەبوو، بە تێکڕاش ئەو یەکێتیە بە پەسند داندرا، ئەو کات هەمووان سەرسام بووین بەو دڵسۆزیەی ماموٚستایانی ئایینی بۆ یەکێتی زانایان.

لە بارەی مەعنەویاتی ئەو یەکێتیە ماموٚستا گوتی: کە یەکێتی زانایان دامەزرا، بەراستی هەموولایەك پابەندی بڕیارەکانی دەبوون، تەنانەت شۆڕشی ئەو کاتیش، سەرکردایەتی کورد بڕیاری ئەوە بوو هەرچی زانایان پێیان باش بێ‌و بڕیاری لەسەر بدەن، دەبێ جێبەجێ بکرێ.

بەڵام ئێستا وەزعەکە گۆڕاوەو کەمو کوڕی زۆریش هەیە، من یەکێك بووم لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی زانایان، کەچی ئێستا خراینە پەراوێزەوە، بۆیە تکا دەکەم، یەکێتی زانایان‌و ماموٚستایانی ئایینی بە هەمان رۆحیەتی زانایانی پێشوو کار بکەن‌و، لە پێناو سەرخستنی ئیسلام‌و پاراستنی ئەخلاقی کوردی موسڵمان هەموو جوهدی خۆیان وەگەڕ بێخن.

*** ئەم دیمانەیە لە ٧ی٩ی٢٠١٠ ئەنجامدراوەو لە پەیامی زانایان بڵاوکراوەتەوە.**



# مامۆستا مەلا تەلحەی مەنتك

## ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندنو یەکەم بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان



مەلا تەلحە سعید قەرەنی سالی ١٩٣٣ لە گوندی دووشیوان لە دایکبووە، دوای پێگەیشتنی دەست دەداتە خوێندنی مەلایەتیو چەند شارو شوێنێك بە مەبەستی خوێندن دەگەرێتو دوا جار لەسەر دەستی مامۆستا مەلا شەریفی دووشیوانی بڕوانامەی زانستی وەردەگرێتو هەر لەو گوندەش دەست بە کارو خزمەتی مەلایەتی دەکات.

مامۆستا لە ساڵی ١٩٧٠ و لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەبێتە ئەندامی کۆنگرەو یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی زانایانو پاشان دەبێتە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان. بەردەوام دەبیٚ لە خزمەت کردنی زانایانی ئاینی بیٚ پچران تا نسکوی ١٩٧٥.

لەدوای راپەرینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١و لەگەڵ بەستنی کونگرەی دووەم، دیسان مامۆستا هەڵبژێردراوەتەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایانو دواتر دەبێتە جێگری سەرۆکی یەکێتیزانایان.

هەر لە بەر دڵسۆزی خۆی بو رێبازی کوردایەتیو خزمەتی زۆری لەناو ریزەکانی



یـــــەکێتی زانایـــــان، مامۆســـتا لـــە خـــولی یەکەمی پەرلـەمان بووە بـە ئەنـدامی پەرلـەمانی کوردستان.

مامۆستا تا لەناو کارو خزمـــەت و یـــەکێتی زانایـان بـووە خزمـەتێکی بەرچـاوی هەیـەو هەمیشـە بەهەسـتێکی بەرپرسـانەو ئایینپەروەری‌و نەتەوەپەروەری هەنگاوی ناوە.

لە رۆژی ٢٦ی٧ی ٢٠٠٧ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت‌و کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی لە گوندی دووشیوان/مەنتك بە خاك سپێردرا.



# مامۆستا مەلا علی بێشەیی
# ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایان



مامۆستا مەلا علی مەلا غفور مەلا ابراهیم بێشەیی کەسایەتیەکی دیاری دەڤەری سۆران و خاوەن خزمەتێکی زۆری ناو ریزەکانی یەکێتی زانایانە، یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی زانایانی ئاینی، دواهەمین ئەرکیشی کارگێڕی لقی سۆرانی هەمان ڕێکخراو بووە، ئەو سەبارەت بە بیرەوەریەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی زانایان دەڵێت:

لە دوای ئەوەی جەنابی مەلا مصطفی بارزانی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بۆ دامەزراندنی یەکێتی زانایان، بڕیاردرا کە لیژنەیەك پێك بهێنرێت بۆ ناونووس کردنی سەرجەم زانایانی ئاینی، ئەوەبوو لیژنەکە ئامادەکرا کە منیش یەکێك بوم لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە شوێنی کارکردنم گەڕان و ناونووسکردنی سەرجەم ماموستایانی ئاینی سنوری پارێزگای هەولێر بوو تا ناوچەی کەرکوك، هەر هەموومان وەك ئەندامانی لیژنە چوینە خزمەتی بارزانی نەمر ئەویش هاوکاری خۆی ڕاگەیاند بۆ هەموو بارەگاو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان

بروسکەی کرد، کە یارمەتی ئێمە واتە لیژنەی ناونووس کردنی زانایان بدەن لەدوای دەست بە کاربوونمان توانیمان بە ماوەی یەك مانگ کارەکە ئەنجام بدەین.

لەپاشان لیژنەی باڵا بڕیاری دا کە من بچمە کەرکوك بۆ لای مامۆستا مەلا مجید قوتبی کە هەڵوێستی بەڕێزیان وەربگرم جەنابی مامۆستا مەلا مجید قوتبی خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بەڵێنیشیدا کە لە ڕۆژی کۆنگرە ئامادە بێت.

هەروەها لە پردێ سەردانی مامۆستا مەلا علی پردێم کرد، کە کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکە بوو، مامۆستاش بەم کارە زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە لە کاتی خۆی بە خزمەت مەلا مصطفی بارزانی گەیشتبوو، ئەویش لەڕۆژی کۆنگرە ئامادە بوو لەدوای ئەوەی هەموو کارەکانی خۆ ئامادەکردنمان ئەنجامدا لەڕۆژی ١٩٧٠/٩/٢١ بەڕۆژی بەستنی کۆنگرە دەستنیشان کرا.

لێژنەی سەرپەرشتی کردنی میوانان و ئەندامانی کۆنگرە بە سەرپەرشتی مامۆستا مەلا قادر سکتانی ئەندامیەتی مەلا سید قهار کە لە لایەن حکومەتی مەرکەزی شوێن بزر کرا، هەروەها مەلا سەعید سەردرەیی لە گەڵ خۆم پێکهات، ئەوە بوو مامۆستا مەلا قادر سکتانی فەرمانیدا کە من بە تەنیا بچمە حاجی ئۆمەران جەنابی بارزانی دەعوەت بکەم بۆ مەراسیمی کۆنگرە، ئەوە بوو چوومە لای جەنابی بارزانی



زۆر بە حورمەتەوە لە گەڵم دانیشت و وەڵامی دەعوەتەکەی دایەوە ئامادەی مەراسیمی کۆنگرە بوو، کە بەراستی بۆ من مایەی شانازیەکی زۆر بوو لە دواییدا بە ڕێگەی هەڵبژاردن دەستەیەکی باڵامان هەڵبژارد بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی یەکێتی زانایان، کە تاکو نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ زۆر بەرێکی خزمەتی ئاینی ئیسلام و گەلی کوردیان کرد، هەمیشە جێگای ڕەزامەندی

رەحمەتی بارزانی بووین و زۆر لە نزیکەوە چاودێری دەکردین.

لە کۆتا بیرەوەریەکانم خۆزگە دەخوازم هەوڵ بدرێت مێژووی پر لە سەروەری یەکێتی زانایان تۆمار بکرێت تاکو نەوەی ئێستا ئاشنای رابردووی ئەم رێکخراوە بێت، دەست خۆشی لەو مامۆستا بەرێزانە دەکەم کە تا ئێستا پارێزەری ئەم رێکخراوەن بە گوێرەی ئەو ئیمکانیاتەی لە بەر دەستیان دایە، بۆیە بە پێویستی دەزانم زیاتر یەکرِیزی رێکخراوەکە بپارێزرێت سەرەرای ئەرکە پیرۆزەکانی دەسەڵاتێك بێت لە ناو دەسەڵات..





دوو ئەندامی بەژداربووی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایان ساڵی ١٩٧٠

**مامۆستا مەلا عەلی بێشەیی**

**مامۆستا مەلا خالد هاودیانی**

## مەلا مستەفای بارزانی گوتی:
## ئامادەم بە کۆڵی خۆم خۆڵتان بۆ بکێشم و بۆ هەموو خزمەتێك ئامادەم



جەنابی بارزانی نەمر هەمیشە داخوازی لە گەلی کوردستان ئەمە بووە، کە هەمیشە یەك ڕیزو یەك دەستو یەکتر گیر بن، بۆیە زۆر جار مامۆستای ئایینی کۆ ئەکردنەوە داوای لێدەکردن کە یەکتر گیر بن، وەلەوتاری هەینی خەڵك وشیار بکەنەوە بۆ یەك ریزی ئەوە بوو تا وای لێهات داوای لە مامۆستایان کرد یەکیەتێك پێك بێنن مامۆستاکانیش قەبولیان کرد.

ئەمە بوو ڕۆژی ١٩٧٠/٩/٢١ لەمزگەفتی گەلالە کۆنگرەی یەکەم بەسترا بەئامادە بوونی خودی خۆی بارزانی، وەهەر لەهەمان ڕۆژ بارزانی وتارێکی بەنرخی فەرموو لەبەر زۆری ناکرێ هەموی بنوسمەوە بەڵام جگە لەوتارەکە وەکو لەیادمە ئەوەشی فەرموو ئەگەر ئێوە یەکترگر بن من بۆ هەموو خزمەتێکتان ئامادەم وەئەگەر ئێوە بەگوێرەی شەریعەت و فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەر کار بکەن من ئامادەم بەکۆلی خۆم خۆڵتان بۆ بکێشم، پاشان دەستەی کارگێری لە مامۆستا مەلا عوسمان گۆجە وە مامۆستا مەلا ویسی گرتکی وە مەلا قادر سکتانی وە مەلا مصطفی دار السلام وە ملا عبدالله قەلاتی هەڵبژێردران وە مامۆستا مەلا علی هەولێری کرا بەسەرۆکی یەکێتی زانایان وەتێکرای مامۆستا ئایینیەکانی ناوچەی باڵەك و ئەوانی تریش بانگهێشتی سەر ئەو کۆنگرەیە کرا بوون ئینجا دوای

کۆتایی کۆنگرە مامۆستایەکان ئەوانەی دەستەی هەڵبژارد بوون لەگەل مامۆستا مەلا عوسمان بۆ نانخواردنی نیوەرۆ چۆن بۆ گوندی وەڵزە، دواتر لقەکان هەلبژێردران مەلا محمد دەڵگەیی بوو بە لێپرسراوی لقی٧ی پشدەر، منیش کە لە گوندی ئێندزە مەلا بوم هەڵبژێردرام بۆ ئەندامی لێژنەی ناوچەی قەندیل وەمەلا شێخ محمد قەرناقەوی هەڵبژێردرا بە لێپرسراوی ناوچەی قەندیل.

دڵسۆزتان: خالید عبدالله حمد





وێنەی زاناو قازی سەردەمی شۆرش مامۆستا مەلا عبداللە قەڵاتی، کە خزمەتێکی زۆری هەیەو بەژدار بووە لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایانو لەبواری فەتواش ماوەیەکی زۆر لە لێژنەی باڵای فەتوا بووە.

یەکێك بووە لەو شەش کەسانەی وەك قازی لەسەردەمی شۆرش دەستنیشان کراوەو لە چارەسەرکردنی پرسە شەرعیو کۆمەڵایەتیەکان جێدەستی دیار بووە.

ئەوەی تر مامۆستا مەلا خالد هاودیانیە.. وێنەکە ساڵی ٢٠١٩یە.

# زاناو عەللامەی كورد مەلا عەبدولەتیف بامۆكی
# لە هەرەمی ڕێكخراوێكی پیشەیی ئایینیو نەتەوەخوازییدا




## ئاری كوڕی مەلا عەبدولەتیفی بامۆكی

لە بیرەوەریی تێپەڕینی (٥٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنی ڕێكخراوی (یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی كوردستان)، لە مێژووی (١٩٧٠/٩/٢١)، لەم وتارەدا بە ئەركو پێویستمان زانی، وەك نەوەی یەكێك لە زاناو موحەددیسو عاریفو عەللامەكانی كورد (مەلا لەتیفی بامۆكی)، فۆكسێك بخەینە سەر ئەم ڕێكخراوە پیشەییە قوتابخانەییەو بوون و ئامادەگیی مامۆستاو باوك و ڕێبەرمان، لە تەمەن و بەرخۆدانی ئاینخوازیی و كارو كارنامەی هۆشیاریی ئیسلامیی و ڕەوتی زانایانو ڕەهەندە جیاوازەكانی ئەم زانایە بۆ خزمەت بە ئیسلامو كورد وەك دوو ڕووی یەك بەها.



دەمەدەمی كۆتایی شەستەكانی سەدەی بیست دەبێتو بە دیدی جیاوازو ئیسلامخوازیی، هەندێك ڕەوتی ئیسلامیی سەرهەڵدەدەن لە عێراقو كوردستانیش دەگرێتەوەو لە هەوڵی بڵاوكردنەوەو هۆشیاریی تاكو كۆمەڵگەدا دەبن، لەو ساتانەشدا (شۆڕشی ئەیلول) شۆڕشی نەتەوەیەكی

ژێردەست دەبێت و لە ڕووە سەربازیی و پرۆسە جیاوازەکانی خەباتی شاخ و فشاری مەدەنیی و کایە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە، لە بەردەوامیی چنگخستنی مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورددا دەبێت.

لەم دۆخەدا، هەست دەکرێت، کە پێویستە زانایان و ڕەوتی ڕۆشنگەرانی ئیسلامخوازیش، شانبەشانی خەباتی چەك، قۆڵی لێهەڵبماڵن و ببنە پاڵپشت و بزوێنەری شۆڕش و چمکێك لە کراسی بەرخۆدان هەلبگرن، پێویستە کوردیش خودان بزاوت و جوڵەیەکی هۆشیاریی ئاینیی بێت تا ئامانجەکە بالاتر مەیسەر بێت بۆ خەڵك و ئایندەی کورد لە کوردستاندا، ئەویش لە ڕێی زانایان و مەلا و مامۆستا و خاوەن کەسایەتییە مەعنەوییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی و پێشەنگانی بیرمەندو مەشخەڵبەدەستانی ڕێگەی پەروەردگار، هەرچەندە ڕەوتی تریش بە شێوەی تر بوونی هەبوو، بەڵام هەست دەکرا ئەوەیان دیدێکی گشتگیرتری بۆ مەسەلەکان هەیەوو ناچێتە چوارچێوەی ڕاستەقینەو تایبەتی هۆشیاریی کوردییەوەو لەوانەیە سنووری کاریان تەنیا ئاین و هۆشیاریی ئیسلامیی بێت هەم لە عێراق و هەمیش لە کوردستاندا، نەك پەروەردەی نەتەوەیی و دووانەی خەباتی ئاینیی و نەتەوەیی.



بۆیە بە کۆکردنەوەی ڕاو ڕاوێژو پلانێکی ئایندەخوازیی بۆ ڕۆڵەکانی ئەم گەلە مسوڵمانە، لەسەر دەستی چەندین ڕێبەری بیرمەندو مەلا و زانای کوردو بە بڕیاری مەرحوم سەرکردەی کاریزمای کورد (مەلا مستەفا بارزانی)، بەشێك لە زانایان و مەلاو تەریقەتخوازیی ئاینیی و پیاوە هەڵسوڕاوەکانی کاروانی بۆ خوا سوڵحان و ڕیجالە

کەموێنـەکان، لـە یەکـەم ڕۆژی پـایزی سـاڵی (١٩٧٠) دا بانگهێشـت دەکـرێن بـۆ ناوچەی (گەلاڵە)ی سەر بە باڵەکایەتیی و لە یەکەمین کۆبوونەوەو کاری هاوبەشی زانایان و ڕابەری شۆڕشی ئەیلول، یەکەمین مەشخەڵی دامەزراندنی ڕێکخراوێك بۆ زانایـان و مـەلای کـورد هەڵـدەکرێت، تـا لـەو ڕێگەیـەوە گـەلی کوردستان هۆشـیار بکرێتـەوە لـە زوڵمـی دەسـەڵاتە مۆنۆپۆلگـەرەکان و نـەیارانی ئیسـلام و کـورد لـە عێراقدا، ئەویش بە ئامانجی خزمەت بە ئاینی ئیسلام و توندوتۆڵکردنی بیری نەتەوەیی کورد و داخوازیی و بەدیهێنانی ماف و ژیانی شایستە و ڕێلێگیراو بۆ پێشەنگانی ڕێبازی پەروەردگار و مەلا و زانایانی کورد.

هەوای مەیلەوساردی ڕۆژی (١٩٧٠/٩/٢١)ی گەلاڵە، تێکەڵ دەبێت بە ڕاگەیاندنی (یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان) و بەشێکی زۆر لە زانایان و ئەهلی بانگەواز لە دەوری کۆدەبنەوە و ئیتر ئەم ڕێکخراوە دەبێتە بزوێنەری ڕەوتی کاروانی خزمەت بە ئیسلام و کورد لە یەك پاکێجدا لە لایەك و کۆکۆدنەوەی وزە و ڕوخسار و زمانی تەواوی زانایانی کورد لە ڕوویەکی ترەوە، هەرچەندە ئەم بیرە بۆ دامەزراندن و گەلاڵەکردنی دامەزراوەیەکی بەم چەشنە پێشتر لە لایەن هەندێك ڕێبەرو مەلای کوردەوە بوونی هەبووە، بەڵام هیچیان هەوڵ و پاکێج و پێهەنگاوی لەگەڵ نەبووە، جگە لە بیرۆکەکەی زاناو موفەسیرو بیریاری کورد، مەرحوم (م. مەلا عوسمان عەبدولعەزیز) نەبێت، کە پێشتریش جەنابی مەرحوم (بارزانی) لە زەرورییەتی دامەزراندنو کۆکردنەوەی ئەم وزە مەزنە ئاگادار دەکات، کە دواجاریش ناوبراو لەو کەسایەتییانە دەبێت کە بانگهێشت دەکرێن بۆ گەلاڵە بۆ بە فەرمیی دامەزراندنی یەکێتییەکە، لەگەڵ دەیان مەلاو زانای عەمامەپاکی شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك و ناوچەکانی گەرمیان و دەڤەری فراوانی شارەزوور و هەڵەبجەش.

مەلا عەبدولەتیف بامۆکی، وەك زمانزان و شەرعزان و عەللامەیـەك، هـەر زوو ئاشـنا دەبێت بە لوتکەی ئەم ڕێکخـراوەو وەك دڵسـۆزێك لـە دواجاردا شـوێنپێی خـۆی بـۆ


1956 لەراستەوە(مەلا حسين-مەلا على عبدالقادر-مەلا لەتیف-صلاح حمە نورى-مەلا محمد حاجى مەلا مستەفا

خەبات و خزمەت لە یەكێتییەكەدا دەبینێتەوە، سەرباری بەشداریێكی چالاك و بەرەنگارخوازیی لە خەباتی شاخ و پێشمەرگەو بەشداریێكی یەكەمی شۆڕشی ئەیلول، هەرچەندە مامۆستا عەبدولەتیف بامۆكی، لە سەرەتای گەنجێتییەوە قاڵبوویەكی شەرعو دەرچوویەكی قوتابخانە و حوجرەكان دەبێت و هەرزوو دەبێتە چاوساغێك بۆ هۆشیاریی ئاینیی لەناو چین و توێژەكانی كۆمەڵگەدا بە تایبەت لە هەڵەبجەو هەورامان و شارەزوور و ناوچەكانی قەرەداغ و سلێمانی، بەڵام دیوی خەباتی كوردایەتیی و شۆڕشگێریی لە پێناو گەلەكەیو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانییەكان فەرامۆش ناكات، تا ساڵی (١٩٩٢) و پاش ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان بە فەرمیی دەبێتە هەڵسوڕێنەری (یەكێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی كوردستان) و لە بارەگای سەرەكی لە هەولێر نیشتەجێ دەبێت و وەك كۆڵەكەیەكی بەهێزی ئەو یەكێتییە، كارو فرمان و فەرمانەكان هەڵدەسوڕێنێت لەگەڵ دەیان زاناو موفتیی و مەلاو ڕۆشنبیری ئاینیی، هەر لەو سەرەتایانەشەوە سەرۆك و مەكتەبی تەنفیزیی یەكێتیی زانایان بڕیاری دەرچواندنی گۆڤارێك بۆ زمانحاڵی ڕێكخراوەكە دەدەن و دەخرێتە بواری جێبەجێكردن و ناوی دەنرێت گۆڤاری (دەنگی زانا)، كە ژمارەی سفری لە ئازاری ساڵی (١٩٩٢) دەردەچێت و مەلا عەبدولەتیفیش دەبێتە دەستەی نوسەران لەگەڵ (م. عەبدوڕەحمان

میرسەردەری) و (م. محەممەد ئەمین چەمچەماڵی)ش وەك سەرنووسەرو پاشان مامۆستا بەدەوام دەبێت لەگەڵ چەندین قۆناغی جیاوازی دەستەی دەرچواندنی گۆڤارەکە لەگەڵ چەندین مامۆستا و ڕۆشنبیردا و دواتر دەبێتە بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤارەکە تا ساڵی (١٩٩٤)، کە ئەم گۆڤارە دەستکەوت و دەسپێکێکی گەورە دەبێت بۆ قەڵەمبەدەستانی زانایان لە بوارەکانی فیقهو سیرەو شەرع و زانستە ئیسلامیەکان و بنەماکانی فیکرو توێژینەوەی نوێی ئیسلامیانە بۆ قۆناغ و ژیانی کورد، کە جێی خۆیەتی بڵێین لە سەرەتاکانی دووبارە ڕێکخستنەوەی یەکێتیی زانایان لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، لیژنەیەکی تەحزیریی پێکهات لە چەندین زانا و مامۆستا وەك: (مەلا مەحمود دێرشەوی، مەلا محەممەد دەڵگەیی، مەلا محەممەد ئەمین چەمچەماڵی، مەلا ئەحمەد وەرتێ، مەلا محەممەد ئەمین وەرتێ، مەلا فازیل یاسین، مەلا تەیفور فەتاح، مەلا شێخ ئەحمەد شارەزووری، مەلا مستەفا حسێن، مەلا عەبدوڕەحمان میرسەر، مەلا تەها ئەبو بەکر، مەلا ئیسلام) و دواتر لە (٢٠/١٠/١٩٩١) دووەمین کۆنگرەی یەکێتییەکە بە ئامادەیی (٧٠٠) مەلا و زانای کورد ئەنجامدرا و بەم چەشنە (هەیئەی ئیداری) و (مەکتەبی تەنفیزی) کەوتە کارو لە پەنا ئەمەشدا ڕاگەیاندن و دەرچواندنی ئەم گۆڤارە چووە بواری جێبەجێکردن و تا دوا ژمارەی لەلایەن چەندین مامۆستا و زاناوە بەڕێوە چووە، جگە لە مەلا عەبدولەتیف بامۆکی وەك سەرەتای سەرپەرشتیار، ئەم زانا و ڕۆشنبیرانەش ستافی گۆڤارەکە بوون لە قۆناغەکانیدا، وەك (م. عەبدوڕەحمان عەبدوڵڵا و م.فازیل یاسین و مەلا محەممەد و شێخ موحسین شێخ خالید موفتی و مەلا تەها شەمزینی و مەلا محەممەد تاهیر محەممەد زەینولعابیدین و م، فائیزی مەلا بەکر و م، جەبار مەنتك) و چەندین زانا و مەلا و ڕۆشنبیری ئاینیی و قەڵەمبەدەستی بە ئەزموون.

مەلا عەبدولەتیف بامۆکی، ڕاستەوخۆ پاش ئەم قۆناغە، واتە ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان، بۆ بەکاربردن و خستنەگەڕی ئەو عیلمو

شارەزاییەی کە پێی بوو، ڕوودەکاتە مەکتەبی تەنفیزیی ئەم یەکێتییە و لەبەر ئەوەی ماڵیشی لە هەڵەبجە دەبێت و بارەگای سەرەکییش لە هەولێر دەبێت، مانەوەی تەنانەت لە بارەگای سەرەکیی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی زانایان دەبێت و شەو و ڕۆژ لە بارەگای سەرەکیی لەگەڵ چەندین هاوەڵی زاناو مامۆستا و ڕۆشنبیردا خەریکی بەرجەستەکردنی سیاسەتی ڕۆشن و گوتاری هۆشیاریی یەکێتییەکە دەبن، بەندە وەك کوڕی مەلا بامۆکی، شایەتحاڵی ئەو ڕۆژگارانە دەبم کە چۆن بێ وەستان و بە عەقڵ و قەڵەم، خزمەتی دەکردو گۆڤاری دەنگی زانای بە کۆڵێك وتار و بابەت و بەرهەمەوە دەخستە بەر دیدی خوێنەرانی کورد لەو سەردەمەی کە هێشتا بابەتی چاپ و میدیا بەم شێوەی ئەمڕۆ بەرفراوان نەبوو، ئێستاش کە دەڕوانم لە ژمارەکانی دەنگی زانا، لەرز دامدەگرێت کە چۆن مەلا بامۆکی و هاوەڵانی وەك: (م. مەحموودی دێرشەویی و م، تاهیر زەینولعابیدین و نەوەکانی‌و شێخ موحسینی موفتی و نەوەکانی‌و م، تەها شەمزینی و م، فازیل یاسین‌و م. مەلا فائیزی مەلا بەکرو م. جەبار مەنتك)و چەندین مەلاو مامۆستاو زانای تر، بەو پەڕی متمانەو بڕوابەخۆبوون‌و دڵسۆزییەوە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان سڵ ناکەن‌و خۆبەخشانەو بێ هیچ ئامانجێك ماکینەی خزمەت بە ئاین‌و نەتەوەکەیان خستۆتەکارو بەرهەمی ئەزموون‌و ڕۆشنگەریی خۆیان بۆ نەتەوەو خاکەکەیان ئەبەخشنەوە.

لەو سەروەختەدا، بەندەش دەبێتە هاوڕێی‌و هەمنشینی مەلا عەبدولەتیف و جارناجار هاوکارو بەردەستێك وەك شاگردێك، دەمبینی باب‌و مامۆستام لەم مەیدانەدا چەند دڵسۆزانە ئەرکی زانایەتیی خۆی جێبەجێ دەکات.

پاش ساڵی (١٩٩٤) بە بڕیارێکی وەزارەتی ئەوقاف، مەلا عەبدولەتیف بامۆکی دەبێتە بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی‌و لەوێش جگە لە ئەرکی بەڕێوەبەرێتیی، دەستبەرنادات لە یەکێتیی زانایان‌و بە پرۆژەو بیرۆکەو بابەت‌و نوسینەکانی بەردەوام دەبێت.

لەبەر لێهاتوویی و شارەزایی و ئەزموونی زۆری و عەرەبیزانییی و فارسیزانییەکەی و توانایی لە شەرع و ئیسلامناسییدا، هەر زووبەزوو دەبێتە خۆشەویستی زانایانی هەولێر لەو سەدەمەدا و وەك چراو تیشك و شەبەنگ، لە دەوری کۆدەبنەوەو بە زانست و قسەخۆش و نوکتەو خەندەهاوێژەکانی، هەموان سەراسیمە و دڵخۆش و سودمەند دەکات، ئەمە من نایڵێم، بەڵکو دۆست و نزیك و هاوەڵانی بەوەفای جەختی لێدەکەنەوەو تا مانیشی دوراودوور لە هەولێرەوە بە تەلەفۆن و بەسەرکردنەوەو سەردانیکردن دووپاتی خۆشەویستیی و وەفادارییان بۆ نوێ دەکردەوە.

مامۆستای ڕەحمەتیی باوك و شەرعزان، هەر بەتەنیا موڵکی خانەوادە و شارێك نەبوو، بەڵکو موڵکی نەتەوەیەك بوو، بەرهەمی بیرو بۆچوون و ئەفکارە سەرڕاست



و ئاسۆیی و توانابڕەکانی بۆ هەموان بوو، لە سەنگەری ئەم یەکێتییەوە، شانبەشانی زانایانی کورد، لە مەسەلە فیهیی و بوارە ئیسلامییەکەدا، بووبوویە پێشەنگی گوێلێگیراو و ئەهلی پرس و ڕاوێژ و تەنانەت فتوادانیش.

لە سەرەتای نەوەدەکاندا، ئەم یەکێتییە، وەك تاقە ڕێکخراوێکی پیشەیی و خاوەن ئەزموون و ئەهلی عیلم و زانستە ئیسلامییەکان، بووبوویە دوانگە و پێگەیەکی

گەورە بۆ ڕێڕۆشنیی و بەرچاوڕوونیی و چاوساغیی تەنانەت سەرکردایەتیی کوردییش، هەر بۆیە لە درێژەی تەمەنیدا، مەلا باموکیی، وەك چەندین هاوەڵی زانای لە لایەن سەرکردایەتیی کوردەوە بۆ خولی یەکەمی پەرلەمان دەستنیشان دەکرێن و لە یەکەم هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستاندا دەبنە بەربژێرو دەردەچن بۆ ئەندامی ئەنجوومەن (پەرلەمان)و لەو سەنگەرەشەوە دووبارە دەبێتە فریادڕەسی زمان و عیلم و ئەزموونی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان و سوود وەردەگیرێت لە توانا و شارەزاییەکەی.

پێش ئەم دەستبەکاربوونەش لە لایەن وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕادەسپێردرێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرپەرشتیاریی قوتابخانە ئاینییەکانی هەرێم و پاشان لە وەزارت جگە لەو ئەرکەی، بەهۆی شارەزایی لە نوسین و کاری ڕۆژنامەنووسیدا، دەکرێت بە سەرنووسەری گۆڤاری (خۆری ئیسلام)، زمانحاڵی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم، لەوێشەوە بەم دوو ئەرکە، خزمەت دەکات بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەرییەکی تر لە وەزارەت و شارەوشار سەرپەرشتیی و چاودێریی قوتابخانە ئاینییەکان و پەروەردەکردنی فەقێ و قوتابی و ڕێبوارانی نوێی کاری بانگەواز و پەروەردەکردنی ئیسلامیی.

مامۆستا تا ڕۆژی پەروازی ڕۆحی گەش و پاکی، لە (١٤/٣/٢٠٢٠)دا، خۆی بە خاکیترین و دڵسۆزترین ئەندامی یەکێتی زانایان زانیوەو هەرگیز ڕۆژێك دانەبڕاوە لێی و پاش کاری پەرلەمانتاریی و خۆخەریککردنیشی بە کاری وەرگێڕان و نوسین و توێژینەوەی جیاواز لە فیقهی ئیسلامیی و فەرموودە و بواری جۆراوجۆری ئەدەبیی و عیرفانیی، هەر لەتێك دڵی لە یەکێتییەکە و لەتەکەی تری لە سینەی پیر و پڕ لە تەهلیلە و ئاهاتی ئاسمانییدا بووە.

لەم کۆتاییانەی تەمەنییدا، دەیان بەرهەمی گەورەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی شیرینی کوردیی وەك (نهج البلاغة) بە کوردیی و (علی هامش السیره) بە کوردی و (معلقات عشر) بە کوردیی و (شبهات حول الاسلام) و



(قەسیدەی بوردەی کەعبی کوڕی زوهەیر)و (فتنة الکبری) بە کوردیی و چەندین بەرهەمو نوسینی تر.

ئێمەشی واپەروەردە کردووە کە یەکێتی زانایان بە ماڵو مینبەر و سەنگەری ئایندۆستیی و نەتەوەپارێزیی و پێگە بەرزەکەی زانایان بزانین و بە ئێستەشەوە و پاش پەروازی ڕۆحی خۆی، هەر جارناجار وەك وەفایەك سەرێك بدەین لەو حەرەمەی یەکێتی زانایان و درووود ناردن بۆ هاوەڵانی و زانایان، نایشارمەوە بە هۆی باوکمەوە ساڵی (١٩٩٦) بوومەتە ئەندامی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان لە هەولێر و هاوکاریکردنی گۆڤار و ئەرکە میدیاییەکانی لەو دەمەی کە ماڵمان لە هەڵەبجە بوو، بەڵام بە تەنیا ئەم کەڵە پیاوە لە هەولێرو لە ئاوارەییداو لە باڵەخانەی مەکتەبی تەنفیزییدا ژیانی بەسەر دەبرد، بۆیە منیش زۆرجار لەوێ دەبووم شەووڕۆژ لە خزمەتیدا و بیرم دێت شەوان تەنیا باوکم و ڕەحمەتیی (م. جەبار مەنتك) و بەندە بە دەیان شەو دەماینەوە لە بارەگای سەرەکیی مەکتەبی تەنفیزیی و بۆ خۆمان خەریکی هەڵەچنیی و نوسین و خوێندنەوە و دەرچواندنی گۆڤارەکە دەبووین.

سەرد و سەربوردە و ستۆریی مەلا عەبدولەتیف بامۆکی لە هەژماری گێڕانەوە نایەت، ئەم وتارە لە بیرەوەریی دامەزراندنی پەنجا ساڵەی ئەم یەکێتییە پیرۆز و پێشەنگەدابوو، ئێستا و لەم ساتەدا کە ئەم وتارە دەنووسم، چاوم پڕ فرمێسکە و دڵتەنگ و بێکەسم، لەوەی باوکم دیار نییە ئەم وتارەی بۆ بخوێنمەوە، بەڵام لە لایەکی تریشەوە دڵخۆشم بەوەی زانایان و ئەهلی زانست و بیرمەندەکانی هاوڕێ و

هاوسەنگەری لە یەکێتیی زانایان هێشتا وەك ئەوەی باوکی باموکییم مابێت، داوایان لێکردم بۆ ئەم بیرەوەرییە وتارێك لەسەر ئەم مەلا ئازیزە بنووسە لە بری باوکت، چونکە خۆی لە بەرزەخەو دەستی ڕاناگات وەك جارانێ قسەیەکمان بۆ بکات و شتێکمان لە بەرهەمی دارعودو هەنگوینی ئەسڵی شاخە سەربڵندەکانی کوردستان بە وتەی شیلە و شیرین بۆ ڕەوانە بکات. ڕۆحت شادی بەهەشت مەلا




عەزیزەکەی ئیسلامی بەرزو کوردو یەکێتی زانایان، تۆش سەربەرزبە ئەی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان.

شکۆداربەو ڕێگەت پڕ ڕێبوارەو کاروانت هەمیشە گەشەو ئاسۆڕوون



# ئاگاتان لە دین و مەزهەب و نیشتیمانەکەتان بێت

## مەلا محمد وەرتی.. سەرۆکی پێشووی لیژنەی باڵای فەتوا لە کوردستان



دەست خۆشی لە کاك مەلا عبداللە شێرکاوەیی دەکەم کە منی هەشیارکردەوە بۆ پێش وازی ڕۆژی دروست کردنی یەکیەتی زانایانی ئایینی ئیسلام لە کوردستانی عێراق ١٩٧٠/٩/٢١ ئەمن ئەندامی کۆنگرە بوم تا ئێستاش دانەبڕاوم، ئەوە بوو کە ٥٠ ساڵ لەوە پێش بەڕێز جەنابی مەلا مصگفی بارزانی لە گەڵاڵەی باڵەکایەتی لە هەموو کوردستانی عیراق ماموستایانی ئایینی لە گەڵاڵەی باڵەکایەتی خڕکردنەوە یەك حەفتە ئەو کۆبوونەوەو ڕێکخستنانە درێژەی کێشا ئەو هەموو دانیشتنانەو ڕێکخستنانە لە ماوەی حەفتەکی کۆتاییان پێهات، لە ئاخیرەکەی جەنابی بارزانی هاتە مزگەوتی گەڵاڵێ، لەپاشی وتارەکانی مەلا گەورەکان، جەنابی بارزانی وتارەکی نەرمو بەنرخی خویندەوە ئەو خەڵکە هەموو دڵو گۆییان ڕاگرتبو بۆ وەرگرتنی وشە ڕەنگاو ڕەنگی جەنابی بارزانی بەڕاستی فەرموودەکانی زۆر بەنرخ بوون، لە کۆتاییەکەی گوتی ماموستایان زۆر خۆش حاڵ بوم بەدیتنی جەنابتان وادەزانم ئەوڕۆ گێژنی لە دایك بونمە چونکە بە دیتنی ئێوە دڵ و چاوم گەش بۆوە وام دانە

بەرهەمی خەباتی پەنجا ساڵیم ئەوە بەشێکە. بەڵام مامۆستایان ئەمن سێ شتم لە ئێوە دەوێ، یەکەم ئاگاتان لە دینەکەتان بێت، دوو ئاگاتان لە مەزهەبەکەتان بێت، سێ ئاگاتان لە نیشتیمانەکەتان بێت، ئێوە ئەو سێ شتە بکەن ئەمن خەنجەری بەر پشتی ئێوەمە، لەگەڵ وتەکەی دەستی خۆی لەسەر خەنجەری دانا لەدوای ئەمە هەموو خزمەت و تەرتیبات بۆ یەکیەتی زانایان دانرا هەر لە لق و ڕێکخراو مەکتەبی تەنفیزیو لێژنەی فەتوای باڵای شەرعی، لە دەوری جەنابی هەموو شتێك بەشی دەبڕاوە، جەنابی زۆری حەزی لەکاروباری شەرعیی بوو ئێستاش ئێمە کە خڕ دەبینەوە لە لقو مەکتەب تەنفیزی و لوجنە شەرعیەکان لە سایەی ئەوە ئێمەش دوعای بۆ دەکەین.




لەدوای وەفاتیشی ئەو ئەم شیعرانەم نووسیە ئەوا بۆم ناردی ئەنجا کەیفی خۆتە لەلای من ئیزنە چێ داخیل بکەی چی داخیل نەکەی بەخۆت صاحیبی.. مەلا محمد وەرتی

.....................................

**بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

بڕژێ سرودی بێ بڕان و بێ پەیان

بۆ سەر ڕوحی پێغەمبەری ئاخیر زەمان

ڕاستە گەلان بیری پیاو ماقاڵانی خۆیان لەلا باوە

ئێمەش بیری هەڵکەوتوان لەلا گوڵو گیا بەندوسوسنو خاوە



ئاسمانی ڕەنگ شینی قژ زەرد
نازانی تێنوی فرمێسکە ڕووی هەرد
بە ڕەنگی فرمێسك لێیان نوسرابوو
بارزانی هەی داخ کورد بێی نەوا بوو
ئاسمان سابگری بەبێی هیوای
فرمێسك بڕێژە تك تك ئەسپایی
تاقە تروسکەی ئاسمان کوردان
تاکە نەمامی باخی ڕووی جیهان
خونچە تەڕی وتەی جوانی
بۆمان دەپشکوی وەك گوڵی بەیانی
لەگەڵ باڵداران بەدوای ڕووناکی ڕۆژ کەوتم
نەشەو و نە ڕوژ هیچ نەخەوتـــــم
لەگەڕانم ڕووی سەرنجم خستە هەر کوێ
هەر خۆی باوك ماموستا بوو لەوێ
ئێستاش دەستی درێژ دەکا بە ئەنگوست
شەقامی ڕاست دەدا بست بە بست
نەوەی شێرکۆ و سەلاحەدین
پاڵەوانی ڕاستی و ڕێی دین
هونەرمەندی دەستی یەزدان
نەك نەخشی کێشا بێ هیچ فەنان
بە هەنگاوی گوورج و درێژ
بڕیت ڕێگای هەوراز و لێژ
فێنکە بای ڕوی زەردەخە



بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی زانایان –خولی چوارەم



نە بەناو کۆمەڵدا کەوتە شنە

بەڵام ڕۆڵەی ئەوو فورات

ڕۆژی پیرۆزیان لیٚ هەڵات

پرشەنگی ڕۆژی ئازادی

ویٚرانی پڕ کرد لە شادی

بەری بەیانە ڕووناکە ئاسۆ

ئاسۆی هیوای کورد موژدەبیٚ لە تۆ

دەنگی بانگ هەستا لە مزگەوتی دیٚ

باڵدار لە جیٚی شەو ئەڕوات و ئەفڕیٚ

زمانم پشکوتوی قسەی جوانتە

قسەی دانیشتوی کۆڕی جەنابتە

بارزانی لەدڵی کوردان هەر دەمیٚنیٚ

لە خەویشیا سەر مەشق و نەقشی وی دەبینی

چەندی دەکەم ئەو خەیاڵەی من پیٚی مەستم

پیٚم ناخریٚتە ناو چوارچیٚوەی هەڵ بەســـم

لیٚکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم

لیٚك دوورن سەیرە! نازانـم

ئیٚستاش مەسعود ڕۆڵەی جیٚ گری

خوا لە پشتی دەستی بگری

جیٚگەی هیوایە لە بۆ کـوردان

بیپاریٚــزی خودای یـەزدان





# یادەوەری
# مامۆستا سید طاهر أحمد بەرزنجی
# ئەندامی یەکەم کۆنگرە

بە بۆنـەی پەنجاهـەمین سـاڵیادی دامەزرانـدنی یـەکێتی زانایـانی ئـایینی ئیسـلامی کوردسـتانەوە، پیرۆزبـایی لەسـەرجەم مامۆسـتایان و زانایـانی ئـایینی دەکـەم و لـەدەرگای ئیلاهـی نـزاو پارانـەوە دەکـەم بۆ هـەموو ئـەو مامۆسـتاو زانایانـەی کـە کـاروانی زانایانیـان بـە گەڕانـەوە بـۆ باوەشی خودای میهرەبان بە جێهێشتووە، داواکارم خوای گەورە تـەوفیقی هـەموو ئـەو مامۆسـتاو زانایانـەش بـدات، کـە بـەردەوامن لـەم کاروانـە پـیرۆزەو هیـوای سەرکەوتن و بەردەوامیان بۆ دەخوازم.

لەسەر داواکاری و راسپاردەی بەڕێزتان دەمەوێت بەگەڕانەوە بۆ مێژوەی پرشنگداری یەکێتی زانایان خۆم گەنج بکەمەوەو مێزەکەی لاوێتیم ببەستم و روەو یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایان لەهزرو بیرەوەریمدا روەو گەڵاڵە هەنگاو بنێم، یادی بەخێر ئەو کات سەردەمی گەرمەی لاوێتیم بوو..

سەردەمی شۆڕش پاش ئەوەی بەڕێزان مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو چەند مامۆستایەکی ئایینی دەڤەری هەولێرو سلێمانی و شارەزوورو گەرمیان سەردانی مـەلا مستەفای رەحمـەتیان کـرد، بـەرێزیانی لـە غیـاب و نـەبوونی رێکخراوێك کـە زانایـانی ئـایینی کـۆ بکاتـەوە بـۆ پرسـە ئـایینی و نەتەوایەتیـەکان پێشـنیاری دروسـتکردنی یـەکێتی زانایـانی ئـایینی ئیسـلامی بـۆ کـردن و بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە



ڕێگەی کۆمەڵێك لە ماموستایانی هەولێرو سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیان و قەزاو ناحیەکانەوە، هەموو ماموستایانی ئایینی ئاگادار کران، کە لە کۆنفرانسدا نوێنەری خۆیان دیاری بکەن بۆ بەژدار بوون لە کۆنگرەدا.

هەرچەندە من تەواوی مێژووی کۆنگرەو ڕووداوەکانیم لە ڕۆژمێری یادەوەریەکانمدا تۆمار کردبوو، بەڵام بەداخەوە لە شەڕی نەگریسی ماڵ وێرانکەری عیراق ئێراندا لە کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ دەفتەری یادەوەریەکانم و هەموو ماڵ و کەلوپەلمان بەجێ هێشت و تیا چوو، پیریش بوەتە بەربەستی گەورەی وەبیر هێنانەوەو نێوان من و مێژوەی تاریك کردووە، بۆیە تەواوی کەسەکان و روداوەکان و بەروارەکانم وەك خۆی نایەتەوە یاد..

هەروەك ئامادەکاری بۆ کرا بوو بریاری لەسەر درا بوو لە ٢١ی٩ی١٩٧٠ ماموستایانی ئەندام و بەشدار لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان روەو ناوچەی گەڵاڵەی لانکەی شۆڕش بەرێ کەوتن و لەهەمان ڕۆژدا بە شێوەیەکی دیموکراتیانەی ڕێك و پێك لەسەر ئەرکی شۆرش کۆنگرە بەڕێوە چوو، خوا لێخۆشبوو ماموستا مەلا عوسمان عبدالعزیز زۆرترین دەنگی کۆنگرەی بەدەست هێناو پاش ئەو خوالێخۆشبوو ماموستا مەلا عەلی هەولێری دەنگی دووەمی بەدەست هێنا، ماموستا مەلا عوسمان بە ویستی خۆی و بە بیانووی سەرقاڵی و بێ مەجالی سەرۆکایەتی یەکێتی زانایانی قبوڵ نەکرد، لە

جێگەی ئەو ماموٚستا علی هەولێری کرایە سەرۆکی یەکێتی زانایان، ماموٚستا مەلا عوسمان کرایە بەرپرسی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان.

ئەوەی کە دێتەوە یادم جگە لە خۆم هەریەك لە بەریزان (ماموٚستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو ماموٚستا شیخ خالیدی موفتیو ماموٚستا مەلا محمد بەهائەددین خورماڵیو ماموٚستا مەلا رەحیمی پەرخیو ماموٚستا مەلا مارف خاویۆ ماموٚستا مەلا جەلالی خانەقای مەلا عەلیو ماموٚستا مەلا محمدی دەڵگەییو کۆمەڵێك ماموٚستای ئایینی تر بەشدار بوون.

سەرۆكو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژێردرانو چەند رۆژێك دوای ئەوەش سەرۆكو کارگێری ناوچەکان هەڵبژێردران، ماموٚستا مەلا عەلی عبدالعزیز بوو بە بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجە، هەر یەکە لە پێنجوێن و خورماڵ و پشدەرو دەڤەری گەرمیانیش رێکخراویان بۆ دانرا، خۆشم وەك ئەندامی کۆنگرە بە کارگێری ناوچەی هەڵەبجە هەڵبژێردرام.



کۆمەڵێک زانای ئایینی شاری سلێمانی لە دیداری سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی

یەکێتی زانایان بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٧٤ کاتێك کە حکومەتی عیراق رێکەوتنی [١] ی ئازاری هەڵوەشاندەوەو پەلاماری کوردستانی دا هەندێك لە زانایان ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون.





هەندێکیش لە ناوچەی هەورامان لە (هانە گەرمەڵە) درێژەیان بەکارو چالاکیەکانی یەکێتی زانایان دا، تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دوای دروستبوونی بەرەی کوردستانی یەکێتی زانایانیش سەر لە نوێ تەشکیل کرایەوە.

تێبینی: داوای لێبوردنم لەو مامۆستاو برا ئازیزانەم هەیە کە لەگەڵمان بەشدار بوون بەهۆی تەمەن و کەم فکریمەوە ناویانم لەبیر چووبێت ئاماژەم پێ نەکردبن. والسلام علیکم ورحمە اللە وبرکاتە



بسم اللە الرحمن الرحیم





هەندێکیش لە ناوچەی هەورامان لە (هانە گەرمەڵە) درێژەیان بەکارو چالاکیەکانی یەکێتی زانایان دا، تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دوای دروستبوونی بەرەی کوردستانی یەکێتی زانایانیش سەر لە نوێ تەشکیل کرایەوە

تێبینی / داوای لێبوردنم لەو مامۆستاو برا ئازیزانەم هەیە کە لەگەڵمان بەشدار بوون بەهۆی تەمەن و کەم فکریمەوە ناویانم لەبیر چووبێت ئاماژەم پێ نەکردبن.

والسلام علیکم ورحمة اللە وبرکاتە

طاهر أحمد جلال هەرزنی

إمام وخطیب المتقاعد

٢٤/٩/٢٠٢٠ / رسلێمانی

# یەکێتی زانایانی ئایینی
# لە قۆناغە سەختەکانی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان



**لەبیرەوەریەکانی مەلا رسول گەزنەیی**

رۆژانێکی سەخت و دژوار لەدوای نسکۆی شۆرشی مەزنی ئەیلول دەیان زانای بەهەڵوێست و نیشتمانپەروەر شانبەشانی چین وتوێژەکانی تر سەریان بۆ رژێمی دکتاتۆری بەعس دانەنەواندو ژیانی کولەمەرگی ئاوارەییان هەڵبژاردو چاوەروانی دەرفەتێك بوون بۆ گەرانەوەیان بۆ خەباتی شاخ و، چەندین زانا بەخەفەتەوە لەئاوارییدا سەریان نایەوە، هەر لەگەڵ دەستپێکی شۆرشی (٢٦)ی گولان، زانایان هاتنەوە مەیدانی خەباتی چەکداری و بارەگای سەرەکی خۆی لەئۆردگای زێوەی شەهید پەرور دانا، بۆیە بەماوەیەکی کورت بە هەوڵ وتێکۆشانی ماندوونەناسی بەشێك لەو دڵسۆزانە بەتایبەتی مامۆستای شەهید مەلا محمدی مزوری کە لەپەیوەندی بەردوام دابوون هەم لە ئاوارەییدا و هەم لە نێوخۆی کوردستان، بۆ کۆکردنەوەی زیاتری زانایان لە ژێر



چەتری یەکێتی زانایان، بارودۆخەکە ئەوەندە سەخت و هەستیار بوو، ئەوانەی لەژێر چەپۆکی بەعس مابوونەوە بەشێکیان تووشی راگواستن و ئەشکەنجەو ئازار و

ئەنفال و زیندەبەچاڵ بوون، بەدوای رووناکیەك دەگەران بۆ دەربازبونیان لە چنگی دوژمن، بۆیە بارەگای یەکێتی زانایان بووە چەترێکی گەورە بۆ لەباوەش گرتنی تێکۆشەران، جێگەی شانازیە بەشداری زانایان لەبەرەکانی جەنگی پارتیزانی و بەسەرکردنەوەی برا پێشمەرگەکانمان و هاندانیان بۆ پارێزگاری کردن لە ناسنامەی نەتەوەکەیان لە ژێر رۆشنایی فەرمودەی (خيرکم المدافع عن اهله وعشيرته) واتە باشترینی ئێوە کەسانێکن پاریزگاری لەخاك و نیشتمان و نەتەوەکەیان بکەن، هەروەها بەشی راگەیاندنی بەرنامەی هەفتانەی لەدەنگی کوردستان هەبوو، وەبەشی فەتواشی هەبوو کەبەرپرسی فەتوا قازی شۆرش خوالێی خۆشبیت مەلا علی دۆسکی بوو، لەکاتی ئەنفال و کیمابارانی کوردستان چەندین بەياننامەو نارەزایەتی دەرکردو ئاراستەی جیهانی ئیسلامی و نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد (کەبێ دەنگ نەبن بەرانبەر کۆمەڵکوژی و قرکردنی بە کۆمەڵی نەتەوەیەکی بێ پشت وپەنا وەك نەتەوەی کورد، کە ئەوستەمەی لەکورد کراوە بەرانبەر هیچ نەتەوەیەکی تر لەو جیهانە نەکراوە، وەمزگەوتی ئۆردگای زێوە مەدرەسەیەکی گەورە بوو، زیاتر لە(٤٨٠)چوار سەدو هەشتا قوتابی لەخوێندنی وانەکانی قورئانی پیرۆزو تەجویدو زانستە شەرعیەکان و لەپاڵ ئەوانەش بەنهێنی



لە دەوڵەتی ئێران کەخوێندنی کوردی قاچاغ بوو، وانەی فێربوونی زمانی کوریش بەشداربوون، ئەوکات خۆم چوم بۆ شاری مەهاباد(٢٠)دانە( ئەلف و بێی کوردی

پۆلی یەکی سەرەتایم دەست کەوت) هێنام بۆ مەدرەسەی ئۆردگای زێوە، بۆ وانە وتنەوە، کەبەشانازیەوە زۆرێك لەوانە ئیستا لەپلەی باڵادان و شانازی بەو کاتی فێربونی زمانی کوردی دەکەن، جارێکیان لەناو ووتنەوەی وانەی کوردی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی سەردانی قوتابیانی کرد، زۆردڵخۆشبوو فەرموی: (خەبات وماندوبوونی ئێوە مامۆستایان هیچی کەمتر نیە لەو پێشمەرگە قارەمانانەی لەبەرەکانی جەنگ لەبەرانبەر دوژمن دەجەنگن)، کەچەند مامۆستایەکی خۆبەخش لەئاوارەییدا چەندین ساڵ سەدان قوتابیان پێگەیاند



دەکرێت رۆڵی ئەو مامۆستا بەرێزانە لەیاد نەکرێت کەپێك هاتبوون لەبەرێزان (مەلا ولی دری، مەلا جبرائیل بیری، مەلاسەرحان دری، مەلا رسول گەزنەی، مەلا سعید گەردی، مەلا ملحم گەردی).

بۆیە لەیادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان سڵاو لەشەهیدانی یەکێتی زانایان، سەرجەم شەهیدانی کوردستان سڵاو لەدامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوە تێکۆشەرە،



سڵاو لەتێکۆشەران و ماندوونەناسانی ئەندامانی یەکێتی زانایان، بەهیوای گەیشتن بەرۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەسەر نەخشەی جیهان..

# دامەزراندنی یەکێتی زانایان وەك زەرورەتێکی ئایینی و نیشتمانی

مەلا فارس محمد حمە طیب*



زۆرن ئەوانەی تەمەنیان پڕە لە خزمەت و بوونەتە خەرمانی گەورەیی و سەروەری و شکۆمەندی، بەتایبەت ئەو مامۆستا بەتەمەن و زانایانەی هەموو ژیانیان لەخزمەتی دین و ژینی گەلەکەیان خەرج کردووە، بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی لە کوردوستان لەسەر دەستی مەرحومی مەلا مستەفای بارزانی پێمان خۆش بوو لەخزمەت مامۆستایەکی ئایینی دەڤەری شارەزوور لە قەزای سەید سادق چەند پەیڤ و یادەوەریەك بخەینە ئەلبوومی یادەوەری پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان.

مامۆستا مەلا زبێر حافز نەزیر یەکێکە لەوانەی بە دانەبڕاوی و بە بەردەوامی لەو ڕۆژەی کە یەکێتی زانایان دامەزراوە، پەیوەندییەکی توندو تۆڵی هەبووە بە یەکێتیەکەوە، بەڕێزیان لە ئەنجامی گفتوگۆو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو ئاماژەی بەوە کرد، کە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە لەو کات و ساتە هەستیارەدا زەرورەتێکی گرنگی هەم ئایینی و هەم نیشتیمانی بوو.

لەبەر ئەوەی دووژمنان و ناحەزانی میللەتی کورد نەتوانن بە پاساوی ئایینی میللەتەکەمان بچەوسێننەوە یەکێتی زانایان ڕۆڵ و کاریگەری زۆر هەبووە بۆ هەڵنانی گەلەکەی بۆ بە گژدا چوونەوەو قبووڵنەکردنی ستەمی ستەمکاران ئەو

کات لەدوای ساڵی ٧٤ دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕی ڕژێمی ئەو کاتەی عیراق لەگەڵ میللەتی کوردا ئەوە بوو مامۆستایانی ئایینی کوردستان بە گشتی ڕوویان لەو شوێنە نا کە شۆڕش جارێکی تر بوونی خۆی سەلماند دژی ڕژێمی ئەو کاتە بۆیە مامۆستایانی ئایینی و شۆڕش تەواوکەری یەکترن وە شۆڕشی ئەو کاتە توانی یارمەتی مادی و مەعنەوی مامۆستایانی ئایینی جێبەجێ بکات.

گرنگترین کارەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی لەو کاتەدا زۆر بوون بەتایبەت لەرووی کۆمەڵایەتی و خزمەتی خەڵك و هۆشیارکردنەوەیان لەرێی ئایینی ئیسلامەوە، بۆیە هەمیشە زانایان هەوڵیان دەدا هەرچیەك لەبەرژەوەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی بێت بیکەن، هەندێ لەو شتانەی ئەو کات کاریان لەسەر کردو نەیانهێشت بریتی بوون لە:


لای راست مامۆستا مەلا زبێر حافز- خەتیبی سلێمانی

١- لابردنی خواردن و خواردنەوە لە تەعزێکاندا.

٢- ڕێگری کردن لە ژن بە ژن کە ئەوکات باو بوو لەناو خەڵکیدا.

٣- گەورە بە بچووك.

پاش ئەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتی زانایان ئەو بڕیارانەی دەرکرد، بەڕێز مەرحوم مەلا موستەفای بارزانی کردی بە نووسراو و بۆ هەموو دەڤەرو ئەو شوێنانەی نارد کە شۆڕشی کوردی تێیدا دەسەڵاتدار بوو، وە ئەمری پێ کردن کە بیکەنە یاساو جێبەجێی بکەن وە بەهێز پشتیوای لێ بکەن..

*بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی شارەزووری یەکیتی زانایان.

# ماموستا مەلا ئیبراهیم شێخ ئاودەلی
## یەکێك لەوانەی لەسەرژمێرکردنی زانایانی سنووری سلێمانی بەژدار بووە

ماموستا مەلا ئیبراهیم رەسول ئیبراهیم لەناوچەی پشدەر لەبنەماڵەیەکی ئایینی نیشتمان پەروەر لەساڵی (١٩٣٩) لەدایك بووە.



لەکاری رێکخراوەیی و لەسەرەتای دامەزراندنی رێکخراوی یەکێتی زانایان پەیوەندی بەم رێکخراوە کردوە لەگەڵ ماموستایان مەلا عەلی و مەلا وەیسی گرتکی گەورەو مەلا عوسمانی یەك دەست و چەند ماموستایەکی تر کاروباری یەکێتی زانایانیان هەڵسوڕاندوە، وەخۆشی ئەرکی سەر ژمێری کردنی زانایانی ئاییینی پارێزگای سلیمانی پێ دەسپێردرێ کە زۆر بەسەرکەوتووی لەماوەی چەند شەو ڕۆژێك بەو پەڕی لێهاتووی ئەرکەکە ڕادەپەڕێنێت، لەسەر ئەو هەنگاوە لە رۆژژمێری تایبەتی خۆی کە لەئەرشیفی خانەوادەکەی ماوە باس لەوە دەکات بۆ ناونووسینی ماموستایانی سنووری سلێمانی چووەتە لای ماموستا مەلا ئەبوبەکرو لە چەمچەماڵ لای مەلا شێخ محمدو لە قادر کەرەم لای شێخ ئیبراهیم و لە بەرزنجە لای مەلا تۆفیق و لە سید صادق لای مەلا صالح و لەکانی وەتمان لای مەلا محمدو لە هەڵەبجە لای مەلا عەلی مەلا عوسمان و لە دەربەندیخان لای مەلا تاهیر.



وە لەدوای ڕاپەڕینیش دەبێتە جێگای متمانەی زانایانی ئاییینی وبەشداری تەواوی کارو چالاکیەکانی ئەم رێکخراوەی کردووە، دواجار ئەندامی دەستەی لێژنەی فەتوای سۆران بووە.

# مەلا محمدامین مەلا رسول محمدامین وەرتی
# یادەوەریەکانی لەگەڵ یەکێتی زانایان



لە ساڵی ١٩٧١ لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لە گەڵاڵە ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوا بووم هەتا وەکو بەسەرهاتی عەریف عوسمانی شێنێ ساڵی ١٩٧٤، ئەو کات لێپرسراوی لێژنەی باڵای فەتوای مامۆستا مەلا وەیسی گەورە کە خەڵکی (گوندی گرتك) بوو، ئێمە ئەو کات ژمارەمان (١٥) ئەندام بوین ئەوانەی کە گەڵمدا بوون (مەلا نصراللە زینوێ)و (مەلا مصطفی داروسەلامی) (مەلا محمد مەلا صادقی گرتکی) هتد.. لە ساڵی ١٩٧٨ چوومە وڵاتی ئێران، دواتر بوومە بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان‌و بەرپرسی لێژنەی باڵای فەتوا بووم بە درێژایی ئەو ماوەیەی، کە لە ئێران بووین خۆم لە شاری( نەغەدە) نیشتەجێ بووم وە بارەگای یەکێتی زانایان لە ناحیەی (زێوەی مەرگەوەر) بوو.. بەردەوام بووم تا وەکو ساڵی ١٩٨٧.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١جێگری یەکێتی زانایانی کوردستان بووم کە بەرێز (دکتور محمد گەزنەیی) سەرۆکی یەکێتی زانایان بوو، لە پاش ئەویش هەر بە جێگری سەروکی یەکێتی زانایان مامەوە کە (مەلا محمود دێرشەوی) سەرۆکی یەکێتی زانایان بوو..

لە ساڵانی ١٩٩٦،١٩٩٧،١٩٩٨ من ئەندامی ئەنجومەنی زانستی بووم بۆ دامەزراندنی ماموستایانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف کە لە شەش ئەندام پێکهاتبوین لە وانە (شەهید مەلا عبدالرحمن هەمزە کوری‌و شەهید مەلا

عبدالرحمن گەناوی‌و مەلا محمدامین رەواندزی و مەلا شیخ محسن مفتی) هتد... لە هەمان کات سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا بووم هەتا وەکو١٩٩٨ لە بەر تێکچوونی باری تەندروستیم دەستم لەکار کێشایەوە..

لە ساڵی ٢٠٠٦ لە (گۆرە توو) من نوێنەری بەرێز (کاك مەسعود بارزانی)و کاك (نێچیرڤان بارزانی) بووم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان بارزانیەکان.

بەهۆی سەرقاڵی‌و چوونە نێو تەمەنی پیری‌و باری تەندروستی لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستم لە کار هەڵگرتووەو خانەنشین بووم.





# بیرەوەریەکانم لە یادی دامەزراندنی یەکیتی زانایان

مەلا خالد مەلەکی
بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٩ لە رواندز قوتابی بووم، منو عبدالرزاق اسماعیل شەوانە بە نهێنی چالاکی کوردایەتیمان ئەنجام دەدا بۆ کاری رێکخراوەیی، لە ساڵی ١٩٦٢ لە رواندز ڕۆیشتم بۆ گوندی هەرتەل لە خۆشناوەتی لەبەر بۆردومانی فرۆکەی دووژمن قوتابخانەی ئاینی نەما بە ناچاری هاتمەوە ماڵ لە گوندی مەلەکان، ئەو کات خەڵك خۆبەخشانە دەچونە بەرەکانی جەنگ منیش یەکێك بوم لەو خۆبەخشانە چوم بۆچیایی سەفین ١٩٦٢ لەو کاتەوە ناونوس کرامو بوم بە پێشمەرگە دواتر کەش و هەوا سارد بوو بەفەرمانی بارزانی چیای سەفین چۆڵ کرا تاکو وەرزی بەهار کە ئەوکات عزیز عەقراوی ئامیر هێز بوو، شەڕێك لە دەڤەری بادینان کرا لەو شەرە



پارتی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شۆرش ئەم چاڵاکیانەی بڵاوکردەوەو چەندین لەم بڵاوکراوانە لە رواندز بڵاو کرانەوە وە چەن بڵاوکراوەیان دایە دەستم کە بیانگێنمە خەلیفان بۆیە بەمەبەستی ددان کێشان چومە لای کەسێك بەناوی کریم ئاغاو چوینە سەربازگەی خەلیفان ددانم کێشا لە پشت خێمەی دکتۆر بڵاوکراوەکانم داناو گەڕاینەوە، بەیانی چەندین کەس لە

خەلیفان لەترسان دەرچون کە گوایە شەوی رابردوو بڵاوکراوەی شۆرش لە ناو سەربازگەی خەلیفان بڵاوکراونەتەوە .



هەر لە ساڵی (١٩٦٣) تاکو ساڵی (١٩٧٠) بیرۆکەی دامەزراندنی یەکیتی زانایان لای جەنابی بارزانی بەردەست بوو بۆیە چەندین مەلای بە هەڵویست تەکلیف کران بۆ سەردانی کردنی مامۆستایانی ئاینی منیش یەکێك بوم لەوانە، تاکو لە٢١/٩/١٩٧٠ یەکیتی زانایان لە ژێرچاودێری و ئامادەبوونی بارزانی دامەزراو یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست کە تاکو ئێستاش بەردەوامە .

پاشان بوم بە مەلای گوندی گەرەوان کە ئەوکات مەلا امین فەرماندەی بەتالیۆنی دۆڵی ئاکۆیان بوو بەدوای منی ناردو تەکلیفی ئەوەی لێم کرد ببم بە ئیمامی بەتالیۆن کە پیٚ یان دەوت ئیمام تابور کە سەردانی پێشمەرگەنمان لە رەبیەکان دەکردو هانمان دەدان بۆ بەرگری لە خاك و نشتیمان وە (١٥)مامۆستا بوین بە فەرمانی بارزانی بوین بە ئیمام تابور کە تاکو نسکۆی شۆرشی ئەیلول بەردەوام بوین .





وە هەر لە دامەزراندنی یەکیتی زانایان ئەندامی ئەم ڕێکخراوەمو چەندین پلەی جیاوازم پێ سپێردراوە، لە ساڵی ١٩٩٦ لەسەر بڕیاری سەرۆك مسعود بارزانی بە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی دەست نیشان کراوم.

بەم تەمەنەشمەوە هەر بەردەوامم لە خزمەتی یەکیتی زانایانو ماموٚستایانی بەرێزی ئاینیمو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیو بەرپرس لقی سۆرانی یەکیتی زانایانی ئیسلامی کوردستانم.







یۆبێلی زێرین

## لە ساڵیادی 50 ساڵەی دامەزراندنیدا

جـــەخت لەسەر ڕێبازی میانڕەوی لـــە فکرو مـــومارەسەی ئاینداری لە کۆمـــەڵگەی کوردی بـــە ئامانجی برەودان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی و تیرۆر دەکەینەوە..

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**



2020-9-21

# یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان

# لەبەردەم

# نەخشەرێگاو ئەرك و خواستە هاوچەرخەكان

# یەكێتی زانایان..

# نیو سەدە لە خوێندن و خەمخۆریی و خەبات

**نووسینی: عەبدولرەحمان سدیق**



سەرەتا پیرۆزبایی لەیەكێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی كوردستان دەكەم بەبۆنەوەی یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنییەوە، هەر ئەم بۆنەیەش بەدەرفەتێك دەزانم لە بری رەخنەو گلەیی، تیشكێك بخەمە سەر ئەو پرۆژەیەی كە پێم وایە لەم سەردەمەداو بۆ ئایندەش كاری زانایان دەگوازێتەوە بەرەو قۆناغێكی باشتر لەئێستا، ئەویش پرۆژەی پسپۆڕێتی زانایانی ئایینیە، چونكە ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمێكداین كە ئیدی ناكرێت مرۆڤی مەوسووعی تیادا پێ بگات، قسە لەسەر هەموو شتێك بكات، چونكە ئەم سەردەمە سەردەمی پسپۆڕێتییە، بەڵكو سەردەمی پسپۆڕێتی وردە كە تیایدا مرۆڤەكان وەك خاوەن پیشە خۆیان بۆ رووبەرێكی بچووكی بوارێكی ژیان تەرخان دەكەن.

زۆر ئاماژەم بۆ ئەوە كردووە كە نازناوە واتاییەكان پێویستە بەرجەستە بن لە چوارچێوە ماددییەكاندا، بۆ ئەوەی مانای راستەقینەی خۆیان بدەن بەدەستەوە.

بۆ نموونە: نازناوی خوێندەوار سیفەتێكی واتاییە، بەدەرچووی سەرەتایی دەوترێت هەتا دوا قۆناغی خوێندن، كەواتە خوێندەواریی سیفەتێكی واتاییە و لە ژیانی رۆژانەدا مانا نادات بەدەستەوە بۆ ناساناندنی ئاستی زانستی خاوەنەكەی تا ئەوكاتەی لە پێگەی خوێندەوارییەوە نەگوازرێتەوە بۆ پیشەی جۆراوجۆری وەك مامۆستاو پارێزەر و ئەندازیارو پزیشك و ....هتد.

زانایی سیفەتێكی واتاییەو پێگەیە، بەڵام كاتێك مانا دەبەخشێت كە دەبێتە پیشە،

بۆیە ئێمە لە کتێبو نوسراوە ئاینییەکانی سەردەمی ئومەوییەکانو عەبباسییەکان و عوسمانییەکاندا زیاتر پیشەی جۆراوجۆرو، پسپۆڕێتی جیاجیا دەبینین نەك نازناوی زانایەتی.

زانای جاران پسپۆڕ بوو لە بوارێك لە بوارەکانی ئایین و، قسەی لە هەموو لایەنەکانی ئایین نەدەکرد، بۆ نموونە زانای جاران یان:

١- موفەسیری قورئان بووە وەك قورتوبی و ئیبن و کەسیر و نەسەفی ...هتد.

٢- یان راویی فەرموودە بووە، وەك بوخاریو موسلیم و نەسائیو ئەبو داودو ترمزی.

٣- یان موئەرریخ بووە، وەك ئیبنو خەلەکان و ئیبنولئەسیر.. هتد.

٤- یان نەحەوی و زمانزان بووە، وەك سیبەوەی و فەراهیدی.

٥- یان واعیز و ئامۆژگار بووە وەك عەبدولقادری گەیلانی و حەسەنی بەسڕی.

٦- یان موتەصەوویف بووە، وەك جونەیدو کەرخی و مەولانا.

٧- یان فەیلەسووف بووە، وەك فاڕابی و ئیبن روشد.

٨- یان خەونزان بووە، وەك ئیبنوسیرین و نابلوسی.

٩- یان فەقیهو شەرعزان بووە، وەك شافیعی و ئەبو حەنیفە و مالیك و ئەحمەد.

بەم جۆرەش ئێمە ئەمرۆ پێویستیمان بە زانای پسپۆڕە لە بوارەکانی زانستە شەرعییەکاندا، چونکە ناکرێت بە هەموو کەس و بە هەر تاکە کەسێکیش بگوترێت زانا، لەبەر ئەوەی زانایەتی لەسەردەمی خۆیدا ورد کرابووە بۆ لقەکانی زانستە شەرعییەکان.

هەروەها لە بواری مزگەوتیشدا یەکێك گوتاربێژە، یەکێك ئیمام و پێش نوێژە، یەکێکی دی موئەززین و بانگ بێژە، کەسێکی دی خادیم و مجێوری مزگەوتە، بۆیە ناکرێت بە هەموویان بگوترێت زانای ئایینی لەبەر ئەوەی لە مزگەوتدا کاردەکەن.

ناکرێت گوتاربێژی مزگەوتێك بتوانێت قسە لەسەر فیقهو خەون لێکدانەوەو تەسەووفو فەلسەفەو مێژوو جوگرافیاو زمانو فەتواو ئابووریی سەردەمو

سیاسەتی نێودەوڵەتیو حوکمڕانی وڵاتو زانستەکانی فیزیاو پزیشکیی و فەلەکناسییو دەروونناسیو..هتد.. بکاتو، وا بزانێت لە هەموو ئەمانەشدا قسەکانی ئەو ڕاست و دروستن.

ئەم قسەیە بۆ ڕۆشنبیرانیش هەر وایە، چونکە ڕۆشنبیرییش پێگەیەکی واتاییەو، (ڕۆشنبیر) یش وشەیەکی واتاییو لاستیکییەو فرە مانایەو، دەکرێت بەشێوەی کۆ بگوترێت ڕۆشنبیران، بەڵام لە دیاریکردندا ناتوانرێت نازناوی ڕۆشنبیر بدرێتە هیچ کەسێك، چونکە ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئەو پێناسەیەش بەسەرچوو کە دەیگوت: (ڕۆشنبیر کەسێکە شتێك لە هەموو شتێك دەزانێت، هەموو شتێکیش لە شتێك دەزانێت)، چونکە لەم سەردەمی عەولەمە و تەقینەوەی زانیاریی و نەمانی سنوور، هەڵدانی مانگی دەستکردو رادیۆو تەلەفزیۆن و سەتەلایەتو ئینتەرنێتو سایتی ئەلکترۆنیو سێرچی گوگڵو فەیس بووكو تویتەر و...تاد، مەحاڵە کەسێك هەبێت شتێك لە هەموو شتێك بزانێتو، هەموو شتێکیش لە شتێك بزانێت.

بۆیە پێویستە (ڕۆشنبیریی) یش وەك (زانایی) لە پێگەوە بکرێتە پیشەو، وردبکرێتەوە بۆ بوارەکانی، بۆ نموونە: ئەوەی دەنووسێت، نووسەرە ، ئەوەی لە ڕۆژنامەدا دەنووسێت ڕۆژنامەنووسە، ئەوەی کتێب دەنووسێت، دانەرە، ئەوەی دەخوێنێتەوە خوێنەرە، ئەوەی شیعر دەڵێت شاعیرە.. هتد.

لێرەوە پێشنیارێك بۆ یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان بە پێویستییەکی سەردەم دەزانم، کە یەکێتی زانایان لە نێو خۆیاندا لیژنەی هەمیشەیی پسپۆڕیان هەبێت لەسەر ئاستی باڵاو، لەسەر ئاستی پارێزگاکان، زانایانیش بە ئارەزوومەندانە لە یەکێك لەو لیژنانەدا بنو، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا وەك زانایانی پێشووی سەردەمی زێڕین، دەبنە شارەزاو پسپۆڕ لەو بوارو لیژنەیەی کە کاری تێدا دەکەن لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوامو خۆ ڕۆشنبیرکردن لە بوارێك و لە لقێك لە لقەکانی زانستە شەرعییەکاندا.

ئەو لیژنانەش دەکرێت بەم شێوەیە بن:

لیژنەی تەفسیر، لیژنەی فەرموودە، لیژنەی مێژوو، لیژنەی فەتوا، لیژنەی لێکدانەوەی خەون، لیژنەی فیقە، لیژنەی زمانزانی، لیژنەی تەسەووف، لیژنەی فەلسەفە، لیژنەی کێشەکانی ئافرەتان، لیژنەی ئابووریی، لیژنەی کۆمەڵایەتی و خێزان، لیژنەی تەندروستی و ژینگە..هتد.

چونکە سوپاس بۆ خوا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی بەڕێز لە نێو یەکێتی زانایاندا هەن و، هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بوونیان هەیە، ناکرێت هەموویان بە زانستێکی کەم رازیی بن، چونکە بەو کەمە ناتوانن وەڵامی پرسیارەکانی خەڵك بدەنەوەو، ناشتوانن رووبەرووی کێشە نوێو گرفتە ئاڵۆزەکانی سەردەم ببنەوە.

پێشنیاریشم بۆ(رۆشنبیران) ئەوەیە کە بە هەمان شێوەو بەپێی سەندیکاو یەکێتیو سەنتەرەکانیان، بپەڕنەوە لە گشتیەوە بەرەو پسپۆڕێتی، بەتایبەت بۆ ئەوانەیان کە قسە لە بارەی ئایینەوە دەکەن، پێویستە شارەزابن لەو بوارە ئایینیەی کە قسەی تێدا دەکەن، ئەگەر شارەزابن لەو بوارە ئایینیەی کە حەز بە چارەسەرکردنیان دەکەن.

ئەمڕۆش وەك جاران هەموومان پێویستیەکی زۆرمان بەوە هەیە کە بە زمانی شیرینو بە نیەتی پاك و رەوشتی چاك و بە بیری رووناك قسەو ئاخاوتنەکانمان جوان بکەینو، قسە و وشە ئاراستەی یەکدی بکەینو، بە قسەو وشەی جوانیش وەڵامی یەکدی بدەینەوە.

پێویستە کەلتوورێکی نوێ دابێنین لە حیوارو دایەلۆگدا، نابێت لە جیاتی وشە، بەرد بگرینە یەکتر، نابێت لە جیاتی نورو رووناکی، بەرق بگرینە بەرامبەر.

ژیان خۆشە، ژیان هەلێکەو یەکجار دەژین، با پردێك لە نێوان هەموو دوو کەنارێکدا دروست بکەین، بپەڕینەوە لای یەکدی، ئەوسا باشتر لە یەکدی دەگەینو جوانتر قسە دەکەین و، خۆشتریش دەژین.

# یەکێتی زانایان لەنێوان پووکانەوەو هەڵستانەوەدا



د. جەعفەر گوانی *

ڕۆژی (٢٠٢٠/٩/٢١) یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی تایبەت بە زانایانی ئایینی کوردستان دەچێتە یۆبیلی زێڕینی پەنجا ساڵەی. ئەمەش دەخوازێت هەمووماں بە جددی بەدواداچوونێکی بابەتیانەی دوور لە سۆزو ڕقەکاری بۆ بابەتەکە بکەین، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا تەکانی زیاتر بۆ پێشڤەچوونی ڕێکخراوەکە بدرێت، لە هەمان کاتدا پەنجە لەسەر کێماسییەکان دابنێین و چارەسەریان بکەین.

بۆ من کە لە ساڵی (١٩٩٩) ئاشنایەتیم لەگەڵ ڕێکخراوەکە پەیدا کردو لە ساڵی پاشترەوە کاری تێدا دەکەم، لە خوولی پێشتریش ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و وتەبێژی فەرمی ڕێکخراوەکە بووم، کۆمەڵە شتێك لە خوارەوە بەخێرایی باسدەکەم، بەڵام ئەوانە تەنیا چەند شتێکن دەکرێ لە کاتی دیکە وردتر بچینە ناو بابەتەکەوە.

## خاڵە بەهێزکارەکان

**یەکەم: ئامانج ڕوونی**

یەکێتی زانایانیش وەك هەر ڕێکخراوێکی دیکە پێویستە ئەندامەکانی بەتایبەتی دەستەی مەکتەبی تەنفیزیو پاشانیش ئەنجومەنی ناوەندی، خاوەنی ڕوئیایەکی ڕوون و ئامانجی دوورمەوداو کورت مەودا بن. هەر لەگەڵ تەواوبوونی دواهەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایان، هەرچەندە هیچ بەرپرسیارێتیم نەما، بەڵام بە گوێی بەشی زۆری ئەندامانی دەستەی نوێیم چرپاند بەوەی پێویستە بەرنامەیەك داڕێژن لە دەیانەوێت ماوەی ئەم کابینەیە ڕێکخراوەکە بەرەو کوێ دەبەن، هەروەها بۆ هەر

هەنگاوێکیش پێوستە کاتێك دیاری بکەن، لە دوای تەواوبوونی کاتەکەش پێکەوە دابنیشن و هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانیان بکەن، ئینجا خاڵە بەهێزو لاوازەکان بدۆزنەوە لەوەی تا چەند سەرکەفتی بوون، یان لەمپەرو رێگرەکان چی بوون، چۆن ئەلتەرناتیڤی تازە بدۆزنەوە بۆ گەیشتنە ئامانجەکە. بەپێچەوانەوە هەر رێکخراوێك‌و دەوڵەت‌و دەزگایەك بەبێ ئەم ستراتیژیەتەو بەبێ لێپێچینەوەی توند لەگەڵ هەموو ئەوانەی خەمساردو بێباك بوونە، دواجار ناگەنە هیچ ئامانجێك.

**دووەم: خاوەنکاری**

ئاساییە کاتێك پۆستێکت دەبێت مووچەیەکت هەبێت، بەڵام بەر لەوە پێویستە کەسەکە خۆی بە خاوەنی رێکخراوەکە بزانێت، شەو و رۆژی بخاتە یەك بۆ ئەوەی کارەکان بە جوانی راپەڕێنێت، لە هاتنە دەوام‌و مانەوەو لە دائیرەو رۆیشتن بەدوای ئەرکەکان هیچ سستی نەکات، بە کورتییەکەی ئەگەر دەبێ وەکو ماڵی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە لەلایەکەوە سرووشتی هەموو کارێك پێویستی بە دڵسۆزییە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر بە نیازی پارەو پۆست یان پشتیوانی لایەنێکی سیاسی کەسێك بێتە ناو رێکخراوەکە، دوایی کە بینی واقیعەکە جیاوازە لەو خەیاڵەی بۆ خۆی دارشتبوو، ئیدی گەرم و گوڕی نامێنێت و رێکخراوەکەش پاشەکشە دەکات.

**سێیەم: هاوسەنگی**

ئەزموونی ساڵانی رابردوو پیشانی دا پێویستە یەکێتی زانایان بەشێوەیەکی هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکات، کاتێك بۆ جاری یەکەم لە سلێمانی خۆپیشاندان دژی حوکمڕانانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد کۆمەڵە مامۆستایەکی ئایینی وتاری حەماسیان لەبەر دەرکی سەرای سولێمانی پێشکەش کرد، لەبەرامبەردا کۆمەڵە مامۆستایەکی دیکەی ئایینی ئەوانیان وەکو خەواریج باس دەکردن. لەڕووی سیاسیشەوە دوو ئاراستەی تەواو جیاواز هەبوون، ئاراستەی ئۆپۆزسیۆنی دژە حوکمەت‌و ئاراستەی پشتیوانانی حوکمەت، بەڵام



یەکێتی زانایان زۆر بە هێمنیو حەکیمانە مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکە کرد، بەجۆرێك هەردوو بەرە بە هێمنیو جوانی پێشوازیان لە شاندی یەکێتی زانایان دەکردو گوێشیان لێدەگرتن. کاتێکیش لە زاخۆ هەندێك شوێنی ئارەقخواردنەوە سووتێندران مامۆستایەکی ئایینی بە هەڵگیسێنەری رووداوەکە تۆمەتباردەکرا، لەوێش یەکێتی زانایان بە هاوسەنگی مامەڵەی لەگەڵدا کرد. بە کورتییەکەی پەیامی یەکێتی زانایان لە هەردوو دۆخەکەدا پەیامێکی ئیسلاحی چاکسازیخواز بوو، نەکەوتە بن کاریگەری هیچ تەرەفێك، دواجار توانی رۆڵی راستەقینەی ئیسلاحی ببینێت. ئەمە خاڵی بەهێزی یەکێتی زانایانە، کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری فەیسبووكو راگەیاندنی حزبەکانی حکومەت یان ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو بە دەبێ بە هاسەنگییەکی واقیعیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**چوارەم: پارێزگاریکردن لە پرسە نیشتیمانییەکان**

هەموومان دەزانین کورد تاکە نەتەوەی بێ دەوڵەتی ناوچەکەیە، کە هەموو نەتەوە سەردەستەکانیش بێ شەرمانە شەڕی لەگەڵدا دەکەنو نایشارنەوە کە هەموویان هاوڕان لەسەر رەشکردنەوەی شوناسی کوردی، لەوەشدا چەپو راست، شیعەو سوننە، عەلمانیو نەتەوەییو ئیسلامی، کۆدەنگو دەستەبران بۆ لێدانی کورد،

هەر لە تەمەنی ئێمەمانان ئەگەر لەبەر وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا نەبوایە لە (١٩٩١)ەوە بگرە تا دەگاتە هاتنی داعش و ئەنجامدانی ریفراندۆم و (١٦)ی ئۆکتۆبەر، ئەو برایانە بە پێکەنینەوە ئێمەیان دەسڕییەوە. لە هەمان کاتیشدا دەزانین کە مێژووی شۆڕش و بەرخۆدانی کورد لەسەر دەستی زانایانی ئایینی و لەژێر سێبەری مەلاو شێخانی کوردستان هەڵگیرساوە، بۆیە دەبێ یەکێتی زانایان لەسەر ئەو تێگەیشتنە بەردەوام بێت، بە رۆشنبیرکردنی زانایان و وەڵامدانەوەی فەتوا سیاسییەکانی عەرەب و تورك و فارسەکان دژی کورد. بۆ نموونە کاتێك تورکیاو ئێران بە فڕۆکەو دەبابەو تۆپ و چەکەکانی دیکەیان خاك و زێدی کورد وێران دەکەن، یەکێتی زانایان بەیاننامەی توندیان دەرکردو نامەیان ئاراستەی کونسوڵخانەکان کردو سەردانیان کردن و لەسەر پردی ئیبراهیم خەلیل بەمێزەرەوە رێپێوانی نارەزاییان ئەنجامدا، لەکاتی هاتنی داعش و حەشدیش بەخۆیان و مێزەریان لە سەنگەرەکانەوە خەڵکیان هاندەدا، رۆحی هاوکاریان لەناو خەڵك بڵادەکردەوە بەبێ جیاوازی لەنێوان مسوڵمان و مەسیحی و ئێزدی و دینەکانی دیکە، ئەمە هەتا هەتایە وەکو شانازییەك دەمێننەوە.

**پێنجەم: بەرگری ئایینی**

کاتێك سوکایەتی و بێڕێزی بەرامبەر پیرۆزییە ئایینیەکان ئەنجام دەدرێت چاوی یەکەمی خەڵك لەسەر یەکێتی زانایانی نوێنەری زانایانە بۆ ئەوەی بێنەگۆو دژی سوکایەتی و بێڕێزی بوەستنەوە، بەتایبەتی کە هەمیشە جەخت لەوە دەکرێتەوە پێویستە ئەو کارانە بەرێکخراوەیی ئەنجام بدرێن و نەبێتە فەوازو گەلەڕاوژێ. لە رابردوودا کاتێك کۆمەڵە کەس و دەزگایەك بە زمانی تەشهیرو سوکایەتی دەربارەی پیرۆزییەکانی مسوڵمانان دەئاخاوتن، یەکێتی زانایان بەهەموو رێگایەکی دروست لێیان وەدەنگ دەهات و سکاڵای لەسەر تۆماردەکردن، خۆم بەشداری چەندان دانیشتنی لەم جۆرەم دەکرد، بۆیە پێویستە یەکێتی زانایان دەست بەو بەهایە بگرێت و جیاوازی لایەنگیری و زۆن و کوتلەبازی نەکات.

**شەشەم: بەرگری لە مەلاو زانایان**

لە خوولی پێشوودا (بۆیە باسی ئەو کات دەکەم چونکە لە نزیکەوە ئاگاداربووم) درووشمێکمان هەبوو کە تەواوی مەلاو سەیداو زانایانی کوردستان ئەندامی ئێمەن، تا ئەگەر جوێنیشمان پێبدات و سەردانی یەکێتی زانایان بە شەرم بزانێت، لەوەشدا جیاوازی لەنێوان هیچیان نەکرد بە سۆفی و سەلەفی و ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان و نەتەوەو مەزەبە جوداکان، ئێستا حەزناکەم ناوی هیچ کەسێك بهێنم، چەندان مامۆستا کە سەرو بنی زاریان زەمکردنی یەکێتی زانایان بوو، کەچی یەکێتی زانایان شەو و رۆژی کردبووە یەك بۆ بەرگریکردنیان، هەروەها پشتیوانی هەمووانی دەکرد، ئەمە وایکرد لە ماوەیەکی کەم تەواوی زانایانی ئایینی بە جیاوازی بۆچوونی فیکری و سیاسی سەردانی یەکێتی زانایانیان دەکردو بە کردار هەمووان یەکێتی زانایانیان بە پەناگەی خۆیان دەزانی. بۆیە گرنگە یەکێتی زانایان هەموو هەوڵی ئەوە بێت چۆن شکۆی زانایانی ئایینی بپارێزێت.

**حەوتەم: سەربەخۆیی فەتوا**

یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی یەکێتی زانایان بوونی ئەنجومەنی باڵای فەتوایە، چونکە بەهۆی پابەندی مسوڵمانانی کوردستان بە فەتواوە هەمووان چاوەڕوانی هەڵوێست و سەرنجەکانیان دەکەن. بۆیە گرنگە ئەو بەشە سەربەخۆیی تەواوی هەبێت و مامەڵە لەگەڵ واقیع بکات لەژێر رۆشنایی دەقە پیرۆزەکان و لە ئاست پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی دونیاو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بن.



ئەرکێکی گرنگە لە ئاست رۆژگارەکە بن بەجۆرێك خەڵك چارەسەری کێشەکانیان لەوان ببیننەوە، لەهەمان کاتدا نەکەونە ژێر کاریگەری رەوت و تێڕوانینە سیاسییە بچووك و تەسکەکان.

**هەشتەم: بوێری لە تەرحدا**

هەڵوێستی فشۆڵ و کاریگەر بە بڕیارو تێڕوانینی بچووك یەکێتی زانایان وەك سەرجەم رێکخراوە پاشکۆکان بچووك دەکاتەوە، بەپێچەوانەوە پێویستە یەکێتی زانایان دوای دیراسەی وردی پرس و بابەتەکان تەرحی مەردانەیان هەبێت، دواتریش هەمووان پێکەوە بەرگری لە تەرحەکانیان بکەن، ترسنۆکی و هەڵوێستی لەرزۆکانە هیچ فەرقی نییە لەگەڵ هەڵوێستە گەرمە سەرشێتانەکان، هەردووکیان بێ بەرهەم و ئەنجام دەمێننەوە، (بوێری لە تەرح، بەرگری سەرسەختانە لە هەڵوێستە واقیعییەکان) خاڵی بەهێزی رێکخراوەکەن.

**نۆیەم: راگەیاندنێکی بەهێز**

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا راگەیاندن هەمان رۆڵی ئابووری و سەربازی دەبینێت، ئەوانە لە هەڵوێستی سیاسی کاریگەرترن، بۆیە پێویستە یەکێتی زانایان گرنگی زۆر بەو خاڵە بدەن و هەموانیش پشتگیری بکەن، ئەگەر پێویست بێت مووچەی خۆشیان هەندێکجار رابگرن لەپێناوی بەرزکردنەوەی دەنگ و رەنگیان. لەوەشدا پێویستە یەکێتی زانایان وتەبێژی فەرمی هەبێت، لە هەمان کاتدا هەموو لێدوانێك لە سەرۆك و جێگرو لق و ناوچەکانیان رابگرن تەنیا بۆ بابەتی تایبەتی و حاڵەتی پێویست نەبێت، بەمە یەکگوتاری دروست دەبێت و خەڵك و لایەنەکان لە پەیامی یەکێتی زانایان تێدەگەن. بەپێچەوانەوە فرەسەرچاوەی راگەیاندن دەنگی یەکێتی زانایان دەکوژێت، لە هەمووشی خراپتر رێکخراوەکە نابێتە خاوەن گوتارێکی دیاریکراوی یەکگرتوو، بەتایبەتی حەز بکەین یان نا زۆرێك لە مامۆستایانی ئایینی دەکەونە ژێر گوشاری راگەیاندن و هەڵوێستە سیاسییەکانی دەوروبەریان بەمەش بێسەروبەری دروست دەبێت.

**دەیەم: دەستەجەمعی و سەربەخۆیی**

خاڵی بەهێزی سەرکەوتنی هەر دەزگایەك رۆحی پێکەوەیی و سەربەخۆییە، کە لە یەك کاتدا هەمووان پێکەوە هاوکاربن، بەڵام نەچنە ناو ساحەو گۆرەپانی یەکتریش، بەمەش هەست بە برایەتی دەکرێت و هەر یەکەو هەست بە بوونی خۆشی دەکات، ئەگەر ئیشەکان دابەشنەکرێن خەمساردی دروست دەبێت و رێکخراوەکە دەمرێت. بۆیە هەر بەشەو بە کاری خۆیەوە جوانە.

**یازدەهەم: بەهێزکردنی پەیوەندییەکان**

یەکێتی زانایان بەهۆی ئایینی و کۆمەڵایەتی زانایانی ئایینی، دەتوانێ رۆڵێکی زیاتر لە پیشەی رێکخراوەیی ببینێت، بۆیە پێویستە هەمیشە بازنەی پەیوەندییەکانی فراوان بکات، سەرەتا لە ناوەخۆ لەگەڵ سەرجەم حزب و رێکخراوو رەوتە جیاوازەکان، ئینجا بەرەو جیهانی ئیسلامی و عەرەبی و هەرێمایەتی و دەرەوە، کە خۆشبەختانە ئێستا لە قۆناغێکی باش دایەو پێویستە دەستی پێوەبگرێت و گەشەی زیاتری پێبدات.

**دوازدەهەم: پشتیوانی حکومەتی هەرێم**

یەکێتی زانایان رێکخراوێکی پیشەییە بۆیە پێویستی بە پشتگیری حکومەت هەیە بەتایبەتی لە رووی دارایی و راییکردنی کارەکان، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکومەت هەبێت بەدەر لەوەی چ لایەنێك دەبێتە حوکمڕان و کێ دەبێتە سەرۆکی حکومەت، ئەم پەیوەندییە لە قازانجی رێکخراوەکەو گشتییە، لەوەشدا پێویستە حکومەت رەچاوی پێگەی کۆمەڵایەتی رێکخراوەکە بکات، نابێ بەشێوەی دەستەمۆیی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەتایبەتی لە ساڵانی رابردوو پێگەی راستەقینەی رێکخراوەکە لە کۆمەڵە پرسێکی گرنگ دەرکەوت، لەوانە: (رەواییدان بە شەڕی بەرگری دژی تیرۆرستان، هاوکاریکردنی ئاوارەکان بە جیاوازی ئاین و مەزهەب و نەتەوە، پێکەوەژیانی ئایینی، پێکەوەژیانی نەتەوەیی، پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی و مافی چارەنووس، مافی



ئافرەت،...). لە هەمان کاتدا پێویستە یەکێتی زانایان بەرگری لە مانەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی دام و دەزگا کارگێڕی و یاسایی و تەشریعیو دادوەری و کۆمەڵایەتییەکانی بکات، بەبێ ئەوەی ببێتە بەشێك لە ماکینەی ئیعلامی ریکلامیو پاشکۆیی.

ئەمانەی سەرەوە بەشێکن لە خاڵە گرنگو بەهێزو جەوهەرییەکانی مانەوەی یەکێتی زانایان بە زیندوویێتی و هەڵستانەوەی لە کاتی تەنگەبەری و نوشووستی.

## خاڵە لاوازەکان

لە بەرامبەر خاڵە بەهێزەکان کۆمەڵە خاڵێکی دیکە هەن، کە ئەگەر ستافی یەکێتی زانایان بە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا نەکەن رێکخراوەکە بەرەو پووکانەوە دەچێت، بەمەش کۆمەڵگە بە گشتی زیانمەند دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی هاگایان لە پێگەی کاریگەری زانایانی ئایینی هەیە.

### لەسەر ئاستی یەکێتی زانایان

هەموو ئەو خاڵە بەهێزانەی لەپێشەوە باسمان کرد، پێچەوانەکەیان دەبێتە مایەی لاوازبوونی رێکخراوەکە، وەك نەبوونی ئامانجی روون و ستراتیژی درێژخایەن و بەرێکردنی رۆژەکان، یان خۆ بەخاوەن نەزانینی رێکخراوەکە، باکیان بەوە نەبێت

کەسایەتی ڕێکخراوەکە بەرەو کوێ دەڕوات‌و بەدوای چارەسەری گرفتەکانەوە نەبن. هەروەها نەبوونی هاوسەنگی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان، وەك ئەوەی تووشی فۆبیای جەمسەرگیری‌و دابەشکاری سیاسی ببێتە سیمای دیارو بنەمای مامەڵەو کارکردن‌و پێناسە. یان دوورکەوتنە لە پرسە نیشتیمانییەکان‌و خۆنەکردنە خاوەنی دۆزی ڕەوای گەل. بە هەمان شێوە پشتگوێخستنی پرس‌و بابەتە ئاینییەکان وەك ئەوەی ئایین شتێکی لاوەکی‌و پەراوێزی بێت لە ژیانیاندا. دیسان پشتکردنە بەشێکی زانایانی ئایینی‌و بەرگریان لێنەکەن. ئەنجومەنی فەتوا بکەوێتە ژێر کاریگەری کەسانێکی دەرەوەی فەتوا، یاخوود بکرێتە ئامانجی ڕازیکردنی ئەم و ئەو. بەهەمان شێوە ترس و لەرزۆکی لە تەرحی بابەتەکان، یان خۆدزینەوە لە هەڵوێست‌و بابەتەکان، بۆ نموونە کاتێك شتێك بەناوی یەکێتی زانایان بڵاودەکرێتەوە دەبێ هەمووان بەرگری لێبکەن نەك کەسانێك خۆی لێ بدزنەوە بە بیانووی ئەوەی ڕای پێچەوانەیان هەبووە. دیسان پشتگوێخستنی ڕاگەیاندن وەکو کردەوەی خۆکوژی وایە، چونکە ئەوەی دەنگت دەگەیەنێ‌و پەیامت بڵاودەکاتەوە ڕاگەیاندنە، لە دنیای ئەمڕۆدا ڕاگەیاندن کۆڵەکەی کارکردنە، بەتایبەتی بوونی وتەبێژێك یەکخیتابی زانایان بەهێز دەکات. کارێکی دیکەش بریتییە لە خۆهەڵقورتاندنە کاری یەك‌و ئەوەی ئەرکێکی پێسپێردراوە بکەوێتە کلکەو وەکو ئەندامانی دیکە کارەکەی بزانێت، یەکسەر لە ئیشکردن سارد دەبێتەوە. بە کورتی دڵسۆزانەو برایانە، پڕۆژەی ستراتیژی زانستی گەورە هەبێت بەتایبەتی لەڕووی خوێندنی ڕەسەنی مەلایەتی، دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی‌و دابەشکاری. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی سەربەخۆو ڕاکێشانی سەرنجی خێرخوازان.

**لەسەر ئاستی زانایانی ئایینی**

ئەوەی کەم‌و زۆر بەدواداچوونێك بۆ دۆخی زانایانی ئایینی بکات هەست دەکات ئەوانیش بەدەرنەبوونە لەو ململانێ سیاسیانەی لە هەرێمی کوردستان هەن،

ئەوانیش بە گوێرەی پارتە سیاسیو رەوتە فیکرییەکان دابەشبوونە، ئەم دابەشبوونە جگە لە زیان هیچی دیکەی لێ نەچنراوە بۆ زانایانی ئایینی، بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکێتی زانایان، کە دەتوانرێ لەبری یەکتر رەتکردنەوە هەمووان لە یەك نزیك ببنەوەو بەرپرسانی رێکخراوەکەش ناچاردەبن پشتیوانی هەمووان بن، لەوانەیە هەر کەسەو زمانی بکەیەوە رەخنەی لە یەکێتی زانایان هەبێت، ئەوانیش رەخنەیان لە ژمارەیەکی زانایانی ئایینی هەبێت کە شەو و رۆژ خەریکی لۆمەی یەکێتی زانایانن، بەڵام دواجار ئەمە رێکخراوێکی رێگەپێدراوی یاساییە لە هەرێمی کوردستان، دەکرێ زانایان بە هەماهەنگی و لێك نزیکبوونەوە بیکەنە چەترێکی هەمەگیر بۆ هەموو تێڕوانین و رەوتە جیاوازەکان، بەرگریکردن لە مێژەری زانایان بکەنە دروشمی گشتی.

**لەسەر ئاستی سیاسی**

بەشێکی دیکەی ئاستەنگو ئاڵنگارەکانی بەردەم یەکێتی زانایان ئەو دابەشکارییە سیاسییەیە کە بەداخەوە هیچ شتێکی سەربەخۆی خاوەن بڕیاریان بەپێوە نەهێشتووە، هەر لایەنە دەیەوێت رێکخراوەکان بە ئاراستەی تێگەیشتنو کاری ئەوان بڕوات، ئەمەش بە زیانی گەورە بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی هەندێك رێکخراوو کەسایەتیو دەزگا هەن پێویستە وەکو سەرمایەکی نیشتیمانی تەماشا بکرێت، ئاساییە هەموو لایەك ئەو ویستەی هەبێت یان دیفاع لەو کەسە بکات کەپێی وایە لایەنگریەتی، بەڵام ناکرێ حزبایەتی تێکەڵ بە پیشەیی بوونی زانایانەوە بکرێت، بۆیە گرنگە هەمووان وێڕای جیاوازییەکانیان کۆکبن لەسەر هێشتنەوەیان بە سەربەخۆ، کەواتە ئەگەر هێنانەدی ئەو ئامانجەمان گەرەك بێت پێویستە هەمووان پشتیوانی یەکێتی زانایان بکەن وەکو پرۆژەیەکی نیشتیمانی و هاوکاربن لە دانانی پلان و جێبەجێکردنی.

* ئەندامی پێشووی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان.

# نیگایەك بە ڕووی کاری زانایاندا

د. محمد عبدالله احمد پێنجوێنی
بەرپرسی لیژنەی فەتوا- لقی سلێمانی



**دەستپێك:**

لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئایینی و مێژوویی و نەتەوەیی وەفاداری بۆ کاری زانایانی پێشوومان و بەهەند گرتنی کلتوری جوانی کاری زانایەتی، وە درێژەدان بە دیرۆکی پڕ لە خزمەتی پێشینەکانمان، بە پێویستم زانی ئەم چەکامەیە بنووسم لە یادی یوبیلی زێڕینی یەکێتی زانایان بە هیوای پێشکەشکردنی خزمەتێك با کەمیش بێت، شایستەی بەم کۆمەڵە بەخزمەتە نەبێت، بەڵام بەشداری کردن لە بازاڕی یوسف فرۆشاندا بە چەند دەرهەمێك ناوێك دەدات بە کڕیارو ڕێزی هاوبەشانی پێدەبەخشێ.

**١ - یەکیەتی زانایان لەبەردەم داخوازیەکانی سەردەم**

ئەم سەردەمەی ئێستای زانایان سەردەمێکی پڕ لە ململانێی سیاسی و ئابوری هزری و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجیایە، سەردەمێکە لە چرکەیەکدا ڕوداوی سەیرو خێرا ڕودەدەن و هەواڵەکانی ئەم سەری دونیا دەگاتە ئەو سەر، خێرایی گەیشتوەتە ئاستێك لە چەند ساڵێك پێش ئێستا وەك خەیاڵ دەبینرا.

جگە لەمەش دونیای زانیاری یەکجار فراوان بووە، تەنها یەك زانست دەیان لق پۆپی لێبوەتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژیش پسپۆریەکان زۆر وورد دەبنەوە، تا بێت بەرەو زیادبوون و گەشەسەند دەڕوات، لە هەمان کاتدا ئامڕازەکانی فێرکردن و فێربوون و دەستکەوتنی زانست و زانیاری دەگۆڕێن .

کاری ڕێکخراوەیی و پیشەی لەم ڕۆژگارەدا بوتە دیاردەیەکی بەرچاوی ژیانی مەدەنی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە سیاسی و کلتوری و فەرهەنگی و هەتا زانستی، هێندە فراوانبووە دەستی کێشاوەتە بوارەکانی بازرگانی و ئابوریشەوە.

بۆیە بە پێویستی دەزانم ئێمەی زانایان خۆمان بۆکاروبار گەورەتر ئامادە بکەین، هەنگاوی نوێ هەڵبگرین هەتا ڕۆڵی پێشەنگی ڕاستەقینەی زانایان بگەڕێتەوە سەر ساحەی ژیانی زانستی و فەرهەنگی و سیاسی.

دەبێت باش ئەو ڕاستیە بزانین کە زانایان کاتێ دەتوانن گەورەیان پارێزراو بێت و دوور بن لە هەموو جۆرە شکستێکی تری لاوەکی کە خۆیان لە بەردەم پەیامداری و ریسالەکەیاندا ببینەوە.

**خاڵی یەکەم پەیامدار بوون:** بریتیە لە هەماهەنگی و جۆربوون و ئاوێزان لەگەڵ پەیامی گەورەی ئیسلام کە سەرچەمی لە وەحی خوایدا خۆی دەبێتەوە، پابەندبوون کارکردن لەژێر ڕۆشنایی ئەو پەیامەو هەوڵدان بۆ چەسپاندن و وەرگەرخستنی وەك پەیامێکی خوای بۆ مرۆڤەکان بە سەرجەم چین و توێژەکانیەوە بەدەر لە بیرو ڕایان چونکە ئیسلام لە ڕەهەندی ئینسانیەوە دەڕوانێتە کۆمەڵگە بنەما گشتیەکانی بۆ سەرجەمیانە لە هەر کوێ هەن.

ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە هەموو ڕێکخراو کۆمەڵەو دەزگایەکی کارای ناو کۆمەڵگەکان لە جیهانی سەردەمی خۆیاندا ڕێ نەکەن دوور دەکەونەوەو دەکەونە بازنەی بێ کاران و نەویستراو، بۆیە پێویستە ئێمە لەهەموو کەس زیاتر هەست بەم ڕاستیە بکەین و خوێندنەوەیەك بۆ سورەتی (العصر) بکەین، لە نیگاکانیەوە پێگەی خۆمان دیاری بکەین.

تا بزانین ئێستا لە كوێی هاوچەرخ بوونین، لە كوێی زەرەرمەندانین، دەفەرموێت: (والعصر) سوێند بەسەردەمەو چەرخی ژیانتان، كە ئێوە لەوانەیە زۆر حسابی بۆ نەكەن، (إن الإنسان لفی خسر) بە بێ گومان هەموو مرۆڤەكان، هەموو دەستەكان، هەموو گروپ‌و تاقمەكان، هەموو تاكێك گەر خۆی بێ یان لە ژێر چەتری رێكخراوێك بێت، هەمووومان لە جۆرێك لە زیان‌و خەسارەتدا دەژین، هەر كەسە جۆرێكی هەیەو هەستی پێ ناكات، وا دەزانین بە ئەنجامدانی هەندێ لە ئەركەكان ئیتر رزگارمان بووە لە هەموو جۆرەكانی زیان، لە كاتێكدا قورئان زۆر بە جوانی وێنای كردووە، هەتا رەوڕەوەی ژیانت بەردەوام بێ تۆ هەر لە جۆرێك خەسارەتی گەر بەپرۆسەی هاوچەرخی مامەڵە نەكەیت.




لێرەوە با ئایەتی یەكەم‌و دووەم بدەینەوە لە یەك ئەو كات دەزانین، نەڕوانین بۆ سەردەمەكان‌و رێ نەكردن بە پێی داخوازیەكانی سەردەم‌و، وڵام نەدانەوەی پرسیارو داواكانی هاوچەرخ هەر خۆی جۆرێكە لە زەرەرمەندی ئێمە.

بۆیە (وَالْعَصْرِ إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ) خودی ئا ئەو عەصرەو گوێ نەدان بەو

عەصرە مرۆڤەكانی لە جۆرێك خەسارەتدا هێشتۆتەوە، دواتر خوای گەورە پرۆژەی ڕیٚ کردنی هاوچەرخی دادەنێتو هەنگاوە جددیو پێویستەکان دیاری دەکاتو دەفەرمویٚ: (إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ).

تەنها ئەوانە نەبیٚ بوونەتە تاقمی ئیمانداران‌و تەنها ئیمان کۆیان دەکاتەوەو هەموو قەیدو بەندەکانی تریان لەخۆیان کردوەتەوە، کاتیٚ دەڵیٚ: (إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا) مەبەست تاقمی بروادارانە کە لە دەوری بنەماکان‌و بەها گەردوونیەکان کۆبوونەتەوە، چونکە ووشەی (آمنوا) لەبەرامبەر مرۆڤدا(الانسان) بەکار هاتووە، هەموو مرۆڤەکان بە بیٚ جیاوازی ڕەنگو ڕەگەزو شوێن‌و جێگەو نەتەوەو ئایین، دەی دەبیٚ ئیماندارانیش هەموو ئەو قەیدانە تیٚ پەڕێنن بەتایبەت کە زانایانن چینی پێشەنگو پێشەوای گەلن، گەر بیانەوێت ببنە پیاوی سەردەمو هاوچەرخانە مامەڵە بکەن دەبیٚ دروشمی ئیمان لە پێناوی رزگاری مرۆڤ هەڵگرن، دوور بن لە ئایدیایەکی مەزهەبی‌و حزبی‌و ناوچەیی...هتد.

یەکێتی زانایان تووشی ئەم دەردە بووە، لەباتی جیهان بینی‌و هەوڵدان بۆ دەرکەوتنی سیمای زانایەتی‌و کەسیەتێکی دیاری گەورەو هاوچەرخو هەموو قەیدو بەندو پاشگرو پێشگرێکی بچوکی تێپەڕاندبیٚ، کەچی ئالودەی ئایدیایی دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی پێشوو، بەداخەوە لەکاتی هەڵبژاردنی ئۆرگانەکان‌و دەستەی سەرەوە، زۆر بە روونی ئەو قەیدو بەندە بچووکانە دەبینین‌و لیست لیستێن‌و رەنگ رەنگێنە، ئیتر لێرەوە هاوچەرخی رۆژی ئاوا دەبیٚو لێهاتووی‌و شارەزایی‌و جیهان بینی‌و بیریاری‌و توانایی هەموویان بە جۆرێك لە گۆڕ دەنرێن.

پێوەرەکانی تر دەبنە پاشکۆ پلەدوو زیاتر، ئەمە بۆ ڕێکخراوێکی زانایان نابێتە خاڵی ئەرێنی، هەر ئەمەش بەڵگەیە کە ئێمەش وەك خەڵکانی تر دەدەداربوون‌و فایرۆسەکە لە ئێمەشی داوە، بەمەش پێشەنگی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

گەر بمانەوێت زانایان زانایانی ئەم سەردەمە بن دەبیٚ لەو حاڵەتە خۆیان رزگار

کەن، هەڵگری ئیمانو مەبدەئو پەیامی زانایەتی خۆیان بنو بەهاکانی وەك ئاشتیو پێگەوەژیان، رزگاری مرۆڤو، سۆزو رەحمەت بۆ هەمووان و رێزو حەق ویستیو مرۆڤ دۆستی، ژیان لە پێناوی سەرکەوتنو شکۆمەندی ببێتە دروشمی کارو پێناسی رێکخراوی زانایان.

چونکە گەر کۆمەڵی ئیمانداران ئەرکیان رزگاری مرۆڤەکان بی لە چەرخی خۆیان، دەبی لە پێشتر ئەرکی زانایەکی ئیماندار بی و لە پێشەوەی تاکەکانەوە بێت چ جای رێکخراوێکی گەورەیان هەبێ.

خاڵی دووەم هاوچەرخ بوون: بریتیە لە (وعملو الصالحات) ئەو پرۆژە گەورەو بەهێزانەی کە تاکی ئیماندار هەیەتی بۆ رزگاریو دەرهێنان لە زۆنگی (لفی خسر)، ئەمەش بە پلەی یەکەم ئەرکی دەستەی زانایانە و کۆمەڵەی ئەوانە، رێکخراو دەبێ سەرقاڵی گەیاندنو چاندنی هەمو ئەو بەهایانە بێت کە ئیمان بە پەیامی ئیسلام دیاری کردووە بۆ دەرکردنو دەرچوون لە زیانمەندی.

لە ئێستا زیاتر لە ١٠٠ رێکخراوی جیهاتی لە دونیاداو (١٧) رێکخراو لە عیراقو هەرێمی کوردستان سەرقاڵی جێبەجێ کردنی دەیان پرۆژەی هاوچەرخو نوێن، کار لە سەر کۆمەڵگەی کوردیو عیراقی دەکەن، بەتایبەت ئەو بەندانەی کە لە پلانی نێودەوڵەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە (U.N.D.P) لە (١٧) بەند پێکهاتووەو ماوەکەی هەتا (٢٠٣٠) بەناوی (التنمیة المستدامة).

بەندەکانی هەر هەموویان رێکاو رێك لە ئیسلامدا گرنگی پێ دراوەو دەرفەتێکی یەکجار گەورەیە کە رێکخراوی پیشەیی کارا پرۆژە پێشکەش بکات بەو رێکخراوەو فەندی بۆ وەربگرێتو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات.

کاتی سەرنجی ئەو پلانە دەدەیت ئەو کات دەزانی زانایان چەندە لە زەرەردان، یاخود چەندە دوورن لە سەردەمی خۆیان، چەند هەلی زێڕین هەیە ئیشیان تێدا نەکردووە، خەڵکێك لە بەریتانیاو ئەمریکاو فەرەنساوە دێت کێشەی فەقرو




نەهێشتنی برسیەتی و، تەندروستی باش و ژیانی شایستەو، فێرکردنی باش و، یەکسانی نێوان رەگەزەکان و، ئاوو تەندروستی، ووزەی پوخت ونرخی گونجاوو، کاری شایستەو گەشەی ئابووری و پیشەسازو داهێنان، سنوردار کردنی رووەکانی یەکسان نەبوون، شارو شارستانیەت و بەکار هێنان و بەرهەمهێنانمان بۆ باس دەکات، بە تەکنیکی نوێ فێرمان دەکەن کە هەموو ئەمانە لە ئاییینی ئیسلامدا بنەمای هەیەو شیکارو یاساو بابەتگەلێکی دەوڵەمەندی هەیە.

**بۆیە دەڵێم**: هاوچەرخ بوون پێویستی بە کار هەیە لەسەر ئەرزی واقع، دەبێ ببێتە رێکخراویکی کارای کراوەو بە ئاگا، ئەو کاتە راڤەی (وعملوا الصالحات) تێ دەگەین چۆن دەبێتە هۆکاری رزگار کردنی مرۆڤەکان لە ژیان و ئەو کات دەزانی کە هەر یەکەمان لە جۆرێك زیاندا دەژین و بەخۆشمان نەزانیوە.

دواتر بۆ بەرێوەچوونی پرۆسەی هاوچەرخی بوون و مایەی رزگاری خەڵك پێویستە ئیمانداران دوو کۆمەڵە یان دەزگا یان بە زمانی ئێستا مەتبەخی رێکخراوی هەبێ.

**یەکیان بریتیە**: لە مەتبەخی گەران و بیرکردنەوەو سێرجی بەردەوام بە دواداچوون کە لە سورەتی والعصر ئاماژەی بە هەردووکیان کردووە، کە دەفەرموێ (وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر).

**دووەمیان بریتیە**: لە مەتبەخی رەواجدان و بە بەهاکردنی و بەرخۆدان بۆ هەموو

ئەو بەهایانەی کە کۆمەڵی ئیمانداران دەیانەوێت کار لەسەر جێ بەجێ کردنی بکەن.

دەزگای (وتواصوا بالحق) دەزگای گەڕانو بیرکردنەوەو ئامادەکاریو پاکردنو ساغ کردنەوەی خودی پرۆژە سەردەمیەکانە، بە نوێژینەوەی زانستیو گووشینی بیرو هۆشو ئەزموونی گەلان ..هتد پرۆژەی گونجاوو سەردەمیانە دەخاتە بەردەست ڕێکخراوو شەرعیەت و پێویست بوونی بۆ ئامادە دەکات.

دەزگای (وتواصوا بالصبر) سەرقاڵی ڕەواجدانو گەرمکردنو دۆزینەوەی ڕێو شوێنی پێویستە بۆ جێبەجێ کردن. بە دانانی پلانی سەردەمیانەو ئامادەکردنی مەیدانی پراکتیکی و ئەنجامدانی بە پێی ئەو پلانەی بۆی دیاری کردوە.

ئا لێرەوە دەڵێم زانایان لەبەردەم داواکانی سەردەمدا پێویستیان بە ڕاڤەکردنی ئەم سورەتە هەیە لەسەر ئەرزی واقعو دانانی میکانیزمی کارو پلانی درێژ مەوداو کورت مەودا، دەبێت کۆمەڵێکی هەبێ سەرقاڵی توێژینەوەی ڕۆژگار بنو کەمو کورتیەکانو داخوازیەکانی سەردەم بناسنو دواتر لە ڕێی بیرکردنەوەو گوشینی عەقڵو زانستی هاوچەرخ پلانەکانو بەهاکان بناسێننو ئامادەی کەن بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەم کاتەدا جێبەجێ بکرێت.

ئەوەی تریان سەرقاڵی میکانیزمی گونجاوەو ڕاوێژ دەکات بە پسپۆڕانو ڕێگاکانی گەیاندن دەدۆزنەوە زیاتر لەچەند ئۆپشنێك دەخەنە بەردەستو پلەبەندیان بۆ دەکەن، بەمەش پشوو درێژو هیمەتو بەردەوامی دەدەنە زانایان.

## ٢- یەکێتی زانایان لەبەردەم کاری ڕێکخراوەیدا..:

مەبەستم لەم ناونیشانە پێویستیەتی کاری ڕێکخراوەییە لە ڕێکخراوێکی تەقلیدی دانیشتووی مت بۆ ڕێکخراوێکی کارای چالاکی سەردەمیانەی ئەرێنیو دۆست لەگەڵ هەموو سێکتەرەکانی تری کۆمەڵگەو ڕێکخراوەکان، بەتایبەت ڕێکخراوە ئەکتیڤو نیودەوڵەتیەکان، بەتایبەت تر ئەو ڕێکخراوانەی لەبواری مرۆڤو ژیانی

سەلارو ئازادیو پێکەوەژیانو مافەکانو هتد کار دەکەن.

**بۆ ئەم مەبەستە ئەم چەند خاڵە دەخەمە ڕوو.:**

١- ماوەیەکی زۆرە لەسەر ئاستی کوردستان لەهەموو یادو بۆنەکانداو، لە کەیسو ڕووداوەکاندا، ئێمەی زانایان ڕێکخراوی تر بانگمان دەکات بۆ ئەوەی چالاکی بۆ ئەو بکەین، بە دەستەواژەیەکی دیکە هەر ئەوان ئێمە بەکار دەهێنن ئێمە ئەوان بەکار ناهێنین، ئێمە دانیشتوویو چاوەڕێین تا چالاکی بکەنو ئێمە بانگهێشت بکەن.

دەبوا ئێمە لە ساڵێکدا چەندین چالاکیمان هەبوایەو ئێمە ئەوانمان بهێنایەو لە ئەجندایەکی کاری خۆمان کارمان پێ بکردنایە.

بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی ژنانو یەکێتی پیاوان حاڵەتێکی نالەباریان دروست کردووە لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا کە خەریکە بەهاکانی زەوجیە بەرەو تیا چوون دەچن، ئێمە دەبوا هەردوو ڕێکخراومان بهێنایەو لە کۆنفرانسێکدا بە زانستیو لەڕێی پرۆسەی زەوجیەوە، بە حەقیبەیەکی تەدریبی پێمان بەسەلماندبان کە دەبێ پێکەوە بۆ بەهاکانی خێزانی کار بکەن.چونکە پیاو ئافرەت هەردوکیان زوجی یەکترن یەکیان بەبێ ئەوی تریان تاکەو تەنهایە خانی زەوجی بۆ پێکنایەت.

٢- مزگەوتەکانمان لەرووی پەیامدارییو ئاراستەی هزرو ئایینیەوە حاڵیان زۆر خراپەو لەهەموو دەزگایەکی دیکە پتر پێویستی بە چاکسازی هەیە، گەر یەکێتی زانایان لەرۆژێکی هەینیدا سەردانی چەند مزگەوتێکی شارێك یان شارۆچکەیەك بکاتو سەمپڵی هەریەکەیان وەربگرێت بۆی دەردەکەوێت چەند گوتاری ئاراستە دژ بە یەك لە یەك شاردا دەدرێت بەگوێی دانیشتواندا، ئەی لە تیڤیەکانەوە کە پەخش دەکرێن چ حاڵەتێکی نا تەندروست لەم سەردەمەدا دەخوڵقێنن، هەوڵێك هەیە لە وەزارەتی ئەوقاف بۆ بڕێك چاکسازی لە ووتاردا، کە بریتیە لە دیاری کردنی وتاری هەینی بۆ وتاربێژان لەسەر ئاستی شارەکانی لیژنەی بۆ دروستکراوە بەڵام نەیتوانیوە چارەسەری بکات بۆچی؟

لەبەر ئەوەی تۆ تاکی وتاربێژت بۆ ئامادە نەکردووە، دەتەوێت لەدەرەوە بیگۆڕیت، ئەو لەناوەوە بڕوایەك و هزرێکی هەیەو خۆی بەوە نازانێ کە پێویستی بە تۆیە، دەی ئیتر لەکوێ دەتوانێ بە میکیاج جوانی کەیت کە خۆی نەیەویەوێت.
ئەمە ئەرکێکی یەکجار گەورەو سەردەمیانەو پێویستی رێکخراوەییە، کە دەبێ مەتبەخەکانی بخاتە گەڕو پلانی پەروەردەی وتاربێژی سەردەم دابنێ و لەرێی راهێنەری شارەزای بواری پەروەردەییەوە بە کرداری و بە تەکنیکی نوێ پەروەردەیان بکات.ئەگەر لەسەرەتای دانانی ئەو لیژنەیەوە بۆ دیاریکردنی ووتارکان کار لەسەر ئەم لایەنە بکرایەو هەموو مانگێك تەنها (٢٥) ووتار بێژ بەپێی پرۆگرامێکی زانستی بەهێز لە رێی ڕاهێنەری بەتواناوە خولێکی ماوە دیاریکراویان بینیایە ئێستا زۆر هەنگاوەکان لە پێشتر دەبوون.
٣- سێکتەری خودی زانایان و کەسیەتی زانایەتیان کە ئەویش جێگەی پرسیارە، چەند قوتابخانەمان هەیەو حوجرەیەو فەقێ دەخوێنێ و دواتر مۆڵەتی مەلایەتی و زانایەتی وەردەگرن بەڵام زۆر دوورن لەسەردەمی خۆیانەوە، رۆشنبیری نوێیان زۆر کەمە، کۆمەڵێ زانستی زۆر گرنگ هەیە زۆر پێویستن کەچی ناخوێنرێ و ئاگایان لێی نیە، وەکو کۆمەڵناسی و دەروونناسی و گەشەپێدان و ئابووری و بیردۆزەکان و هتد.
لەم سەردەمەدا زۆر زاراوە هەیە مانایەکی دیکەی وەرگرتووە، وەکو (خلوة، نظرو حواڵەو هتد) کاتێ باسی خەلوە دەکەیت بە واتا زاراوەییەی کە لە پێشدا باسکراوەو بەم پێناسەی ئێستای کە لە دونیای عەولەمەدا هاتووە، دەکەوێتە ململانێ و یەکانگیربوون، بۆچی؟ چونکە ئێمە نەهاتین لە مەتبەخی هزرو بیرکردنەوەو سێرچدا بگەڕێین و پێناسەیەکی هاوچەرخ بدۆزینەوە، واتایەکی تازەی پێ بدەین، کە زاراوەکە دەوڵەمەند بکات و خۆشمان روو بەڕووی پرسیاری نالۆژیکی نەکەینەوە. هەروەها زاراوەی (نظر) لە بازاڕو نەخۆشخانەو قوتابخانەو زانکۆو رێکخراوو گروپ و کەناڵەکانی تیڤی و هتد، تا چەند ئەمانەمان لە مانای

(نظر)دا داناوەو قەدەغەیە یان ئەمانە ناچنە بازنەی نەزەرو مانایەکی دیکە بۆ ئەو چەمکە هەیە!؟

لەوە پێویستر ئەو زانستەی مامۆستایانی حوجرەکان دەیڵێنەوە چەندە گۆڕانکاریان کردووە لە شێوازی ووتنەوەو فێرکردن، ئایا تەنها هەر یەك ڕێگە هەیە یان نزیکەی (٤٠) ڕێگەی وانە وتنەوە هەیە، کە ئێستا شێوازی موحازەرەو راڤەکردن، خەریکە باوی نەمێنیٚ کە (تعليم فعال، المشاركة، التدريب، المشروع) هاتووەتە کایەوە.

ئەو زانایەی کە ئەمرۆ پەروەردە دەکرێت تا چەندە زانایەکی سەردەمی هاوچەرخ و بەئاگایە لە دونیای دەوروبەی، پێویستە نەخشەیەکی پەروەردەو پێگەیاندن هەبیٚ و خوێندنەوەی تێرو تەسەلی بۆ بکرێت و بخرێتە پرۆگرامەوەو پیادە بکرێت.

_4سێکتەری هزرو فیکری کاری زانایەتی و ڕێکخراوەیی زانایان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە لەرووی پەروەردە کردن و رۆڵی مزگەوت و چۆنیەتی بەگەڕخستنی مزگەوت بۆ ئەو پرۆسەیە، ساڵانە لە مزگەوتەکان خولی هاوینە هەبوو بۆ منداڵان، بەڵام مەخابن کە چاوت دەکەوێت بە بەرێوەبەرو مامۆستایانی خۆزگەت دەخواست نەبوایە! بۆچی؟

لەبەر ئەوەی منداڵێکی هەشت ساڵ و ١٠ ساڵ خێرا قورئانی پێدەووتراو پێی لەبەر دەکرا، لە کاتێکدا ئەوە لە ئاستی ئەودا نەبوەو نیە زۆر بۆی قورسە، دوای چەند رۆژێك کەمێك دەمایەنەوە ، یان کەمێك سوودیان دەبینی.

ئەویش سوود وەرنەگرتن بوو لە تەکنیکی نویٚ پەروەردە کە زیاتر لە (١٠٠) ڕێگەی فێرکردن هەیە بۆ منداڵ هەموو لەززەت و حەزو خۆشیەو پەروەردەی ئاییینیە.

زانایان پێویستی بە هەوڵێکی چڕ هەیە کە جیهانی مەعریفەی خۆی ڕێکبخات چۆن و بەچی و کەی کاری پەروەردەیی خۆی دەست پیٚ دەکات و تەکنیکی گونجار چیە؟

**پێویستە..:**

**١- کە دەڵێن پەروەردە دوو شت دەگرێتەوە (تعليم، ترويج) ئەمە کاری کێیە؟ زانایان لەکوێی ئەمە دان، هەموویان ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن یان تەنها دەزگایەك یان دەزگاو خێزان پێکەوە بەشدارن و یەکێ لە دەزگاکانیش مزگەوتە.**

**دیارە ئەمە ئەرکی خێزان و ئۆرگانەکان و دەزگاکانی کۆمەڵگەیە.**

**٢- المعرفه.. زانیاری و زانستی لەم بارەیەوە لە چی وەردەگرین، لە کوێ وەری دەگرین، ئەمە کاری توێژەرەکانە یان هەموو مامۆستایانی ئایینی دەتوانێ ئەم کارە بکات. کە ئەمە کاری توێژەرو زانا لێکۆڵەرەکانە.**

**٣- الوعی.. هۆشیاری ئایینی و ئیسلامی و گەشەدان بەم هۆشیارییە کێ دەبێ بیکات کاری تەنها پسپۆڕەکانە یان هەموو زانایەك دەتوانێ. دیارە کاری پسپۆڕەکانە تەنها ئەوان دەتوانن گەشەی هۆشیاری و بیری نوێی ئایینی بخەنەبەردەست.**

**خاڵی دووەم سێهەم ئیشی ئەو دوو دەزگایە کە ئاماژەمان پێکرد( وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر) بە تایبەت دەزگای یەکەم.**

**دەبێ زانایان خۆیان یەکلایی بکەنەوەو ئەم سێ خاڵە بدەنە دەست خاوەنی خۆی و ئەو کاتە کار بکات بۆ پرۆسەی پەروەردە، بۆ ئەوەی رزگاری ببێت لەم فەوزای پەروەردەو ئاراستە جیاوازو تەپاندن و ماندوو کردن و بێزارکارە، وە لە هەمان کاتدا دەربازی ببێت لە بازنەی (لفی خسر..**



# یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان

## لەنێوان دەستكەوتو سەروەرییەكانی دوێنێو
## ئەرك و بەرپرسیارێتییەكانی ئەمڕۆ



م. محمد مەلا محمود تاوگۆزی
وتاربێژی مزگەوتی كانی ئاسكان/ زەڕایەن

لە ساڵیادی دامەزرانیدا پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی تەواوی ئەندامانو دامەزرێنەرانو مەكتەبی تەنفیزیو دەستەی كارگێڕی ڕێكخراوەكە دەكەم، لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە پشتیوانیان بێت بۆ هەر كارێك كە مایەی خێرو بەرەژەوەندی دین و دونیایە، وە ڕێنوێنیكاری هەمووان بێت بۆ كاری جوانتر و خزمەتی زیاتر.

مامۆستایانی بەڕێز! زانایانی مێزەر سپی! گرنگە بزانین ئێمە كێین و چین و پەیام و ئەركمان چییە؟ چیمان كردووەو دەبێ چی بیكەین؟ ئەوكات هەنگاوەكانمان بەجێ و دروست و ئامانجپێك دەبن.

گرنگە خۆمان بناسینو ئەركو بەرپرسیارێتیمان بزانین هەتا كارەكانمان لەو چوارچێوەیەدا ببینینەوە، ئاشكرایە ڕێكخراوەكەمان ناوی (یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان)ە، واتە: دەبێ بەرجەستەكاری واتاو كرۆكی یەك بەیەكی ئەو دەستەواژانە بین كە بە ناونیشانی خۆمانمان هەڵبژاردووە.

كە خۆمان ناو دەبەین بە (زانا) بێگومان زانایی وشەیەكی سادە و گۆترە نییە، بەڵكو لە كۆڵنانی ئەرك و بەرپرسیارێتی گەورە و كاری جدی و قورسە‘ چونكە (زانا) وشەیەكی گشتگیر و فرە ڕەهەندی خاوەن جەمسەرە و هەڵگری تایبەتمەندی جۆراو جۆرە، ڕەگەزەكانی زانستو ژیریو خۆپارێزیو ڕاستیو جوانیو

خۆنەویستی و پابەندبوونە، جێنشین کردنی گشت پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و وەستانە لە جێگەیان.

بێگومان ئەم ڕێکخراوەی قسەی لەسەر دەکەین خاوەن مێژوو و ڕابردوویەکی دوورە، وا تەمەنی پێ دەنێتە نیوەی دووەمی سەدەیەك، كە بێگومان ئەم مێژووە خۆی بۆ خۆی خاوەن گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆیە، چون داخوازی و پێویستیی ڕۆژ هێناویەتە بوون، بونەکەشی بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕچەشکاندن و سەرمەشق بوونی لەخۆگرتووە، کە دواجار ڕێکخراوی (یەکێتی زانایان) بوو بە سەرمەشقی زۆرێك لە ڕێکخراو و سەندیکا و یەکێتییەکانی دیکە.

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە زانایانی ئایینی کورد پێش توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە کاری ڕێکخراوەیی و پرۆژەی پێکەوەیی و خزمەتی پیشەییان بە پێویست زانیوە و، توانیویانە سەرباری ئەرکی مزگەوت و حوجرە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، بازنەی کاریان فراوانتر بکەن و تەنها لەو خولگەیەدا قەتیس نەبن، بەڵکو دەستی کار و خزمەتیان درێژتر بکەن و ڕۆڵی زیاتر و ئەرکی گەورەتر ببینن.

لە هەمان کاتدا نیشاندەری ئەوەیە خۆیان بە خاوەنی پرسەکان زانیوە و ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاویان بینیوە نەك پەراوێزو پاشکۆیی، کاریان کردوە نەك کاردانەوە، دەنگیان هەبووە نەك دەنگدانەوە. بەڵام بۆ ئەوەی زانایانی ئێستامان بەرهەمی باشترو کاری شایستەتر پێشکەش بکەن‌و پارێزگاری لەو مێژووە سەنگین و پڕ سەروەرییەی پێشینان بکەن، بەندە بە پێویستی دەزانم لەسەر ئەو ڕابردووە نەوەستن و کاری گرنگ و گرنگتر بکەن و هەوڵی زیاتر بدەن لە پێناو گێڕانەوەی پێگەی ڕاستەقینەو متمانەی زیاترو ڕۆڵی بەرچاوتر. کە بۆ ئەو مەبەستە ئەم چەند خاڵە دەخەمە پێشچاو بەو هیوایەی ڕێکخراوەکە بە هەندی وەربگرێت و کاری جدی لەسەر بکات:

١- تەبایی‌و یەکڕیزی گەواهیدەرو دەرخەری پێگەو سەنگ‌و قورسایی ڕێکخراوەکەیە، وەکو پێشتر گوتمان ڕێکخراوەکە مادام ناوی خۆی ناوە (یەکێتی

زانایان) دەبێ بەرجەستەکاری ئەم بنەمایە بێت و بە کردەیی بیسلەمێنێت یەکڕیز و تەبایە، نەك فرە ڕێچکەیی و پەرتەوازەیی و دابەشبوون بەسەر قوتابخانە سیاسی و هزرییە جۆربەجۆرەکان و دەمارگیری بۆ بیرو دەستەو قوتابخانە فیقهی و بانگەوازییە جیاوازەکان و، بچوککردنەوەی ئیسلام و پەیامی زانایان لە ئایینزا و پارت و قوتابخانەیەکی دیاریکراودا.

**زانایانی ئایینی کورد پێش توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە کاری ڕێکخراوەیی و پرۆژەی پێکەوەیی و خزمەتی پیشەییان بە پێویست زانیوەو، توانیویانە سەرباری ئەرکی مزگەوت و حوجرەو بۆنە کۆمەلایەتییەکان، بازنەی کاریان فراوانتر بکەن**

بەڵکو دەبێ (هەق) و (دەق) سەنتەر و چەقی هەر بڕیار و ئاراستەیەکیان بێت و، تێگەییشتنەکان لەوێوە سەرچاوە بگرێت و هەمووان شوێنکەوتەی ئەم دووەبن، بەلام بەداخەوە لەم ڕووەوە کەلێن و کەم و کورتی هەیە و جاروبار بە ئاشکرا دەبینین خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان پێشوەختە بینای تێگەییشتنە ویستراوەکانیان دەکەن و پاساو و بەڵگەتاشی بۆ دەکەن.

٢- دورکەتنەوە لە تێکەڵکردنی سیاسەت و کاری حیزبی بە پیشەی مەلایەتی و کاری ڕێکخراوەیی، مەخابن هەندێك لە زانایان بونەتە نمایندەی لایەنەکان و داکۆکی لە ئەجێنداو سیاسەتی پارتەکانیان دەکەن و خۆیان لە زۆر بابەتی (ما لایعنی) و ناپێویست هەڵدەقورتێنن و کاریان لەسەر خواستی دەستەو گروپەکانیانە.

لە کاتێکدا دەبێ زانایان بە تەواوی مانا لە حزبایەتی و سیاسەت دووربکەونەوە، چونکە سیاسەتکردن بۆ زانایان وەکو یاری کردن وایە بە ئاگر، جا بۆ ئەوەی دڵسۆزی و خاوێنی خۆی لە دەست نەدات، نابێ تێکەڵ بە کاری حزبی و سیاسی

ڕاستەوخۆ ببێت٬ چونکە ئەو کات هەوڵ دەدات هەموو شتێك -لەوانەش ئایینەکەی- بخاتە خزمەتی لایەنەکەیەوە، لە کاتێکدا ڕاستییەکانی ئیمان و خزمەتکردنە پیرۆزەکان دژی ئەوەن ئایین و زانایانی ئایینی بکرێن بە ئامرازی هیچ شتێك، جگە لە ڕەزامەندی خودا.لایەنداری وا لە زانایان دەکات نەتوانیٚ هەمووکات تواناکانی بە پەیامە سەرەکییەکەی ببەخشێت، بەڵکو دەیخاتە بەر مەترسی حەز و ویستەکانی.

دەبیٚ زانایان بزانن ئیسلام تێکەڵەیەك نییە لە ئەم و لە ئەو، بەڵکو هەروەك بە ناوەکەیەوە دیارە: ملکەچی و تەسلیم بوونی ڕەهایە بە خودای تاك و تەنها و خۆ خاڵی کردنەوەیە لەوەکانی دی و دابڕانە لە قەدەغەکراو و ئارەزووەکان، دەبیٚ ئەوەش بزانن خزمەتکردن بە ئیسلامو مسوڵمانان تەنها و تەنها بە تیشکی نورینی قورئان دێتەجیٚ نەك بە ڕێبازی سیاسەت و دونیاداری.

٣- دەبیٚ زانایان خۆیان بە خاوەنی پرسە هەنوکەییە -ئایینیو کۆمەڵایەتییەکان- بزاننو هەڵوێستی ئاشکراو دیاریان هەبێتو ڕووداو و پێشهاتەکان باش هەڵبسەنگێننو دواتر هەڵوێستی پاكو پیرۆزی شەرعیانەی خۆیان لەبارەوە بخەنە ڕوو. وە لەمەدا ڕێگە خۆش نەکەن هیچ کەسایەتیو گروپو لایەنێك پێشیان بکەوێت، بەڵکو خۆیان لە هەموو کەسو لایەنێك شیاوتر و لە پێشتر ببیننەوەو دەرفەتی موزایەدە بۆ هیچ لایەك نەهێڵنەوە.

بەڵام نابیٚ لەمەدا پەلە بکەنو بە بیٚ وردبونەوەو قوڵبوونەوە -لە سۆنگەی خەمخۆریو سۆزدارییەوە- ڕووداوەکان شەن و کەو بکەن٬ چونکە ئەو پێشبینیو گریمانە و ئاراستەیەی ئەوان دەیکەن گەر وا دەرنەچوو، ناو و ناوبانگیان لەکەدار دەکاتو دواتر ناچار بە پۆزش و پاشگەز بونەوەیان دەکات، بێگومان ئەمەش هەڵوێستەکانی داهاتوویان دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوەو کار دەکاتە سەر

ئاستی متمانەیان، بۆیە پێویستە زانایان بەرچاوڕون بن و بە بەرچاوڕونیشەوە هەنگاو بنێن.

بۆ ئەوەی زانایانی ئێستامان بەرهەمی باشترو كاری شایستەتر پێشكەش بكەن و پارێزگاری لەو مێژووە سەنگین و پڕ سەروەرییەی پێشینان بكەن، دەبێ ئەرك و ئاراستەكانیان چڕتر بكەنەوە

لە هەمان كاتدا نابێ لـــــە ڕووداوەكـــــان دوابكـــەون یـــاخود دابـــبڕێن، جیـــاوازی نێـــــــــوان دەستپێشـخەری و پەلـەكردن ئەوەیـە: دەستپێشـخەری قۆسـتنەوەی هەلەكانـە لـە كـاتی خۆیـدا و لـێ نەگـەڕانێتی تـا كـاتی لەدەستچـوونی، نمونـەی كەســی دەستپێشخەر وەك ئەو كەسە وایە میوەی پێگەییشتوو لە كاتی خۆیدا دەچنێت بە بـێ پێشـكەوتن و دواكـەوتن، نمونـەی پەلـەكاریش وەكـو كەسـێك وایـە پـێش پێگەییشـتن میوەكـان لـێ دەكاتـەوە، سـەرەنجام بەرهەمەكـە زایـە دەكـات و لـە پەشـیمانی زیـاتری بـۆ نامێنێتـەوە، چـونكە شـتەكان لـە شـوێنی خـۆی دانانێـت، پەلەكردن لە شەیتانەوەیە و چەندین زیان و شەڕیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

وە دەبێ ئاگاداری ئەوەیش بین قسە كردن لە هەموو پرس و باسێك بۆ زانایان گونجاو نییە و لێرەدا تەنها ئەو بوارەمان مەبەستە كە پەیوەستە بە بواری ئەوانەوەو لە بازنەی شەریعەت و چاكەخوازیدا دەسوڕێتەوە.

٤- دوركەوتنەوە لە ناو و شۆرەت و خۆ بردنە پێشەوە لە پیناو پۆست و مادەدا، مەخابن ژمارەیەك لە زانایان ئەركە پیرۆزو ئەمانەتە گەورەكەی سەرشانیان فەرامۆش كردووە و نیازپاكی و دڵسۆزییان وەلا ناوەو ئامانجی دیكەیان هەیەو لە خەمی دەستەبەر كردنی پلەو پۆست و شۆرەت و خۆ بردنە پێشەوەدان، ئەمەش گرفتێكی ئێجگار گەورەیە. زانایانی ئیسلام دەبێ بەوپەڕی ئیخلاص و نیازپاكی و دەورن خاوێنیەوە كار بكەن و جگە لە ڕەزامەندی خودا و گەیاندنی شەریعەت

نیازمەندی هیچی دیکە نەبن. کە لەمبارەیەوە چەندین فەرمودەی هەڕەشە ئامێز هاتووە.

٥- ڕێگەگرتن لە هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی ئەرك و پیشەی مەلایەتیدان و خۆیان بەم ڕێکخراوەدا هەڵواسیوەو خۆیان تێخزاندووە، وە پێداچوونەوە بە لیستی ئەندامان و هەڵسەنگاندنی ئاست و ئەرك و پیشە و تەنانەت کەسایەتیشیان.

دەبێ (یەکێتی زانایان)و (وەزارەتی ئەوقاف) ڕێگربن لەوەی هەرکەس بیەوێ بەرگی مەلایەتی بپۆشێت‌و پێگەو پایەی زانایان بۆ خۆی قۆرخ بکات و بۆ ئامانجی دیکەی بەکار بهێنێت. وەکچۆن نابێت کەسانی ئاسایی بەرگی پۆلیسی یان دادوەری یان هەر پیشەیەکی دیکە بپۆشن، زانایانیش هەروەها. ئەمەش لە پێناو پاراستنی پایەو پێگەی ئایین‌و دواتریش ڕێکخراوەکە، هەروەها بۆ سەلامەتی ڕەوتی ئاییندارى لە بیر و باوەڕی ناڕاست و نامۆ و چەواشەکار.

وە لە بری ئەو جۆرە کەسانە خەڵکانێکی دیکەی شیاو بهێننە پێشەوە کە ڕەنگە بەو بیانووەوە تاکو ئێستا نەبوبنە ئەندام یاخود کاری ڕێکخراوەییان هەڵپەسارد بێت.

٦- کردنەوەی خول‌و کۆرسی چڕو پڕی زانستی‌و وشیاری و ڕۆشنبیری بۆ پەرەپێدان‌و بەرزکردنەوەی ئاستی زانایان. پێویستە (یەکێتی زانایان)و (وەزارەتی ئەوقاف)و ناوەندو ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان‌و پەیمانگاکانی گەشەپێدانی مرۆیی لە خەمی توێژی زانایاندابن و خولی جۆراوجۆریان بۆ بکەنەوە و، بەشداریکردنی چەندین کۆرسیش بۆ بە ئەندام بوون لە ڕێکخراوەکە بە مەرج بگرن، بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە ڕێکخراوێکی بابەتی و جۆری و پیشەیی بێت و کەسانی دەستەبژێرو نمونەیی لەخۆبگرێت‌و داواجاریش وتەبێژ بە ناوی ئایینەوە کەسانێکی پێگەیشتوو و شایستەو بەتوانابن‌و مەرجە تایبەتیەکانیان تێدا هاتبێتەجێ.

٧. (یەکێتی زانایان) بە سەربەخۆیی یاخود بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و کۆلێژ و ڕێکخراوەکانی دیکە ساڵانە کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی تایبەت بە بابەتە

هاوچەرخەکان ساز بکات و پرسە هەنوکەییەکان تاوتوێ بکات.

٨- ڕێکخستنی گەشتی زانستی بۆ وڵاتانی دەرەوە، بۆ ئەوەی زانایان بە چاوی خۆیان پێشکەوتن و نەریتە جیاوازەکانی دونیا ببینن و ئاسۆی بیرکردنەوە و دونیابینی و تێڕوانینیان فروانتر ببێت، لە هەمان کاتدا خۆ بەتاڵکردنەوە و دەرون گوشادییەکیشە بۆیان؛ چونکە ئەوان بەردەوام سەرگەرمی ئەرکی مزگەوت و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانن. وە گەر بکرێت لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیەوە ساڵانە ژمارەیەك کورسی خوێندن لە زانکۆکانی دەرەوە دابین بکات بۆ ئەندامانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا.

٩- پیشەیی بوون لە کاردا و سەربەخۆیی لە بڕیاردا، واتە: دەبێ (یەکێتی زانایان) داکۆکی تەواو لە ماف و دەستکەوت و شایستەییەکانی زانایان بکات و خۆی بە خاوەنیان بزانێت، وە پاراستنی پێگە و سەنگ و بوونیان بکاتە کاری لە پێشینە، کە لە ڕاستیدا لەم بوارەدا لە ئاست داواکاری و خواستی زانایاندا نەبووە و نەیتوانیوە وەکو پێویست بە ئەرکی خۆی هەستێت، هەرچەند دەزانین ئاستەنگ و کۆسپەکان زۆرن، بەڵام دواجار دەبێ هەموو هەوڵێك لە پێناو دەستەبەر کردنی مافەکاندا بدرێت و شایستەکانی ئەم توێژە گرنگە لەبەرچاوبگیرێت و بە قەبارەی ئەرکەکانیان مافەکانیشیان دەستەبەر بکرێت.

١٠- گرنگی و ڕۆڵدانی زیاتر بە (ئەنجومەنی باڵای فەتوا) کە بە بۆچونی بەندە ئەم ئەنجومەنە بڕبڕەی پشتی ڕێکخراوەکە و پێکهێنەرێکی سەرەکییە و، پێویستە دەستی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکە واڵا بکرێت و بەوپەڕی ئازادییەوە قسەی خۆیان هەبێت و پەیامیان ڕاشکاوانە بگەیەنن. وە پێویستە تەواوی ئەنجومەنەکە لە هەر دەستێوەردان و سەپاندنێك پارێزراوبن و تەنهاو تەنها لەسەر بنەمای شایستەیی و تواناو زانست و پسپۆڕی ئەندامەکانی دیاری بکرێن نەك لەسەر بنەمای پشکپشکێنە و دابەشکاری حزبی، وە نابێت خودی ڕێکخراو و ئەنجومەنەکەش هەر جۆرە سەپاندنێك قبوڵ بکەن و ڕێگە خۆشبکەن بەکاربهێنرێن

بۆ مەرامی تایبەت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە (یەکێتی زانایان) کار بۆ بە فەرمی ناساندنی ئەنجومەنەکە بکات و وەك مەرجەعێکی بڕواپێکراوی سەرتاسەری بیناسێنێت و گشت لایەك پێوەی پابەندبن. ئەوەش مایەی دڵخۆشییە لەم خولەی ئێستادا (ئەنجومەنی باڵای فەتوا) چەند هەنگاوێکی باشی بڕیوە و جۆرێتی و بابەتی بوونی پێوە دیارە، بەڵام چاوەڕوانی و هیواکان زیاتر و زۆرترن.

١١- کاراتر کردنی بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکەو دووبارە خستنەوەگەڕی گۆڤار و بلاوکراوەکانی کە زمانحاڵی ڕێکخراوەکەن، بەڵام بە شێوازو چۆنێتی و ئاستێکی بەرزی زانستی و کوالێتییەکی شایستە، کە وەڵامگۆی خواستی هەموو لایەك بێت. هەروەها ڕێکخستن و ڕیزبەندکردنی بڵاوکراوەکان بە دانانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە پێشکەش کراوەکان و شایستەبوونیان بۆ لە چاپدان.

١٢- دەبێ (یەکێتی زانایان) بەرگری لە ناسنامە و باوەڕی تاك و کۆمەڵی کوردی بکاتو داکۆکیکاری مافو بەها باڵاکان بێت، وە لە چوارچێوەی میتۆدو ئامانجەکانیدا کار بکات و حکومەت بخاتە ژێرباری ڕێزگرتن لە بەها و بنەماکانی ئیسلامو مسوڵمانانو پاراستنی پێگە و سەروەری و تایبەتمەندی زانایان و چالاك کردنی ڕۆڵی ئایین لە ژیانی کۆمەڵگەدا.

کە لەم ڕووەوە ڕاشکاوانە دەڵێین: حکومەت بە ڕادەیەکی زۆر خەمسارد بووە لە بوون و بەرجەستەکردنی زانایان و پێدانی ڕۆڵی ڕاستەقینە پێیان، بێگومان ئەم خەمساردییەش نەك تەنها زیانە لە خودی زانایان، بەڵکو بێ بایەخ تەماشاکردنی ویستی گەلی کوردە کە لەوەتەی هەیە ئایین و زانایانی ئایینی وەك هێما و مەرجەع داناوە. لە هەمان کاتدا ئەم بێ باکی و بێ مەنت بوونە لە زانایان بە زیانی خودی حکومەتیش دەشکێتەوە، چونکە زانایانی ئایینی هەمیشە مایەی بارسوکی و کەم ئەرکی بوون بۆ حکومەت، ئەوە زانایانن لە کاتی تەنگژە و ناهەمواریەکاندا جڵەوی کۆمەڵگە دەگرن و جەخت لە هێمنی و سەقامگیری دەکەنەوە و لە هەر دۆخێکی نەخوازراو دووری دەخەنەوە.

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی بڵێین: هەرێمی کوردستان –بە تەواوی جومگە جیاوازەکان و سەرجەم پارتە سیاسییەکانیەوە- قەرزداری دڵسۆزیو خەباتی پڕ خۆنەویستی زانایانی ئایینیو مزگەوتەکانن، کە وەك پێویست ئاووڕیان لێ نەداونەتەوە و بونیان نادیدە گرتووە.

خۆ ئەگەر بێت و زانایانو کەسایەتییە ئایینییەکانو بەرهەمەکانیان لە مێژووی کوردی دابڕنین بێگومان شتێکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نامێنێت شایەنی باس بێت، کەواتە هەر هەوڵێك بۆ کاڵ کردنەوەی ئەم توێژە و شوێنەواریان یەکسانە بە سڕینەوەی شارستانییەتو مێژوو و خەباتی مێژینەی کورد، کە ئەمەش ستەم و ناهەقییەکی گەورەیە.

داخی زیاتریش ئەوەیە کەسانێکی بێ ئاگا لە مێژووی ڕەسەنی کوردی و خەباتی پەسەندی زاناو مەلاو شێخو سەیدا، دەیانەوێت ئەم ڕاستییە سەلمێنراوانە بشارنەوەو بشێوێنن، بەڵکو هەندێك جاریش بە لەمپەری بەردەم پێشکەوتنو گەشەکردنیان دادەنێن، کە ئەمەش بێ منەتیو بێ وەفاییەکی ئاشکرایە.

لەکۆتاییدا هیوادارم ڕێکخراوەکەمان ببێتە داینەمۆی گشت هیواو خواستەکانمانو، پێگەو پایەی ئایینو زانایانی ئایینی لەسەرجەم کایەکاندا بگێڕێتەوە سەر ڕێچکە ڕاستەقینەکەی خۆی.



وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه أجمعين، والحمد لله بدوا وختاما.

# لە یادی پەنجا ساڵەییدا
# یەکێتی زانایان بەرەو تۆمارکردنی سەروەری تر

**مەلا عبدالله دەروەکۆتری**

بەرپرسی لقی رانیەی یەکێتی زانایان



یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی کە پەنجا ساڵ لەمەو پێش و لە ڕۆژی ٢١ی٩ی١٩٧٠ بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی مەرحومی مەلا مستەفا بارزانی دامەزراوەو، لەگەڵ گەل و لە پێناو خاك و نیشتیماندا هەورازو نشێوی زۆری بڕیوەو ئەمساڵ یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی دەکاتەوە، بۆیە وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم زانایان و لە هەموو خەڵکی کوردستان، پێشنیار دەکەم یەکێتی زانایان هەوڵی کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی بدات و ئەو بۆشاییە گەورەیەی هەرێم و کوردستانی گەورە پڕ بکاتەوەو کاری جدی بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیەی پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆی و، بیکاتە ئامانجێکی دیارو دیاریکراو و هەموو تواناکانی بۆ بخاتە گەڕ. چونکە:

١- هەرێمی کوردستان لەو ڕێگەیەوە دەبێتە مەڵبەندی هەموو کوردستانی گەورە، و خەڵکی هەموو بەشەکانی تری کوردستان بۆ خوێندنی ئیسلامی لەجیاتی ئەوەی ڕووبکەنە ولاتانی تر، دێن بۆ هەرێم، ئەمەش جگە لەوەی پێگەی هەرێم بەهێز دەکات، دەبێتە جێی متمانەو خۆشەویستی زۆربەی هەرە زۆری کوردستانیان بەو پێیەی ئەو زۆرینەیە موسوڵمانن.

٢- ئەگەر زانکۆیەکی ئیسلامی بەهێز هەبێت لە هەرێم بە دڵنیاییەوە خەڵکی وڵاتانی تری ئیسلامی لە نەتەوە جیاوازەکان ڕووی تێدەکەن و لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانرێ زۆر بەئاسانی بە کلتورو مێژووی کوردو کوردستانیان ئاشنابکەین،

ئەمەش دواجار پەیداکردنی دۆستو پشتیوانە بۆ کێشەی ڕەوای خەڵکی کوردستان.

٣- ئێستا لە غیابی زانکۆیەکی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانو نەمانی حوجرەو پەیمانگاو کەمی کۆلێژەکانی شەریعە، قوتابی کورد ڕوودەکاتە وڵاتانی تری وەکو تورکیا و وڵاتە عەرەبی و هەندێ لە وڵاتە ئەفریقیەکان بۆ خوێندنی ئیسلامی و بەدەست هێنانی بڕوانامە، ئەمەش جگە لەوەی کە عەقڵیەتی پاشکۆیەتی دینی لە زیهنی قوتابی کورددا دەچەسپێنێ، لەوانەیە ئەو پەروەردەیەی وەری دەگرێ ئەوە نەبێ کە لەناوخۆی هەرێم مەبەستمانە، ئەمەش دواجار کاریگەری لەسەر ئەمنی فیکری و ڕۆشنبیری تاکی کورد دەبێ، کە بەشێکی گرنگن لە ئاسایشی نەتەوەیی.

زانایانی کورد لەمێژوودا لای هەموو گەلانی ئیسلامی جێگەی ڕێزو قبوڵ بوون و لە هەر شوێنێك بووبن پێشەنگ و پێشەواو مەرجەعی نەك هەر خەڵك و جەماوەر بوون بەڵکو هی زاناو مامۆستاکانیشیان بوون

٤- لە ڕوی داهاتو داراییەوە بە دڵنیاییەوە مەدلولی ئیجابی دەبێت بۆ هەرێم، چونکە ساڵانە پارەیەکی زۆر دەڕواتە دەرەوەی هەرێم لە ڕێگەی ئەو قوتابیانەی بەناچاری و لەبەر نەبونی وەهازانکۆیەك ڕوو لەدەرەوەی هەرێم دەکەن.

٥- زانایانی کورد لەمێژوودا لای هەموو گەلانی ئیسلامی جێگەی ڕێزو قبوڵ بوون و لە هەر شوێنێك بووبن پێشەنگ و پێشەواو مەرجەعی نەك هەر خەڵك و جەماوەر بوون بەڵکو هی زاناو مامۆستاکانیشیان بوون، لە عێراق و لە حیجازو لە ئەستەنبوڵ و لەمیسر و شوێنەکانی تریش، نزیکترین نمونەشمان مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی ئێراقە هەر لە زەهاویەکانەوە هەتا مەرحومی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕڕیس کە بەردەوام موفتی هەموو ئێراق هەر کورد بووە، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا ئەو متمانەیە بێباکانە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لاوازی دەچێتو

خەریکە وای لێبێت کە نەک نەتەوەکانی تر بە ئیمام و پێشەوای خۆیانمان بزانن، بەڵکو لەناوخۆشمان بۆ زۆر فەتوا چاومان لەملاولا بێت، ئەمەش سوتاندنی خەرمانی سەروەریەکانمانە بەدەستی خۆمان کە دوژمانمان ئەمەیان دەوێ.

٦- ئەگەر کەسانێك کە باگگراوەندی فیکری و بیروباوەڕیان جیاوازە لەگەڵ بیروباوەڕی زۆرینەی میللەتەکەیان پێیان وابێت لە ڕێگەی ڕێگری لەکردنەوەی وەهازانکۆیەك، یان لاوازکردن و کەمکردنەوەی کۆلیژەکانی شەریعە دەتوانن ڕێگە لەخەڵك‌و لەگەنج بگرن کە ڕووبکەنە دین‌و خوێندنی ئیسلامی، ئەوە بیرکردنەوەیەکی ناواقیعی‌و هەڵەو نالۆژیکیە، بەتایبەت لەم سەردەمی تەکنەلۆجیاو تۆڕەکانی پەیوەندی، کەلەم سەری دونیا دەتوانی چات و پەیوەندی لەگەڵ ئەوسەری بکەی و کێت مەبەست بێت بیکەی بەشێخ و پێشەوای خۆت!! ئەمە تەنها خۆ خۆخەڵەتاندنێکە و هیچی تر..



# یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەنێوان خزمەت و ئەرکەکانیدا



نوسینی: صلاح الدین باقر
جێگری بەرپرسی لقی شارەزووری یەکێتی زانایان

زانایان لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا خاوەنی گەورەترین بەشی کۆمەڵایەتین کە ڕاستەو خۆ پەیوەست بوون بە خەڵکییەوە لە هەموو ڕوویەکەوە بە جۆرێك زۆرترینی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە لینك و پەیوەندی ڕاستەو خۆیان هەبووە لەگەڵیاندا ۆ خاوەنی کەسایەتی و ڕێزو پلەی تایبەتی خۆیان بوون بەجۆرێك دەم ڕاست و جێی متمانەو ڕازو نیازی تەواوی خەڵکی بوون بێ جیاوازی هەر بۆیە زانایان لە نێو گەلی کوردا سەرمەشقی هەموو جوانیو دڵسۆزی و بەرخودانێك بوون.

ڕۆڵی زانایان تەنها لە مزگەوتدا نەبووە بەڵکو زانست خوازیو حوجرەکانیان تاکە سەرچاوەی ڕۆشنبیرو زانستیو خوێنەواری بوون کە زۆرێك لە زانایان بە پێنوسەکانیان چەندین زانستی جۆراو جۆریان پێشکەش کردوەو بونەتە ئەستێرەیەکی گەش لە جیهانی زانستی و پێشەنگی ڕەوان بێژی ومورشیدی و ڕێنیشاندەری نێو کۆمەڵگەی خۆیان بوون.

هەر بۆیە زانایان لەنێو تێکڕای چینو توێژە جیاوازەکاندا تۆکمەترینو گونجاوترینو ڕێزدارترین بوون لەگەڵ یەکتریدا بۆیە لە بەرواری ٢١ی٩ی١٩٧٠دا توانیان یەکەم ڕێکخراوی پیشەیی زانایان لەسەر ئاستی کوردستان درووست کەن.

ئه‌م ڕێكخراوه‌ تایبه‌ته‌ به‌رهه‌می تێكۆشانو ماندبوونو له‌خۆ بردوویی زانایانو ماموٚستایانی گه‌وره‌و ڕیش سپییه‌كانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ بوون.

لێره‌وه‌ ده‌مه‌وێت تیشكێكی كورت بخه‌ینه‌ سه‌ر یه‌كێتی زانایان له‌ نێوان خزمه‌تو ئه‌ركه‌كانیدا:

١- ئه‌و ڕێكخراوه‌ ڕێكخراوێكی پیشه‌یی زانایان بووه‌و كۆكه‌ره‌وه‌و له‌خۆگری ته‌واوی زانایانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی خۆیان  بووه‌ به‌جیاوازی تێگه‌یشتن و بیرو ڕای جیاوازیانه‌وه‌.

٢- ڕێكخراوی زانایان مه‌یدانی یه‌كخستنی به‌رگریی وپارێزگاری بووه‌ له‌گه‌لی كوردو خاكی پیرۆزی كوردستان و چه‌ندین زاناو مه‌لا یان خۆیان شۆڕشگێڕ بوون یان پشتیوانی دۆزی ڕه‌وای گه‌ل و كوردستانی خۆیان بوون وچه‌ندین قوربانی و شه‌هیدیشیان هه‌بووه‌ كه‌ گه‌واهی ده‌ری ئه‌و ڕاستییه‌ن.

٣- ڕێكخراوی زانایان ئه‌ڵقه‌ی په‌یوه‌ندی نێوان زانایان خۆیان بووه‌ و له‌و ڕێگه‌یه‌وه‌ توانراوه‌ سوود له‌ یه‌كتری وه‌ربگرن و بیرو ڕاكانیان بگۆڕنه‌وه‌و گه‌ڕگه‌شه‌ی هه‌موو ئه‌و بابه‌ته‌ گرنگانه‌ بكه‌ن كه‌ به‌ پێویست زانراوه‌.

زۆرێك له‌ زانایان به‌ پێنوسه‌كانیان چه‌ندین زانستی جۆراو جۆریان پێشكه‌ش كردووه‌و بونه‌ته‌ ئه‌ستێره‌یه‌كی گه‌ش له‌ جیهانی زانستیو پێشه‌نگی ڕه‌وانبێژیو مورشیدیو ڕێنیشانده‌ری نێو كۆمه‌ڵگه‌ی خۆیان بوون

٤- پشتیوانو هاوكاری شۆڕشی ڕزگاری خوازی گه‌لی كوردستان بووه‌و وه‌ڵامێكی جه‌رگ بڕ بووه‌ بۆ هه‌موو ئه‌وانه‌ی ویستویانه‌ كه‌لێنو جیاوازی له‌ نێوان دۆزی ڕه‌وای گه‌له‌كه‌مانو ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا درووست بكه‌ن.

٥- بۆ ئه‌مڕۆیش یه‌كێتی زانایان له‌ خه‌می زانایان و خزمه‌ت به‌ ماموٚستایانو پێش نوێژو وتاربێژه‌كانی بووه‌ له‌ خزمه‌تی زانایاندا بووه‌ به‌جیاوازی بیرو ڕاو

تێگەیشتنە کانیانەوەو تا ڕادەیەك بەرگری لە ماف‌و خواستەکانیانی کردووەو پشتیوانی دۆزو داخوازییەکانیانی کردەوە.

٦- لە ساڵ ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەو ڕێکخراوە دا بەپێویستی دەزانم یەکێتی زانایان کار لەسەر ئەم تەوەرانە بکات:

یەکەم: ئاوڕی جددی تر بداتەوە لەزانایان‌و لە خەمی گەشەپێدانی زانستی‌و ڕۆشنبیری زانیاندا بێت.

دووە: کار لەسەر دابین کردنی ژیانی شایستە بکاتەوە بۆ زانایان و خەمی بژێوی و ژیان و نشتە جێ بوونیان بخوات.

سێیەم: ڕێگەنەدات ئاڕاستە سیاسیەکان و بیرو ڕا جیاوازەکانیان درزو ناکۆکی لە نێوان زانایاندا دروست بکات‌و جیاوازی بیروڕا کار نەکاتە سەر پەرتەوازی هەڵویستەکان.

چوارەم: نابێت لەم هەلومەرجە ناسك‌و نالەبارەدا زانایان لە غەیری دادوەری تەرەفگیری بۆ هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی دەربڕێت‌و خۆی بەسەر لایەنێکدا ساغ کاتەوە.

پێنجەم. عەدالەت‌و دادگەری بکاتە پێوەر بۆ مامەڵەکردن‌و دەربڕینی هەڵوێستی ڕۆشن‌و ڕاشکاوانە بەرانبەر هەرگەندەڵی و نادادییەك.



# زانایانو نەخشە ڕێی کارو هەنگاوو

مەلا ئاراس ڕواندوزی



شـاراوە نییـە، کـە بـە گـوێرەی بەڵگـە شـەرعی و عەقڵییـەکان، ئەوە سەلمێنراوە، کە زانایـان بژاردەی خـودای پـەروەردگارن، وە بە نایـابترین نیعمـەت، کـە نیعمەتی زانستە، بەرزێتی پلەو پایەکەیانی لە سەر ئاستی دینو دونیادا دیاریکردووە، دیارە مەبەست لە زانسـت، زانسـتی قورئان و فەرموودەیـە، وە ئەوەشی هـەڵقوڵاو یـان پەیوەندیـدار بـە ڕاڤـەکاری ئـەو دوو سەرچاوەیەوەیە، کـە زانایـان پســپۆڕی ڕاســتەقینەی ئــەو بــوار و کایــە هەســتیارەن و، تەندروســتانەترو هۆشـیارانەتر، لێـی تێدەگـەن و، بـە لێهاتووانـەترو ووردبینانـەتر، لـە سـایەیدا پێدەگەن، بۆیە لەو گۆشەنیگایەوە، ناسنامەی ڕاستەقینەی زانایان ئاشکرا دەبێت، وە گـەورەیی پێگەکـەیان لـە نێـو کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی دەردەکـەوێت، هـەر لـەو سۆنگەیەشەوە، ڕادەی بەرپرسیارێتیشیان لە هەموو ڕوویێکی ژیانی مرۆڤایـەتی بـۆ ڕووندەبێتـەوە، کـە پێویسـتە، بـە تێگەیشـتن لـە ڕەهەنـدە دوورمـەوداکانی ئـەو بەرپرسیارێتییەوە، مامەڵەو مومارەسـەی ئەرك و ئامانجەکانییان، تـەواو یـەکانگیر بێت لە گەڵ ئەو ئاراستەکردنانەی، کە لەو دوو سەرچاوە سەرەکییەوە وێنا کراون، بەڵکـە لـەوەش پێویسـتترو گـرینگتر، دەبێـت زانایـان ئـەوە بـزانن، کـە ڕاسـتە ئەولەوییـەتی ئـەوان ووردبوونـەوەو قووڵبوونەوەیـە لـە چـەمك و دەلالـەتی لایەنـە ئایینیەکە و بەرجەستەکردنو پێشکەشکردنی لە جوانترین بەرگ وشاکارەکاندا، لـێ گـرینگتر لـەوەش، شـیاوترو گونجـاوترە، کـە لـە لایـەنی دونیاییشـەوە، بـۆ ئاسـانکاری لـە ڕاپەڕانـدنو ڕاییکردنـی کاروبارەکـانی خـەڵك و موسـڵمانان، کـە

پەیوەست بن بە شوێنگەکەیان، گورجوگۆڵتر ببینرێن، بەوەی درك بەوە بکەن، کە داڕشتنی نەخشەڕێی ژیان، لە سەر بنچینەیەکی بەهێزو تۆکمە، لەو ئاراستە ستراتیژییانەیە، کە دەبێت زانایان بە دیقەتەوە بۆی بچن، وە لە هەنگاونانیان لە سەر ڕێی بانگەوازی و بانگەشەی ئیسلاحخوازانە، لە ڕووبەرە سروشتییەکەی کاری ئایینی تێپەڕ بن و، بە شێوەیەکی ئەکتیڤتر و چڕوپڕتر، لە هەموو گۆشە و ئاراستەکانی ژیانی موسڵمانان دەربکەون، ئا ئەمەیە بەشێکی بنەڕەتی لە کرۆکی کارنامەی زانایان، کە کارایی و کارامەیی ئەوان دەربخات، بە تەرزێك، کە ڕۆڵگێڕانی گشتگیرانەتریان لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا بۆ دەستەبەر بکات و، بەرچاوترو کاریگەرترو سوودبەخشتر، نوێنەرایەتی هەموو تاکێکی موسڵمان بکەن.

بە سەرنجدانێکی ووردتر بۆ ئەو ڕاستییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، هەست بە هەقیقەتی ئەوە دەکەین، کە گرانایێکی زۆر لەوە گەورەتر دەکەوێتە سەرشانی زانایان، بە بەراورد لە گەڵ ئەو پلەبەرزیی و پێگە گەورەیەی هەیانە، کە ئەو گرانایییەش لەو وەختانەدا دەزانرێت، کە زانایان بیانەوێت پراکتیکییانە ئەرکەکانیان ڕووەو بەدیهێنانی ئامانجەکانییان ڕاپەڕێنن، بەوەی زانایان بەرپرسیارێتی بەرپاکردنی پرۆسەی ڕیفۆرمێکی گشتگیریان لە ئەستۆدایە، کە شێلگیرانە تێبکۆشن لە پێناو چەسپاندنی سەقامگیریی هەمەلایەنە لە ژیانی مرۆڤایەتییدا، وەکو دیاریشە، بەدیهێنانی ئەو خواستە ستراتیژییە، کە داهاتووی پڕشنگداری هەموو تاکێکی کۆمەڵگای لە سەر دەوەستێت، پێویستی بە بەهێزیی ئامادەگی توێژی زانایانە لە گۆڕەپانەکە و، دەخوازێت ڕۆڵگێڕانی ئەوان لە هاوسەنگکردنی هاوکێشە هەمەلایەنەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکان و موسڵمانان، ڕۆڵگێرانێکی پێشڕەوانە بێت، بەوەی بیسەلمێنن، کە لە هەموو هەلومەرجەکاندا، چەشنی ڕابەردووی درەوشاوەیان، ڕێبەری ڕاستەقینەی ڕابوونەکانن، کە نەخشەڕێی ڕیفۆرمی ڕاستەقینە لە زەمینی واقیعدا بەدیبێنن،

بۆیە هەستیاری بەرپرسیاریەتەکەیان دەچێتە قۆناغێکی سەختتر، کە هەرگیز ئەوە ڕێپێدراو نییە، کە سازش لە سەر ڕێبەرێتیکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکەن، بەڵکو دەبێت درێژەپێدەری ڕەوتەکە بن و، بە گیرسانەوە لە لووتکە، تۆمارێکی درەوشاوەتر بنووسنەوە و، دیرۆکی ئێستایان بکەن بە خاڵێکی زێڕین بۆ ئەوانەی لە داهاتوو، لە نوێوە، مەشخەڵی نەخشەڕێی ژیان هەڵدەگرن.

بەبۆنەی ئەوەی لەو ماوەیەدا، ڕۆژژمێری مێژووی میللەتەکەمان، سەربووردەی ساتەوەختی هاتنەکایەی یەکێتی زانایان و تێپەڕ بوونی نیو سەدە بەسەر تەمەنیەوە دەگێڕێتەوە، بە گرینگی دەزانم، بە چەند سەرەقەڵەمێك، کۆمەڵە پێشنیارێکی پێویست بخەمە بەردیدەی زانایانی ئایینی کوردستان، بەو ئومێدەی ببێتە هاندەرێك بۆ هەمووان، بۆ ئەوەی بتوانن نەخشەڕێی ژیان، کە داهاتووی ڕووناکی خۆیان و موسڵمانان و تێکڕای خەڵکەکەی لە سەر دەوەستێت، بە سەرکەوتوویی و سەربەرزییەوە دابڕێژن و درێژەپێبدەن.

١_ هەوڵبدرێت بایەخدان و برەودان بە ڕاوێژو ڕاگۆڕینەوەو ڕێزگرتن لە یەکتری، بکرێتە بنچینەو ئەولەوییەت لە مامەڵەو پەیوەندی و کاروچالاکی زانایان، چونکە ئەمانە، بە بنەبڕکردنی هەموو دووبەرەکی و ناکۆکی و ناحاڵیبوونێك لە یەکتر تەواو دەبێت، بە تەئکید هەر هەنگاوو کارێکیش، ئەو دەستکەوتە مەزنەی بەدواوە بێت، پێویستە لە لایەن سەرجەم زانایانەوە، پەنای بۆ ببردرێت و، بکرێتە ئامرازی سازاندنی زەمینەسازییەکی بەهێز، بۆ زامنکردنی ڕۆحییەتی تەبایی و، تۆخکردنەوەی یەکدەستیی و یەکڕیزیی و یەکدەنگیی و، تەکاندان بە پێشکەوتن و پێشەنگێتی زانایان.

٢_ زانایانی کوردستان خاوەنی بوێرییەکی بەرزی زانستی بن، بەوەی لە کایە زانستییە جۆربەجۆرەکاندا، ئامادەگی بەهێزیان هەبێت و، لەو گۆشەگیرییە بترازێن، کە سنووری دابڕان لە نێوان ئەوان و پێشهات و پێشکەوتنە زانستییەکان بکێشێت، ئەمەش بۆ ئەوەی، کە پێگەی بەهێزی زانایانی

کوردستان، لە ڕووی زانستییەوە، ڕوو لە بەرفراوانبوونی زیاتر بێت و، لە پرسە زانستییەکاندا، چەشنی ڕابردووی زێڕینیان، پێشەنگ بگرن، هەمدیس، لاوازی لە ئاستی زانستییاندا ڕەنگنەداتەوە، کە ببێتە هۆی کاڵبوونەی ناو و ناوبانگی زانستییان، بێگومان بەدیهێنانی ئەو خواستەش، لە سەر گرنگیدانی زیاتر دەوەستێت بە تەدریس و دیراسات و خۆخەریکردن بە خوێندنەوە و نووسین.

٣_ هەمیشە زانایان دەستپێشخەر بن بۆ هەر پرۆژە و بیرۆکە و ئامانجێکی ستراتیژی و چارەنووسساز، کە ببێتە مایەی خێرو خۆشی و کرانەوەی ئاسۆ ڕووناکەکان بۆ موسڵمانان و میللەتەکەمان، هاوکات، زانایان ببنە فاکتەرو دۆزەرەوەی کلیلی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و کۆتاییهێنان بەو کێشەو گیروگرفتانەی، کە هەڕەشە لە تەبایی و پێکەوبوون و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان لایەن و پێکهاتە و ئاراستە جیاوازەکانی قەوارەکەمان بکات.

٤_ لە سەر ئاستی پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانیشدا، زانایان ببنە بنیاتنەری پردی پەیوەندی لە گەڵ هەموو هێز و لایەنەکان و، هەوڵبدەن لەو سۆنگەیەوە، داهاتووی پڕشنگداری چاوەڕوانکراو بۆ گەلەکەمان نزیکتر بکەنەوە، لە تەك ئەوەشدا، بەرپرسیارانە مامەڵە لە گەڵ پێشهاتە پەیوەندیدارەکان بکەن و، بە پراکتیکیانە، مکوڕبوونی خۆیان لە سەر بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دوویات بکەنەوە.

٥_ زانایان سوودوەربگرن لە داهێنانەکانی سەردەم، بەوەی لە ڕێی کەناڵە پێشکەوتووە ئەلیکترۆنییەکانەوە، داخوازیی ئەوە پێشکەشی تاکەکانی گەلی کورد بکەن، کە بە یەکڕیزیی و یەکدەنگییەوە، داکۆکیکاری نەریتە جوانەکانی کوردەواری و پارێزگاریکاری سەروەرییەکانی خاك و نەتەوە و نیشتیمان بن، بەم هەنگاونانەش، زانایان دەبنە زامنی پاراستنی ئینتیمای ئاییني و دابونەریت و دەستکەوتە نەتەوەییەکان.

٦_ لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتییدا، زانایان هەوێنی هێمنی و بەرقەرابوونی ئاشتی و تەبایی و سەقامگیریی بن ، چونکە ڕۆڵ و پێگەی زانایان لە ناو کۆمەڵگەدا زۆر بەهێزە، تەنانەت هیچ چین و توێژێکی تر، هێندەی زانایانی ئایینی خاوەن کاریگەری نین لە ناو خەڵکدا، بۆیە زۆر زەرووره، ئەو پشتیوانییە جەماوەرییەی زانایان، کە لە ناو کۆمەڵگەدا هەیانە، بیخەنە خزمەت دروستکردنی هەماهەنگیی و هاودەنگی و هاوچارەنووسی لە نێوان تاکەکانییداو، لەو گۆشەنیگایەشەوە، ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە سوودوەرگرتن لە پشتیوانی جەماوەر بخوڵقێنن، نەوەك خوانەخواستە، بیکەنە هۆکارو ڕێگەیەك بۆ خولقاندنی تەفرەقەی کۆمەڵایەتی.





# گرنگی کۆبونەوەی زانایان لە ڕێکخراوێکی پیشەییدا..

علی محمد هێرۆیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان



دروستبوونی ڕێکخراوەکانی زانایان‌و ڕێکخراوە بانگخوازی‌و مەزهەبیەکان لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی و کیشوەرو جیهانیش تازەیەو مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە، بەڵکو زۆرینەی ڕەهایان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی ڕابردوو، بە تایبەت کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو و بەشێکی کەمیشیان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست و یەك، وەك دەستەی زانایانی موسڵمانی عێراق لە ٢٠٠٣ز ی و یەکیەتی زانایانی موسڵمانی جیهانی لە ٢٠٠٤ز...هتد، دواکەوتنی دەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوانەش بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: پێش سەدەی بیستەم زۆرینەی زانایان لە چوارچێوەی خیلافەتی عوسمانی‌و پێشتریش لە چوارچێوەی خیلافەتەکانی دیکەی ئیسلامیدا بوون و دەوری باڵایان هەبووە لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی‌و ڕۆڵ و پێگەیان پارێزراو بووە، زۆرجاریش خودی خەلیفەو ئەمیرو سەرکردەی موسڵمانانیش یەکێك بووە لە زانایانی ئاینی، بەم پێیەش زانایان نەوەك مافەکانیان پێشێل نەکراوە، بەڵکو خۆیان بەخشەری مافەکان بوون بۆ چین‌و توێژەکانی دیکەش، بۆیە پێویست نەبووە ڕێکخراوێك دروست بکرێت بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی زانایان.

دووەم: دروستبونی زۆرینەی ڕێکخراوە پیشەییەکانی دیکەش هەر دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی بیستو بیستو یەك، بۆ نمونە: ڕێکخراوەکانی کاری نێودەوڵەتیو تەندروستکارانو مامۆستایانو ئافرەتانو بازرگانانو پیشەوەرانو...هتد سەرچەمیان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی بیستەم، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم سەدەیەدا هەردوو خیلافەتی عوسمانیو قەیصەری هەڵوەشانەوەو دەوڵەتی قەومی جێگای گرتنەوەو چەندین وڵاتی تازە لە نێو موسڵمانان لە دایکبوونو شێوازێکی نوێی بەڕێوەبردن و کاری پێکەوەیی هاتە پێشەوە، بەمەش کۆبونەوەی هاوپیشەکانی لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکدا کرد بەپێویستیەکی واقیعی.



جا دوای هاتنە پێشی ئەم هۆکارانەی ڕابردوو و پەیدا بوونی کاری ڕێکخراوەیی لەسەرجەم چینو توێژەکاندا" دروستکردنی ڕێکخراوێك بۆ زانایان بوو بە پێویستیەکی هەنوکەیی، هەر بۆیە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیو کیشوەرەکانو جیهانیش ڕێکخراوی تایبەت بە زانایان دروستکرا، ئەمەش پاڵپشت بە چەندین دەقو بەڵگەی شەرعی، لەمانە:

١- خودای گەورە لەسەر زاری حەزرەتی شوعەیبەوە دەفەرمووێ: ﴿وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ﴾ واتا: ئەگەر گەل و هۆزەکەت نەبوایە ئەوە بەردبارانمان دەکردی. شێخی سەعدی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ: پێویستە موسڵمانان کیانو بەرەیەکی یەکگرتوویان هەبێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بوونی خۆیان بکەنو بەرامبەریش سامو هەیبەتی لێیان هەبێت. ئەمەش بۆ زانایان لە پێشترە.

٢- خودای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە بە یەکدەستی و یەکهەڵوێستی لە پێناوی سەرخستنی دینەکەیدا تێدەکۆشن و دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنيَانٌ مَّرْصُوصٌ﴾. کاری زانایانی ئاینیش هەمان کاری پێغەمبەرانە لە بانگەوازو گەیاندنو شیکردنەوەی پەیامی خودای گەورەدا، بۆیە جۆرێکە لە تێکۆشان و پێویستی بە یەك دەستی و یەکهەڵوێستی هەیە.

٣- دەستگرتن بە پەیامی خوداو یەکڕیزیو جیانەبوون فەرمانی ئیلاهیەو پێویستە پێش هەموو کەس زانایانی ئاینی پێوەی پەیوەست بن، کە دەکرێ ئەم یەکڕزی و جیانەبونەش لە یەکیەتی زانایاندا خۆی بنوێنێ: ﴿وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا﴾.

٤- پێغەمبەری ئازیزمان صلى الله عليه وسلم باوەڕدارانی بە کەرەستەی بینایەك چواندووە کە چۆن بە یەکەوە دەتوانن بینایەك دروست بکەن و یەکتر بەهێز بکەن: (إِنَّ المُؤْمِنَ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا)واتا: بەڕاستی ئیماندار بۆ برای ئیمانداری وەك بیناو دیوارێکی قوڵفەبەند وەهایە هەر بەشێکی بەشەکەی دیکەی بەهێز دەکات.

کۆبونەوەی زانایانیش لە ژێر چەتری ڕێکخراوێکدا هەمان دیواری قوڵفەبەند دروست دەکات.

٥- پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:(يَدُ اللَّهِ مَعَ الجَمَاعَةِ ، وَمَنْ شَذَّ شَذَّ إِلَى النَّارِ) واتا: دەستی قودرەتی خودا لەگەڵ یەکدەستی و کاری بە کۆمەڵ و

هەرەوەزی دایە، هەر کەسێکیش خۆی جیابکاتەوە بە جیاکراوی دەچێتە دۆزەخەوە.

هەموو ئەم دەقانەی ڕابردوو هاندەرن بۆ کاری ڕێکخراوی و پێکەوەیی، بەو مەرجەی ئەم ڕێکخراوەو ئەم کاری پێکەوەییە وەك هۆکارێك سەیر بکرێت بۆ گەیشتن بە چەندین ئامانجی گەورەو پیرۆزو خۆی نەبێت بە ئەنجامو مەبەست، بەڕای من پێویستە دیارترین ئامانجەکانی یەکیەتی زانایان لە قۆناغی ئێستادا ئەم ئامانجانەی خوارەوە بن:

یەکەم: پاراستنی بێ لایەنی خۆیو نەبوون بە موڵکی هیچ کەسو لایەنو حیزبو ڕەوتو مەزهەبێکی دیاری کراو.



دووەم: گەیاندنی پەیامی ئیسلام بەو شێوەیەی بۆ پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم هاتووە بە تێگەیشتنی زانایانی موجتەهیدو دابەزاندنی بۆ ناو واقیعی ژیانو ڕەنگپێدانەوەی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا.

سێهەم: کۆکردنەوەی زانایانی ئاینی لە سەرجەم دەنگ و ڕەنگەکان.

چوارەم: داکۆکی کردن لە ئەندامەکانی بێ گوێدانە ئینتیمای حیزبی و مەزهەبی هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی تەواوی مافە ڕەواکانی زانایان.

پێنجەم: پاسەوانی کردنی زانایانو پەیامو شەریعەتی ئیسلام.

شەشەم: هەرچەندە یەکیەتی زانایان ڕێکخراوێکی پیشەییە، بەڵام بە پێی ئەوەی ئەندامەکانی پێشەوایەتی زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستان دەکەن، بۆیە پێویستە بۆ هەر بارودۆخێکی تایبەت و لە خۆشی و ناخۆشیەکانی میللەتەکەیدا پەیامی خۆی پێبێت و ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێت و لە ئاست گەورەیی خۆیدا بێت.

حەوتەم: کارکردن بۆ پۆلێن کردنی زانایانی ئاینی و جیاکردنەوەی زانای ڕاستەقینە لە مەلای تەصنیعی.

هەشتەم: بە پێی ئەوەی ئەنجومەنی باڵای فتوا بەشێکی سەرەکیە لەم ڕێکخراوە" بۆیە پێویستە لەسەری کار بکات بۆ کۆتایی هێنان بە فرە فتوایی و زۆرجاریش فەوزای فتوا لە کوردستان.

جا هەر کاتێك ئەم ڕێکخراوە بە جدی کاری کرد بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە" ئەوە مەقصەدی شەرعی لە بوونی دێتەجێ و دەبێتە جێگای ڕەزامەندی خوداو زانایانی ئاینی و موسڵمانان بە گشتی و ئەندام بونیش تیایدا دەبێتە پێویستیەکی شەرعی و کارکردنیش تێیدا دەبێتە عیبادەت، پێچەوانەکەشی بە پێچەوانەوە، چونکە: (الوسائل لها حکم الغایات)، ئەگەر ئامانج پیرۆز بێت کاریش بۆی پیرۆزە.

بەڕای من گەیشتن بەم ئامانجانەش پێویستی بەم خاڵانەی خوارەوە هەیە:

یەکەم: کارەکتەرە سەرەکی و هەڵوسوڕێنەرانی ئەم ڕێکخراوەو ئەندامەکانیشی بە گشتی نیەتیان یەکلابکەنەوە بۆ خودای گەورەو جگە لەو زاتە هەوڵی ڕازیکردنی هیچ کەسێکی دیکە نەدەن، وە هەر کەسێك لە هەر ڕەنگێك هەر پلەیەکی وەرگرت لەم ڕێکخراوە ئەوە ڕەنگە حیزبییەکەی لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە جێبهێڵێت و بە بێ لایەنی کار بکات.

دووەم: هەوڵ بدرێ ئەم ڕێکخراوە بکرێتە خاوەنی ئابوریەکی سەربەخۆ.

سێهەم: ڕاگەیاندنەکەی فراوانترو بەهێزترو کاریگەرتر بکرێت.

چوارەم: گرنگی زیاتر بدرێت بە کردنەوەی خول و فێرگە و کارو چالاکیەکان.

پێنجەم: هەوڵبدرێ بۆ کردنەوەی حوجرەو فێرگەی شەرعی سەر بەم ڕێکخراوە لە

سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

شەشەم: هەماهەنگی بکرێ لەگەڵ ڕێکخراو و یەکیەتی زانایانی وڵاتانی دیکەی موسڵمان و ئاڵ و گۆڕ کردنی بیروڕا لەسەر بابەتە هەنوکەییەکان.

حەوتەم: ژیاننامەی زانایانی پێشین هەڵبدرێتەوەو سود وەربگیرێ لە کەلەپورو ئەزمون و بەرهەمەکانیان و ئەم زانایانە بکرێنە پێشەوا.

هەشتەم: هەوڵبدرێ ئەنجومەنی باڵای فتوا بکرێ بە مەڕجەعی فەرمی فتوا لە هەرێمی کوردستان و بۆ هیچ زانایەکی ئاینی نەبێت لێی لابدات.

جا لە نێو سەرجەم ئەم خاڵانەی ڕابردوو بە پێویستی دەزانم هەڵوەستەیەك لەسەر خاڵی کۆتایی بکەم، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندیە هەرە ئیجابیەکانی یەکیەتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بونی ئەنجومەنی باڵای فتوایە وەك بەشێکی سەرەکی لەم ڕێکخراوەدا، کە تیایدا بابەتە هەنوکەیی و سەردەمیەکان بەشێوەی ئیجتیهادی بە کۆمەڵ قسەیان لەسەر دەکرێ‌و بڕیاریان لەسەر دەدرێت، ئیجتیهادی بەکۆمەڵیش دوای نەمانی موجتەهیدانی باوەڕ پێکراوو وەستانی ئیجماعی شەرعی هیواو ئاواتو بانگەوازی چەندین زانای گەورەی وەك إبن عاشوڕو محمد یوسف موسا زانای میصری‌و مصطفى زەڕقائی زانای سوری و جگە لەوانیش بوو، بانگەوازەکەشیان بەروبوومی هەبوو و هیواو ئاواتەکەشیان هاتەجێ و چەندین مەجمەعی فیقهی و لیژنەی باڵای فتواو توێژینەوە لەسەرجەم وڵاتانی ئیسلامی هاتنە مەیدان، لەوانە: (مجمع البحوث الإسلاميه) لە ئەزهەر. قاهرە. ساڵی ١٩٦٩ز و (المجمع الفقه الإسلامي) لە مەککەی پیرۆز ساڵی ١٣٩٣ك و (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء بالمملكة العربية السعودية) کە سەر بە (هيئة كبار العلماء في المملكة العربية السعودية) و لە ساڵی ١٣٩١ك دامەزراوە و (مجمع الفقه الإسلامي الدولي) کە سەر بە ڕێکخراوی (المؤتمر الإسلامي)ە و لە ساڵی ١٤٠٣ك دامەزراوەو جگە لە مانەش: (مجمع الفقه الإسلامي بالهند ١٩٨٨م و مجمع الفقه الإسلامي بالسودان١٤١٩ك ورابطة علماء المغرب وقطاع الإفتاء

والبحوث الشرعية لە الكويت، والمجلس الأوربي للإفتاء والبحوث ١٤١٧ك لە ئیرلنداو مجمع فقهاء الشریعة في أمریکا...هتد)، دوای پەیدابونی ئەم لیژنەو دەستەو ئەنجومەن و مەجمەعانەش زانایان پەسەندیان کردن و فەزڵیاندا بەسەر فتوای تاکە کەسی و ئیجتهادی تاکیدا، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارە:

یەکەم: ئیجتهادی بە کۆمەڵ سەلامەتترەو نزیکترە لە پێکانەوە، هەروەك چۆن کورد گوتەنی عەقڵی دووان لە هی یەکێك باشترە، بێگومان ئەگەر عەقڵ و عیلمی دووان یان زیاتر تیکەڵ بکرێت زۆر باشترە.



دووەم: ئیجتیهادی بە کۆمەڵ تا ڕاددەیەك جێگای ئیجماعی شەرعی گرتۆتەوە.

سێهەم: هۆکارێکی کاریگەرە بۆ یەکخستنو یەکدەنگی موسڵمانان، چونکە چەندە وشەی زانایانو فتواکانیان لێك نزیكو هاودەنگ بێت" ئەوەندە موسڵمانانو شوێنکەوتووەکانیان لێکنزیكو یەکدەنگ دەبن.

چوارەم: چارەسەرێکی باشە بۆ بابەتە هەنوکەیی و سەردەمیەکان.

پێنجەم: بابەتە هەنوکەییەکانی سەردەم زۆربەیان زیاتر لە ڕەهەندێکی زانستیان هەیە، بۆیە پێویستیان بە زیاتر لە تایبەتمەندیەك هەیە، ئەندامانی ئەنجومەنی

باڵاو مەجمەعە فیقهیەکانیش تەواوکارێکی باشی یەکترن بۆ شرۆڤەکردنی سەرجەم ڕەهەندەکان و گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕازیکەر.

لە کۆتاییداو لە یادی پەنجا ساڵەی یەکێتی زانایاندا دوای پیرۆزبایی لە زانایانی ئاینی داواکارم ئەم ڕێکخراوە ببێتە ماڵی دووەم و قەڵایەکی پتەوی زانایان و زیاتر سەربەخۆیی و بێ لایەنی خۆی بپارێزێ و لە جاران چالاکترو بوێرتر بێت و پرۆژەو بەرنامەی بەردەوامی هەبێت هەم بۆ کاری ڕێکخراوەیی و هەمیش بۆ چارەسەری پێشهاتە ئیسلامی و نەتەوەییەکان و داواش لە زانایان دەکەم پابەندی فتواکانی ئەنجومەنی باڵای فتوا بن و وەك مەرجەعی شەرعی ببینن.





# چۆن یادی پە نجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان بکەینە خاڵی وەرچەرخان؟

طاهر مەلا سید محمود
بەرپرسی لیژنەی فەتوای لقی شارەزووری یەکێتی زانایان



یەکێتی زانایان لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندیەوە ئامانجی گەورەی هەبووەو کاری جوانو دیارو خزمەتی بەرچاوی کردوە بەئیسلامو بەزانایانو بەمیللەتو نیشتمان.

لە ئەمڕۆدا کە پەنجا ساڵەی تێکۆشانی یەکێتی زانایان یاد دەکەینەوە، ئەو ڕاستیەش لای هەمووان ئاشکرایە کە ئەم ڕێکخراوە لەقۆناغێکی بەهێزو جیاوازی بەرەو پێشچوندایەو ژمارەی ئەندامەکانی زۆر زیاترە لەساڵانی دامەزراندنیو بارودۆخو واقیعی ئاینیو فکری کوردستان زۆر جیاوازە هەر وەك ڕەوشی نەتەوەییو نیشتمانیو ئیقلیمیو نێونەتەوەیش جیاوازە.

لەئەمڕۆدا یەکێتی زانایان ئەرکێکی زۆر گەورەی لەئەستۆیە بۆیە دەبێت بەردەوام بەخۆداچونەوە بکەینو، ڕەخنەی بنیاتنەرانە لەخۆمان بگرین بۆ ئەوەی بتوانین لەئاستی ئەو ئەرکە دابین کە قۆناغەکە دەخوازێت لێمان، وە بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوی گەورەو جوان ودانایانە بنێین بەجۆرێك کە نەوەی خاوەن تەکنۆلۆژیاو سۆشیال میدیاش شانازی بکات بەکارو تێکۆشانو گوتارو بەمێزەرو مەندیلی مەلاو زانای کوردەوە.

بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناغە ئاڵتونیەی ڕێکخراوەکەمان چەند پێشنیارێك لەخزمەتتاندا عەرز دەکەم:



١_ یەکێتی زانایان کاری گەورەو باشی کردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی برایەتی نێوان زانایانو بەیەکتر ئاشناکردنیانو یەکتر ناسینیان لەهەموو شارو ناوچەکانی کوردستان، بەڵام دەبێت ئەوە چەند هێندە بکرێتەوە، چونکە لەئاستی پێویستو چاوەڕوان کراو دانیەو چەندە زیاد بکرێت خاڵی بەهێزو جیاوازو گەورەیی ڕێکخراوەکەیە، هەروەك ئەرکێکی ئاینیو نەتەوەیی و نیشتمانیشە.

٢_ زۆر بەهێزترکردنی پەیوەندی نێوان ئەم ڕێکخراوەو هاوڵاتیان و تاك بەتاکی خێزانو هەموو چینەکانی کۆمەڵگا، بەجۆرێك کە چۆن هەموو خێزانو خانەوادەیەك پزیشك بە هۆکاری چارەسەرو فریاد ڕەسی نەخۆشیەکانی دەزانێت بەو شێوەیەش یەکێتی زانایان بەپێویستی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگاو فریادڕەسی بەختەوەری بزانێت ئەویش بەماندوو بوونی زیاترو خۆشەویستیو ڕاستگۆی زیاترو هۆشیاریو زاناییو دانایی زیاتردەبێت.

٣_ساڵانە بەهۆی مردنو پیربوونو خانەنشینیو نەخۆشی ژمارەی مامۆستایان کەم دەکات وە مزگەوتی زیاتر دروست دەکرێتو کەناڵو دامەزراوەی نویێ دێتە کایەوە کە پێویستی بەمامۆستای زاناو داناو ڕۆشنبیری دونیابینو واقیع بینە،

بۆیە پێویستە گرنگی زۆر بدرێت بەپێگەیاندنی زانای شارەزا لەهەموو بوارە پێویستەکاندا.

٤_ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕی زۆر دڵسۆزانەو خەمخۆرانە لەم ڕێکخراوە بداتەوە، چونکە ئەم ڕێکخراوە فیداکاری زۆری پێشکەشی ئەم حکومەتە کردوە، کە کەمترینیان ئەوەیە ئەم ڕێکخراوە پردی پەیوەندی نێوان حکومەتو میللەتو حکومەتو وڵاتانی ئیسلامی بووە.

٥_ پێویستە هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەتایبەتی موسڵمانانو هەموو ئاینەکانی تریشو هەموو لایەنە سیاسیەکانیش ڕۆڵو پێگەی یەکێتی زانایانو بەتایبەتی لیژنە فەتواکانی بەرز بنرخێنن و دەستی خزمەتیان بۆ درێژبکەن و پشتیوانی سەرکەوتنیان بن، چونکە دەبێت دڵنیابن لەوەی لە نەبوون و دیار نەمانی یەکێتی زانایاندا چ پاشاگەردانیەکانی ئاینی و فەتوای جیاوازو ڕەوشی خوێناویو هەر کەس بۆ خۆی دروست دەبێت، یەکێتی زانایان کەم تا زۆر ڕەوشەکەی ڕاگرتوە، بەڵام هێشتاش لەبەر سەختی پرسەکە تەواو کۆنترۆڵو چارەسەر نەکراوە.



٦_ داوا لە بەرپرسانی یەکێتی زانایان دەکەم بازنەی کارو خزمەتەکانیان فراوانتر بکەن بەجۆرێك کە هیچ زانایەکی ئاینی بیٚ ڕۆڵ نەبێتو گومانەکانی هەمووان بڕەوێننەوە بەجۆرێك ئیتر ئەو قۆناغە تێبپەڕێنین، کە زانایان پەیوەندی خۆیان بەم ڕێکخراوەوە تەنها لەناسنامەیەکدا ببیننەوە.

٧_ داوا لەسەرجەم زانایانی خۆشەویست دەکەم ئیتر هەندێك دوورە پەرێزی بەسەو باش وچاك وەهایە هەمووومان ئەم ڕێکخراوە بەماڵی خۆمان بزانین و هەر ڕەخنەو تێبینیەکیشمان هەیە بڕۆین لەنزیکەوە هەوڵی باشترکرنی بدەین، نەك لەدوورەوەو بێگومانیش کەم وکورتی هەر دەبێت، چونکە هەموان مرۆڤین هەرچەند دووریشبگرین دواجار هەموو کەموو کورتیەکانی ئەم ڕێکخراوە هی هەمووومانەو هەر هەڵەوپەڵەیەك هەبێت خوانەخواستە پرشی بەر هەموومان دەکەوێتو ناتوانین لەو بەرپرسیاریەتیە ڕابکەینو نە مێژوو نە کۆمەڵگاش ڕەحممان پێناکەنو کەسمان جیاناکەنەوە.

هیوادارم هەموو ڕۆژێكو هەموو ساڵیادێك سەرکەوتنی گەورەو نوێبونەوەو پێشکەوتنی بەرچاوی یەکێتی زانایان ببینین.



# یەکێتی زانایانو خۆ نوێکردنەوە



مەلا تەحسین خۆشناو
بەرپرسی لقی شەقلاوەی یەکێتی زانایان

لەساڵ ڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی زانایانو تێپەراندنی ٥٠ ساڵ بەسەر خەباتو کارو چالاکیەکانی، لەناخی دڵمانەوە بەناوی زانایانی لقی شقلاوەی یەکێتی زانایان، پیرۆزباییێکی گەرم، لەخۆمانو سەرجەم زانایانی هەر چوارپارچەی کوردستانو، نەتەوەی کوردی موسوڵمان دەکەین، هیوادارین ئەم ڕێکخراوە ببێتە چەترێکی پرخێرو بەرەکەت، بۆ گشت زانایان، بەبێ جیاوازی بیروڕا، وەزیاتر کار لەسەر گێڕانەوەی تەواوی ڕەوشتو بەها پیرۆزیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکا وەداوا کارین لەپەروەردیگاری مەزن، بەرەکەت بخاتە نێو ئیشو کارەکانمانو دلسۆزیو خەمخۆریو خۆنەویستیمان بەنسیب بکات.

بەپێویستی دەزانم بەم موناسەبەیە، چەند پێشنیارێك بخەمەرو، بۆ زیاتر بەرەوپیشە وەچونی ئەم ڕێکخراوەو جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانمان.

١- بەشێکی هەرە گرینگو کۆلەگەیەکی هەرە بەهێزی ئەم ڕێکخراوە، لێژنەی بالای فەتواو، لێژنەکانیەتی، کەپێویستە بایەخو گرنگیەکی تەواوی پێبدرێ لەلایەن حکومەتو بکرێتە دەزگایەکی فەرمی دەوڵەت لەژێر ناوێکی سەربەخۆ.

٢- هەولبدرێ ناوەندێك بکرێتەوە، لەناو ئەم ڕێکخڕاوە، تایبەت بێ بەلێکۆلینەوە لەبابەتە هەنوکەیەکانی فیقهی، بەهەماهەنگی لەگەڵ مجامیعی فیقهیو لێکۆلینەوەکانی زانستی ولاتانی ئیسلامی، بۆ زیاتر ناساندنی خیبرەو توانای زانایانی کوردو، ئاشنا بوونی زانایانی دەرەوە، بەزانستەکانی زانایانی کوردستان.

٣- زیاتر بایەخدان بەنوسینەوەی مێژوی پر لەسەروەری زانایانی کورد لەروەکانی رامیاری، کۆمەلایەتی، شۆرشگێری، زانستی...

٤- بایەخدان بەمەختوتەو نوسراوە بلاونەکراوەکانی زانایانی کورد، کەبەراستی سەروەتێکی گەورەو گران بەهای نەتەوەی کوردە، بەبێ خێر لێبیینینی.

٥- کارکردن بۆ کۆکردنەوەی زانایانی هەر چوارپارچەی کوردستانو سودوەرگرتن لەبەهرەو زانزستو تواناکانیان....

٦- بایەخ دانی زیاتر بەکۆرو کۆبونەوەو سمینارو خولی زانستیو گرینگی دان بەحوجرە ئەهلیەکان لەسەر مەنهەجو پەیرەوی کۆنی حوجرەکانی کوردستان.

٧- کارکردن لەسەر توندوتۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوو دامەزراوە ئاینیەکانی ولاتان بەتایبەتی رێکخراوی یەکێتی زانایانی عالەمی، کەبەشێکی بەرچاو لەزانانی کورد، کار لەگەل ئەم رێکخراوە دەکەن.

٨- کارێکی جیددیو بەپەلە بکرێ بۆ پۆلینو تەسنیفکردنی زانایان، بەگوێرەی کاروچالاکیو خیبرەی زانستی، وەك پێشنوێژ، وتاربێژ، وانەبێژ، ئامۆژگاری کەر، فەتوادەر..

٩- کارکردن بۆ وەگەرخستنی رۆلی زانایان، لەنێو دامودەزگاکانی حکومەت بەتایبەتی لەهەردو وەزارەتی ئەوقافو وەزارەتی داد، کە بتواندرێ لەمەودوا وەزیری ئەوقافو بەرێوەبەرەکانی ئەوقاف لە قەزاو ناحیەکان، بدرێ بەزانایانو، رۆڵیان پێبدرێ لەوەزارەتی داد.



١٠- کاربکرێ بۆ زیاتر یەکریزی زانایانو فەراهەم کردنی خزمەتگوزای تەواو لەلایەن دەوڵەتەوە.

# کاریگەری یەکێتی زانایان و ئەرکێتی ئێستا



مەلا غالب رسول شریف

سەرەتا بەبۆنەی ساڵیادی دامەزران دنی یەکێتی زانایان جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی یەك بەیەکی ئەندامانی بەڕێزی یەکێتی زانایان دەکەم، هیوادارم ئەم یادە ببێتە وەرچەرخانێکی گەورە لەژیانی یەك بەیەکی زانایانی ئازیزو بەرەو پێشچونی ئاستی زانستی ڕۆشنبیری و فکری و گۆڕانکارییەکی باش لەبەرەو پێش چونی ژیانی تاکەکەسی و زیاد بوونی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگاو کاربەدەستان بەگشتی تا ژیانێکی باش بۆ خەڵکی بەرجەستە ببێت و قیامەتیان ئاوەدان و خۆش گوزەران بکەن .

ئێمە لەکاتێکدا یادی پەنجا ساڵەی یەکێتی زانایان دەکەینەوە کە میللەتەکەمان بە ناڕەحەتی و قەیرانێکی زۆر دا تێپەڕ دەبێت هەر لە دۆخی ئابوری و تەندروستی و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش، بۆیە دەبینین ئەرکی ئێمەی مامۆستایان و ڕێکخراوەکەمان قورسترە و دەبێت زیاتر کار بکەین تا ئەم دۆخە تێپەڕ دەکەین.

هەر چەندە زانایانی پێشینمان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەوە بەبەردەوامی هەوڵیانداوە لەو بوارانەدا کەباسمان کردن و لەبواری عیلم و ئەدەب و ئاشتەوایی و هەموو بوارەکانی تری ژیاندا چاکسازی بکەن و جێگەدەستیان دیار بێت لەئاوەدانکردنەوەی ژین و دینی خەڵکی بەش مەینەتی کوردستاندا وە جێگە دەستیشیان زۆر بەجوانی دیارە بەجۆرێك ئەگەر مێژووی کوردو کوردستان مێژوی زانایانی لێ لابریت شتێکی ئەوتۆی تێدا نامێنێتەوە کە مرۆڤ شانازی پێوە بکات، خوای گەورە جوهدو ماندو بونەکانیان قبوڵ بکات و ئەوانەیان کەوا وەفاتیان کردوە لەبەهەشتی بەریندا حەساوەبن لەخزمەتی پێغەمبەران و

شەهیدان‌و پیاو چاکاندا. ئەوانەیش کە تائێستا لەژیاندان خوای گەورە سەلامەت و پارێزراویان کات لە هەموو نەخۆشی‌و ناخۆشی و دەرد و بەڵایەك .

ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەرکی ئەمڕۆی ڕێکخراوەکەیە، دیارە ڕێکخراوی یەکێتی زانایان بە هەوڵ و تێکۆشانی زانایان بەرەو پێش دەچێت کەواتە ئەرکی زانایان لەئێستادا زۆر قورسترو گرانترە لەئەرکی زانایانی پێشین دەبێت زانایانی ئازیز قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵین‌و شان بدەینە ژێر ئەو بارە قورسەی کە یەخەی گرتوین‌و کار بکەین بەو شیعارە جوانەی پێغەمبەران صەلات‌و سەلامی خوایان لەسەر بێت کەدەفەرمون (وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ) (١٠٩)الشعراء.

بۆیە من پێم وایە زانایان لەهەموو سەردەمێکدا ڕۆڵی گەورەو گرنگیان هەبووە ئێسایش کاریگەریان هەیە ودەکرێت زیاتر بکرێت ئەگەر هیمەتێك بکرێت سەر بەخۆیانە دەتوانرێت گۆڕانکاری باش بکرێت کاریگەریان دەربکەوێت لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

لەکۆتایدا جارێکی تر پیرۆزبایی ئەم یادە لەسەرجەم زانایان دەکەین و داواکارین خوای کەورە هەمولایەك موەفەق کات.



# دامەزراندنی یەکێتی زانایان دەسکەوتێکی شارستانیو نەتەوەییە



مومتاز حەیدەری

بەر لە هەر شتێك پیرۆزبایی ئەو یادە لەسەرجەم زانایان پیرۆز دەکەم، چونکە دامەزراندنی ئەو یەکێتیە دەسکەوتێکی شارستانیو مێژوویيو نەتەوەیی گرنگە، کە ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا، بۆ ئەوەی هەموو زانایانی ئایینی لە کوردستان لەو رێکخراوەدا یەك بخرێن.

مەعلومە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەزانین کە خوێندنو خوێندەواری لە مزگەوتو لەسەر دەستی مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان سەری هەڵداوەو مزگەوت رۆڵێکی گرنگی بینیوە لەو بوارەدا، بۆیەش لەماوەی چوارسەدەی رابردوو دەبینین سەدان کەڵە زانای گەورە لە کوردستان سەریان هەڵداوەو بوونە ئەستێرەیەکی دیار لە ئاسمانی کوردستان.

دامەزراندنی یەکێتی زانایان بۆ ئەو قۆناغو ئێستاش دەورێکی گرنگی هەبووەو کەلێکی گەورەشی لە مەیدانی رێکخستنەوەی ژیانی کوردەواری هەبووە، دیاریشە ئەو رێکخستنەوە کاریگەری زۆری هەیە، چونکە چەندەی رێکخراوەکانی رۆشنبیریو ئایینیو کلتووریو سیاسیو ئابووری رێك بخرێنو بە رێکخستنێکی باشەوە بڕۆن بەرێوە ئەوەندە زیاتر کۆمەڵگە بەرەو پێش دەڕوات.

ئەو یەکێتیە لەسەر دەستی کۆمەڵە زانایەکی ئەوساو لەسەر دەستی مەلا مستەفای بارزانی دروست بوو، کە من ئەوە پەیامنێرێك ئەو کات بەژدار بووم تێیدا، کۆنگرەکە بە بەژداری ژمارەیەکی زۆر لە زانایانو کەسایەتی سیاسیو رۆشنبیری بەرێوەچوو، کە ئەو کات زۆربەی رێکخراوەکان پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی ئەو یەکێتیە کرد، منیش بەناوی بنەماڵەی حەیدەریان بروسکەیەکی پیرۆزبایم نووسی خودی مامۆستا مەلا عەلی بروسکەکەی خوێندەوە.

لەو کاتەوە ئەو یەکێتیە بووە دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتیو پیشەییو کلتووری لەناو

کۆمەڵگەدا، چونکە زانایان هەمیشە پێشەنگ بوونە لەناو خەڵکدا.

ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو ئەو هێمنیە بوو، کە لەناو مامۆستایانی ئایینی هەبوو، کەس نەبوو لە رێی دینەوە کەسێکی تر بریندار بکات، کە ئەمەش وای کردبوو، ئاستی هۆشیاری خەڵك لە رووی دینداریو جۆری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو هەستی خزمەتکردن بە خاكو وڵات لە ئاستێکی بەرز دابێت.

کە من هیوادارم ئەو راستیە زیندوو بێتەوەو یەکێتی زانایان بزانێ کە لەسەر بنەماو پەیامێکی پاكو جوان دروست بوو، پێویستە ئێستا لەسەر هەمان پاکیو جوانی بڕواتو ئەو رۆحیەتە زیاتر زیندوو بکاتەوە.

پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێ مزگەوتەکانمان بۆ هەڵساندنەوەی رۆحی هۆشیاری خەڵك بەکار بێتو، ببنەوە ناوەندێکی گرنگی زانستی بۆ کۆمەڵگە.

یەکێتی زانایان کە دەزگایەکی گەورەی سەرتاسەری کوردستانیە، پێویستە رۆڵ ببینێ لە دروستکردنی چاکسازی کۆمەڵگەو هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بە رۆحی ئیسلامەوە، بە تایبەت لەو قۆناغە ناسکە کە دوژمنان دەیانەوێ بە جۆرەها شێوە جوانیەکانمان لەبەین ببەن.

پێویستە یەکێتی زانایان لەگەڵ ئەو ساڵیادە بەخۆی دابچێتەوەو کار لەسەر پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بکات، کە هەستیان پێ دەکاتو بە گیانێکی راشکاوانەو راستیانە پەیڕەوی ئەو رێبازە بکات، کە لە دێرینەوە تا ئێستا سوودی بۆ کورد تێدا بووە.

جاری وا هەیە بەناوی مەلایەك قسەیەك دەکرێ، کە لە راستیدا لەوانەیە مەلا نەبی وەك




پێویست، دواتر قسەکە بەسەر تەواوی زانایان دەشکێتەوە، ئەوەش هەڵەی گەورە بەدوای خۆی دادێنێت، کە من هیوادارام یەکێتی زانایان کار لەسەر ئەو بابەتەو تێکڕای ئەو هەنگاوانە بکات، کە بە قازانجی میللەتی کورد تەواو دەبێت.

# ساڵیادی یەکێتی زانایان و ئەرکی هەنووکە



**وەیسی سەعید وەیسی**
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

نیو سەدە بەر لەئێستا وەك زەروورەتێکی قۆناغەکە بەبریارو راسپاردەی بارزانی نەمر لەبەرواری (٢١-٩-١٩٧٠) یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هاتە دامەزراندن بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری ئایینی و رێکخستن و کۆکردنەوەی زانایانی ئایینی ئیسلام، بۆیەش تاکو ئێستا یەکێتی زانایان وەك یادگاریەکی سەردەمی شۆرش و دەسپێکی خەباتی نەتەوەیی بەزیندووی ماوەتەوە، چونکە مەرحومی بارزانی زۆر بەگرنگیەوە دەیڕوانیە رۆڵ و پێگەی زانایان، هەمیشە وەك شوورەی پۆلایین بۆ بەرگریکردن لەپیرۆزییە ئایینی و نەتەوەییەکان سەیری دەکردن.

دامەزراندنی رێکخراوێکی ئایینی لە بارودۆخێکی وەك ئەو کات دا گرنگی و بایەخی خۆی هەبوو بۆ سەرپەرشتی کردنی رەوشی ئایینی، کە جگە لەوەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەر بوو بۆ یەکخستن و بەهێزکردنی رۆڵی مامۆستایانی ئایینی لەشۆرش و خەباتی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری دا، لەهەمان کاتیشدا لە قۆناخە جیاجیاکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان رۆڵ و کاریگەریی مێژووی هەبووە لەپارێزگاری کردن لەرەسەنایەتی و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و بەرگریکردن لەخاك و نیشتیمان و میانرەویی و پێکەوەژیان و ئاشتی کۆمەلایەتی بۆیەش هەمیشە کارەکانیان جێگەی دەستخۆشی و ستایش بووینە.

بەتایبەت نابێت هیچ کات رۆلیان لەقۆناغی ئاوارەیی لە یاد بکرێت کە هەموو کات لەسەنگەری خەبات و تێکۆشاندا بوونیان هەبووە و چەکی بەرگریان لەشان کردوە بۆ پاراستنی کوردستان تالەم پێناوەشدا روح و خوێنیان پێشکەش کرد.

وێرای هاندانی پێشمەرگەو قوتابیانو لاوان بۆ بەردەوامیان لەسەنگەری بەرگری كە ئەو كات بەشداری مەلای كورد لە سەنگەرەكاندا لەتەك پێشمەرگەكاندا زیاتر جۆش و خرۆشی دروست دەكرد.

لەقۆناغی شەری داعشو بڵابوونەوەی پەتای تیرۆرو تۆقاندنو توندرەویی توانیان بەئەركی خۆیان هەڵبستنو لەروانگەی ئیسلامەوە راستیەكانیان دەخستە روو بۆ ئەوەی هزرو فەرهەنگی نامۆو توندرەویی تێكەل بەدینداریو خواپەرستی نەكرێت..

لەئانو ساتێكی وەك ئێستاشدا كە یەكێتی زانایان یادی یوبیلی زێرینی دەكاتەوەو نیو سەدە لەتەمەنی دا بەرێكردوە، ئەركو بەرپرسیارەتی مامۆستایانی ئایینیش قورسترە، دەبێ هەوڵ بدەن هەمیشە هەردوو باڵی ئایینپەروەریو نیشتمان پەروەری بەیەكەوە گرێ بدەن، چونكە لەرابردوو زانایانی ئایینی پێشەنگی ئەو بوارە بوونەو هەمیشە شانازیەكی گەورەی نەتەوەییمان زانایانی ئایینین، وە تەكانی زیاتر بدەن بۆ پێگەیاندنی ماMۆستایانی ئایینی بە هەستی پاكی ئایینیو نەتەوەیی وەك بەربەستێك بۆ رێگە گرتن لەو هەوڵانەی، كە دەیانەوێت بە هەر هۆكارێكە گەنجو لاوانی كورد لە هەستی نەتەوەییو نیشتیمانی دوور بخەنەوەو خەڵكی پێ لە خشتە ببەن، چونكە هیچ كات دینداریو خۆشەویستی نیشتیمان لەیەكدی جیا ناكرێنەوە، هەر بۆ پاراستنی ئەو ئامانجە پیرۆزانەیەش یەكێتی زانایان دامەزرا..



## پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین عەبدولحەمید

# زانایانی کورد سەرمەشقی خزمەتی گەورەن بەرامبەر ئیسلام



قسەکردن لەسەر هەڵوێستی زانایانی ئایینی لەبواری خزمەتکردن بە پەیامی ئیسلام‌و گەیاندنی بە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی‌و لەم قۆناغە پڕ لە کێشمە کێشە بەتایبەتی زۆر شت هەڵدەگرێ، تا چەند توانیویانە خۆیان بۆ پێشهاتەکان ئامادە بکەن و لەگەڵ واقع خۆیان بگونجێنن، رۆڵی یەکێتی زانایان وەك دامەزراوەیەکی ئایینی‌و پیشەیی لە کوێدایە؟ پێت وایە چی بکرێ لەم قۆناغە بۆ باشترکردنی کاری پێکەوەیی‌و رێکخراوەیی لەبواری ئایینیدا؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە، کۆمەڵێك پرسیارمان ئاراستەی بەرێز (پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین عەبدولحەمید) شارەزای فکری ئیسلامی‌و ئەندامی دەستەی هەڵسوراندنی یەکێتی زانایانی جیهانی ئیسلامی‌و مامۆستای زانکۆو نووسەرو کەسایەتی‌و بیریاری دیاری کوردستان‌و عیراق کردو، وڵامەکانیان لەم راپۆرتە دەخەینە بەر دیدی ئێوەی بەرێزەوە:

**_ بەرێز دکتۆر محسن دەکرێ بزانین رای بەرێزتان سەبارەت بە رۆڵی زانایان‌و کاریگەریان بەسەر پێشهات‌و دۆخی کۆمەڵگەوە چیەو چۆنە؟**

+ وەك مەعلومە رۆڵی زانایان لە گەیاندنی پەیامی ئیسلام یەکجار گرنگ‌و گەورەیە، بەپێی قۆناغە مێژوویيەکانیش ئەو راستیە سەلماوە، کە زانایان لەرێی شیکردنەوەی بنەماو بەهای ئایینی هەوڵی زۆریان داوەو رەنجی زۆریشیان

کێشاوە، لەو پێناوە بەرهەڵستکاری تێکڕای ئەو بیرو بۆچونە دژو پوچەڵانەشیان کردووە، کە فەیلەسوفە بونگەرایی و لاهوتیەکانی سەر ڕێڕەوە ئایینەکانی تر دایانهێناوە، بۆ بەرەنگاری ئەو هەنگاوەش دەیان کتێبی جۆراوجۆرو زانستیان نوسیوەو بیرە چەپ و ناکۆك و گوماناویەکانیان ڕەت کردۆتەوەو ئایینی ئیسلامیان بە جوانی و ڕێکیەوە شیکردۆتەوەو خەڵکیان لێ بە ئاگا هێناوە.

زانایان تێگەیشتنی خۆیان لەنێوان شۆڕبوونەوە بۆ دین و پێشهاتە دونیاییەکان کۆکردۆتەوە، بە شێوازێك بوونەتە کۆڵەگەی بنەڕەتی لە داهێنان و دروستکردنی شارستانیەتی ئیسلامی هاوسەنگ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ توێژینەوەو دانراوە بە پێزەکانیان لە بواری زانستی ئیسلامی، دەبینین کە کتێبخانەی جیهانی ئیسلامی تەنانەت جیهانی رۆژئاواشیان پڕ کردووەو جۆرێکی باش لە دەڵەمەندیان پێ بەخشیوە، بە کورتیەکەی زانایانی ئایینی هەمیشە بوونەتە ئەستێرەی درەوشاوەی نێو ژیان و پارێزگاریان لە بێگەری ئیسلام و کیان کردووەو بەردەوامیش لەسەر خەت بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر لادان و ترازانێك، کە ڕوو بدات لەلای هەر کەسێکەوە بێت لەناو کۆمەڵگەدا.

**_ ئایا لەم قۆناغە ئاستی ڕۆڵی زانایان لەکوێ دایە؟ توانیویانە لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکاریەکان هەڵبکەن؟ ئەمرۆ و دوێنێ پێکەوە ببەستنەوە؟**

+ ئەو پرسیارە زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام من ئەوە دەڵێم کاتێ بارودۆخی جیهان گۆڕا، پێوەرەکانیش گۆڕانیان بەسەر داهات، بەڵام جیهانی ئیسلامی درەنگ لەوە خەبەری بوویەوە، سەیر بکە ئەو پرۆگرامەی خوێندن لەناو مزگەوتەکان هەر وەکو خۆی مایەوەو گۆڕانی بەسەر نەهات، زۆربەی زانایان تەنها لە چوارچێوەی مزگەوت و بەهەمان شێوازو چەشنی جاران تەدریسیان کرد، بەو هۆیەوە لەناو جیهانی ئیسلامی بۆشایەکی گەورە دروست بوو، نەتوانرا شان بەشانی بارودۆخ و پێشهاتەکان پێشکەوتن بە خوێندنی ئیسلامی بدرێ، ئا لەو حاڵە بۆچوونە ماددیگەراکان هەلیان بۆ خۆیان قۆستەوەو مێشکی گەنج و جیلی تازەیان بەلای



خۆیـــان ڕاکێشــــا، لێرەوە ڕۆڵی زانایان کزیـــەکی لێ ڕوودا، کـــە نـــەیانتوانی نـەوەی تـازە لەسـەر ئاراستیەکی جوانی گشـــــــتگیرانەی ئیســـلام رابێـــنن، ســـەرەنجام ئـەوەش بـوو وای کـرد تەنانـەت موسڵمانانیش بەشێکی ئـایین‌و بـەهاو بنـەما شارسـتانی‌و باڵاکانی پەراوێز بخەن، هەر ئەوەش وای کرد سارد بوون‌و لادانێکی گـەورە سـەری هەڵـــداو پەرەســـەندەکانی ڕۆژئـــاواش جێـــی پێکهاتـــە دینداریەکـــەی گرتـــەوەو کاریگەریەکی زۆری نایەوە.

**_ دکتۆر دەکرێ بزانین ڕۆڵی یەکێتی زانایان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ پێت وایە چی بکەن لەم قۆناغە بۆ باشترکردنی کاری دەستەجەمعی‌و ڕێکخراوەیی لەبواری ئاییندا؟**

+ لەوە دەست پێ دەکەم، من پێم وایە دەکرێ برایانی بەڕێزم لە یەکێتی زانایان بەم چەند خاڵەی خوارەوە هەڵبستن‌و لەکاری خۆیاندا ڕەچاوی بکەن:

یەکەم: ئاراستەکردنی وتاربێژانی مزگەوت بە ڕۆشنبیریەکی تەواو مەعریفەیەکی جوان‌و پێویستەوە، دەبێ ئەوان ئاگایان لەو ململانێ فکری‌و پێشهات‌و گۆڕانکاریانە بێ کە لە دەوروبەریان ڕوودەدات، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێی مینبەرو وتاری هەینیەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، دەبێ ئەوان خەڵکی هاموشۆکاری مزگەوت ڕۆشنبیر بکەن، شارەزایان بکەن، پەیامیان پێ بگەیەنن، بۆ ئەوەی پابەندبوونێکی جوان بەرامبەر دینیان نیشان بدەن‌و نەوەو ڕۆڵەکانیان لەسەر

پەروەردەیەکی دروستو رەسەنی ئیسلامیەوە رابێنن تا بەهای مرۆییو رەوشتی باڵا گەشە بکاو بیانگرێتەوە.

ئەو هەنگاوە پێویستی بە کردنەوەی خولی بەردەوام هەیە، کە خەڵکی پسپۆڕو شارەزا لە زانایانی ئایینیو شەرعزانان ئەو بابەتانە شیبکەنەوە، کە دەبنە هەوێنو پاڵپشتو یارمەتیدەر بۆ وتاربێژان لەمەڕ دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ خزمەتی دینو دینداریو نانەوەی کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە.

دووەم: پێویستە بایەخێکی گرنگو تایبەت بە مەسەلەی فەتوا بدەن، نەخاسمە لەو پرسو بابەتانەی پەیوەندیان بە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام دەبێ ئەو فەتوایانە لە ژێر رۆشنایی فیقهی موقارنو لە چوارچێوەی مەزاهیبی فیقهیەوە بێت، نەك تەنها پشت بە یەك مەزهەب ببەستریو تەواو، مامۆستای مزگەوت لە سنووری خۆی دەکرێ پابەندی یەك مەزهەب بێ، یان لە چوارچێوەی یەك مەزهەب وڵامی پرسیاری خەڵك بداتەوە، بۆ ئەوەی کێشەو ناکۆکیو دووبەرەکی لەناو گەڕەكو ناو مزگەوت دروست نەبێ، ئەوە کارێکی باشە، ئەوانەی پسپۆڕنو لەبواری فەتوا کار دەکەن پێویستە لە چوارچێوەی مەزهەبەکان بۆچوونی دروستو گونجاو هەڵبژێرن، بەمانایەکی تر بۆ مەسەلەی فەتواو ئەوانەی لە مەجالی فەتوا کاردەکەن دەبێ بگەڕێنەوە سەر کۆی مەزهەبە فیقهیەکانو ئاڕای زانایانی پێشوو، بەڵام بۆ مەلای مزگەوتو گەڕەك باشتر وایە لە سنووری مەزهەبی باوو دەرنەچێو وڵامی پرسیاری خەڵكو نوێژخوێنان لەو چوارچێوە بداتەوە، بۆ ئەوەی ناکۆکی لەنێو نوێژخوێنانو خەڵکی گەڕەك دروست نەبێ.

سێیەم: کردنەوەی خولی وەرزی بەهێزکردنو زانستیو رۆشنبیری بۆ خەڵك بەشێوەیەکی گشتی بەئامانجی شارەزاکردنیان لە بنەماو بەها گرنگەکانی ئیسلام لەلایەكو، جەختکردنەوە لەو هێڵە گشتیو تایبەتانەی کۆمەڵگە زۆر پێویستیەتی، بۆ ئەوەش دەکرێ یەکێتی زانایان لەرێی مامۆستایانی ئایینی بەو کارە هەڵبستێ،

بەتایبەت ئەوانەی ئەزموونیان هەیەو توانای راهێنان و تێگەیاندنیان بەهێزە، یان ئەو پرسانەی گەرمن و دێنە پێشەوە، پێویستە بەم دوو ئاراستە زانایان جوهد بکەن و خەڵك هۆشیار بکەنەوە لە بنەماکانی دینداری و وەرگرتنی پەروەردەی پێویست و بەهای ئەخلاقیەوە.

چوارەم: پێویستە یەکێتی زانایان پەیوەندیەکی تۆکمە لەگەڵ دەزگاو رێکخراو و ناوەندی ئیسلامی و زانستی نێو جیهانی ئیسلامی دروست بکات، بۆ ئەوەی زانایانی دەرەوە بە گشتی و عالەمی ئیسلامی ئاشنای گەلی کورد بکەن لەهەموو روێکەوە، کورد خزمەتێکی جوانی ئیسلامی کردووە، زانایانی ئایینی خزمەتێکی گەورەیان لەبواری خۆیان پێشکەش بە ئیسلام و موسڵمانان کردووەو لەو بوارە سەرمەشق بوونە، قوتابخانە ئایینیەکانی کوردستان خەڵکێکی باشیان پێگەیاندووە، لە مێژوودا سەروەری زۆر هەیە، ئەرکە ئەو لایەنە جوانانە بە جیهان بناسێنێ، لەهەمان کات ئەرکە زانایانی کورد لەرووی نەتەوەییەوە ئەوەی بەسەر گەلی کورد داهاتووە لە ماڵوێرانی و دەربەدەری و نەهامەتی، بەتایبەت بەدەستی رژێمەکان و دراوسێکانمانەوە، شیکردنەوەو گەیاندنی ئەو پەیامانە ئەرکێکی پێویستە لەرێی پەیوەندیەکانەوە کاری لەسەر بکرێ.

پێنجەم: بایەخدان بە راگەیاندن و گۆڤاری زانستی (پەیامی زانایان)، بۆ ئەوەی نەبێتە گۆڤارێکی تەقلیدی و خەڵك لێی بێزار بێت یان نەخوێندرێتەوە، پێویستە داوا لە بیریارو نووسەرانی شارەزا لە ئیسلام بکرێ بەجیاوازی پسپۆڕی و لێهاتووییانەوە بۆ ئەوەی شت بنووسن و گۆڤارەکە دەوڵەمەند بکەن، تا ببێتە گۆڤارێکی زانستی نمونەیی لەبڵاوکردنەوەی راستیەکانی ئیسلام و راستکردنەوەی هەڵە فیکریەکان و شارەزا کردنی گەلەکەمان لەبواری دینداری و شارستانیەتی ئیسلامەوە.

**سەرنج: ئەمە دیمانەیەکی تایبەت بە گۆڤاری (پەیامی زانایان) بوو، بە پێویست زانرا وەك بابەتێکی پەیوەست و پێویست لێرە بڵاو بکرێتەوە، دیمانە: مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی..**

# ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی شەشەمی
# یەکێتی زانایانی ئاییینی ئیسلامی کوردستان



**بسم الله الرحمن الرحيم**
**وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا**

**زانایانی سەربەرزی کوردستان**

**جەماوەری بەشەرەفی کوردستان**

**السلام عليكم ورحمة الله**

**سوپاس بۆ خوای گەورە، یەکێتی زانایانی ئاییینی ئیسلامی کوردستان لە ڕۆژانی (١١و١٢)ی ( ذوالقعدە) ی ساڵی( ١٤٣٩)ی کۆچی، بەرامبەر بە (٢٤و٢٥/٧/٢٠١٨) ی میلادی، لەژێر دروشمی ( زانست، پیشەیی بوون، نیشتیماندۆستی) بە ئامادەبوونی (٢٦٠) ئەندام، کە نوێنەرایەتی زانایانی کوردستانیان دەکرد، کۆنگرەی شەشەمی خۆی ساز کرد، لە هەردوو ڕۆژانی کۆنگرەدا ئەندامان**

ئازادانەو دڵسۆزانە گەنگەشەی کۆمەڵێك پرسی هەنوکەیی و چارەنوسسازی پەیوەست بە زانایانی ئایینی ئیسلامو بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کرد، وێڕای پێداچونەوە بە پەیڕەو پڕۆگرامی یەکێتی زانایان، لە ڕاسپاردەکاندا جەخت لەسەر چەندین خاڵی گرنگ کرایەوە لەوانە:

- هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەم مافە دارایی و ڕۆشنبیریو مەعنەوییەکانی زانایان، کە پێویستە حکومەتی هەرێم بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی کارای مەلاو سەییدانی کوردستان هەوڵ بۆ باشتر کردنی بارو گوزەرانیان بدات، لە هەمان کاتدا بە ئەرکی خۆمانو تەواوی زانایانی دەزانین، پەرە بە توانا زانستیو مەعریفیەکانیان بدەنو لە ئاست پێداویستی ئەمڕۆی کۆمەڵگە دا بن، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ئاوڕی جدی بداتەوە لە بوژانەوەی حوجرەو قوتابخانە ئایینی و زانکۆ ئیسلامیەکان.

- کۆنگرە جەختی کردەوە لەسەر ڕێبازی میانڕەوی لە فکرو مومارەسەی ئاینداری لە کۆمەڵگای کوردی، بە مەبەستی زیاتر برەودان بە ئاسایشی کۆمەلایەتیو پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکان.

- لە هەمان کاتدا بەرەنگاربونەوەی فیکری تیرۆرو توندڕەوی بە ئەرکی لە پێشینەی زانایان دەزانین، چونکە تیرۆر هەڕەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەر ئایینو ژیانی کۆمەڵگەو فیکری گەنجو لاوەکانمان.

- کۆنگرە جەختی لەسەر مافە یاسایی و دەستوریو شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە، بە یەکێك لە ئامانجە ستراتیژیەکانی زانایان دەست نیشان کرا، لەو پێناوەشدا پشتگیری هەموو هەنگاوێکی دڵسۆزانە دەکەین، هەر بۆیە ڕووی ئامۆژگاری دەکەینە کاربەدەستو حیزبو لایەنە سیاسیەکان، کە هەمیشە بەرژەوەندی گشتی و دابینکردنی ژیانێکی شەرەفمەندانەو پاراستنی ئاشتی کۆمەلایەتیو تەبایی و یەك ڕیزی نێوان خۆیان بپارێزان.

- هەروەها زانایان پابەندبوونی ئایینیو ڕەوشتی بە کۆڵەگەی سەرەکی ڕاگرتنی

هاوسەنگی کۆمەڵگە دەزانێت، لەو پێناوەشدا بە ئەرکی خۆمان و گشت دڵسۆزانی دەزانین، کە پارێزگاری لە ئایین و بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگە بکەن و بەرەنگاری هەر فیکرو پیلانێك ببنەوە، کە دەبێتە مایەی تێکچوونی شیرازەی خێزانی و کۆمەلایەتی لەوانە: ئیلحادو ئیباحیەت و بلاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەرو هەر هەولێکی نامۆی تر.

بەرێزان سەر لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمی کۆنگرە، ئەندامان لە پرۆسەیەکی دیموکراسی و ئازادانەدا، ئەندامی نوێی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ خولی داهاتوو هەڵبژاردو کۆتایی بە کارەکانی کۆنگرە هێنا.

لێرەوە وێڕای پیرۆزباییمان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی نوێ سوپاس و پێزانین ئاراستەی سەرجەم میوانە بەرێزەکان دەکەین بەتایبەت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) و ئەندام پەرلەمان و وەزیرو بەرپرسە حیزبی و حکومیەکان و زانایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت و پیاو ماقولان و جەماوەری کوردستان و تێکڕای میوانە بەرێزەکانی ئامادەبوو.

هەروەك سوپاسی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەین لە گواستنەوەی کارەکانی کۆنگرە، سوپاسی دەستەی دادوەری کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکەیان کرد، ڕێزو سوپاس بۆ ئاسایش و هێزە ئەمنیەکان کە ئەو دوو ڕۆژە ماندوبون لەگەڵمان.

دوا پەیڤی کۆنگرە سلاوو ڕێزە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دڵسۆزانی گەل و وڵات و سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان.

کۆنگرەی شەشەمی

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

کاتژمێر١٢ی شەوی٢٥ی ٧ی ٢٠١٨

# في الذكرى الخمسين
# لتأسيس إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستـان



**الشيخ آزاد خورشيد فقي**
مسؤول فرع كركوك لإتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان

**لقرون عديدة كان العلماء في مساجدهم المصدر الرئيسي إن لم يكن الوحيد في نشر الوعي الديني والثقافة العامة في المجتمعات فكانوا هم المدارس والمعاهد والجامعات. ولقرون عديدة كانوا هم القضاة الموجهون ولهم الدور البارز في رسم مستقبل شعوبهم. وهذا ما كان عليه العلماء في كوردستان فكانوا قدوة طيبة لشعبهم وحاملين مخلصين لهمومهم ومشاركون فعليين في جميع قضاياهم .**

**وعندما اندلعت شرارة الثورة في كوردستان لتحقيق طموح الشعب الكوردي في التحرر من جور المحتلين ، إنخرط أغلب العلماء في هذه الثورة لنصرتها ودعمها . ولكن جهودهم كانت متفرقة وتفتقر إلى التنظيم وكان هناك آخرون من العلماء منقطعين الى العلم والتعليم في قرى نائية ومناطق بعيدة في الوقت الذي كانت الثورة بأمس الحاجة لهم.**



**من هنا تبلورت فكرة إنشاء تجمع ديني يجمع علماء كوردستان في تنظيم واحد وذلك لتجميعهم ولتوحيد الجهود وتنظيم العمل في مجال نشرة الوعي الديني والقومي، وكذلك للتنسيق مع قادة الثورة وموقع علماء الدين فيها .**

فإنتهت الفكرة عند قائد الثورة آنذاك المرحوم ( ملا مصطفى البارزاني ) بتأسيس تجمع ديني مبارك في ٢١ / ٩ من عام ١٩٧٠ سمي ب( إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان).

ومنذ ذلك اليوم أدى هذا الإتحاد دورا عظيما ورائدا في خدمة الدين ومساندة الحركة التحررية للشعب الكوردي .

وبرز هذا الدور جليا في حرب عام ١٩٧٥ حيث انخرط اتحاد علماء الدين الأسلامي بكل أعضائه في الثورة فكان منهم المقاتلون والوعاظ والقضاة وقدموا مئات الشهداء والاف الجرحى وشرد منهم الكثير وهدمت بيوتهم وقدموا الغالي والنفيس لنصرة قضية شعبهم، وما زالوا ثابتين على هذا المنهج وهذه الروحية إلى يومنا هذا.

وتحقق كل ذلك بفضل الله تعالى ثم بجهود إتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان وجهود مؤسسه القائد (ملا مصطفى البارزاني) رحمه الله تعالى .

أسأل الله تعالى أن يوفق هذا الاتحاد اكثر فأكثر ويسدد خطاه ويحفظه من كل سوء.





نیو سەدە تەمەنی زێرینی خزمەت و دڵسۆزی
بەرزو پیرۆز بێت
بەرگری لە پیرۆزیەکانی ئیسلام ئەلەویەتی یەکێتی زانایانە و
بە پابەندی لە ڕێبازی زانستی و تێگەیشتنی گــەورە زانایان
درێژەپێدەری ڕێرەوی خزمەت بە خاك و خــەڵك دەبێت
50
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
2020-9-21




یۆبێلی زێرین
50ساڵ مۆمی تەمەنی یەکێتی زانایان بەرزو پیرۆز بێت
هەنــــگاونان لەسەر شارێگەی زانست و زانـــایـــان و بایەخدان
بـــە پەروەردەی ئیسلامی و خـــوێندنی ئایینی و بـــوژاندنەوەی
ڕێرەوی زانستە شەرعیەکان لە کوردستان ئامانجی یەکێتی زانایانە..
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
2020-9-21

# ناوەڕۆك


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ١٥ |
| ٢ | بەیاننامەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان<br>بە بۆنەی یۆبێلی زێرینی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنیەوە | ١٦ |
| ٣ | پەیامی سەرۆك مسعود بارزانی<br>بە بۆنەی پەنجاهەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایان | ١٨ |
| ٤ | پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ١٩ |
| ٥ | پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٢٠ |
| ٦ | پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی | ٢١ |
| ٧ | پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی | ٢٢ |
| ٨ | پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عیراق | ٢٣ |
| ٩ | پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان | ٢٤ |
| ١٠ | پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ٢٥ |
| ١١ | پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن | ٢٦ |
| ١٢ | پەیامی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان | ٢٧ |
| ١٣ | یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان | ٢٨ |
| ١٤ | ستراتیژیەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان | ٢٩ |
| ١٥ | **یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەسکەوت و خزمەتەکان** | ٣٣ |
| ١٦ | یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دامەزراوەیەکی<br>مێژوویی و ئۆرگانێکی تایبەتمەند | ٣٤ |
| ١٧ | یەکێتی زانایان و پەنجا ساڵەی کارکردن | ٤١ |
| ١٨ | پەنجا ساڵ خزمەتی بێ وچان و قوربانیدان لە پێناو ئایین و نیشتماندا | ٤٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | تیشکێك له سەر ڕۆڵی گرنگو پڕ بەهای ئەنجومەنی باڵای فەتوا له یادی یۆبیلی زێڕینی یەکێتی زانایاندا | ٤٩ |
| ٢٠ | یەکێتی زانایانو پێگەی فەتواو بەشێك له ئەندامی فەتوا | ٥٦ |
| ٢١ | جوانترینو بەرهەمدارترین درخت له نیو سەدەی ڕابردودا | ٦١ |
| ٢٢ | ساڵیادو بیری نەتەوەیی لەلای زانایانی کورد | ٦٤ |
| ٢٣ | یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان..دەسکەوتێکی نەتەوەیی.. هەڵکشانێکی شکۆمەند له خزمەتو بەردەوامی | ٦٩ |
| ٢٤ | پەیڤێك لەسەریادی پەنجایەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایان | ٧٨ |
| ٢٥ | دامەزراندنی یەکێتی زانایانو دەرەنجامە باشەکانی بۆ کۆمەڵگە | ٨٠ |
| ٢٦ | پێگەی یەکێتی زانایانو ئاستی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی | ٨٢ |
| ٢٧ | یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نیو سەدە خزمەتی حەقیقی بە دینو نیشتمان | ٨٤ |
| ٢٨ | نیو سەدە له خەبات.. بە کردار و گوفتار | ٩٢ |
| ٢٩ | یەکێتی زانایان ڕۆڵێکی باڵای هەبووە له پاراستنی ئەمنو ئاسایشی کوردستان | ٩٥ |
| ٣٠ | خەرمانی پەنجا ساڵەی یەکێتی زانایان | ٩٧ |
| ٣١ | سڵاو لەنیو سەدە خەباتی بێوچانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان | ١٠١ |
| ٣٢ | ڕۆڵی یەکێتی زانایان له ناو کۆمەڵو خەباتی شاخ..! | ١٠٣ |
| ٣٣ | رۆلێ ئێکەتیا زانایان ل پاریزگەها دهوکێ | ١٠٦ |
| ٣٤ | (مەلا) و ئایین و کوردایەتی !! | ١١٢ |
| ٣٥ | ئێکەتیا زانایان پشتەڤانیا ئێك ریزیا ناڤ مالا کوردیو پرسێ پێکڤە ژیانێ | ١١٨ |
| ٣٦ | بیرەوەریا ئێکەتیا زانایان ل ٥٠ ساڵێن بوری | ١٢١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | پەیڤا لقی زاخۆ ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان | ١٢٤ |
| ٣٨ | گەرمیان و خزمەتی زانایان لە پرسە ئایینی و نیشتمانیەکان | ١٢٦ |
| ٣٩ | یەکێتی زانایان زەڕورەتێکی هەمیشەیی | ١٢٩ |
| ٤٠ | مەلای کوردو هەستی نەتەوایەتی و دینداری | ١٣٠ |
| ٤١ | زانایانی ئاینی لە کوردستان وێنەیەك لە بڕواو هزری نەتەوەیی | ١٣٥ |
| ٤٢ | چەند وێنەیەکی گرنگ و مێژوویی | ١٣٨ |
| ٤٣ | راگەیاندن و چاپەمەنی و بەرهەم و چالاکیە رۆشنبیرییەکانی یەکێتی زانایان | ١٦٩ |
| ٤٤ | بەشێك لەئەرشیفی نوسین و توێژینەوەو تۆماری مێژویی لەسەر زانایان | ١٧٢ |
| ٤٥ | دامەزراندنی یەکێتی زانایان و یادەوەری و وێستگە مێژووییەکان | ١٧٧ |
| ٤٦ | ساڵیادی نیو سەدەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان و بەشێك لە یادەوەری یەکەم سەرۆکی ئەم یەکێتیە | ١٧٨ |
| ٤٧ | بەرز نرخاندنی رۆڵی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە خزمەتکردن بەزانایان و نەتەوە ستەمدیدەکەیاندا | ١٨١ |
| ٤٨ | پوختەیەك لە مێژوو چالاکیەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە ئاوارەییدا | ١٩١ |
| ٤٩ | کارو چالاکیەکانی یەکێتی زانایان لە ئاوارەیی | ١٩٦ |
| ٥٠ | مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان لە خولی دووەم و ماندوونەناسێکی سەردەمی خۆی | ٢٠١ |
| ٥١ | شێخ موحسین شێخ خالد موفتی: لە هەموو بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکاندا یەکێتی زانایان پەیامی خۆی هەبووەو لەسەر داوای یەکێتی زانایان کۆلێژی شەریعە لە هەولێرو سلێمانی کرایەوە | ٢٠٧ |
| ٥٢ | دکتۆر محەمەد ئەحمەد گەزنەیی سەرۆکی پێشوتری یەکێتی زانایان | ٢١٨ |
| ٥٣ | مەلا مەحموود دێرشەوی سەرۆکی خولی دووەمی یەکێتی زانایان | ٢٢٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤ | ماموٚستا مەلا سعید مەلا ویسی مەلا عبداللە گرتکی سەرۆکی پێشووتری یەکێتی زانایان | ٢٢٤ |
| ٥٥ | بە حورمەتەوە پەنجاهەمین ساڵیادی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەرز ڕادەگرم | ٢٢٧ |
| ٥٦ | خزمەتەکانی یەکێتی زانایان و تیشکێك لەسەر خولی چوارەم | ٢٣٥ |
| ٥٧ | ڕۆڵی مەلا مستەفای بارزانی و... زانایانی ئاینی ئیسلامی | ٢٤٠ |
| ٥٨ | گەواهی بەشێك لە ئەندامانی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایان | ٢٤٥ |
| ٥٩ | ماموٚستا مەلا تەلحەی مەنتك ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندن و یەکەم بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان | ٢٥٠ |
| ٦٠ | ماموٚستا مەلا علی بێشەیی ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایان | ٢٥٢ |
| ٦١ | مەلا مستەفای بارزانی گوتی: ئامادەم بە کۆڵی خۆم خۆڵتان بۆ بکێشم و بۆ هەموو خزمەتێك ئامادەم | ٢٥٥ |
| ٦٢ | زاناو و عەللامەی کورد مەلا عەبدولەتیف بامۆکی لە هەرەمی ڕێکخراوێکی پیشەیی ئایینی و نەتەوەخوازییدا | ٢٥٧ |
| ٦٣ | ئاگاتان لە دین و مەزهەب و نیشتیمانەکەتان بێت | ٢٦٧ |
| ٦٤ | یادەوەری ماموٚستا سید طاهر بەرزنجی ئەندامی یەکەم کۆنگرە | ٢٧١ |
| ٦٥ | یەکێتی زانایانی ئایینی لە قۆناغە سەختەکانی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان | ٢٧٥ |
| ٦٦ | دامەزراندنی یەکێتی زانایان وەك زەرورەتێکی ئایینی و نیشتمانی | ٢٧٨ |
| ٦٧ | ماموستا مەلا ئیبراهیم شێخ ئاودەڵی یەکێك لەوانەی لەسەرژمێرکردنی زانایانی سنووری سلێمانی بەژدار بووە | ٢٨٠ |
| ٦٨ | مەلا محمدامین رسول وەرتی یادەوەریەکانی لەگەڵ یەکێتی زانایان | ٢٨١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٩ | بیرەوەریەکانم لە یادی دامەزراندنی یەکیتی زانایان | ٢٨٣ |
| ٧٠ | یەکێتی زانایانی ئایینی لەبەردەم نەخشەرێگاو خواستە هاوچەرخەکان | ٢٨٧ |
| ٧١ | یەکێتی زانایان.. نیو سەدە لە خوێندن و خەمخۆریی و خەبات | ٢٨٨ |
| ٧٢ | یەکێتی زانایان لەنێوان پووکانەوەو هەڵستانەوەدا | ٢٩٢ |
| ٧٣ | نیگایەك بە ڕووی کاری زانایاندا | ٣٠٢ |
| ٧٤ | یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەنێوان دەستکەوت و<br>سەروەرییەکانی دوێنێ و ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی ئەمڕۆ | ٣١٣ |
| ٧٥ | لەیادی ٥٠ ساڵەیدا یەکێتی زانایان بەرەو تۆمارکردنی سەروەری تر | ٣٢٢ |
| ٧٦ | یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لەنێوان خزمەت و ئەرکەکانیدا | ٣٢٥ |
| ٧٧ | زانایان و نەخشە ڕێی کارو هەنگاوو | ٣٢٨ |
| ٧٨ | گرنگی کۆبونەوەی زانایان لە ڕێکخراوێکی پیشەییدا... | ٣٣٣ |
| ٧٩ | چۆن یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان<br>بکەینە خاڵی وەرچەرخان؟ | ٣٤١ |
| ٨٠ | یەکێتی زانایان و خۆ نوێکردنەوە | ٣٤٥ |
| ٨١ | کاریگەری یەکێتی زانایان و ئەرکێتی ئێستا | ٣٤٧ |
| ٨٢ | دامەزراندنی یەکێتی زانایان دەسکەوتێکی شارستانی و نەتەوەییە | ٣٤٩ |
| ٨٣ | ساڵیادی یەکێتی زانایان و ئەرکی هەنووکە | ٣٥١ |
| ٨٤ | پرۆڤیسۆر دکتۆر موحسین عەبدولحەمید<br>زانایانی کورد سەرمەشقی خزمەتی گەورەن بەرامبەر ئیسلام | ٣٥٣ |
| ٨٥ | ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی زانایان | ٣٥٨ |
| ٨٦ | في الذكرى الخمسين لتأسيس إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان | ٣٦١ |
| ٨٧ | ناوەرۆك | ٢٦٣ |


50
سال تەمەن
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا
50